# گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیرییە

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ دەری دەکات

ژمارە 50 (شوبات) 2011

سەرنووسەر

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**

سکرتێری نووسین

**دانا فایەق**

دیزاین

**ئارام عەلی**

چاپ : دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی



سلێمانی- بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ- نزیک فولکەی خاڵە حاجی- بەرامبەر قوتابخانەی گەشەی بنەرەتی

0533290275

gelawezhnwe@yahoo.com

| | | |
|---|---|---|
| ٭سپیدە | گەلاوێژی نوێ | ٤ |
| ٭کاروان.. چیرۆکنووسی ونبوونە گەورەکان | بەختیار عەلی | ٥ |
| ٭خواوەندی ناکام | ئەکرەمی میهردادا | ١٤ |
| ٭گیرفانی پڕ لە بەرد | غەفور سالّح عەبدوڵڵا | ٢٣ |
| ٭بڕواو عەقڵ | و: سەلاّح حەسەن پالّەوان | ٣١ |
| ٭دیدار لەگەڵ کەریم دەشتی_دا | گەلاوێژی نوێ | ٤٣ |
| ٭لەژێر تاریکیی ئایدیۆلۆژیادا | و: ئیبراهیم ئەحمەد | ٥٢ |
| ٭گفتوگۆ لەگەڵ خالید حوسەینی | و: محێدین مەحمود | ٥٦ |
| ٭بەشێک لە ڕۆمانی هەزار خۆری درەوشاوە | و: ئازاد بەرزنجی | ٦١ |
| ٭گەڕان بەدوای دیمەنە ونبووەکاندا | ڕەووف بێگەرد | ٦٨ |
| ٭مردنێکی تر | و: یاسین عومەر | ٧٣ |
| ٭پیاوێکی جوانخاس لە گەشتێکی..... | و: بەمۆ غەریب | ٨٠ |
| ٭خودا بە ئاگایەو پشوو درێژ | و: هیوا خەیات | ٨٤ |


| | | |
|---|---|---|
| ❊مەڕێکی ڕەش | و: نارین محەمەدی | ٩١ |
| ❊شەبەنگی شینی ژمارەکان | هاشم سەڕاج | ٩٤ |
| ❊سوێندی باران | عیرفان ئەحمەد | ١٠٠ |
| ❊من لەناو تەنیایی.... | داستان بەرزان | ١٠٥ |
| ❊فیردەوس ئەی مانگۆفرۆشەکە | و: ئاوات حەسەن ئەمین | ١٠٨ |
| ❊بوکۆفسکی.. جگە لە نووسین.... | و: مەریوان هەڵەبجەیی | ١١٠ |
| ❊ئەفسانەیەک لە مالیزیاوە | و: محەمەدفەریق حەسەن | ١١٣ |
| ❊کۆسپەکانی سەر ڕێی هونەر | کاوە کیانی | ١١٧ |
| ❊هونەری نیگارکێشانی ئەشکەوت | ستار قادر | ١٢١ |
| ❊هەست و نەست_ی شێرکۆ بێکەس | | ١٢٧ |
| ❊حیکایەتەکانی بینین | | ١٢٩ |
| ❊چیرۆکی ناو تاکسییەکان.... | ئیدریس عەلی | ١٣١ |

# سپیده

ماوەیەکە گۆڤاری گەلاوێژی نوێمان بە کوردی دەرنەکردووە، بەڵام هەوڵمان دا بە زمانی عەرەبی بەردەوامبێت. رەنگە هۆکار زۆربن، گرنگترینیان بەلای ئێمەوە ئەوە بوو بتوانین هەناسەیەک بدەین تا بەدیدێکی ترەوە سەیری شتەکان بکەین، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندیمان لەگەڵ نووسەرو خوێنەردا پتەوتربێت، ئەمەیش بۆ ئەوەی سوودی زیاتر لە ماندووبوونی نووسەران ببینینو رێگەیەکی باشتر بدۆزینەوە تا بەشێوەیەکی چاکتر گەلاوێژی نوێ بگاتە دەستی نووسەرانی هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان. گومان لەوەدا نییە کە یەکێک لە کێشە گەورەکانی چاپەمەنیی کوردی دابەشکردنو چۆنێتیی گەیاندنێتی بە خوێنەران، ئەمە نەک تەنها بۆ گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، بەڵکو بۆ هەموو گۆڤارەکان، بەتایبەتی گۆڤارە ئەدەبیو رۆشنبیرییەکان بووە بە گرفتێک بەم قۆناغە رۆشنبیرییەمانەوە دیارە.

ئومێدەوارین، گردبوونەوەی قەڵەمەکانو گەیاندنی چاپەمەنییەکانمان بە خوێنەران، سوود بە ژیانی رۆژنامەوانیمان بگەیەنن.

گەلاوێژی نوێ



# کاروان..
# چیرۆکنووسی ونبوونە گەورەکان

**بەختیار عەلی**

یەکێک لەو سیفەتە گەورانەی نووسەرێک دەکاتە نووسەر، ئەوەیە بتوانێت بێشەرمانە باسی خۆی بکات... من لە ژیانمدا هەموو ئەو نووسەرانەم خۆشویستووە کە لە باسکردنی فریشتە و ئەهریمەنەکەی ناخی خۆیان شەرم ناکەن. ئەدەبی کوردی سەردەمانێکی درێژ کوشتەی ویقارێکی درۆزنانەبوو، کەمتر جێگای بێشەرمی و گاڵتەکردن بە خود و تێڕامان لە تاریکییەکانی ناخ و قسەکردن لە ئابڕووچوونە شەخسییەکانی مرۆڤ بوو. بۆیە ناتوانین ئاسان و ڕاشکاوانە هەموو وەخت باس لە جورئەت لە ئەدەبی کوردیدا بکەین. ئەدەبی ترسنۆک ئەو ئەدەبەیە کە مرۆڤ ڕاشکاوانە لە ناویدا قسەناکات، لێرەدا تەنیا مەبەستم لە شکاندنی حەرامەکان نییە، بەڵکو مەبەستم لە توانای مرۆڤە لەسەر گۆڕینی خۆی بۆ بابەتی تێڕامان، بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێت لەسەر دونیا بدوێت، دەبێت پێشتر بتوانێت بە ڕوونی لەسەر خۆی بدوێت، لە نووسیندا باشترین ڕێگە بۆ بینینی جیهان بە ڕوونی، بە ناو بینینی خوددا دەڕوات بە ڕوونی... لێرەوە بەبڕوای من ئەدەبی ڕاستەقینە لەو ساتانەدا دێنە دونیاوە کە مرۆڤ توانای قسەکردنی لەسەر خۆی دێتە گۆ... وەک پاڵەوانەکانی کاروان کە دەگێڕنەوە و دەگێڕنەوە و دەگێڕنەوە، ئەوەشی کە دەیانبزوێنێت تەنها خواستی حیکایەتکردنی چیرۆکێک نییە، بەڵکو ئەو فشارە ناوەکییەیانە بۆ ئەوەی بدوێن...

## وتار

ئەو مەنەلۆگە ناوەکییە درێژەی پاڵەوانەکان تێیدا دەژین، خواستی دواندن و خواستی خۆئاشکراکردن جلەوی دەکات. جیهانی کاروان... جیهانی ئەو مرۆڤانەیە کە دەیانەوێت مامەڵەیەکی کراوە و ئازاد لەگەڵ نهێنییە تایبەتییەکانی خۆیاندا بکەن... هیچ چیرۆکێکی کاروان نییە لەسەر نهێنییەکی شەخسیی قووڵ دانەمەزرابێت... پاڵەوانەکانی بۆ ئاشکراکردن و بینینی ئەو نهێنییە هەموو سانسۆر و تابۆکان دەشکێنن، نە شەرم لە ژیانی خۆیان و نە شەرم لە نهێنیی کەسانی نزیکی دەوروبەریان دەکەن... ئەدەبی کاروان ساتێکی ڕاستگۆیی ناو کۆمەڵگای ئێمەیە... ساتێکی ڕاستگۆیی قووڵ.

پاڵەوانەکانی بۆ ئاشکراکردن و بینینی ئەو نهێنییە هەموو سانسۆر و تابۆکان دەشکێنن، نە شەرم لە ژیانی خۆیان و نە شەرم لە نهێنیی کەسانی نزیکی دەوروبەریان دەکەن... ئەدەبی کاروان ساتێکی ڕاستگۆیی ناو کۆمەڵگای ئێمەیە... ساتێکی ڕاستگۆیی قووڵ...

لە چیرۆکەکانی کارواندا سەروکارمان لەگەڵ یەک چیرۆکدا نییە، بەڵکو سەروکارمان لەگەڵ زیاد لە ئاستێک و زیاد لە چیرۆکێکدایە، کە لە تۆڕێکی تایبەتدا پێکەوە دەبەسترێنەوە. هەندێجار چیرۆکەکان یەک یەکتر تەواو دەکەن و هەندێجاریش وەک دوو یان سێ چیرۆکی ئاڵۆزکاو لە ناو یەکدا دەردەکەون، هەندێجاریش چیرۆکێک لە گۆڕێ نییە و تەنیا خواستی گێڕانەوە لە ئارادایە، گێڕانەوەیەک کە ئارەزووی حیکایەتخوان بۆ بینینی خود و یادکردنەوەی ڕابوردوو بەیاندەکات. پاڵەوانەکانی کاروان لە سەرەتاوە لەو جێگایەوە کە دەست بەقسەکردن دەکەن، دەیانەوێت ئاماژەیەکمان بدەنێ کە چیرۆکێکی تایبەتییان پێیە بیگێڕنەوە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی چەند لاپەڕەی یەکەمدا دەزانین کە پاڵەوانەکەمان زیاد لە چیرۆکێکی هەیە، زیاد لە یادگارێک لە ناوەوە داگیری کردووە، زیاد لە پەتێک و جەمسەرێک بەرەو خۆی ڕادەکێشێت، زیاد لە تراژدیایەک ژیانی پارچەپارچەکردووە.

ئەوەی لەم چیرۆکانەی کارواندا لام گەلێک جوان و تایبەتییە، ئەو سەرلێشێوانە قووڵەی پاڵەوانەکانە لە ناو حیکایەتەکاندا... پاڵەوانەکانی کاروان بۆ ئەوەی بتوانن چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە، دەبێت زیاد لە جارێک بوەستن بۆ ئەوەی چیرۆکی زیاد لە کەسێک و زیاد لە سەردەمێک و زیاد لە بۆنەیەک بگێڕنەوە، وەک ئەوەی بیانەوێت تەواوی ناڕێکیی ژیان بگوازنەوە، یاخود بونیادێک یان فۆرمێک بە هەموو ئەو پەرتبوون و ناڕێکییە ببەخشن کە خۆیان و دونیای نزیک و دەوروبەریان تێیدا دەژین. ئەم سیفەتە تایبەتمەندییەکی زۆر گرنگی بە ئەزموونی کاروان بەخشیوە... چیرۆکی کاروان بە پێچەوانەی چیرۆکی زۆربەی چیرۆکنووسانی ئێمەوە، دیلی یەک تەوەر یان یەک بیرۆکە نییە، لە ناوەوەڕا گەلێک ئازاد دەردەکەوێت، وەک ئەوەی توانا و سنوور و تەکنیکەکانی کورتەچیرۆک بەتەواوی بەشیان نەکات، هەمیشە لە ناو حیکایەتەکاندا جوڵەیەکی ئازاد هەیە کە زۆر کۆمەک بە پاڵەوانەکان دەکات، زۆرترین شت لەسەر خۆیان و دەوروبەریان بڵێن، لێرەوە چیرۆکی کاروان شتێک نییە لەسەر گرێچنییەکی پێشوەخت یان لەسەر ڕۆشنایی پلانێکدا نووسرابێت، جوانیی چیرۆکەکانی ئەو لەوەدا نییە بەهۆی نهێنییەکەوە تا کۆتایی ڕامانبگرن و ڕامانبکێشن، بەڵکو هێزی چیرۆکەکان لە توانای پاڵەوانەکانەوە لەسەر قسەکردن لەسەر ژیانی خۆیان و دەوروبەر دروستبووە، ئەوەی دەتوانن زۆر ورد لە خۆیان و لەوانی دی رامبێنن، ئەوە هێزی گەورە و سەلیقەی ناوازەیانە... پاڵەوانەکانی کاروان ناتوانن لە حیکایەتکردندا بوەستن، توانایان هەیە ساتە بچوکەکانی ژیان لە سیاقی ڕووداوی

## جیهانی کاروان واقیع نییە کە تەمێکی سەیری لەسەر نیشتبێت، بەپێچەوانەوە شوێنێکی سەیرە کە تەمی واقیعی لەسەر نیشتووە...

گەورەتر و لە پەیوەندیدا بە چیرۆکی گەورەترەوە ببینن... توانایان هەیە بەجۆرێکی خێرا چیرۆکێک بە چیرۆکێکی تر بگۆڕن... توانایان هەیە ڕابوردووی خۆیان لەسەر ڕۆشنایی ئێستا و ئێستای خۆیان لە سەر ڕووناکیی دوێنیدا بخوێننەوە. ئەوان هەم دیلی ئەو ساتەن کە تیا دەژین و هەم دیلی یادەوەریشن... بە کۆمەکی یادەوەری دەیانەوێت ڕۆشنتر دۆخی ئێستایان بخوێننەوە، ڕۆشنتر لەو ساتە ڕابمێنن کە تیایدا دیلن، ڕوونتر لەو حیکایەتە تێبگەن کە دەیانەوێت بیگێڕنەوە. ڕەنگە پارادۆکس و ناکۆک بکەوێتەوە گەر بڵێم شتێک لە ئەدەبی کاروان و تەواو لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا حەزم لێیەتی، ئەوەیە کە پاڵەوانەکانی کاروان هەرگیز بەسەرکەوتوویی ناتوانن حیکایەتی یەکەمی خۆیان بگێڕنەوە، جوانیی چیرۆکەکانی کاروان بەشێکی لەوەوە دێت کە چیرۆکەکان هەمیشە بەجۆرێک پەلدەهاون، هەمیشە بەشێوەیەک پردەبن لە یادگاریی کۆن، هەمیشە بەجۆرێک خەیاڵات دەستکارییان دەکات، ژیانی ڕۆژانەش بە جۆرێک تێکەڵاوی جەوهەرەکەیان دەبێت، لەوە دەکەون ببن بە سەنتەری گێڕانەوەکە. ئەمجۆرە تەکنیکە من لای نووسەرێکی گەورەی وەک تۆماس بێرناردیش دەبینم، کە پاڵەوانەکانی بەردەوام دەگێڕنەوە و دەگێڕنەوە و بەدەوری چیرۆکێکدا هەمیشە زیاد لە چیرۆکێکی تر هەیە.

بەوەدا تێکستەکانی کاروان هەمیشە لەسەر پەلهاویشتن و گێڕانەوەی بێوچان دروستبوون، شتێک ئەم تێکستانە پێکەوە ڕادەگرێت و لە ناوەوە یەکێتییەکی ناوەکییان دەداتێ، سەلیقەی گێڕانەوەیە... زۆر لە چیرۆکەکانی کاروان «لەم کۆمەڵەیەدا و پێشتریش» لە دوو بەش پێکدێن، چیرۆک و چیرۆکی چیرۆکەکە، هەندێجار ئەم دوو ئاستە بەجۆرێکی لێک نەترازاو تێکەڵدەبن و هەندێجاریش وەک دوو بەشی جیاواز لە ناو هەمان تێکستدا کاردەکەن. هەڵبەت چیرۆکی چیرۆکەکان پتر هۆکارە بۆئەوەی بزانین حیکایەتخوان بەدوای چیدا دەگەڕێت، ئایا بەدوای یادەوەرییەکی وندا دەگەڕێت «وەک لە چیرۆکی یەکەمی ئەم کۆمەڵەدا دەیبینین» یان بەدوای نهێنییەکی کۆن، یان بەدوای هەندێ ڕاستیدا کە لێیان دڵنیا نییە، یان بەدوای خۆیدا. بایەخدانی کاروان بە «چیرۆکی چیرۆک» بە بڕوای من لەوەوەدێت کە حیکایەتخوانەکانی کاروان هەمیشە بۆ بەهانەیەک دەگەڕێن سەفەرە تایبەتییەکەی خۆیان دەست پێبکەن. مۆتیڤێکیان دەوێت بۆئەوەی ماشێنی گێڕانەوەکەیان بخەنەکار... بەوەدا نیازیان نییە چیرۆکێکی تایبەتی بگێڕنەوە، بەوەدا خواستیانە هەموو چیرۆکەکان و هەموو ژیان لە تێکستێکدا جێگا بکەنەوە، لێرەوە لەسەرەتاوە بەهانەیەکیان دەوێت، دەمامکێکیان دەوێت بەکاریبهێنن بۆ ئەوەی بێنە سەر شانۆ. هەر هێندەش دەستیان بەگێڕانەوە کرد، ئیتر سڵ لە تێرامان لە مرۆڤ و لە ڕەفتارە سەیرەکانی ناکەنەوە... سڵ لە هەڵماڵینی پەردە لە ڕووی خواستە شاردراوە و تەماحە سێکسییەکانی ناکەنەوە. بەڵام شتێک کە توانایەکی بێئەندازە دەدات بە چیرۆکەکانی کاروان، شارەزاییەتی لە ژیانی ڕۆژانە و لەو فەزا کۆمەڵایەتییەی کە تیایدا دەژین. چیرۆکەکانی کاروان چەند سەیربن، چەند دووربن لە واقیع، بەجۆرێک بەڕەمز و نیشانەی واقیعی بارکراون



پاڵەوانەکانی کاروان بۆ ئەوەی بتوانن چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە، دەبێت زیاد لە جارێک بوەستن بۆ ئەوەی چیرۆکی زیاد لە کەسێک و زیاد لە سەردەمێک و زیاد لە بۆنەیەک بگێڕنەوە...

هێزێکی تایبەتی داوەتێ. بۆ نمونە لە چیرۆکی دووەمی ئەم کۆمەڵەیەدا بە ئاشکرا سەروکارمان لەگەڵ چیرۆکێکی خەیاڵیدایە، چیرۆکی هاتنەوەی مردووەکان لە دونیای مەرگەوە بەرەو دونیای ئێمە، بەڵام وێناکردنی واقیعییانەی کاروان بۆ پاڵەوانەکان و ڕووداوەکان و وردەکارییەکانی ژیانی تایبەتی و ڕۆژانەیان، هێزێکی بەرچاوی داوەتێ تا هەست بە ناواقعییەتی چیرۆکەکە نەکەین. ئەمجۆرە سەلیقەی گێڕانەوەیە... ئەم تەکنیکە وادەکات کە چیرۆکەکانی کاروان «وەک هەندێک لە فیلمەکانی ستیڤن سبیلبورگ» لە ناوەوەڕا زیاد لە جارێک کۆتایی بێن و دەست پێبکەنەوە. چیرۆکی سێهەمی ئەم کۆمەڵەیە دەربارەی گوڵباران و پیاوە بۆگەنەکان، نمونەیەکی ئێجگار سەرکەوتووی ئەم تەکنیکەیە... چیرۆکەکە تەنیا یەکێک نییە لە چیرۆکە زۆر جوانەکانی کاروان، بەڵکو یەکێکە لە چیرۆکە جوانەکانی ئەدەبی کوردی بە گشتی. لەم چیرۆکەدا ئەو بابەتە سەیرەی کە پیاوانی نزیک لە گوڵبارانەوە دەمرن و لاشەکانیان بۆگەن دەکات، بەجۆرێکی سەیر دووبارەدەبێتەوە... لە جەمشیدی مێردی یەکەمییەوە تا هەموو پیاوەکانی دی، هەموو پێکڕا بە جۆرێکی تراژیدی دەمرن و بۆگەن دەکەن، چیرۆکەکە زیاد لە جارێک دەمانباتە سەر لێواری کۆتایی و دەمانگێڕێتەوە. لەگەڵ هەموو مردنێکدا ئێمە وا هەستدەکەین کە چیرۆکەکە کۆتایی هاتووە، بەڵام بەردەوام جۆرێک لە هەستانەوە هەیە. لەم جۆرە چرکانەدا تەکنیک بە شێوەیەک لە ناو ستراکتوری گێڕانەوەدا دەتوێتەوە، وەک بەشێک لە پێداویستییە ناوەکییەکانی خودی چیرۆکەکەی لێدێت... لە زۆربەی چیرۆکەکانی کارواندا تەکنیک قاڵبێکی دەرەکی نییە، بەڵکو فۆرمێکە گێڕانەوە سەلماندوێتی، فۆرمێکە پێداویستیی حیکایەتەکە دەیبەخشێت.

دیارە دونیای کاروان لە ناوەوە دونیایەکی چڕە، بۆیە قسەکردنی تەواو لەسەر هەر چیرۆکێکی، تیشککارییەکی ورد و تایبەتی دەوێت. چیرۆکەکان لە ناوەوە جیهانی سەیری خۆیان هەیە، چەند لە یەک دەچن هێندەش جیاوازن... خاڵی هاوبەشیان هەیە، بەڵام لە ناوەوەڕا لە یەکتریش دووردەکەونەوە. بۆیە لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینە ئەوەیە چیرۆکەکان یەک بە یەک و بە جیا بخوێنینەوە، بەڵام ئەوکارە تەنیا لە توانای کتێبی تایبەتدایە، بۆیە لێرەدا تەنیا دەکرێت سەرنجی خوێنەر بۆ سێ بنەمای گرنگ لە هونەری چیرۆکنووسیی کاروان ڕابکێشم...

یەکەمیان: ئەو خولیای تەلیسمسازییەیە کە لە زۆربەی چیرۆکەکانی کارواندا هەیە، ئێمە لای کاروان سەروکارمان لەگەڵ شوێنی ئاسایی و مرۆڤی ئاساییدا نییە، لێرەوە شتێکی سروشتییە کە بڵێم لای کاروان دوو دینەمۆ هەمیشە لە کاردان کە ئیشیان دروستکردنی تەلیسم و شکاندنی تەلیسمە. لای کاروان ئاسایی «مەئلوف» و نائاسایی «نامەئلوف» لەیەک ترنجاون و تۆپۆگرافییەکی نوێ و جیهانێکی تایبەتیان خولقاندووە، کە هەم ئەو شتانەی تێدایە کە دەشێت لە واقیعدا هەبن و هەم ئەو شتانەشی تێدایە کە دەشێت لە تەلیسمدا یان لە ئەفسانەدا هەبن، بۆئەوەی وێنەکە ڕوونتر بکەمەوە دەڵێم هەندێ لە چیرۆکەکانی کاروان لەو فیلمانە دەچێت کە تێیدا فیگەرە واقیعییەکان لەگەڵ کۆمەڵێک فیگەری ئەنیماتسیۆنیدا تێکەڵ دەکردێن... چیرۆکی ئەنتیک لەم کۆمەڵەیەدا لەگەڵ

دونیای کاروان
لە ناوەوە
دونیایەکی چڕە،
بۆیە قسەکردنی
تەواو لەسەر
هەر چیرۆکێکی،
تیشککارییەکی
ورد و تایبەتی
دەوێت.
چیرۆکەکان
لە ناوەوە
جیهانی سەیری
خۆیان هەیە،
چەند لە یەک
دەچن هێندەش
جیاوازن... خاڵی
هاوبەشیان هەیە،
بەڵام لە ناوەوەڕا
لە یەکتریش
دووردەکەونەوە.
بۆیە لێکۆڵینەوەی
ڕاستەقینە ئەوەیە
چیرۆکەکان یەک
بە یەک و بە جیا
بخوێنینەوە...

# کاروان بەهۆی فیگورە واقیعی و ئاساییەکانەوە، جیهانی چیرۆکەکانی لە شتە ئاساییەکان نزیک دەکاتەوە...

چیرۆکی ئەلفوبێی باڵدار دوو نیشانەی گەورەی ئەو خولیایەن بۆ لەیەکدانی ئەو دوو جیهانە. لە ئەنتیکدا، دومییەکەی ئیدریس پیرداود دەکەوێتە قسە و دەبێتە بکەرێکی گرنگ، لە ئەلفوبێی باڵداریشدا، پاڵەوانەکانی کتێبی خوێندنەوەی کوردی لە دارا و زارا و ئازاد دەبن بە کاراکتەری ڕاستی. دیارە «سەیرکاریی الغرائبیە» ئێستا بەشێکی گرنگی ئەدەبیاتی نوێی کوردییە، بەڵام کاروان وەک سەیرەوان «غرائبی» تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لای کاروان شتە سەیرەکان بەوە سەرساممان ناکەن کە سەیرن، بەڵکو بەوەی زۆر واقیعین. شتی سەیر لای ئەو ئەوەیە کە لە بەردەمماندایە و نایبینین، کاروان بە سەرسامی سەرسامان ناکات، بەڵکو بەوەی شتە سەیرەکان لە شوێن و ئیقاعی ئاسایی و ناسەیردا دادەنێتەوە، بە مانایەکی تر ئەو واقیعییەک نییە کە بازی سوریالی دەدات، واتە لە واقیعەوە بەرەو سوریالییەت ناجوڵێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لە سوریالەوە دێتەوە ناو واقیع، لای کاروان جوڵەکە پێچەوانەیە، لای ئەو شتە سوریالییەکان بەرەو واقیع بازیان داوە، ئەوەش وادەکات من وەک خوێنەر لەزەتێکی بێوێنە لە ئەدەبی کاروان ببینم، ئەدەبێکە من بەرەو جێگایەک دەبات کە نەمدیوە، کوردستانێکی تر و هەولێرێکی ترم پیشاندەدات، کە نایناسم، بەوەش وەزیفەی راستەقینەی ئەدەبی جێبەجێکردووە، کە دروستکردنی نیشتمانی تر و شاری تر و زەمەنی ترە... بە کورتی لای کاروان ئەوە واقیع نییە کە گۆڕانی سوریالیستی بەسەردا هاتووە، بەپێچەوانەوە دونیای سوریالییە کە دووبارەوە کەوتۆتەوە ئامێزی واقیع... جیهانی کاروان واقیع نییە کە تەمێکی سەیری لەسەر نیشتبێت، بەپێچەوانەوە شوێنێکی سەیرە کە تەمی واقیعی لەسەر نیشتووە. بە مانایەکی راستتر و کورتتر سوریالییەتی کاروان هەڵهاتن نییە لە واقیع، ئەوەندەی گەڕانەوەیە بۆی...

دووەم: خاڵێکی ستراکتوری دیکە کە ئەدەبی کاروانی پێ دەناسرێتەوە، ئەوەیە کە ئەدەبی کاروان بە ئیمتیاز ئەدەبیاتی ونبوونە. لە زۆربەی چیرۆکەکاندا ونبوونێکی گەورە هەیە، کاروان پڕە لە هەستی ونبوون و فۆبیای ونبوون و شەڕکردن لەگەڵ ونبووندا، لێرەوە گەڕانەوە بۆ ڕابوردووی تایبەتی خۆی، سەنگێک و قورساییەکی بەرچاوی لە دونیای تێکستەکانیدا هەیە... لای کاروان ڕابوردووی شەخسی شوێنێکی بەرینتر و گرنگتری لە ڕابوردووی مێژوویی هەیە، ڕاستە چیرۆکەکان خاڵی نیین لە ئاماژە بۆ هەندێک ڕووداوی مێژووی گرنگ و گەورە، بەڵام کاروان ئەو مێژووەی تەنیا وەک شانۆیەک پێویستە تا لە ناویدا کاراکتەر و قارەمانەکانی ونبکات یان بیاندۆزێتەوە. لە هەموو چیرۆکەکانیدا کاراکتەرێکی ون هەیە کە پاڵەوانەکە یان حیکایەتخوانی چیرۆکەکە بۆی دەگەڕێت. ونبوون بەشێکی جیانەبووەوەی گرێچنی هەموو چیرۆکێکی کاروانە، ئەگەر نەڵێم دینەمۆی سەرەکیی زۆربەی چیرۆکەکانە، کاروان حیکایەتخوانی ونبوونە... لێرەوە چیرۆکەکانی ئەو سەحنەیەکی گرنگن بۆ هەر نووسەر یان توێژینکارێک بیەوێت لاکانیانە ئەدەب بخوێنێتەوە. ونکردنی دایک و دۆزینەوەی کە لای لاکان سەنتەری ئەزموونێکی دەروونیی گرنگە بۆ منداڵ، لە ئەدەبیاتی کارواندا بەجۆرێکی ئێجگار گەورە ئامادەیە، ترسی ونکردن و خۆشیی دۆزینەوە، هەست بە ونکردن و خولیای دۆزینەوە



پاڵەوانەکانی کاروان ناتوانن لە حیکایەتکردندا بوەستن، توانایان هەیە ساتە بچوکەکانی ژیان لە سیاقی ڕووداوی گەورەتر و لە پەیوەندیدا بە چیرۆکی گەورەترەوە ببینن...

بەجۆرێکی زۆر بەرفراوان دنیای تێکستی کاروانیان داگیرکردوە... لێرەوە ونبوون بە هەموو شێوە و بە هەموو ڕەنگەکانییەوە لای ئەو دەبینرێت، لە ونبوونی دایکەوە بیگرە تا ونبوونی هاوڕێکان، تا ونبوونی بەشێک لە یادەوەری... ئەگەر ونبوون خۆی ئامادەنەبێت ئەوا هێماکانی دەوروبەری ونبوون ئامادەن، بۆ نمونە ئەو خانووەی کە هەرگیز لە شەودا دەرگای ناکرێتەوە لە چیرۆکی یەکەمدا هێمایەکی گەورەی ئەو میکانیزمی بەرگرییەیە کە دژی ونبوون باوک دایدەڕێژێت، ئاماژەیە بۆ ئەو چارەنووسە تراژیدییەی کە لە کاتی ونبووندا چاوەڕوانی پاڵەوانەکان دەکات. لە چیرۆکی گوڵباران و پیاوە بۆگەنەکاندا، هەم گوڵباران خۆی دەشارێتەوە، هەم دلێریش نهێنیی دایکی بەجۆرێکی گەورە قایم دەکات و دەیشارێتەوە، ونکردنی دایک و پاراستنی لەوانی تر میکانیزمێکی گرنگی هەڵگرتن و دانان و حەشاردانێتی بۆ خود. لەم چیرۆکەدا پیاوە بۆگەنەکانیش هیچ نین جگە لەو پیاوانەی کە وندەبن و ناتوانن بگەڕێنەوە... لێرەدا دلێر هێمای «شاردنەوە و هەڵگرتن و پەنهانکردنە»، ئەو قارەمانە ئۆدیبییە گەورەیەیە کە دایکی بۆ خۆی دەوێت. لە کاتێکدا خولیای ئەبەدی فەرهاد و دڵشاد بۆ گەیشتن بە گوڵباران، نوێنەری کەرتی ونکردن و خولیا و هیستیریای گەڕانی بێوچانن بۆ ئۆبێکتێک کە نایگەنێ و نایدۆزنەوە. ئەوەی یەکێک دەیدۆزێتەوە، ئەوانی دی ونی دەکەن، لێرەدا گەمەی ونکردن و دۆزینەوە دەگات بە ترۆپکی جەوهەرە دوولانە و دوو دیوەکەی خۆی، بە ڕۆحە پارادۆکس و سەیرەکەی کە لەسەر گەمەی گریان و پێکەنین دروستبووە، وەک چۆن منداڵ کە دایکی یان یارییەکەی ون دەکات، دەگری و دواتر کە دەیدۆزێتەوە پێدەکەنێت. لە چیرۆکی منارەی ئاوەدانیدا، گەڕانەوەی مردووەکان دیوێکی ئەفسانەیی ئەو خولیا و گەمەی ونکردن و هێنانەوەیەی منداڵیی دەردەخاتەوە کە گەمەی «ونبوون و دۆزینەوە، شاردنەوە و هێنانەوە، تاریککردن و ڕووناککردنەوە»یە تەواو بەرجەستەدەکات کە لە ناوەوە جڵەوی جیهانە ڕەمزی و نەستکارەکەی کاروان دەکات. ئەوەی وادەکات ئەدەبی کاروان ئەدەبێکی زۆر تراژیدی و غەمئەنگێز نەبێت و نەغمەیەکی شادیی تێدا ببینرێت، ئەو توانای گەڕانەوە و دۆزینەوەیەیە کە جار دوای جار دووبارە دەبێتەوە، هەمیشە لە بەرابەر تراژیدیای ونبووندا، جۆرە ڕیتواڵێکی گەڕانەوەو هاتنەوە هەیە. «پێکەوەبوونێ ونبوونێ ئەگەری هاتنەوە» ئەو سێ وێستگە گرنگەن کە لە منارەی ئاوەدانیدا چیرۆکەکە دروستدەکەن. لە گوڵباران و پیاوە بۆگەنەکانیشدا، مردنی سروود و دووبارە هاتنەوەی لە ژێر ناوی «هەڤاڵ»دا جارێکی تر ئەو خولیا ناوەکییە بەهێزەی ناو تێکستی کاروان دەردەخاتەوە کە بەجۆرێکی گەورە لە دەوری ونکردن و هێنانەوە دەسوڕێتەوە. ئەم هەستی ونکردن و دۆزینەوەیە لە چیرۆکی «ئەنتیک»دا، دەگاتە ئاستێکی کۆمیدی، ئاستی وڕێنەکردن بە گەڕانەوەوە. هەڵبەت دوکانی ئەنتیک خۆی هێمایەکی گرنگی شت هەڵگرتن و شاردنەوەیە، ئاماژەیە بۆ هەوڵی کاراکتەرەکە لەوەی شتەکانی خۆی و یادگاری هاوڕێکانی لە ونبوون بپارێزێت، بەجۆرێک پاڵەوانەکە هەموو سەروەت و سامانی شەخسیی خۆی لەدەستدەدات، بێئەوەی ئامادەبێت

## کاروان بەردەوام ئەو هەستەمان دەداتێ کە مامەڵە لەگەڵ دیوە هەرە ڕەق و ڕاست و بێشەرمەکەی واقیعدا دەکات...

کە هیچ شتێک بفرۆشێت، دڵۆپێک لە ڕابوردووی لا ون بکات، پاراستنی شتەکان لێرەدا بریتییە لە هەوڵێکی ئەفسانەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ونبوون، وەک چۆن لە چیرۆکی ئەلفوبێی باڵداردا نەفرۆشتنی شتە کۆنەکان و تازەنەکردنەوەی ماڵ لای دایک هەمان میکانیزمی بەرگری و دژایەتیی ونبوون ئاشکرادەکات. بەڵام لە ناو ئەو دەریایەدا لە شتی ئەنتیک هەمیشە شتێک هەیە رادەکات و وندەبێت و ناگیرێت و نادۆزرێتەوە، لەم چیرۆکەدا ئەو شتە کە لە دەسەڵاتی ئەنتیکپەرستی پاڵەوانەکە ڕزگاریبووە، کەسێکە ناوی «ئومێد فەهمی»یە. ئایا ئومێد فەهمی بوونی هەیە، گەر لاکانیانە بڕوانین، دەکرێت بڵێین بوونی نییە، تەنیا دەستکردێکی سایکۆلۆژیی خەیاڵی پاڵەوانەکەیە کە لە فۆبیای ونکردندا دەژی... ئومێد فەهمی ئاماژەیە بۆ چەمکی «ئەلفی بچکۆلە» لای «ژاک لاکان». هەڵبەت ئەم چەمکە لە سیستمی دەروونشیکاری لاکانیدا، ئاماژەیە بۆ شتێکی ونبوو کە هەرگیز نادۆزرێتەوە، بۆ شەبەقێکی ئەزەلی لە ناوەڕاستی خولیاکانماندا کە هەرگیز پڕناکرێتەوە، جێگایەک هەرچییەکی تێبکەین هەمیشە چاڵە و تا ئەبەد بەچاڵی دەمێنێتەوە. لێرەوە گەڕانەوەی ئومێد فەهمی، گەڕانەوەیەکی خەیاڵییە، جۆرێکە لە وڕێنە، چەشنێکە لە دەرباز لە چنگ ئازاری ونبوون. بۆیە لەبری ئەوەی پاڵەوانەکە بتوانێت قسەی لەگەڵ بکات، تەنیا پەیکەرەکەی ئیدریسی پیرداود لەگەڵیدا دەدوێت. لە دوا چیرۆکی کۆمەڵەکەشدا گرێی ونبوون و گەڕانەوە بە هەموو قورسایی خۆیەوە ئامادەیە، باوک چەندین ساڵ وندەبێت و دوایی بەپیری دەگەڕێتەوە، دواتر جارێکی دی وندەبێتەوە «دەمرێت»... لە ڕێگای دەستنووسە سەیرەکانییەوە کە بە ئەلفبایەکی نائاسایی نووسراوە دووبارە دەگەڕێتەوە، بەڵام دۆزینەوەی ئەم ئەلفبایە و گواستنەوەی بۆ ئەلفبای باڵدار، واتە ئەلفبای ئاسایی، یان لاکانییانە قسەبکەین «ئەلفبای منداڵی»، پێویستی بە کۆمەک هەیە، لێرەدا مردن هێمای ونکردنی هەتاهەتاییە، هێمای ونبوونێکە بێگەڕانەوە، یاخود لە ڕاستیدا ونکردنەوەی دەستنووسەکانی باوک ئاماژەیە بۆ ئەو خولیا ئۆدیبییە قووڵە، بۆ ئەو برینە سایکۆلۆژییە چارەسەرنەکراوە کە کاراکتەرەکە بە باوکییەوە دەبەستێتەوە... پاڵەوانەکە بەدرێژایی چیرۆکەکە خواستێکی هەیە کە بزانێت باوکی و دایکی چۆن سێکس دەکەن، بەوەدا باوکی ناتوانێت ئەو کارە بکات، لە بازێکی ئودیبییانەی زەقدا خۆی دەچێتە جێگاکەی ئەو و بەجۆرێکی ڕەمزی جێگای دەگرێتەوە... گومان لەوەدا نییە کە پاڵەوانەکە پاڵنەرێکی نەستیی گەورە پاڵی پێوەدەنێت بۆ ئەوەی باوکی ون بکات... ئەلفبای باڵدار هێمای ئەو پاڵەوانە ڕەمزییانەی منداڵین، هێمای ئەو سیستمە زمانەوانییەیە کە لە منداڵیدا جێگای سیستمی قسەکردن و پەروەردەی باوکی گرتۆتەوە... ئەوەی لە سەرەتاوە زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوە بوو بۆ ئەم چیرۆکە، کە لە ڕاستیدا هیچی تێدا نییە لە گەمەی منداڵان بچێت لە پاڵیدا نووسراوە «چیرۆکێک لە شێوەی گەمەی منداڵان»... بەڵام گەر لە قووڵایی و ڕەهەندی نەستی چیرۆکەکە ڕابمێنین، ئەوە دەبینین کە چیرۆکەکە ئاماژەیە بۆ گەمەیەکی دێرین... گەمەی سەرکەوتنی فیگورە خەیاڵییەکانی ناو کتێبەکەی



کاروان بە سەرسامی سەرسامان ناکات، بەڵکو بەوەی شتە سەیرەکان لە شوێن و ئیقاعی ئاسایی و ناسەیردا دادەنێتەوە..

کاروان لە هیچ جێگایەکدا نایەوێت ئەو هەستەمان لا دروستبکات کە چیرۆکنووسێکی واقیعی نییە.. بەردەوام ئەو هەستەمان دەداتێ کە مامەڵە لەگەڵ دیوە هەرە ڕەق و ڕاست و بێشەرمەکەی واقیعدا دەکات، لێرەوە ئاشکراکردنی نهێنیی جنسی پاڵەوانەکان، بەشێکی گرنگی ئەو گەمەی ڕووبەڕووبوونەوە بێشەرمەیە لەگەڵ کاراکتەرەکاندا...

ئیبراهیم ئەمین باڵدار بەسەر سیستمی ڕەمزی باوکدا، سەرکەوتنی مۆراڵی دەرەوەی ماڵ بەسەر مۆراڵی ناو خێزاندا. لێرەشدا تەواو بەر کێشەیەکی سەد دەر سەد لاکانیانە دەکەوین، کە هەرەسی سیستمی ڕەمزی باوکە لەبەردەم سیستمێکی دیدا... سیستمی یاریکردن، سیستمی فیگورە فەنتازیاکان، سیستمی خەیاڵی... لێرەدا لە بری خواستی دۆزینەوە، خواستی ناوەکی ونکردن چیرۆکەکە دەبات بەڕێوە... باوک کە لە ونبوون دەگەڕێتەوە، لەگەڵیدا هەموو برینە ئۆدیبییەکانی پاڵەوانەکە دەکولێنێتەوە، لێرەوە مردنی تەواوەتی باوک، ناکرێت تەنیا لە ئاست مردنی فیزیکیدا بوەستێت، بەڵکو دەبێت مردنی تەراوی دەسەڵاتە ڕەمزییەکەی بێت، کە پاڵەوانەکە بە کۆمەکی فیگورەکانی باڵدار، بە کۆمەکی ئەلف باکەی ئەو کە بەرامبەر دەسەڵاتی پڕ نهێنی و تەفسیرنەکراوی باوک ڕایدەگرێت جێبەجێدەبێت... ئەوەی لە شوێن و گرنگیی زمان لە سیستمی ڕەمزیدا لای لاکان تێگەیشتبێت، بەوردی دەزانێت بۆ ئەم چیرۆکە هەر بەڕاستی لە شێوەی گەمەی منداڵاندا داڕێژراوە، بەڵام بەبێ ئەو پاشخانە لاکانییە ئەستەمە لە نهێنیی ئەو ناونانە تێبگات.

سێهەم: خاڵێکی گرنگی دی کە لای کاروان زۆر جێگای سەرنجە و تامێکی تایبەت بە من دەبەخشێت... دەرکەوتنی فیگەری ئاساییە لە چیرۆکەکانی کارواندا... هاوڕێکانی منداڵیی کاروان، هەندێک لە نووسەران وەک پاڵەوان لای کاروان دەردەکەونەوە، ئیدی لە چیرۆکەکانیدا کەسانی وەک مامۆستا شێرزاد حەسەن و کاک فرسەت ڕۆژبەیانی دەردەکەون، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هاوڕێکانی منداڵیی خۆی زۆربەیان شوێنی تایبەتیان لە حیکایەتی کارواندا هەیە... بەوەدا من لای کاروان هەم ڕەهەندێکی هونەری و هەم ڕەهەندێکی سایکۆلۆژیی گەورە دەبینم، واتێدەگەم ئەم دەرکەوتنەوانەش هەم ڕەهەندێکی هونەری و هەم ڕەهەندێکی سایکۆلۆژییان هەیە. بەدیوە هونەرییەکەدا کاروان بەهۆی فیگورە واقیعی و ئاساییەکانەوە، جیهانی چیرۆکەکانی لە شتە ئاساییەکان نزیک دەکاتەوە، ئەو خەیاڵەمان تیا سەوزدەکات، ئەوەی کە دەیگێڕێتەوە هیچ نییە جگە لە خودی واقیع بە هەموو کاراکتەرە زیندوو و ناسراوەکانییەوە، بەبڕوای من ئەم تەکنیکە کۆمەکێکی گەورەی پێدەکات، بۆ گەیاندنی ئەو خاڵەی لە سەرەتادا باسمکرد، سەبارەت بە گەڕانەوە لە سورياليیەتەوە بۆ واقیع... فیگەرە واقعییەکان لێرەن بۆئەوەی ئەو گەڕانەوەیە سادەتر و ئاسانتر بکەن. لێرەدا سوریالییەت خۆی وەک دیاردەیەکی واقیعی و ڕۆژانە و ڕاستەوخۆ ئاشکرادەکات. کاروان لە هیچ جێگایەکدا نایەوێت ئەو هەستەمان لا دروستبکات کە چیرۆکنووسێکی واقیعی نییە.. بەردەوام ئەو هەستەمان دەداتێ کە مامەڵە لەگەڵ دیوە هەرە ڕەق ‌ و ڕاست و بێشەرمەکەی واقیعدا دەکات، لێرەوە ئاشکراکردنی نهێنیی جنسی پاڵەوانەکان، بەشێکی گرنگی ئەو گەمەی ڕووبەڕووبوونەوە بێشەرمەیە لەگەڵ کاراکتەرەکاندا... بەڵام کۆی ئەم دونیا «زۆر واقعییە» لای کاروان لەڕاستیدا هیچ نییە جگە لە سێبەری چیرۆکێکی سوریالی، بۆ نمونە لە گوڵبارانە، نەواوی پیاوە واقعییەکان و چیرۆکە سەیرەکانیان هیچ نییە جگە لە پەراوێزێکی

## کاروان بە جۆرێکی ئەفسانەیی و بە هێزێکی لە ڕادەبەدەرەوە بە یادەوەرییەکانی منداڵی و گەنجیی خۆیەوە نوساوە...

نووسراو لە ژێر مردنە سوریالییەکەیاندا، هەموو دەردەکەون بۆئەوەی لە کۆتاییدا وەک لاشەیەکی بۆگەن کۆتاییان پێبێت... یان لە منارەی ئاوەدانیدا هەموو ڕووبەڕووبوونەوەکانی «ڕیزێرف» لەگەڵ ژیانی واقیعی خۆیدا هیچ نییە جگە لە کەرەستەی گەیشتن بەو وێنە سوریالییەی کە نیگاری گەڕانەوەی مردووەکانە بۆ دونیای ئێمە. لێرەدا خودی منارەی چۆلی خاڵێکی گرنگی بەریەککەوتن و پێکدادانی دونیای واقعییە بە دونیای سوریالی... منارەی چۆلی ئەو جێگایەیە کە سوریال شوناسی خۆی وندەکات و دەبێتە واقیع و واقیعیش شوناسی خۆی لەدەستدەدات و دەبێت بە سوریال. واتە خاڵی ئەو پەڕینەوە گەورەیەیە کە کاروان لە هەموو جێگایەکدا ئیشی لەسەر دەکات. لە چیرۆکی ئەلفوبێی باڵداردا ئەم ناکۆکییە، ئەم پارادۆکسە ستراکتورییە جوانتر دەردەکەوێت، کاتێک دەبینین فیگورە ناواقعییەکان دەبن بە کاراکتەری واقیعی... کاتێک زارا و دارا و مام زۆراب دەبن بە کاراکتەری ڕاستەقینە، کاتێک ئەو بازە گەورەیە دەبینین لە سوریالەوە بۆ ناو ڕیال. لێرەدا دەرکەوتنی کەسانی واقیعی وەک شێرزاد حەسەن و سائیب ئەکرەم و ئەوانی دی... تەواوکار و تەکامولی ئەم پرۆسەی بەواقیعکردنەیە... لای کاروان ئەلیس ناکەوێتە ناو دونیای شتە عاجباتییەکانەوە، بەڵکو شتە عاجباتییەکان دەکەونە ناو دونیای ئەلیسەوە.
لێرەوە پێویستییەکی زۆری بە کۆمەکی هەموو ڕەمزە واقعییەکان هەیە تا وەک شتی نامۆ و دەستکرد و ترازاو لە ناوکۆ دەرنەکەون.
وەزیفەی سایکۆلۆژیی ئەمجۆرە کاراکتەرە واقعییانەش، هەستی دۆزینەوە و نیشتەجێبوون لەو دونیایەدا لای کاراکتەر و حیکایەتخوانەکان بەهێز دەکات، دونیایەک کە لە ونبوونی دەترسن. کاروان بە جۆرێکی ئەفسانەیی و بە هێزێکی لە ڕادەبەدەرەوە بە یادەوەرییەکانی منداڵی و گەنجیی خۆیەوە نوساوە، ئەوە وادەکات ئەزموونی لە ئەدەبیاتی ئێمەدا هەم تایبەت و هەم زۆر گرنگ بێت... وەفای کاروان بۆ یادەوەریی خۆی، لە هەوڵی بێوچانییەوە بۆ زیندووکردنەوە و دۆزینەوەی دونیا لەدەستچووەکان هاتووە. هەموو کاراکتەرە واقعییەکان هێمای دونیایەکن کە دەشێت ونبن و بسردرێنەوە و ببن بە ژێرەوە... بەوەدا کاروان چیرۆکنووسە و مێژوونووس نییە، شەڕی ئەو دژ بەو ونبوونە وادەکات فیگورە واقعییەکان لە چیرۆکەکان و لە ناو دێڕەکاندا بپارێزێت.
دواجار دەتوانم بڵێم، کاروان بەم کۆمەڵە کورتە چیرۆکە نیشانەیەکی گرنگ لەسەر ڕەوتی ئەزموونی خۆی تۆماردەکات... بۆ من کاروان هەمیشە نووسەرێک بووە کە بە توانایەکی ناوازەوە فەزایەکی نوێی لە چیرۆکی کوردیدا خولقاندووە و یەکێکە لە دەنگە گرنگەکانی چیرۆکی ئەم سەردەمەمان.. من لەزەتێکی زۆر لە نووسینەکانی دەبینم... بە خۆشحاڵییەکی زۆریشەوە هەر کارێکی بگاتە دەستم دەیخوێنمەوە...

**※ئەم بابەتەی نووسەرو ڕووناکبیر (بەختیار عەلی) پێشەکییەکە، کە بۆ کۆمەڵە چیرۆکی منارەی ئاوەدانی-ی (کاروان عومەر کاکەسوور)ی نووسیوەو ئەو کۆمەڵە چیرۆکە هێشتا چاپ و بڵاونەبووەتەوە..**



وەفای کاروان بۆ یادەوەریی خۆی، لە هەوڵی بێوچانییەوە بۆ زیندووکردنەوە و دۆزینەوەی دونیا لەدەستچووەکان هاتووە. هەموو کاراکتەرە واقعییەکان هێمای دونیایەکن کە دەشێت ونببن و بسردرێنەوە و ببن بە ژێرەوە... بەوەدا کاروان چیرۆکنووسە و مێژوونووس نییە، شەڕی ئەو دژ بەو ونبوونە وادەکات فیگورە واقعییەکان لە چیرۆکەکان و لە ناو دێڕەکاندا بپارێزێت...



# خواوەندی ناکام

## نیگایەک بۆ دنیای باباتاهیری هەمەدانی وەک شاعیرو رووناکبیر

**ئەکرەمی میهردادا**

لە دامێنی دڵڕفێن و بژوێنی کێوی ئەڵوەند، ویژدانێکی رۆشن و جیهاندیدەیەکی شەیدا و کۆچەرێکی زانا ناڵەی دەردەکانی لەگەڵ خوڕەی جۆیباران و ئاهەنگی شەماڵی میوان ئاوێتە دەکرد و لەگەڵ باڵندەکانی بەهاراندا هاوڕاز و هاوئاواز بوو. شکۆی ئاگرین و نەغمەی گیان سۆزی ئەو دەبوونە شیعر و حیکمەت و گیانی ماندووی دەردەدارانی دەلاواندەوە و ئەسرینەکانی تێکەڵ بە ژیان و ئەوینی هەمووان دەبوون.

غوبار گرتوویە ئەم هەردە، بڵێم چی؟
کە دڵ کەیلی غەم و دەردە، بڵێم چی؟
گوڵێکم چاند لە بەر دامانی ئەڵوەند
لە بەختی من ئەویش زەردە، بڵێم چی؟ (١)

**جێگای سەرنجە کەسێکی وەک عەینولقوزات کە بە فەتوای کۆنەپەرستان کوژرا، بەرێز و ستایشەوە لە باباتاهیر دەدوێ و کەسێکی وەکو ئەبوو سەعیدیش کە لە مێژووی سۆفییاندا بە نموونەی تەساهول و دڵگەورەیی و مودارات دەناسرێ و لە بەرامبەردا تەسەعوب و دەمارگیریدا خەباتی کردووە..**

ژیان و رەوش و شیعری ئەو سادە و سروشتی بوون و لە هەر شێوازێک لە ئاڵۆزی و پەردەپۆشی بێبەری بوون، هەر بۆیەش خەڵکی زانا و سادە، شاری و دێهاتی سروود و ئاوازەکانی ئەویان لەبەربوو. ئەو هێندە ئازاد بوو کە لە هەموو شت (جگە لە شیعر و زانایی و شەیدایی و سووتان) داماڵرابوو، هەر بۆیەش نازناوی (عۆریان)ی کردە ناوی شاعیری و رۆحی درەخشانی هێندە پاک و بێگەرد بوو، هەر وەکو ناوی ئەو کە (تاهیر) بوو.(٢)

## بۆچی ناونیشانی (خوداوەندی ناکام)؟

باباتاهیری عوریان و هەمەدانی و لوڕ، هەر وەکو زۆرێک لە شارەزایان و سەرچاوەکان باسی دەکەن، زانا و عارف و شاعیر و ناودار و خاوەن پلە و پایەی مەینەوی باڵا بووە. ئەو لە لای دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆی و لە ناو پەیڕەوانی ئایینی یارسانی ناوچەی هەمەدان و ئەڵوەند دارای پایەی خاوەن شایستەی جێگای رێز بوو. لە هەمان کاتیشدا پیاوێکی شارەزا و خوێندەوار و رووناکبیر و لێهاتوو بووە و شیعر و بەرهەمەکانیشی گەواهیی تەواوی ئەمە بە دەستەوە دەدەن، بەڵام وێڕای هەموو ئەوانە عاشق، شەیدا، کۆچەر و دەربەدەریش بووە و هەر بۆیەش سەرئەنجام ژیانی ناکامی لە سنووری کەسێتی لە رەوشی گشتیشدا بووە بە نەسیب. ئەو هێندە ناودار و پایە بڵند و خاوەن شایستەیی بووە، کە دەشێت بڵێین پەیامبەر یان خوداوەند بووە و سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە سوڵتانی سەلجووقی دێتە دیداری و دەستی ماچ دەکات و داوای راوێژی لێ دەکات و لە هەمان کاتیشدا ناوی ئەو لەگەڵ ناوی (ئەبوو سەعید ئەبولخەیر) و (عەین ئەل قوزات)ی هەمەدانیدا دێت. ئەبوو سەعیدو عەینولقۆزات لە سەردەمی خۆیاندا بە هێمای لێبوردن و نەیاری لە بەرامبەر تەعەسوب و کوێر باوەڕی و بە نەیارانی دەمارگیری ناسراوبوون. لە نەیشاپوور کۆمەڵێک پیاوانی ئایینی فتوای کوشتنی ئەبوو سەعیدیان دا و ئەوان لە نامەیەکدا کە بە نیازی مۆڵەت وەرگرتن بۆ کوشتنی ئەبوو سەعید ناردبوویانە دەرباری غەزنەین، نووسیبوویان (پیاوێک هاتووەتە ئێرە بانگە وازی سۆفیەتی دەکا، بەڵام مەجلیس و میوانداریی گەورە ساز دەکات و لەسەر مینبەر شیعر دەخوێنێتەوە و ئەخبار و تەفسیر نالێ، لەگەڵ گەنجەکان سەما دەکا) شیعر خوێندنەوەی ئەبوو سەعید، بە بەڵگەیەک دانرا بوو بۆ نیشاندانی ئەوەی کە لە دین لایداوە .کە ئەمە لایەنی هاوبەشی ئەبوو سەعید و باوە تاهیرە.

عەینولقوزاتی هەمەدانی کە وەکو مەنسوری حەللاج بێپەروا قسەی دەکرد و ئەگەرچی تا ماوەیەک بەهۆی پشتیوانیی گەورە دەسەڵاتدارێکی سەردەمی خۆی دەیتوانی بە ئازادی بیروڕای خۆی دەرببڕێ، کە بناغەی باوەڕە خورافییەکانی سەردەمی خۆی دەبردە ژێر پرسیار و گومانەوە، سەرئەنجام کەوتە بەر غەزەب و فەتوای کوشتنی درا و دوای ماوەیەک لە زیندان لە شەوی چوارشەمەی ٧ مانگی جەمادی سانی ساڵی ٥٢٥ی کۆچی لە هەمەدان لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا لە دار درا. عەبنولقوزات لایەنگیری فەلسەفەی ئیشراق بوو.

جێگای سەرنجە کەسێکی وەک عەینولقوزات کە بە فەتوای کۆنەپەرستان کوژرا، بەرێز و ستایشەوە لە باباتاهیر دەدوێ و کەسێکی وەکو ئەبوو سەعیدیش کە لە مێژووی سۆفییاندا بە نموونەی تەساهول و



باباتاهیری عوریان و هەمەدانی و لوڕ، هەر وەکو زۆرێک لە شارەزایان و سەرچاوەکان باسی دەکەن، زانا و عارف و شاعیر و ناودار و خاوەن پلە و پایەی مەینەوی باڵا بووە. ئەو لە لای دەسەڵاتدارانی سەردەمی خۆی و لە ناو پەیڕەوانی ئایینی یارسانی ناوچەی هەمەدان و ئەڵوەند دارای پایەی خاوەن شایستەی جێگای رێز بوو...

دڵگەورەیی و مودارات دەناسرێ و لە بەرامبەردا تەسەعوب و دەمارگیریدا خەباتی کردووە، بە پیر و موراد‌ی باباتاهیر دادەنرێ. سەرەنجام باباتاهیر لە لایەک قوتابی و شاگردی ئەبوو سەعید و لە لایەکی دیکەش مامۆستا و رابەری عەینولقوزات.(٣)

هەروەها باوە تاهیر لە ناو پەیڕەوانی ئایینی ئەهلی حەق (یارسان)دا پلەی (بابا)ی پێدراوە کە هێمایە بۆ ئەوەی کە بەرجەستەکاری (شاخوشێن) و لە ئایینی ئەهلی هەقدا هەریەکێک لە ڕابەرانی سەردەم چوار بەرجەستەکاری پیاو ( بابا) و یەک بەر جەستەکاری ژنی (ماما) هەیە، کە باوە تاهیر یەکێکە لە بابەکانی شاخو شێن و کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام) کە پەیامی ئەهلی هەقە لە ئاییندا لەو سەردەمەدا، هەر وەکو هەندێک لە سەرچاوەکان دەڵێن، لەلایەن باباتاهیرەوە نووسراوەو کە بە (دەورەی شاخوشێن) یان (دەورەی باباتاهیر) ناسراوە.(٤)

باوە تاهیر یەکێکە لە بابەکانی شاخو شێن و کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام) کە پەیامی ئەهلی هەقە لە ئاییندا لەو سەردەمەدا، هەر وەکو هەندێک لە سەرچاوەکان دەڵێن، لەلایەن باباتاهیرەوە نووسراوەو کە بە (دەورەی شاخوشێن) یان (دەورەی باباتاهیر) ناسراوە...

هەموو ئەم بەڵگانە و گەواهی زۆرێک لە سەرچاوەکانی مێژوو و نووسین و لێکۆڵینەوەی شارەزایان و ناودارانیش ئەوە دەسەلمێنن کە باباتاهیر ئەستێرەیەکی درەوشاوە، شایستەیەکی بەناوبانگ و خوێندەوار و لێهاتوویەکی کارامەبووە کە ئەم تایبەتمەندییانە ئەو دەبەنە پایەی پەیامبەرێکی سەردەمی خۆی، لەگەڵ هەموو ئەم پلە و پایە و ناوبانگ و نازناوەدا، بەڵام باباتاهیر ژیانی عۆریان و کۆچەری و ژیانی بێنیازیی دوور لە خەڵک و لە دەشت و دەر ژیان هەڵدەبژێرێ و ناوەڕۆکی شیعرەکانیشی بەیانی هەموو ئەمانە دەکەن..

**من ئەو ڕەندەم کە پێم ئێژن قەلەندەر**
**نە ماڵم هەس، نە ماڵم هەس، نە لەنگەر**
**کە ڕۆژ دادێ لە دەوری ماڵەکەی تۆم**
**کە شەو دادێ وەخشتێکی دەکەم سەر.**
**مەلێ بم سەر چیاکانیش وەتەن بێ**
**بە باڵ بفرم بۆ هەر لایەک چەمەن بێ**
**نە هێزێکم هەیە ئێستا نە سامان**
**مەگەر بمرم پەڕو باڵم کەفەن بێ.** (٥)

بەڵام هۆکار و بەڵگەی دڵنشینی خۆم بۆ هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە (خوداوەندی ناکام) سەلماندنی ئەوەیە کە باباتاهیر وێڕای ئەوەی کە ناودارە، پلە و پایەی ڕەسمی و خەڵکی هەبووە، نووسەرێکی شارەزاو شاعیرێکی شەیدای سەردەمی خۆی بووەو ناوبانگیشی بۆ سەردەمەکانی دوای خۆی هەتا ئێستا ماوەتەوە، دەتوانین بڵێین کە کەسێکی ڕووناکبیر بووە لە زانین و هەڵوێستدا. بەڵگەکانی خوێندەواری و شارەزایی باباتاهیر لە زەمینەکانی ئایین، کۆمەڵایەتی، ئەدەب و بابەتەکانی دیکەی سەردەمی خۆی لە لای هەمووان و لە ڕێگەی سەرچاوەکانی مێژوودا ئاشکرا و بەرچاوە.بەڵام ڕەوشی باباتاهیر یان کەسێتیی ئەو لە هەڵوێست و مامەڵەدا لایەنی درەخشان و پرشنگداری ئەو وەک ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی لە مێژوودا دەمێنێتەوە. چونکە (ڕووناکبیر کەسێکە کە خاوەنی هێزێکی زهنی و بیرکردنەوەیە، بۆ تێگەیشتن و تێگەیاندن و بەرجەستەکردنی پەیام، تیۆری، ڕوانگە، فەلسەفە یان ئەندیشەی خۆی بۆ هەمووان و بە هەمووان تێدەکۆشێ)(٦).

بێگومان هەر کەسێک شارەزا یان ئاگادار بێت لە ژیان و بەر هەم و باوەڕی باباتاهیر، دەزانێت کە بابا ئەم هەڵوێستانەی ڕووناکبیریی سەردەمی

**باباتاهیر لە دنیای عەشق و دڵداریشدا ئاوارەو ناکام دەمێنێتەوەو لەگەڵ یارەکەی پەیوەندیی ژن و مێردایەتییان نابێت و لەسەر ڕاسپاردەی شاخۆشێن هاتە سەرو ئەو باوەڕەی کە باباتاهیر و فاتمە لوڕە دەبێت وەکو لەیلاو مەجنون لە ڕۆژی قیامەتدا ببنە هاوسەر...**



خۆی هەبووە و لە هەموو بوار و زەمینەکانی ژیاندا خاوەن پەیام و ڕوانگە و هەڵوێست بووە.

اگر دستم برسد بر چرخ گردون
از او پرسم که این چونست و ان چون
یکی را دادەای صد گونه نعمت
یکی را نان جو الوده در خون. (٧)
مکن کاری که بر پا سنگت اید
جهان با این فراخی تنگت اید
چو فردا نامه خوانان نام خوانند
تو را زنامه خواندن ننگت اید. (٨)

ڕوانگە و هەڵوێستی ڕووناکبیرانەی باباتاهیر وەکو کەسێکی دانا و شایستە، گەواهیی ئەوە دەدەن کە ئەو بەبێ ئەوەی نیازێک یان مەبەستێکی کەسێتی یان پێشوەختی بووبێت لە هەموو ئەو بوار و زەمینانەدا بەشداری و بیریاریی نواندووە و لە بەرامبەریان، ئەگەر پێویست بوو بێت، کاردانەوەی نواندووە و لە دیدگای گشتی بەرژەوەندی و سوودی هەمووواندا ئەو ڕەوشەی بەڕێوە بردووە. لە هەمان کاتیشدا سەربەخۆیی ڕوانگە و بیروباوەڕەکانیشی پاراستووە، ئەگەرچی هەمیشە بەشداربووە لە دەردو ڕەنجەکانی دەوروبەردا. لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا پرسی دیکە ماون کە وا لە باباتاهیر دەکات بەرەو ژیانی ناکامی یان درەخشانترین وێنای ئاوارەیی بڕوات و ئەو ئاوارەیی و ناکامی تایبەتی خۆی دوور لە خەڵک لە هەموو شت خۆشتر ویستووە و هەتا کۆچی دواییشی دوای تەمەنی تا ڕادەیەک زۆر بەو شێوەیە ژیانی بردووەتە سەر. تەنانەت لە دنیای عەشق و دڵداریشدا ئاوارەو ناکام دەمێنێتەوەو لەگەڵ یارەکەی پەیوەندیی ژن و مێردایەتییان نابێت و لەسەر ڕاسپاردەی شاخۆشێن هاتە سەرو ئەو باوەڕەی کە باباتاهیر و فاتمە لوڕە دەبێت وەکو لەیلاو مەجنون لە ڕۆژی قیامەتدا ببنە هاوسەر. (٩)

مو درویشم لکم اعجاز دیروم
مو دوسی چون خوشین دمساز دیروم
مو معشوقی و نام فاتمه لور
صوبر قامت و پرناز دیروم. (١٠)

یان لە دوو بەبیتییەکی تایبەت بۆ شاخوشێن:

هرکی شاهش توئی حالش همینه
اسرینش خشت و بالین زمینه
جرمم اینکه که تو را دوست دیروم
هر کی دوستش تەئی،حالش چنینه!

ئیدوارد سەعیدی بیرمەند و خاوەنی کتێبی (نقش روشنفکر) لە بەشی کۆتایی ئەو کتێبە بە ناوی (خودایانی هەمیشە ناکام) کە دیارە مەبەستی لە ڕووناکبیرانە، ئەم تایبەتمەندییە ناکامی و ئاوارەییانە بۆ ڕووناکبیران ناو دەهێنێ، درەخشانترین وێنای ئاوارەیی شاعیر، هونەرمەند یان ڕووناکبیر، نەیارانی هاوئاراستەبوونی گشتی، ئەوان هەمیشە لە نێوان تەنهایی و پابەندییدا وەستاون، هەڵبژاردنی ژیانی مەنفا و قەرارگرتن لە پەراوێزدا، نەبوونی سەرپەنا، هیوایەت (ئاماتۆر) و دواکەوتنی چێژی بیرکردنەوە و سەرەنجام وتنی ڕاستییەکان. دە ئێوە بڵێن تەواوی ژیان و شیعر و بەرهەم و بڕوای باباتاهیر بەوجۆرە نەبووە، ئایا ئەو لە لوتکەی ناوبانگ و ناودارییدا بەرەو مەنفاکەی خۆی نەچووەتەوە، کە کوخەکەی دەشت و دەرێتی کە ئێستا بووتە شوێنی ئارامگاکەی. ئایا ئەو لەوپەڕی خۆشەویستی بۆ فاتمە لورە یان (بی، بی فاتمە) لێی دوورنەکەوتووەتەوە؟. ئایا ئەو سەرەڕای دڵبەستەیی و خۆشەویستی بۆ خەڵک

ڕوانگە و هەڵوێستی ڕووناکبیرانەی باباتاهیر وەکو کەسێکی دانا و شایستە، گەواهیی ئەوە دەدەن کە ئەو بەبێ ئەوەی نیازێک یان مەبەستێکی کەسێتی یان پێشوەختی بووبێت لە هەموو ئەو بوار و زەمینانەدا بەشداری و بیریاریی نواندووە و لە بەرامبەریان، ئەگەر پێویست بوو بێت، کاردانەوەی نواندووە و لە دیدگای گشتی بەرژەوەندی و سوودی هەمووواندا ئەو ڕەوشەی بەڕێوە بردووە.

دوور لەوان نەژیاوە و بیری نەکردووەتەوە؟. هەموو ئەم بەڵگە و ژیاننامەو بەرهەم و باوەڕانە ئەو ناکەن بە (خوداوەندی ناکام)

دڵم شەیدایە، وێڵی دەشت و دەرما
بە بای عیشقت، نە باڵم ما، نە سەرما
بە من ئێژی سەبووریت بێ سەبووری
سەبووری کردی ئەم هەرگە بە سەرما.
بە گیانمدا گەرا سێ دەرد بە یەکجار
غەریبی بوو، ئەسیری بوو، غەمی یار
غەریبی و ئەسیری چارەیان دێ
غەمی یار و غەمی یار و غەمی یار.
ئەمن ئەو زامدارەکەی بێ ماڵ و حاڵم
من ئەو مارانگەزەی ڕۆژگاری تاڵم
ئەمن ئەو درک و داڵی وشکی دەم(با)م
بە دەم زریانەوە سەحرا دەماڵم.
قەدەر وا بوو سەر بێنم نە سامان
پەرێشان هاتمە دنیاوە، پەرێشان
پەرێشانی جیهان گشت چوونە ژێر خاک
لە خۆڵی وان قوڕی من هاتە شێلان
غەمی عالەم لە سەر شانم قەڵایە
بە دەردی من، فەراغەت کیمیایە
هەموو دەردێک، دەبێ دەرمانی ڕۆژێک
دڵی من نا، کە دەرمانی بەڵایە.

## نیگاکان بۆ شیعری باباتاهیر

باباتاهیر بەبێ ئەوەی کە خۆی برەنجێنێ یان تەکلیف لە خۆی بکات، بە شێوەی سروشتی و تایبەتی خۆی، سادە و ڕوون شیعرەکانی دەسرووداند و ئەو هەر وەکو نازناوەکەی (عوریان) وشەکانی ڕووت دەکردەوە و بەو شێوەیە زۆر سادە و ڕوون سروشتی لە شیعردا دەهۆنییەوە. ئاوازەکانی ئەو هەر وەکو گوڵان و گژ و گیای دەشت و دەر و لالەکانی کوێستان سادە و دڵاوێزبوون و هەر وەکو شەماڵ و خوڕەی ئاوی جۆیباران نەرم و شەفاف بوون.

بە دەریا بنگەرم دەریا تە وینم
بە سەحرا بنگەرم سەحرا تە وینم
بە هەر جا بنگەرم کوە و دشت و در
نیشانی از قامت رەعنایی تە وینم!
شەماڵ ئەو دەم کە عەتری بسکی تۆی بێ
لە سونبوڵ خۆشترە بۆنی کە دەرژێ
کە شەو دەگرم خەیاڵی تۆ لە ئامێز
بەیانی بۆنی گوڵ لەو جێگەیەم وێ!

داریوشی ئاشووری لە کتێبی (شیعر و ئەندیشە)دا بەمجۆرە باسی شیعری سوهرابی سپێهری دەکات: (شیعری سپێهری بێ زینەت و ئارایشە، بەڵام ئەمە کە مایەسی نییە لە کاری ئەودا، بەڵکو بە یەک مانا بەهرەیە لە کاری ئەو. ئازادبوون و هەڵاتن لە ئاڵۆزییەکانی هۆنینەوەی شیعر هاوڕێیە لەگەڵ ئەو مانایە کە دەخوازێ بیکاتە پەیام. لە شیعری ئەودا مانای قووڵی زۆر و ئاڵۆزی لە قسەدا کەم یان نەبوو).(١١)

کە دەروانینە شیعرەکانی باباتاهیر بێگومان هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی زمانی شیعری دەبینین کە ئاشوری سەبارەت بە سوهراب باسی کردووە و ئەم ڕێبازەش یەکێکە لە ڕێبازە کۆنەکانی شیعری ئێرانی، هەر لە باباتاهیر و خەییام و حافیز و سەعدی و مەولانا هەتا دەگاتە نیما و فەروغی فروغزاد و سوهراب و تا سەرەنجام دەگاتە لای ئەحمەدی شاملوو. بەڵام داهێنەری و مەزنیی باباتاهیر لەوەدایە کە ئەو لە سەرەتاوە و بۆ یەکەمین

باباتاهیر بەبێ ئەوەی کە خۆی برەنجێنێ یان تەکلیف لە خۆی بکات، بە شێوەی سروشتی و تایبەتی خۆی، سادە و ڕوون شیعرەکانی دەسرووداند و ئەو هەر وەکو نازناوەکەی (عوریان) وشەکانی ڕووت دەکردەوە و بەو شێوەیە زۆر سادە و ڕوون سروشتی لە شیعردا دەهۆنییەوە.

## دوو بەیتییەکانی باباتاهیر لە زەمینەی زمان و سرووداندنی شیعردا ئەو شیعرانەی کە هەمووان تێیان دەگەن و خوێندەواران و شارەزایانیش پەسەندی دەکەن و لە ستایشیاندا چەندین بابەت و لێکۆڵینەوە نووسراون...

جار لەم ڕێبازەدا نەکەوتە داوی ئاڵۆزی و کەمینی نەگەیاندنی مانا لە شیعردا. بۆیە لەم زەمینەدا هەر وەکو لە زەمینەکانی دیکەشدا باباتاهیر دەبێتە بنیان گوزار و کۆنترین و بەناوبانگترین شاعیری دێرینی کورد و ئێران و هیچ کەس لەو دلێرانەتر و بێ پەرواتر لە ڕێگەی شیعر و شاعیریدا ڕێوان نەبووە. لە هەمان کاتدا، هۆشیاریی باباتاهیر لە پەیامی مێژوویی و سەر سپاردنی ئەو بەو پەیامە ئەو لە پایەیەکی مەزندا ڕادەگرێت کە بیرکردنەوەکان دەربارەی ئەو دەبنە بنەماکانی سەرەتاو ئاراستەی مێژوویی و شیعر و مانای ئەو، زمانی ئەو و شیعری ئەو لە ناوماندا لە بڵندابیدا دەهێڵێتەوە.

دوو بەیتییەکانی باباتاهیر لە زەمینەی زمان و سروودانەنی شیعردا ئەو شیعرانەی کە هەمووان تێیان دەگەن و خوێندەواران و شارەزایانیش پەسەندی دەکەن و لە ستایشیاندا چەندین بابەت و لێکۆڵینەوە نووسراون. لە سەدە کۆنەکاندا و لە سەردەمی ساسانی و مێژووی دوای ئەو سەردەمەش بەمجۆرە لە شیعریان دەوت (پەهلەویات) کە عەرەب کردوویەتی بە (فهلوی) یان (فهلويات).

(بە پێی ئەو بەڵگانەی کە لە سەرچاوەکاندا هەن، ئێرانییەکانی ناوەند و ڕۆژئاوای وڵات لە کۆنەوە بەم شێوەیە شیعری سادەی زمان و خاوەن مانای بەهێزیان وتووە. لە هەندێک لە سەرچاوە فارسییەکاندا بەمشێوەیە لە شیعر وتراوە چوارینە. لەنێوان ڕۆژهەڵاتناساندا کەسانێک هەبوون کە لێکۆڵینەوەیان لەم بارەوە کردووەو بەم چوارینە یان دوو بەیتییانەیان وتووە (هەزەج موسەدەس مەحزوف). (١٢)

ئەم شێوەیەش لە سروودانەنی شیعر بۆ ئاواز و گۆرانی ئاسان دەبن و هەر بۆیە شیعرەکانی باباتاهیر و خەییام لە ناو خەڵکا بە ئاسانی بڵاوبوونەتەوە.

### وێنای شیعری باباتاهیر

زۆر گرنگە و گەلێک مەزنە بە زمانی سادە و سروداندنی سروشتی بتوانێ وێنای شیعری بەریتە ئاستێکی گرنگ و باڵاوە. باباتاهیر لەوانە بوو، بەڵام ئەو نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر بەو شێوەیە وێنای شیعری کێشاوە. شیعرەکانی باباتاهیر یان وێنای شیعری ئەو یەکسەر وتە جوانەکەی گاستۆن باشلارمان بیردەهێنێتەوە کە دەڵێت: کەسایەتیی شاعیر لەو بابەتانەدا نییە کە باسیان دەکات، بەڵکو لە وێناکردنی ئەو شیعرانەدایە کە دەیانکاتە وێنەی شیعری.

بە بڕوای من، هەر وەکو لە سوریالیزمەوە فێر بووم، وێنای شیعر و بە تایبەتی وێنای شیعری لەلای باباتاهیر دەبێتە: خەیاڵ وێنای ڕاستینە لە شیعردا. واتە خەیاڵ یان وێنای شیعری باباتاهیر وێنا یان خەیاڵێکی ڕاستترە لە واقیع یان سەروو واقیع:

(super Realism)

بەڵێ، ئەی جوان، ڕەمزێکە لە باڵات
جنوون وەسفێکی سەرپایی لە سەودات
گومانی وەم لە سەنعەتکاری تۆیە
بە پەنهان چاوی دەبڕێتە تەماشات.
لە دڵ نەخشی جەماڵت لانەچێ یارا
خەیاڵی خەت و خاڵت لانەچێ یارا
لە دەوری چاو، موژەم کردووە پەرژین
لەبەر چاوم خەیاڵت لانەچێ یارا
لە خۆشاوی ترێ خۆشە هەناوم
لە یاری نازەنین بۆ هەڵبڕاوم؟

شیعرەکانی باباتاهیر یان وێنای شیعری ئەو یەکسەر وتە جوانەکەی گاستۆن باشلارمان بیردەهێنێتەوە کە دەڵێت: کەسایەتیی شاعیر لەو بابەتانەدا نییە کە باسیان دەکات، بەڵکو لە وێناکردنی ئەو شیعرانەدایە کە دەیانکاتە وێنەی شیعری.

که من بێبەش له تینی ئاگرت بم
ئەدی بۆ دووکەڵی دەرد بێتە چاوم؟
گڕی عیشقت لە گیانم سەر دەرێنێ
لە جەستەم خۆڵەمێشێ جێ دەمێنێ
نەمامی میهری تۆ ببڕن لە جەرگم
لە سەد لاوە پەلی تازە دەهێنێ
دو زولفونت بود تار ربابم
چه میخواهی از ین حال خرابم
كه تو با مو سر یاری نداری
چرا هر نیمه شو ایی به خوابم
لە خێڵی سووتە دڵانم، چۆن نەناڵم
لە هۆز بێحاسڵانم، چۆن نەناڵم
لەسەر گوڵ نیشتووە بولبول دەناڵێ
کە لێم دوورن گوڵانم، چۆن نەناڵم!

## مانای شیعر یان بابەتەکانی شیعری باباتاهیر

(شارل بۆدلێر) شاعیر و بیرمەندی سەدەی نۆزدەی فەرەنسی و کۆچەر و قەڵەندەرێکی وەکو باباتاهیر دەربارەی شیعر کورتترین، بەڵام پڕماناترین ڕستەی هەیە کە ناوی ناوە (ئاوێزانی جوانی و هەڵوەرین)، لە لای ئەو شیعر هەر وەکو عیشق لە نێوان دوو جەمسەری (جوانی)و (هەڵوەرین)دا ئاوێزان دەبن و سەرەنجام مانای مەبەست، یان مانا و وێنای شاعیرانە بۆ عیشق و شیعر پەیدا دەبن. بەشێکی زۆری شیعری باباتاهیر بەراوردی نێوان ئەم دوو جەمسەرەیە، بەڵام دەبێت ئەو بزانین کە باوە تاهیر نزیکەی هەشت سەد ساڵ پێش شارل بۆدلێر ئەم ناوەڕۆکە گرنگەی لە شیعردا بەیان کردووە.

> باباتاهیر وێڕای ئەوەی کە شیعر و نووسینی بۆ بابەتە گشتییەکان هەیە، بەڵام ئەوەشی بیرنەچووە کە مانای تایبەت بە شاعیر و ڕووناکبیر بکاتە بابەتی شیعری.

خودا بیباتەوە بۆ خۆی دڵی زار،
لە دەستم نایە من تیماری بیمار.
ئەمن نەمزانی لەعلی لێوی بۆچی
بە خوێنم تینووە، خۆی هیندە ئاودار.
خودایە خەستە و زارم لە دەست دڵ
شەو و ڕۆژ گیان بە ئازارم لە دەست دڵ
لە دەست دڵ من، لە دەست من دڵ دەناڵێ
نەبێ یاڕەب، کە بێزارم لە دەس دڵ.
اگر دل دلبر و دلبر كدام است
اگر دلبر دل و دل را چه نام است
دل و دلبر به هم امیته وینم
نزونم دل كه دلبر كدام است؟

یەکێکی دیکە لە مانای شیعری یان بابەت و ناوەڕۆکی شیعری باباتاهیر، مانای تایبەتییە بۆ شاعیر یان ڕووناکبیر. واتا باباتاهیر وێڕای ئەوەی کە شیعر و نووسینی بۆ بابەتە گشتییەکان هەیە، بەڵام ئەوەشی بیرنەچووە کە مانای تایبەت بە شاعیر و ڕووناکبیر بکاتە بابەتی شیعری. مانای تایبەتی شاعیر یان ڕوانگەی تایبەتی ڕووناکبیر، ئەو دیدگایانەن کە یان کەسانی دیکە نیانە، یان تێیان ناگەن یان تەحەمول و بەرگەی ئامانجەکانیان ناگرن. بەڵام بابا بەوپەڕی تەحەمول و بەرگەگرتن و یەقینی زانینەوە ئەو ناوەڕۆکانە باسدەکات و لە شیعردا دەیان سرود دێنێ:

کە بمکوژی، بە پەیکانت، چ پەرواتە؟
دەرم کەی گەر لە کۆڵانت، چ پەرواتە؟
لەتێکم دڵ هەیە، قەت نیمە پەروا
دڵی عالەم لە دامانت، چ پەرواتە؟
چ دڵ چەشنی دڵی پڕژانی من نین
چ غەم چەشنی غەمی هیجرانی من نین
ئەگەر دەریایە، گەر هەوری بەهاران
حەریفی چاوی پڕ گریانی من نین
بسر غیر ته سودایی ندیرم
بدل جز تمنایی ندیرم

**بابای شاعیر و شاعیری رووناکبیر کە بەشێک لە ژیان و نووسین و بڕواکانی لە ناو ئاییندایە بەرەو هەمان پڕۆژەی رووناکبیری دەچێت کە عیرفانە...**

خدا زونه که در بازار عشقت
بجز خون هیچ کالایی ندیرم
غم عشق ته مادرزاد دیروم
نه از اموزش استاد دیروم
خوشم با اینکه از یاد غم تو
خراب اباد دل اباد دیروم

زۆربەی سەرچاوەکانی تایبەت بە عیرفان و تەسەوف و بەشێکیش لە زانایان و شارەزایان بڕوایان وایە کە عیرفان و تەسەوف، سەرەڕای دینداری و پابەندبوونی بە خوداپەرستی، بەڵام دەکرێت وەکو پرۆژەیەکی رووناکبیریی ناو ئایین یان ئایینەکان بناسرێت و هەر وەکو دەشزانین زۆربەی یان هەموو ئایینەکان ئەم پرۆژە رووناکبیرییەیان تێدایە. بابای شاعیر و شاعیری رووناکبیر کە بەشێک لە ژیان و نووسین و بڕواکانی لە ناو ئاییندایە بەرەو هەمان پرۆژەی رووناکبیری دەچێت کە عیرفانە. عیرفان و یەقینی زانینی و ناسین و پەیڕەوکردن لە تەحەمول و بەگەگرتن دەبنە سیانەی شیعر لەلای باباتاهیر و شیعری عیرفانی ئەو، یان تەسەوف لە لای ئەو تایبەتمەندیانەی دەبێت کە رووناکبیرێک لە ئایندایە هەیەتی. دەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە بڕوای لێبوردن و تەساهول بەشێکە لە بڕوا ئایینیەکانی باباتاهیر و سەرجەم پرۆژەی عیرفان و تەسەوف.

دلی دیروم خریدار محبت
که زاو گرم است بازار محبت
لباس بافتم بر قامت دل
زپود محنت و تار محبت
خداوندا به فریاد دلم رس
کس بیکس تویی مو مانده بیکس
همه گویند که تاهر کس نداره
خدا یار منه چه حاجت کس

الهی اتش عشقت به جان زن
شرر زان شعلهام بر استخوان زن
چو شمعم بر فروز از اتش عشق
بر ان اتش دلم پروانه سان زن

دیدگای تایبەتی و وێنای هونەرمەندانەی شاعیر، ڕوانگەی زانا و زیرەکیی رووناکبیر و خەمی ویژدانێکی رۆشن و خواپەرستی و بڕواکانی عارف لەگەڵ دنیای عەشق و خەرمانەکانی دەوری عەشق لە سووتان، چاوەڕوانی، ناڵین و موناعات و خەم و نائومێدی ئاوێزان یان ئاوێتە دەبن و تابلۆ یان تابلۆکانی عیشقی باوە تاهیر بەو خەرمانانەوە دەنەخشن. دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە مەبەستی بابا لە عیشق تەنها عیشقە ئەگەر ئەو عیشقە جگە لە ناکامی و سووتان و نائومێدیش زیاتر بەرهەمێکی نەبێت. ئەو کە نیگای لە ئاکام و بەرهەمی عیشق نییە، بەڵکو عاشقی عاشق بوونە بۆیە سەرەنجام ئازاد یان هەر وەکو خۆی دەڵێت ناکام و ئاوارە دەبێت..

ئەرێ دەردی من و دەرمانی، دۆست!
ئەرێ وەسڵی من و هیجرانی من، دۆست!
چەقۆ بێنن کەوڵ کەن گەر لەشی من
جودا نابێ ئەبەد لە گیانی من، دۆست!
مەلێکم من لە نێو گڕدام سەروماڵ
دەسووتێ عالەمێک گەر لێک بدەم باڵ
نیگارکێش گەر بکا نەخشم لە دیوار
لە تەئسیرم دەبێ گۆڵشەن بە زوخاڵ
غەمم هەر غەم بوو، غەمخۆری دڵم غەم
غەمم هەم موونس و هەم یار و هەمدەم
بەجێم ناهێڵێ غەم هەرگیز بە تەنیا
بژی، هەی بارەکەڵڵا، مەرحەبا غەم!
بەوان خۆزگەم کە پێ و سەر نەپرسن

دیدگای تایبەتی و وێنای هونەرمەندانەی شاعیر، ڕوانگەی زانا و زیرەکیی رووناکبیر و خەمی ویژدانێکی رۆشن و خواپەرستی و بڕواکانی عارف لەگەڵ دنیای عەشق و خەرمانەکانی دەوری عەشق لە سووتان، چاوەڕوانی، ناڵین و موناعات و خەم و نائومێدی ئاوێزان یان ئاوێتە دەبن و تابلۆ یان تابلۆکانی عیشقی باوە تاهیر بەو خەرمانانەوە دەنەخشن...

وەکو شوعلە لە وشک و تەڕ نەپرسن
کەنشت و کەعبە و بوتخانە و دەیر
چ جێ بێ، غەیری دڵبەر هەر نەپرسن.
اگر چون موم صد صورت پزیرم
بهر صورت بدل نقش تو گیرم
تو تا بخت منی هرگز نخوابم
تو تا عهد منی هرگز نمیرم
عاشق ان بی که دائم در بلا بی
ایوب اسا به کرمان مبتلا بی
حسن اسا بنوشه کاسه زهر
حسین اسا شهید کربلا بی

بابای سوتە دڵ و عاشق و ناکام، لە دنیای عیشق و دڵداریدا چاوەڕوان دەمێنێتەوە و لە جیهانی پێچەوانە بە بڕواکانی ئەو بەرەو کۆچەری دەچێت. چاوەڕانی عاشقانە و ناڵین لە دەستی ئەو عیشقە ناکامە ئەگەر بێ ئیختیار و بێ دەسەڵاتی عاشقی تێدا بێت، بەڵام ڕووکردنە ئاوارەیی و کۆچەری و دوورماندە لە هەموو کەس دەمێنێتەوە و ئەو بەرەو مەنفایەکی ئیختیاری دەچێت و تا دەمرێت لەو مەنفایەدا دەمێنێتەوە.

سپێدەی زوو کە گورگان دێنە سەرمێش
کەزێکانت پەرێشان کە! وەرە پێش
بدە ماچێک لە کونجی لێوەکانت
بڵێ خێر بوو، لە ڕێی خوا دامە دەروێش
کە شەو دادێ، من ئەستێرە ژمارم
لە چەشنی شەو درێژە ئینتزارم
لە پاش نیوەشەو گەر تۆ نەهاتی
هەور دێنم، دەگرمێنم، دەبارم
من ان اسپیده بازم همدانی
که لانه دارم اندر کوه نهانی
ببال خود پرم کوهان بکوهان
بچنگ خود کنم نخجیربانی

**سەرچاوە:**


1. ناسری حیسامی، بابای سووتە دڵان (ژیانی، بەرهەمەکانی، باوەڕی)، سایتی ناسری حیسامی.
2. دو بیتی های بابا تاهر، به اهتمام علیرزا اسدی، خت مەسعود فەزڵلاهی، چاپ سوم، ١٣٨٦، انتشارات شابک، ل٥
3. ه.س.پ. (ناسری حیسامی)
4. أ-دوره هەفتوانە (جزوی از نامەی مینوی سەرئەنجام) تفسیر و تالیف صدیق صفی زاده، تهران ١٣٦١، ل٣٥
ب-میهرداد ئیزەدی، ئایین و تایەفە ئایینییەکان لە کوردستان، وەرگێڕانی کامەران فەهمی، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی ٢٠٠٢، ل٤٨-٥١
5. چوارینەکانی باباتاهیری عوریان، رازی وەرپیگێڕاوە، کتێبخانەی شانۆ، سلێمانی ١٩٧٩
6. ادوارد سعید، نقش روشنفکر، ترجمەی حمید عزدانلو، نشر نی، چاپ دوم، ١٣٨٢ تهران، ل٢٢
7. دو بیتی های بابا تاهر.ه.س.پ. ل٦٣
8. باشگاه اندیشه- سایتی انترنیتی.
9. مقدمەی د. حسین محمد زاده صدیق بر کتاب (ترانەهای بابا تاهر) مولف، محمد باقر باقری، تهران، تکدرخت،١٣٨٦
10. فرشاد علی یاری (کارشناسی ارشد ادیان و عرفان)، بابا تاهر لر، یا بابا تاهر همدانی-انترنیت.
11. داریوش اشوری، شعر و اندیشه، چاپ سوم، نشر مرکز، تهران ١٣٨٠،ل١٣٢
12. جواد مفردکهلان، بابا تاهر لر همدانی، روایتی از مانی استورەای است. سایتی باشگاه اندیشه.
13. ارغنون (١٤) فصلنامه فلسفی، ادبی، فرهنگی، زمستان ١٣٧٧، دربارەی شعر، گاستون باشلار (پدیدار شناسی شعر)، ل١٣



# گیرفانی پڕ لە بەرد..

٧٨

## بەسەرهاتی ژیان و ئەدەبی ڤرجینیا وۆڵف

**غەفور ساڵح عەبدوڵڵا**

### بەشی یەکەم

ڤرجینیا وۆڵف وەکو مایکڵ باننگهام ناوی ناوە (شۆڕشی هێمن)، وەکو هەندێ لە برادەرە نزیکەکانیشی باسیانکردووە. یەکێکە لە لووتکەکانی ئەدەبی ئینگلیزی و پێشەنگی نوێکردنەوەی ڕۆمان. دەورێکی گرنگی هەبووە لە نوێکردنەوەی ڕۆمانی ئینگلیزی، خاوەن هەستی ئەزموونییەکی سەرکەوتوو بوو بۆ پەرەپێدانی شێوازی شیعریی لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆمانەوە، بە پشتبەستنە تەکنیکی وەکو مەنەلۆگی ناوەوە و ئینتباعیەتی شیعریانەو گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆ و دیدگەی هەمەچەشنە، سەرباری ئەوەی کە لە رووی رەخنەییەوە پێی دەوترێت (شەپۆلی هۆش).

ئەم میتۆدە پەنا دەباتە بەر هەڵێنجانی ژیانی کارەکتەرەکان و ڕۆچوونە ناو بیریانەوە و ڕاکێشانی نەستەکانیان، کە پێی دەوترێت وروژاندنی حاڵەتی زەینی هەسپێکەر، بە شێوەیەکی هەستی و دەروونی. کە نموونەیەک درووست دەکات بۆ ڕێبازەکانی خۆدواندنی هۆشی مرۆڤ، بە لەبەرچاوگرتن و تۆمارکردنی ساتەوەختەکانی هۆشی پەرتوبڵاو لە ناو خود و مێشکی مرۆڤدا، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بە پێی وێنەیەکی

شێوەکاری رێکیان بخاتەوە. وۆڵف بە لێهاتووییە رۆماننووسییەکەی خۆی وێنایان دەکات، لەمەشدا لەگەڵ تەکنیکەکانی پرۆست و جۆیس یەکدەگرێتەوە، کە سیمای رۆمانی سەدەی نۆزدەهەم بوو و شێوە تەکنیکە تقلیدییەکەی چیرۆک و رۆمان وازلێدێنێت، کە پشتی بە وەسفکردنی هێڵی دەبەست و بە پێی زەمەنیش گەشەی دەکرد و بابەتیانە رووداوی لەبەرچاودەگرت کە خەسڵەتی رۆمانی سەدەی نۆزدەهەم بوو، شێوەی وۆڵف پەنای دەبردە بەر هەڵکشانی هۆش و زەینی کاراکتەری رۆمانەکانی، هاوزەمان لەگەڵ هەڵکشانی گێڕانەوەی رووداوەکەدا، کوتلە زەمەنییەکانیش لە بیردا هاوتەریبانە ریز دەبن، دواجاریش لە دیدە دراماییەکەدا، دیمەنەکان ناتەواون و یەکتربڕن و بەیەکادێن، بۆ ئەوەی تابلۆیەکی بەرینتر و زۆر ئاڵۆزتر دروست بکەن، لە یەک رۆماندا بە گێڕانەوەی هەمەجۆر، کە وا لە خوێنەر دەکات پێی وابێت هەڵەیەکی شیعری یان خەیاڵی لە کارەکەدا هەیە. پەنابردنە بەر شەپۆلی هۆش لە گێڕانەوەدا لە وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانەی ئاسایی و گۆرانبێژیدا، هەروەها شارەزایی باڵا لە رێبازەکاندا بۆ دروستکردنی دیمەنەکان، لە ئامرازە گرنگەکانی نووسینی ڤرجینیا وۆڵفە. وۆڵف بە تەداعیەتە شیعرییەکانی بەناوبانگ بوو، کە لە میکانیزمی بیرکردنەوەو هۆشی ئادەمیزادەوە وەریگرتبوو، ئەویش وەکو پرۆست و جۆیس بە توانا بوو بۆ ئامادەکردنی هەموو وردەکارییە واقیعی و هەستیارییەکانی ژیانی رۆژانە، بەڵام رەخنەی دەگرت لە شێوازی هەردوو هاوچەرخەکەی خۆی (جۆن جۆڵز وۆرتی و ئەرنۆڵد بینیت) کە زیادەڕۆییان دەکرد لە وێناکردنی واقیع بە میکرۆسکۆبی دیکۆمێنتی کە بەتاڵ بوو لە هونەر، پێیان دەوترا رۆماننووسی سەدەی نۆزدەهەم. ئەو پێی وابوو ریاڵیستییە هاوچەرخەکان کە لافی بابەتیانەی زانستی بێلایەن لێدەدەن، ئەوانە موزەیەفن، ددان بەو راستییەدا نانێن کە لە دیددا بێلایەنیی تەواو نییە، چونکە ریالیزم بە شێوەیەکی جیا رەسد دەکرێت، لە لایەن ئەوانەی کە مەبەستیانە سەرەڕای جیاوازیی ئەوانیش. خراپترین شت بەلای ئەوەوە ئەوەیە کە هەوڵدەدەن بگەنە بابەتیەکی زانستی ورد، ئەمەیش زۆرجار کەڵەکەبوونێکی زەمەنی وردەکارییەکانی لێدەکەوێتەوە. وۆڵف دەیویست بگاتە رێبازێکی زۆر کەسایەتی تر و زۆر وردیش لە مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعدا وەکو رۆماننووس. کرۆکی بابەخی ئەو، ئەو شتە نەبوو کە بابەتی روانینکردنەکە بوو، بگرە ئەو رێبازەی کە ئەو شتەی پێ روانین دەکرێت. لەم بارەیە خۆی دەڵێ: (با لەو گەردیلانە بڕوانین لەکاتی کەوتنەخوارەوەیان بۆ سەر ئەقڵ، بە هەمان تەرتیبی کەوتنەخوارەوەیان، با لەو پێکهاتنانە بڕوانین با هەرچەندێکیش پەرتوبڵاو بن و پێکهاتنەکانیان بە یەکەوە پەیوەست نەبن، دەبینین هەر دیمەنێک و هەر رووداوێک بەر ناوچەی هۆشی خۆی دەکەوێت). رەخنەگرەکان لە نێوان نووسینەکانی وۆڵف و هونەرمەندانی قوتابخانەی پۆست ئیمپریسێنیزم لە هونەری شێوەکاریدا بەراوردیان کردووە، هەروەها دووپاتکردنەوەیان لە رووی رێکخستنێکی تەجریدی بۆ تەماشاکردنی دیدێک لە پێناوی پێشنیازکردنی تۆڕێکی فراوانتر بۆ ئاماژە و دیدەکان. وۆڵف بە بەرهەمهێنەری رۆمانی نوێی ئینگلیزی جگە لە جۆیس دادەنرێت،

وۆڵف پەنای دەبردە بەر هەڵکشانی هۆش و زەینی کاراکتەری رۆمانەکانی، هاوزەمان لەگەڵ هەڵکشانی گێڕانەوەی رووداوەکەدا، کوتلە زەمەنییەکانیش لە بیردا هاوتەریبانە ریز دەبن، دواجاریش لە دیدە دراماییەکەدا، دیمەنەکان ناتەواون و یەکتربڕن و بەیەکادێن

**وۆڵف بە بەرهەمهێنەری رۆمانی نوێی ئینگلیزی جگە لە جۆیس دادەنرێت، ئەودەمەیش خۆی بەدوورگرت لە شێوە تەقلیدییەکە، کە ئەوسا هەر لەسەدەی نۆزدەمەوە بە شێوەی دڵنیایی دادەنرا...**

ئەودەمەیش خۆی بەدوورگرت لە شێوە تەقلیدییەکە، کە ئەوسا هەر لەسەدەی نۆزدەمەوە بە شێوەی دڵنیایی دادەنرا. گەرچی ئەو شێوە رۆمانە داستانێکی قارەمانیەتی بوو و لێوانلێو سۆز بوو، باڵاراگرتنی رەوشتی وشک و برینگ، هەروەها دیدە وشکە دۆگمایەکەیشی، پاشان پەیکەرە کلاسییە چەسپاوەکەی: دەسپێکی راستەوخۆی روون و مەتن و پۆپە بوو، پاشان کۆتاییەکی تەبشیریانە یان ریفۆرمخوازانەی هەبوو. رۆمان لەسەر دەستی ڤرجینیا وۆڵف پتر رەونەقدار و بە پێچوپەنا و شێواو بوو، بە داوێکی تەنکی ئاژاوەیی و ئازادیی شیعرییەت شیرازە کرابوو، لە بنەڕەتیشدا بایەخی دەدا بە ئادەمیزادە پەراوێزەکان، یان ئەوانەی کە گرفتی دەروونییان هەبوو، زۆر بایەخی نەداوە بە نووسینی رۆمانی تەبشیری یان ریفۆرمخوازی، بەڵام ویستویەتی ئەوە دەربخات کە چۆن ژیان لە رەنگە تایبەتییەکانی خۆیدا بتوێتەوە، بە هەموو یەکتربڕە رۆژانە سادە و قوڵییە فەلسەفییەکەیەوە، بێگومان نووسینی رۆمانی تەقلیدی لە سەردەمی وۆڵف و دوای ئەویش بەردەوام بوو، وەلێ دوای وۆڵف هەرگیز وەکو خۆی نەمایەوە. وۆڵف پێیوابوو کە ئەو رۆمانەی لە سەردەمی ئەودا دەنووسرا بە شێوەیەکی بێهوودەیی پەیوەند بوو بە جیهان و ئادەمیزادەوە، بە بونیادە تۆکمەو پڕ لە سۆزە و حەماسەکەیەوە، ئەمەیشی دەشوبهاند بە بەلەمێک کە پڕبێت لە کۆلۆنیالەکان و موبەشیرەکان، ئەوانەی کە سەرچڵی دەکەن بۆ ئەوەی پەلاماری دارستانێکی بەیەکاچوو چڕ بدەن، بە مەبەستی داگیرکردنی و بیخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. وۆڵف لە رێگای رۆمانەکانییەوە پێمان دەڵێ کە جیهان زۆر زەبەلاحتر و ئاڵۆزترە و ناتوانرێ ببەزێندرێت و بەهیچ شێوەیەکیش دابین بکرێت، بەهای جوانکاریش تاکە ئامانجی چیرۆکە، بۆیە هەر نووسەرێک بیەوێ بێشەیەکی درەخت پاک بکاتەوە لە گژوگیای خراپ و رووەکە شەیتانییە هەڵگژۆکەکانی، دەبێتە مایەی توقاندنی درەندەکان و لە تووڕەییشیان رزگاری نابێت. وۆڵف شایەتییەکی دا بۆ جیهان و شێوەو نموونەکانی دەسنیشان و تۆمارکرد، نەیویست رێکیان بخات یان بیانخاتە رێکخراوەییەکی تایبەتەوە، چونکە بڕوای وابوو کە گەردوون سیستمی تایبەتی خۆی بەرهەمدەهێنێ، هەربۆیە ریفۆرمخوازەکان (وۆڵف)یان بەوە تومەتباردەکرد کە لە پێناوی هیچدا دەنووسێت. بلیمەتییەکەی وۆڵف پرۆژە ئەدەبییەکەی بوو، سووربوو لەسەری بۆ دووپاتکردنەوە لە هەڵخەڵتاندنی جیهان، بەو پێیەی کە فراوانترەو ئاڵۆزترە لەوەی کە بتوانین بەیەکاچوونەکانی بخەینە ژێر رکێفی رەخنەوە، لە رێگای ژیانی هەر تاکێکەوە بێ: (ئەوە تاقیبکەرەوە کە بچیتە نێو هۆشی مرۆڤێکەوە، هەر مرۆڤێک بێت، بۆیە یەکسەر خۆت دەبینێ پەلکێشکراویت بۆ ژیانی دەیان ئادەمیزادی دیکە، کە قسە دەکەن و لەگەڵ ژیانی ئەم مرۆڤە یەکتربڕن، هەریەکەو بە جۆرێکی جیاوان). وۆڵف لەبارەی هەر کارەکتەرێکەوە بینووسیبایە، تەنانەت کەسە پەروایزەکانیش، سەردانی بەسەرهاتەکەی دەکرد لە رێگای هەمان رۆمانەوە، ئەو رۆمانە نەنووسراوەی کە لەگەڵ پرۆژە سەرەکییەکەی بریتییە لە ئازارەکان و چارەنووسەکانی ئەو کارەکتەرە: بێوەژن بێت یان منداڵ بێت یان پیرەژنێک بێت، یان ژنێکی گەنج بێت کە لە رۆمانی



رۆمان لەسەر دەستی ڤرجینیا وۆڵف پتر رەونەقدار و بە پێچوپەنا و شێواو بوو، بە داوێکی تەنکی ئاژاوەیی و ئازادیی شیعرییەت شیرازە کرابوو، لە بنەڕەتیشدا بایەخی دەدا بە ئادەمیزادە پەراوێزەکان، یان ئەوانەی کە گرفتی دەروونییان هەبوو...

(چوون بۆ گەشتێکی دەریایی) کە تەنها لە تێپەڕبوونی لە باخچە گشتییەکە دەرکەوت. لە ڕۆمانی (ژوورەکەی یاقووب)دا ساڵی ١٩٢٢ وێنەی سەرجەم پاڵەوانەکە دەبینین کە لە ناو دەقەکەدا لە زنجیرەیەک دیدی کەمی شاراوە پێکهاتووە، پۆرترێتێکی مرۆڤانەو سایکۆلۆژیانە وێنادەکات لە ڕێگای کارەکتەرەکانی ئیشەکەوە. لە ڕۆمانی (تەوژمەکان)دا ١٩٣١ دیدێک هەیە کە فرە دیدی کارەکتەرەکانە لە ڕۆمانەکەدا، لە دیالۆگە تایبەتییەکان لەگەڵ خۆیاندا، لە ڕێگای پەیوەندیی هەریەکەیانەوە بە کەسە مردووەکەوە. لە ڕۆمانەکەدا (پیرسیڤاڵ) دەکرێتە دە بەشەوە، ئەو بەشانەیش دیدێکی زیادەیە کە وەسفی گەشتی ڕۆژێک دەکات، لە بەرەبەیانەوە تا خۆر لەزەردە. ڕۆمانێکی دیکەی ڤرجینیا وۆڵف کە زەمەن دەوری تێدا دەبینێ ڕۆمانی (مسز دالاوای)ە، بەناوبانگتریت ڕۆمانێتی، خانم دالاوای کە خۆی ئامادە دەکات بۆ ئاهەنگێکی ئێوارە، لەو کاتەدا بە شێوەیەکی زەینی هەموو ژیانی خۆی وەکو فیلمێکی سینەمایی دێتە بەرچاوی، هەر لەمنداڵییەوە تا تەمەنی ئەوسای کە پەنجا ساڵە. نووسین لەلای وۆڵف پەنادەباتە بەر هۆشی باڵا بە بەراوردکردن لەگەڵ کارەکانی جۆیسدا، کە باسی بینایی دەکات وەکو جۆرێک لە هێزە ئەفسانەییەکان. کەس وۆڵف ناخوێنیتەوە بێ ئەوەی بایەخێکی لەڕادەبەدەر نەدات کە موخەیەلەی داهێنان دەیداتێ. کاراکتەرە سەرەکییەکانی حەواسی خۆیان لەودیوی لۆژیکی ئەقڵەوە کارادەکەن، هەروەها شێوازی گێڕانەوەکەی هۆی جوانکاریی خۆی هەیە، کە ڕەهەندە لەیەک جیاکان بەشێوەی هاوڕیتمی ڕێک و پێک ڕێک دەخات. وۆڵف پێیوایە کە ئادەمیزاد کامڵ نابێت، ئەگەر هەموو توانا حیدسی و خەیاڵییەکانی تا ئەوپەڕی بەکارنەهێنێ. بۆیە دەبینی وۆڵف وەکو هەموو نووسەرە مۆدرێنەکان تاسەی پرۆسەی داهێنان و ساتەکانی نووسین بوو، زۆرجاریش لە بەرهەمەکانیدا ئاماژە دادەنێت، وەکو وەسفکردنی تێکۆشانی نیگارکێشەکە لە تابلۆکەیدا لە ڕۆمانی (بەرەو مەنار)، یان جارێکی دیکە حاڵەتی نووسەر بەرجەستەدەکات لەکاتی خەریکبوونی بە ڕۆنانی ڕۆمانەکەی، وەکو لە (ڕۆمانێک هێشتا نەنووسراوە)دا، لەم دوو ڕۆمانەدا هەوڵدەدا ڕێبازگەلێک بدۆزێتەوە بۆ خولْقاندنی کاری داهێنان لە ئەقڵی مرۆڤدا. لە (ڕۆمانێک هێشتا نەنووسراوە) دا وۆڵف دۆخی خولْقاندنی زەینی ڕەچاودەکات بۆ مەلۆتکەیی ڕۆمان، کە خەریکە دەخولْقێت لە ڕێگای بردنی خوێنەر لە سەرەتاکانی ڕۆمانەکەوە، کە هێشتا تەواونەبووە، چاودێریی ئەوەیش دەکات کە چۆن دەکرێت ڕۆمانەکە لە شوێنی جیاجیا تەواو ببێت، چیرۆکەکە دەجوولێ بەرەو پێش و بەرەو دواوە، لە نێوان دوو دیواری خەیاڵ و واقیعدا، هەموو بەشدارن لە ئەگەرەکانی ڕۆمانەکە، بۆ هەڵکەندنی ڕووبارێک لە پێشنیاز و پێشنیازی ئەڵتەرناتیڤ. ئەم هەمووەش لە ناو زەینی ڕۆمانەکەدا تەواو دەبێت، هەموو دیدە لەبارەکان تاقی دەکاتەوە و چارەسەریان دەکات، کەسایەتیی ژنێکی دیاریکراو کە لەبەردەمی دانیشتووە، لە یەکێک لە کابینەی شەمەندۆفێرکە، لە گەشتێکدا بۆ باشووری لەندەن. لەلایەکی ترەوە ڕۆمانەکە هەموو وشە کاراکان و ئاماژەکان دەستنیشان دەکات، کە لە نەفەرەکانی هەمان کابینەوە دەبسترێن. پاشان بە زەین

وۆڵف پێیوایە کە ئادەمیزاد کامڵ نابێت، ئەگەر هەموو توانا حیدسی و خەیاڵییەکانی تا ئەوپەڕی بەکارنەهێنێ. بۆیە دەبینی وۆڵف وەکو هەموو نووسەرە مۆدرێنەکان تاسەی پرۆسەی داهێنان و ساتەکانی نووسین بوو

## ڤرجینیا وۆڵف پرۆسەی خولْقاندنی داهێنان وەکو ئەزموونێکی تۆکمە وێنا دەکات، سەرەتا هەڵەکان دەگۆڕدرێن، پاشان راستکردنەوەی ئاوازەکە و پلەی یەکگرتنە درامییەکە..

پێشنیازە خەیاڵکراوەکان وێنادەکات، بۆ هەر یەکێکیان لە رێگەی خولْقاندنێکی رۆماننووسییەوە، کە لە رێگەی سەرنجەوە دروستبووە. تەناسووخی سۆزایەتی و بەرجەستەکردنی ئەوەی کە لە گەشتەکەیدا دەیبینێ و رێکەوتی بۆچوونە مەبدەئییەکەی بکات، ئەمەیش لە میکانیزمی ئەو فلاشباکە زەینیانەی دەوروبەرەکانییەتی لە رێگەی خوێندنەوەی بیروباوەڕ و رەوشتیان، پاشان مامەڵەکردنێکی زەینی و دەروونی لەگەڵ ئەو فلاشباکانەدا. ڤرجینیا وۆڵف پرۆسەی خولْقاندنی داهێنان وەکو ئەزموونێکی تۆکمە وێنا دەکات، سەرەتا هەڵەکان دەگۆڕدرێن، پاشان راستکردنەوەی ئاوازەکە و پلەی یەکگرتنە درامییەکە، بۆ نموونە دەبێ ژنە گێڕەرەوەکە تاوانێکی خەیاڵکراو بدۆزێتەوە، کە ژنە پاڵەوانەکە (مینی مارش) ئەنجامی داوە، بۆ رێکەوتنی حاڵەتەکەی لەگەڵ ئەو سیمای خەمبارەی کە لەسەر سەروچاویدا دیارە، هەروەها گۆڕینی رووەکی سەرخەس بە رووەکی هێرۆ، بۆ ئەوەی شیاوتر بێت لەگەڵ دیمەنە وێناکراوەکەدا (بە ئاگاداریی ژنە گێڕەرەوەکە)، بۆیە بەشێوەیەکی باشتر تەواو دەبێت، بە زیادکردنی یان دانانی کارەکتەر بۆ رۆمانەکە، وۆڵف مەسەلەی گێڕەوەرەکەیش لە بیرناکات، وەکو هێزێکی پاڵنەر لە کارەکەدا، سەرەڕای هەوڵی گێڕەرەوەکە لە هەموو رۆمانەکاندا، بۆ خۆبەرزگرتن لە سەرووی رووداو و کارەکتەرەکانەوە. وەکو (بۆدلێر) لە قەسیدەی (پەنجەرەکان)دا پەنای بردووەتە بەر خەیاڵ، وەکو فێڵێکی زەینی بۆ بەدەستهێنانی ئارامی لە ژیانەوە و دروستکردنی هەندێ متمانە لە دەروونیدا، وۆڵف لەو رۆمانەدا سەرکەوتنی رۆحیی خولْقاندنی داهێنانی دوویات کردووەتەوە لە ناو هونەرمەنددا بەسەر عەدەمییەت و گۆشەگیریدا، کە هەندێجار تووشی هونەرمەند دەبێت. لەم تۆڤلێتە دەوڵەمەندە فرە وردەکارییەدا، کە پرۆژەی رۆمانێکە تەواونەبوو، لە هەمان کاتدا کارێکی بونیادەکەی تەواوە، سەرەڕای کەمیە ئەنقەستەکەی. ئەم ژنە داهێنەرە خواستی جیهانێکی قەشەنگ، دیمەنی رەنگاورەنگ و کارەکتەری ئەفسانەییە، کە چاوەڕوانی خولْقاندنن. بۆ ئەوەی رۆمان لە لێوارێکی حەریجدا بێ لە نێوان کەمی و تەواوبووندا.

### پەروەردە و مەرگەسات:

ڤرجینیا ستیڤن لە ٢٥ی یەنایەر ١٨٨٢ لەدایک بووە، لە خێزانێکی زۆر موحافیزکار کە پێیان دەوترا خێزانی ڤیکتۆری، واتا سەردەمی ڤیکتۆری لە بەریتانیا. باوکی ناوی لیزلی ستیڤن بوو، مێژوونووسێکی دیار و رەخنەگرێکی ئەدەبی بوو، یەکێک بوو لە چینی ئەرۆستۆکراتی فیکری ئەوسای بەریتانیا. دایکیشی (ژۆلیا جاکسۆن) لە بنەماڵەی داموڕت بوو، کە پێشەنگ بوون لە جیهانی چاپ و بڵاوکردنەوەدا، بنەماڵەکەی ڤرجینیا بایەخیان دەدا بە تەوژمە فیکری و هونەرییە باوەکانی ئەو سەردەمە، تەنانەت زۆر لە هونەرمەندە ناودارکان سەرسام بوون بە ژۆلیای دایکی و زۆر پۆرترێتیان بۆی درووست کرد. وۆڵف لە منداڵی و لاوێتیدا تووشی چەند شۆکێک بوو، کە ژیانی بە خەم داپۆشی و لەگەڵیدا بوو تا کاتی خۆکوشتنی لە رووبارێدا ساڵی ١٩٤١، دواجار دەسدرێژیکردنی سێکسی بۆ سەری لەلایەن جیراڵد داوڕت، کە زڕبرای بوو. پاشان مردنی دایکی لە بەرەبەیانی



ڤرجینیا ستیڤن لە ٢٥ی یەنایەر ١٨٨٢ لەدایک بووە، لە خێزانێکی زۆر موحافیزکار کە پێیان دەوترا خێزانی ڤیکتۆری، واتا سەردەمی ڤیکتۆری لە بەریتانیا. باوکی ناوی لیزلی ستیڤن بوو، مێژوونووسێکی دیار و رەخنەگرێکی ئەدەبی بوو، یەکێک بوو لە چینی ئەرۆستۆکراتی فیکری ئەوسای بەریتانیا. دایکیشی (ژۆلیا جاکسۆن) لە بنەماڵەی داموڕت بوو، کە پێشەنگ بوون لە جیهانی چاپ و بڵاوکردنەوەدا...

هەرزەکارییەکەیدا، ئەو رووداوە یەکەمین کارەساتی راستەوخۆ بوو، کە بووە هۆی دارمانی دەروونی، ئەوە بوو ستێلا داکوڕت جێگای دایکی گرتەوە بۆی، بەڵام ئەویش دوای دوو ساڵ مرد، باوکیش تووشی شێرپەنجە بوو، لە رێکەوتی مردنی (تۆب) ی خوشکیدا، باوکیشی مرد. ساڵی ١٩٠٤ بۆ جاری دووەم تووشی نەخۆشیی ئەقڵی بوو و هەوڵی دا خۆی بکوژێت. ساڵی ١٩١٢ ڤرجینیا شووی کرد بە لێکۆڵەری سیاسی و رەخنەگر لیۆنارد وۆڵف. مێردەکەی رۆڵێکی پۆزەتیڤی هەبوو بۆ هاندانی ڤرجینیا بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە، بڕیاریان دا کە لەسەر نووسین و رۆژنامەوانی بژیین. ساڵی ١٩١٧ تایپێکی بچووکی کڕی، کە دەیتوانی لەسەر مێزی موبەق دایبنێت، کەچی ئەو ئامێرە بچووکە بووە تۆوی دامەزراندنی خانەی بڵاوکردنەوەی هۆگارت، کە ساڵی ١٩٢٢ بووە پرۆژەیەکی گرنگ و ڤرجینیا هەموو کارەکانی لەو خانەیە بڵاوکردەوە. هەروەها بەرهەمی زۆربەی نووسەرانی وەکو ئەلیەت و گۆرکی و فۆرستەر و کاترین مانسفیڵدی لەو خانەیە بڵاوبوونەوە، هەروەها سەرجەم بەرهەمەکانی فرۆیدی بە ٢٤ بەرگ بڵاوکردەوە. گەرچی وۆڵف تا سییەکانی سەدەی رابردوو لە نووسین نەوەستا، بەڵام خەمی زۆری مەرگی برادەرەکانی و جەنگ و هەڕەشەی نازییەکان کاری نێگێتیڤیان کردە سەر نووسینی ڤرجینیا. ساڵی ١٩٤٠ خانووەکەیان تەقاندەوە و دەشترسا لەو جەنگەدا برادەرە تازەکانی بکوژرێن، سەرەڕای ئەوەی ترسی داگیرکردنی ئینگلتەرە لە لایەن نازییەکانەوە هەبووە، بۆیە وۆڵف مێردەکەی بڕیاریان دا ئەگەر ئەوە رووبدات خۆیان بکوژن. کاتێ جەنگی ناخۆی ئیسپانیا هەڵگیرسا لە ساڵی ١٩٣٦و ١٩٣٩دا، کاری نیگەتیڤی کردە سەر مێشکی ڤرجینیا، لەو جەنگەدا جۆلیان بێڵی برازای وۆڵف کوژرا.

ڤرجینیا وۆڵف ئیشی دەکرد بۆ پەرەپێدانی تەکنیکی ئەدەبی خۆی، بۆیە قەڵەمێکی ژنانەی تەرخان کرد بۆ گفتوگۆکردن و رەخنەکردنی خەمەکانی ژن بەرامبەر بە دەسەڵاتی نێرانەی پیاو و دەستەباڵایی پیاو لە بوون و واقیع و نووسیندا...

**سەرەتاکانی نووسین:**

لەگەڵ کۆتایی ساڵی ١٩٠٤، ڤرجینیا دەستی کرد بە نووسینی بابەت و رێپۆرتاژ بۆ رۆژنامەی گاردیان، ساڵی ١٩٠٥ دەستی کرد بە نووسین بۆ پاشکۆی ئەدەبیی تایمزو چەند ساڵێک بەردەوام بوو. ئێوارانیش لە زانکۆی کرێکارانی تێکەڵ وانەی دەوتەوە. (چوون بۆ گەشتی دەریایی) یەکەم رۆمانی بوو، ساڵی ١٩١٥ نووسیی، ئەو دەمە تەمەنی ٢٤ ساڵ بوو، بەڵام دوای دوو ساڵ بڵاوی کردەوە. جیراڵدی برای بۆی بڵاوکردەوە و هاوزەمانیش بوو لەگەڵ تووشبوونی بە نەخۆشیی دەروونی. ساڵی ١٩١٩ رۆمانی (شەو و رۆژ)ی بڵاوکردەوە، کە رۆمانێکی ریالیزمییە و دەربارەی ناکۆکیی ژیانی دوو برادەر دەدوێت لە لەندەن (کاترین و ماری) و، شێوەی مامەڵەکردنی هەردووکیان لە شاری تەمومژدا. پاشان کۆچیرۆکی (دووشەم و سێشەم) ی بڵاوکردەوە ١٩٢١ کە هەشت چیرۆکە، لە نێویاندا (رۆمانێک هێشتا نەنووسراوە). بەڵام رۆمانی (ژوورەکەی یاقووب) رۆمانێکی ئەزموونگەرییە، لە مەرگی (توبی) برایەوە وەریگرتووە. بەڵام بە هەرسێ رۆمانی (شەپۆلەکان)و (بەر و مەنار) و (خاتوو دالاوای) ناوی خۆی چەسپاند، وەک یەکێک لە پێشەنگەکانی ئەدەبی ئینگلیزی. رۆمانی (شەپۆلەکان) ئاڵۆزترین رۆمانییەتی، باسی ژیانی شەش کەس دەکات، هەر لە منداڵییەوە تا پیریەتی بە مەنەلۆگ یەکتری دەدوێنن. رۆمانی

**ڤرجینیا وۆڵف ئیشی دەکرد بۆ پەرەپێدانی تەکنیکی ئەدەبی خۆی، بۆیە قەڵەمێکی ژنانەی تەرخان کرد بۆ گفتوگۆکردن و رەخنەکردنی خەمەکانی ژن بەرامبەر بە دەسەڵاتی نێرانەی پیاو و دەستەباڵایی پیاو لە بوون و واقیع و نووسیندا...**

(ئۆرلاندۆ-١٩٢٨) لە ژیانی پەیوەندیی خۆی بە ڤیتا ساکفیل کە ژنە شاعیرو رۆمانووسێکی ئەرستۆکراتییە وەریگرتووە، هەندێ پێیان وایە کە سەربووردەیە. رۆمانی (ساڵان- ١٩٣٧) و دووەم کۆمەڵە چیرۆکی (خانووی تارماییەکان) کە ساڵی ١٩٤٣ دوای مردنی بڵاوبووەوە. ڤرجینیا وۆڵف ئیشی دەکرد بۆ پەرەپێدانی تەکنیکی ئەدەبی خۆی، بۆیە قەڵەمێکی ژنانەی تەرخان کرد بۆ گفتوگۆکردن و رەخنەکردنی خەمەکانی ژن بەرامبەر بە دەسەڵاتی نێرانەی پیاو و دەستەباڵایی پیاو لە بوون و واقیع و نووسیندا. لەو نووسینەی بە ناونیشانی (مستەر بینیت و مسز براون)، وۆڵف گفتوگۆی هەندێ لە رۆماننووسە واقعییەکانی ئینگلیز دەکات، وەکو جۆن جۆڵز ورتی و ئێچ جی ویڵزو کەسانی دیکە، تاوانباریان دەکات بە چارەسەرکردنی توێکڵ و گەمەکردنە لەسەر رووی ئاو، کەچی دەبێ بچنە قووڵاییەوە و کورتکردنەوەی مەودای قەدەغەکراو لە باسکردنی ژیاندا، سوودوەرگرتن لە ئامرازەکانی نووسینی لەبەردەست و کاراکردنی شەپۆلی هۆش و دیالۆگی کەسایەتیی کارەکتەرەکان. وازهێنان لە گێڕانەوەی هێڵی و بنیادی ئەندازەیی رووداو و زەمەن.

## رووخساری رەخنەیی لە گرنگترین رۆمانەکانیدا:

«(چوون بۆ گەشتێکی دەریایی) کۆنترین و پیرۆزترین تیمەی رۆماننووسین بەکاردەهێنێ، باس لە چارەنووسی راشێڵ مینرێز دەکات، کە دایکە چالاک و زاڵەکەی دەمرێت، ئەم یانزە ساڵ دەبێت، لەلای باوکێکی خاووخلێچک و دوو پووره قەیرەکەی پەروەردە دەبێت، راشێڵ وەکو ئۆرگانی هیچی نابێ و هیچ لەبارەی سێکسەوە نازانێ تا تەمەنی ٢٤ ساڵی، تەنها ئەوەی کە لە قوتابخانە بیستوویەتی. لەگەڵ ئەوەشدا پیانۆژەنێکی لێهاتوو بوو، ئیدی هونەر و پیانۆ دیلی دەکەن، هەموو خەون و نموونەی باڵای لە (هونەر)دا کورت دەبێتەوە. تا وای لێدێت ناتوانێ لەگەڵ وردەکارییەکانی ژیاندا هەڵبکات جگە لەگەڵ هونەردا نەبێت. رۆمانەکە بە گەشتێکی دەریایی دەست پێدەکات بە پاپۆڕێک کە ناوی (ئەفرۆزین)ە، لە ئینگلتەراوە دەست پێدەکات بەرەو باشووری ئەمریکا کە دەکاتە ئەمازۆن. راشێڵ و پوورەکەی پێکەوەن کە ناوی هێلین ئەمپرۆزە، ژنێکی تەمەن چل ساڵەیە و توند و بێ سۆزە، لەگەڵ راشێڵدا کاراکتەرێکی تەوەرییە. لە گوندی سانتا ماریا دادەبەزن لە کۆنە ڤیلایەک و لەوێدا دوو لاو دەبینن، یەکێکیان لیتۆن ستراچی دڵی بە هێلیندا دەچێت، ئەوی دیکە کە رۆماننووسە ناوی تیرینس هیواتە دڵی بە راشێڵدا دەچێت، برێکی دیکە لە گروپەکە گەشتێکی تر دەکەن بۆ دارستانەکە. لێرەدا رێڕەوی رۆمانەکە دەگۆڕدرێت و هەموو شتێکیش دەگۆڕدرێت. چوون بۆ گەشتی دەریا چیرۆکی نەوەد ئاشقی دۆڕاو دەگێڕێتەوە.. رۆمانی (مسز دالاوای) ١٩٢٥ کە -مایکڵ کاننگام- رۆمانی (سەعاتەکان)ی لە سەر نووسیوە ساڵی ٢٠٠٢ و خەڵاتی پۆڵتیزەری وەرگرتووە. تۆڕیکە لە بیرو بۆچوونی زۆر بەیەکاچوو و ئاڵۆزی کۆمەڵێک خەڵک لە یەک رۆژدا. تەنها یەک رووداوی هەیە ئەویش گەڕانەوە لە هەنووکەوە بۆ رابردوو، دیسان بۆ هەنووکە لە بیری کاراکتەرەکاندا، پاڵەوانەکەی (کلاریسا دالاوای)ە کە پێشخزمەتێکی فرۆکەیەکی دەوڵەمەندی لەندەنییە، رۆژێک بەسەر دەبات.




لەگەڵ کۆتایی ساڵی ١٩٠٤، ڤرجینیا دەستی کرد بە نووسینی بابەت و رێپۆرتاژ بۆ رۆژنامەی گاردیان، ساڵی ١٩٠٥ دەستی کرد بە نووسین بۆ پاشکۆی ئەدەبیی تایمزو چەند ساڵێک بەردەوام بوو. ئێوارانیش لە زانکۆی کرێکارانی تێکەڵ وانەی دەوتەوە. (چوون بۆ گەشتی دەریایی) یەکەم رۆمانی بوو، ساڵی ١٩١٥ نووسیی. ئەو دەمە تەمەنی ٢٤ ساڵ بوو، بەڵام دوای دوو ساڵ بڵاوی کردەوە. جیراڵدی برای بۆی بڵاوکردەوە و هاوزەمانیش بوو لەگەڵ تووشبوونی بە نەخۆشیی دەروونی..

لە ئامادەکردنی ئاهەنگێکی ئێوارە، ژیانی خۆی بیردەکەوێتەوە بەر لە جەنگی جیهانیی یەکەم و بەر لە مێردکردنی بە سبتیمس دالاوای و برادەریی لەگەڵ ژنە بەدڕەوشتەکەدا (سالی سیتۆن)، پاشان پەیوەندیی لەگەڵ پیتەر ویڵش هێشتا خۆشی دەوێ. لە کاتی ئاهەنگەکەدا سەربازە ئینگلیزەکە ڕێچارد سبتیمس، شاعیرەو دۆستی دێرینیەتی و ئامادە نابێت، گەرچی ئاهەنگەکەی لەسەر شەرەفی ئەو سازداوە. هەر کە سەرەک وەزیران ئامادەی ئاهەنگەکە دەبێت لە ماڵی کلاریسا، سبتیمس لە بالەکۆنی ماڵە تەریکەکەی خۆیەوە خۆی فڕێدەداتە خوارەوە و بە بەرچاوی مسز دالاوایەوە کە چوو بۆلای بۆ ئەوی بیبات بۆ ئاهەنگەکە، دوای دیالۆگێکی کورت لەناکاودا خۆی فڕێدەداتە خوارەوە، ئەویش ئەوەیە کە دەڵی باشترە پێی بڕوا بۆ مردن، لە جیاتی ئەوەی چاوەڕوانی بکات.

## یەکێک لە بڕگە بەناوبانگەکەی ڕۆمانەکە:

(یەکەم شت کە ڕەچاوی دەکرد، ئەو هەڵسوکەوتە سەرەڕۆییانە بوو کە پێشێلکردنی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و دابونەریتی لیاقەتە، وەلێ ئەو هەڵسوکەوتانە لەلایەکی دیکەوە دەبنە وەشاندنی تیرێک لە پرسیارە گەورەکەی وجوودیەتدا کە لەگەڵ ژیانماندایە. کاتێ مسز دالاوای بە دزییەوە ئاهەنگەکە بەجێدێلێ، تا بچێتە بالەکۆنەکەی خۆی، لەو شیشە ئاسنانە رادەمێنێ کە دەوری باخچەکەیان داوە و بیردەکاتەوە: شیشی لەو جۆرەش هەن کە دەوری جەستەی (سبتیمس)ی بەدبەختیان داوەو دەپرسێت ئەگەر لێرەدا ئامانج ێ پلانێک نەبێت لەودیوی ژیانمانەوە؟ بۆچی بەردەوام بین لە ژیان بە ئازار و مەرگەسات؟).. ڕۆمانی (بەرەو مەنار)یش، ڕۆمانێکی سێ ڕەهەندییە، بەشی یەکەم باسی ژیانی خێزانێکی ڤیکتۆری کلاسیکی موحافیزکار دەکات، بەشی دووەم باسی قۆناغێکی زەمەنی دەکات کە دە ساڵ دەخایەنێت، بەشی سییەم باسی یەکێک لە بەیانییەکان دەکات کە تارماییەکان دەخەون. کارەکتەری تەوەریی ڕۆمانەکە لە بەسەرهاتی دایکی ڤرجینیا خۆی وەریگرتووە، هەروەها زۆربەی کارەکتەرەکان بیرەوەریی کەسانی بنەماڵەکەیەتی. ڕۆمانی (ئۆرلاندۆ) ١٩٢٨ ڕۆمانێکی فەنتازییە، گێڕانەوەکە دوای چارەنووسی پاڵەوانەکە دەکەوێت، کە لە بەلاتی دادگای ئەلیزابیسیدا لە ناسنامەی نێرینەوە دەبێتە ناسنامەی نێرینە، ڕۆمانەکە وێنەیەکی (ڤیتا ساکفیل ویست)ی پێوەیە لە جلوبەرگی ئۆرلاندۆی پیاودا، کە برادەری وۆڵف بوو، بە قسەی (نیگل بیکلسن) دەستپێشخەرییەکە لە لایەن ڤرجینا وۆڵفی شەرمنەوە بوو، سەرەڕای بەربڵاوی شارەزایی ڤیتا، پەیوەندییەکە لە نێوان وۆڵف و ڤیتادا گوماناوی بوو، ئەو پەیوەندییە هاوزەمان بوو لەگەڵ داهێنانی باڵای ئەدەبی وۆڵفدا. ساڵی ١٩٩٤ ئەلیین ئەتینکس نامەکانی وۆڵف و ڤیتای کرد بە کارێکی شانۆیی جوان بەناوی (ڤیتا و ڤرجینیا) لە نواندنی ئەتینکس و ڤانیسیا ریدیگریڤ...

***ئەم بابەتە خوێندنەوەیەکە بۆ کتێبەکەی (فاتمە ناعووت)، کە کچە شاعیرێکی میسرییە، بە هەمان ناونیشان..**



# بڕوا و عەقڵ

## پەیوەندیی نێوان عەقڵ و بڕوا چۆن پەیوەندییەکە؟


**مایکل پیتەرسون، ویلیام هاسکو**

**لە هۆڵەندییەوە: سەڵاح حەسەن پاڵەوان**


یەکێک لە گۆڤارەکان وتارێکی لەژێر ئەم ناونیشانەدا بڵاوکردەوە: (دادوەر بایاری حوکمدانی کتێبەکانی قوتابخانەی دەرکرد)(١) بە خوێندنەوەی ئەو وتارە تێدەگەین کە دەستەیەک لە دایک و باوکی قوتابیان (لە شاری مۆبایلی ولایەتی ئالاباما) شکایەتیان لە قوتابخانەکانی ئەو ناوچەیە کردبوو، رایانگەیاندبوو لە بەرنامەی وانەگوتنەوەی ئەو قوتابخانانەدا بیروبۆچوونی secular humanism عەقڵانی مرۆڤگەرایی هەیە. دایک و باوکانی قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە شکایەتەکەیان دژ بەو بابەتە هەستیارانە نەبوو، کە تایبەت بوون بە وانەکانی فێرکردنی سێکس و تیۆری گەشەکردن و ئەو بابەتانە، بگرە ئەوان بە زۆری نارەزاییان دژ بە کتێبەکانی قوتابخانە بوو ئەوانەی لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیری کرابوون، بەتایبەت کتێبەکانی بواری مێژوو، کۆمەڵناسی،ماڵئابووری.home economie

دادوەر بایارەکەی لەسەر ئەو بناغەیە دەرکرد، کە ئەو کتێبانە بەڵێ راستە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی (هیومانیزم)ەوە (مەبەست لە هیومانیزم بە شێوەیەکی گشتی ئەوەیە مرۆڤ بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی دەبێ پشت بە مرۆڤ ببەستێت نەک بە خودا) بۆیە دادوەر لە تاکە بڕیارێکی دادگادا بڕیاری تاوانبارکردنی چل و چوار کتێبی قوتابخانەی دەرکرد.

ئەم کورتە چیرۆکە بریتییە لەسەر بەڵگەی راستیی مەسەلەی بڕوا و عەقڵ لە سەردەمی هاوچەرخدا، واتە بە چ بەڵگەیەک دەبێت پابەندی بڕوای ئاینی بین (هەڵبەتە ئەگەر لە بناغەوە بەڵگەیەک لە ئارادا بێت). ئاشکرایە زۆر لە دایک و باوکە باشەکان بە تەواوی بە گومانن لە کاریگەریی (وانەکانی دنیایی worldly learning) لەسەر منداڵەکانیان ـ ئەو وانانەی رەنگە لە هەندێ بابەتدا لەگەڵ پەروەردە بڕواییەکانی منداڵان ناکۆک بێت و لەوەش زیاتر ببێتە هۆی وروژاندنی حەزی دوورکەوتنەوەی لە بڕوای ئاینی. بە بۆچوونی زۆر لە دایک و باوکان دوایین چارە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بێ بڕوا دەرنەچن، باشتر وایە منداڵەکانیان لە قوتابخانە ئاینیەکان بخوێنن تا بە تەواوی فێری کردارە باشەکان بن(٢). هەندێ کات باوک و دایکان دژ بە قوتابخانەکانی ناوچەکەیان ناڕەزایی دەردەبڕن، هۆکەی ئەوەیە ئەوان پێیان وایە لە وانەکانی ئەو قوتابخانانە، شتێک هەیە پێچەوانەی یاسا بنەرەتییە تایبەتیەکانی (ئاینە) لەو قوتابخانانەدا (عەقڵانی مرۆڤگەرایی) بڵاودەکرێتەوە. هەندێ کات ئەو شێوە فشارانەی کە دایک و باوکانی قوتابیان کردوویانەتە سەر دەزگەکانی پەروەردە و فێرکردن بووەتە هۆی لابردنی بەرهەمە کلاسیکییەکان لە بەرنامەی وانەوتنەوەی قوتابخانەکان بەرهەمەکانی وەک پیرەمێردو دەریا، نیشانەی سووری ئازایەتی، بازرگانی ڤینیسیا.

به بۆچوونی زۆر له دایک و باوکان دوایین چاره بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بێ بڕوا دەرنەچن، باشتر وایە منداڵەکانیان لە قوتابخانە ئاینیەکان بخوێنن تا بە تەواوی فێری کردارە باشەکان بن

## ئایا دەکرێ پشت بە عەقڵ ببەسترێت؟

رەنگە ئەم نموونە یاساییە، نموونەیەک بێت زیادەڕۆیی، بەڵام هەرگیز پەیوەندیی نێوان بڕواو عەقڵ پەیوەندییەکی ئارام و ئاشتیخواز نەبووە؛ بەردەوام ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی پێ ناکۆک و پڕ مشتومڕ بووە. لە راستیدا کەسانێکی زۆر کە هزرڤانی ئاینیی گرنگبوون گووتویانە بڕوا(٣) و عەقڵ هەمیشە لەگەڵ یەکتریدا ناکۆک بوون، واتە لە ناکۆکی و رەفزکردنەوەی یەکتری زیاتر هیچ خزمایەتییەک لە نێوان ئەو دووانەدا نییە (ئەم دووانەش هەر دەبێت وابن). پۆڵسی حەواری (ساڵی ٦٢/٦٨) کۆچی کردووە نووسیویەتی: ئاگاداربن کەس بە فەلسەفەو فرتوفێڵی بەتاڵ فریوتان نەدا) (نامەی پۆڵس بۆ کولوسەیان؛ بەشی دووەم،٨)، نووسەرە مەسیحییە سەرەتاییەکانی وەک تەرتیولاین Tertullian (١٦٠- ٢٢٠)دەپرسێ: (ئەسینا چ پەیوەندییەکی بە ئۆرشەلیمەوە هەیە؟) (مەبەستی ئەو لە ئەسینا، فەلسەفەی یۆنانی بوو، مەبەستیشی لە (ئۆرشەلیم) کڵێسای مەسیحی بوو). وەڵامی پڕ ناوەڕۆکی ئەو دەربارەی ئەم پرسیارە ئەمەبوو: (هیچ پەیوەندییەک نییە) بڕوا و فەلسەفە هیچ روویەکی هاوبەشیان نییە، ئەو دووانە بە تەواوی دژ بە یەکن). پاسکاڵ (١٦٢٣-١٦٦٢) نووسیوویەتی: دڵ دەلیلی تایبەتی خۆی هەیەو عەقڵیش ئەو دەلیلانە ناناسێت). باسکال بە زمانێکی ئاماژەدار ئەوەی راگەیاند کە لەوانەیە کەسانێک ناچاربن هێزە عەقڵانییەکانیان کزکەن تا بتوانن بڕوا بێنن(٤). لە هەمان کاتدا جیاکردنەوەی وردو روونی بڕوا لە عەقڵ دژوارترە لەو شتانەی کە دەستەواژەکانی سەرەوە باسی دەکەن. کەسانێک جەخت لەسەر بڕوا دەکەن و هێرش دەکەنە سەر عەقڵ، ئەو کەسانە هەمیشە گرنگییەکی زیاد بە ئەزموونی ئاینی دەدەن: "بیومپەر ستیک"ی لاسار

**ئەگەر بۆچوونی ئەوانەی بڕوایان بە عەقڵانی بەهێزە ڕاست بێت، ئەوا تاک چاوەڕوانی ئەوە دەکات خراپ تێگەیشتن و بەرگرییەکان وردەوردە لەناوبچن کە بە لایەنی کەمەوە لە هەندێ لە سەلماندنە ئاینییەکاندا دەبینرێن..**

بهێننەوە یادی خۆتان کە (لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە...وەرگێڕ) دەیگووت: (خوا نەمردووە ئەمڕۆ دەمەوبەیان ئاخاوتنم لەگەڵ ئەنجام دا!) بەڵام هەروەک لە بەشی پێشتردا بینیمان ئەزموونی ئاینی بەهیچ جۆرێک (ڕووداوێکی happening) هەستیاری ڕەها نییە، بگرە پەیوەندیی بە کۆمەڵێ چەمک و باوڕوە هەیە، دەربارەی ئەو بوونەوەرە پیرۆزەی کە ئەزموونکراوە. گەر هەوڵمان دا ئەزموونی ئاینی لەم چەمک و بڕوایانە (یان بە شێوازێکی دیکە_ لە باوا ئاینییەکان) جودا بکەینەوە، ئەو کاتە بە هیچ شێوەیەک ناتوانین بڵێین چ کەسێک یان چ شتێک ئەزموون کراوە، هەروەها لە ڕوانگەی کەسی ئەزمونگەرەوە ناشتوانین ئەوە ئاشکرا بکەین، چین ئەو شتانەی ئەزموونی ئاینی لە هەموو ئەزموونەکانی تر جیادەکەنەوە؟ تا ڕادەیەک بۆ ترگەیشتن لە (ئەزموونی ئاینی) پێویستمان بە بڕوا ئاینییەکانە؛ پێدەچێ زۆر گران بێت بتوانین بێ سوودوەرگرتن لە عەقڵ لە هیچ شتێک بگەین. لە واقیعدا هیچ یەک لە هزرڤانە ئاینییەکانی سەرەوە، بە شێوەیەکی گشتی عەقڵیان ڕەت نەکردووەتەوە، بەشێک لە لێکۆڵەرەوان بە بەڵگەوە ئەوەیان نیشان داوە کە "قەشە پۆڵس" ئاگادارییەکی هۆشیارانەی دەربارەی عەقڵ هەبووە. واتە بە شێوەیەکی تایبەت ئاگاداری حیکمەتی دنیایە، بە بڕوای ئەو حیکمەتی دنیا دەرئەنجامی دەسکەوتی لوتبەرزی مرۆڤە، خۆی بەرامبەر بە ڕاستی دەوەستێتەوە؛ لەو ڕووەی کە عەقڵ عەقڵە پۆڵس سوودوەرگرتن لە عەقڵ نەفی ناکاتەوە(٥). تەنانەت بە خوێندنەوەیەکی سەرپێیانەی نامەکانی پۆلیس بۆمان دەردەکەوێت ئەو لە کاتی وانە ئاینییەکانیدا چەندان جار سوود لە بەڵگەو شیکردنەوە و سەلماندن وەردەگرێت. سەربارى ئەوەی ترتۆلیان خۆی گورزی کوشندەی ئاراستەی فەلسەفە دەکرد، خۆی فەلسەفەی خوێندبوو، دەیتوانی ئەوەش نیشان بدات کە لە ڕاڤەو نیشاندانی بنەماکانی مەسیحییەت سوودی لە فەلسەفە وەردەگرت(٦). هەرچەندە پاسکالیش وەک پۆلیس بە توندی ڕەخنەی لە شێوەیەک لە عەقڵانی دەگرت، بەڵام یەکێک لە پرۆژە گرنگەکانی ژیانی بریتی بوو لە بونیادکردنی زانستی (لێبووردەیی apologetics)یان (بەرگریکردنی عەقڵانی) لە ئاینی مەسیحی.



پاوڵ تیلیچ

بەم پێیە پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە، ئایا پێگەیەک بۆ عەقڵ لە نێو ئایندا هەیە یان نەخێر، (بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە ئەرێیە)، بەڵکو پرسیارەکە ئەمەیە ئایا عەقڵ لە نێو ئایندا چ پایەگایەکی هەیە و دەشبێ چ پایەگایەکی هەبێت؟(٧). لەبارەی ئەم پرسیارەش لایەنی کەم دەکرێ هەندێ وەڵام بۆ ئەم پرسیارە بشێت. زۆربەی کۆمەڵگە ئاینییەکان سوود لە عەقڵ وەردەگرن تا منداڵ و کەسانی تر فێری سیستەمی بڕوا ئاینییەکان بکەن کە تازە خەریکی مەسەلەی ئاینن و بە یارمەتیی عەقڵیش وا لە کەسی بڕوادار بکەن تا بۆیان بکرێت بەجوانی لە مانای بڕوای خۆیان بگەن. لە ئەنجامدا کۆمەڵگەی ئاینی سوودوەرگرتن لە عەقڵ ڕەت ناکاتەوە. لە ڕاستیدا سوودوەرگرتن لە عەقڵ ئا بەم شێوەیە جێگەی مشتومڕ نییە. ئەو پرسیارەی کە گفتوگۆ هەڵدەگرێت ئەمەیە: ئایا عەقڵ چ ڕۆڵێک دەبینێ لە دەستنیشانکردنی جێباوەڕی (یا بێباوەڕی!) سیستەمی باوا ئاینییەکان؟ (ئەڵبەتە ئەگەر لە بناغەوە لەم زەمینەدا ڕۆڵێکی هەبێت). سەرەتا

ئەوەمان قبووڵ بوو کە بۆ تێگەیشتنی بڕوای ئاینی پێدەچێت سوود لە عەقڵ وەرگرین، بەڵام ئایا ئەو بۆچوونە راستە کە بوون بە خاوەن بڕوا لەسەر ئەوە وەستاوە (یان دەبێ لەسەر ئەوە وەستابێت) کە چۆن دەبێت خاوەن بڕوا بۆ بڕوابوون بە ڕاستی بڕواکانی خۆی بەڵگەی باشی هەبێت. بۆیە گەوهەری بنەڕەتی (مەسەلەی بڕواش) هەر ئەمەیە. ئێمەش لە بەردەوامی ئەم بەشەدا هەر هەمان ئەو پرسیارە ورد دەکەینەوە.

## عەقڵانی بەهێز

عەقڵانی بەهێز دەکرێ یەکەمین وەڵامی ئەو پرسیارە بێت کە ئێمە لێی دەکۆڵینەوە (٨). بە پێی ئەم بۆچوونە بۆ ئەوەی لە رووی واقیع و عەقڵەوە سیستەمی بڕوا ئاینییەکان جێی رەزامەندی بن، دەبێت بتوانرێ بسەلمێنرێت کە ئەو سیستەمانە راستن (٩). هیچ گومانی تێدا نییە واژەی سەلماندن تا ڕادەیەک واژەیەکی ئاڵۆزە. ئەو ئامانجە گونجاوەی کە هەمانە، ئەم شێوە مانایەمان لێی دەوێت و راستیی بڕواکانیش بە شێوەیەک ئاشکرا بکەین کە هەموو خاوەن عەقڵەکان پێی رازی بن (١٠).

بیری گەوهەری عەقڵانی بەهێز لە لایەن کلیفۆرد (١٨٤٥-١٨٧٩) ماتماتیکزانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی بەهێز لەم دەستەواژانەی خوارەوە راگەیەندرا:

بڕوابوون بە هەر شتێک هەمیشە و لە هەموو شوێنێک بۆ هەرکەسێک بێ بوونی بەڵگەی تەواو کارێکی هەڵەیە. بۆ نموونە با وای دانێین کەسێک لە منداڵییەوە یان پاش تەمەنی منداڵی بوو بە هەڵگری بڕوایەک و ئەو بڕوایەشی دەپارێزی و دووری دەخاتەوە لە ختووکەی هەر گومانێک کە لە زەینیدا دروست دەبێت... هەروەها بەچاوێکی کافرانەش دەڕوانێتە ئەو پرسیارانەی کە دەبنە هۆی تەشویش خستنە سەر بیروبڕواکەی کەسێک کە بەم شێوەیە بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات گوناهێکی گەورەیە لە ئەستۆی رەگەزی مرۆڤایەتی...

لێکۆڵینەوە دەربارەی بەڵگەکانی بڕوایەک، کارێک نییە یەک جار و بۆ هەمیشە روو بدات و هەڵگری ئیعتبارێکی بنبڕانە بێت؛ نابێ هەرگیز رێگر بێت لە بەردەم گومان؛ لەبەرئەوە دەکرێ ئەو گومانە یا لەسەر بناغەی لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر زیاد بکات، یاخۆ ئەو گومانە دەیسەلمێنێت ئەو لێکۆڵینەوانە ناکامڵ بوون (١١). بۆچی کلیفۆرد ئەم شێوە پێوانە سەختانە بۆ بڕوا ئاینییەکان دەخاتە ڕوو؟ وەڵامی کلیفۆرد بۆ ئەم پرسیارە، جەختکردنەوەیە لەسەر کۆمەڵێ دەرئەنجامی ترسناک، ئەگەری ئەوە هەیە لە ئەنجامدا رازیبوون بە بڕوایەک کە بەڵگەی تەواوی لەگەڵدا نەبێت، ببێتە هۆی دروستکردنی گرفت بۆ خودی تاک و کەسانی تر:

خاوەن کەشتییەک دەیویست کەشتییە نەفەربەرەکانی رەوانەی دەریا بکات.. سەرەتا گومانێکی لا دروست بووبوو لەمەڕ ئەگەری ئەوەی ئایا ئەم کەشتییە ئەشێت بۆ سەفەری نێو دەریا یان نەخێر، گومانی هەبوو. ئەو دوودڵییە مێشکی سەرقاڵ کردبوو، بووبووە مایەی نارەحەتی و نیگەرانی بۆی... بەڵام پێش ئەوەی کەشتییەکە رێگای سەفەر بگرێتە بەر، خاوەن کەشتی بەسەر ئەم دوودڵییەدا سەرکەوت.... و بە دڵێکی روون و نزای چاکەوە کەشتییەکەی رەوانەی نێو دەریا کرد... کاتێک کەشتییەکە لە نێوەندی دەریادا

لێکۆڵینەوە دەربارەی بەڵگەکانی بڕوایەک، کارێک نییە یەک جار و بۆ هەمیشە روو بدات و هەڵگری ئیعتبارێکی بنبڕانە بێت؛ نابێ هەرگیز رێگر بێت لە بەردەم گومان؛ لەبەرئەوە دەکرێ ئەو گومانە یا لەسەر بناغەی لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر زیاد بکات، یاخۆ ئەو گومانە دەیسەلمێنێت ئەو لێکۆڵینەوانە ناکامڵ بوون..

**ئەگەر نەتوانین سیستەمی بڕواکان بە تەواوی لە بڕوا لەپێشینەکان دابڕین، ئەوا مامەڵەکردن بۆ تێگەیشتن لە عەقڵانیەتی بەهێز شتێکی پەککەوتە دەردەچێت.**

نقووم بوو و ئەویش بیمەی خۆی وەرگرت و پەنجەی پەشیمانیی نەگەست. ئێمە چۆن دەکرێ داوەری ئەو کابرایە بکەین؟ بێگومان ئەو کاتە بێ دوودڵی دەڵێین ئەو کابرایە بەرپرسیاری مەرگی ئەو هەموو مرۆڤە بووە کە بەسەر ئەو کەشتییەوە بوون. راستە ئەو راستگۆیانە بڕوای وابوو کەشتییەکەی پتەوە؛ بەڵام پاراوی و راستگۆیی بڕواکەی بە هیچ شێوەیەک یارمەتیی ئەو نادات، لەبەر ئەوەی ئەو بۆی نەبوو لەسەر ئەو بەڵگانەی کە لەبەردەستیدا بوون ئەو جۆرە بڕوایەی هەبێت(١٢). ئێمە هەموومان لەگەڵ کلیفۆرد هاوڕاین دەربارەی تاوانبارکردنی خاوەن کەشتییەکە؛ هەروەک بینیمان کلیفۆرد بەردەوامی بە بەڵگەکانی دەداو دەڵێت هەر بڕوایەک لەسەر بونیادی بەڵگەی ناتەواو قبوڵ بکرێت جێگای سەرکۆنەکردنە.

یەکێک لەو رەخنانەی بە زۆری دژ بە دیدگاکانی کلیفۆرد ئاراستە دەکرێن ئەوەیە کە کەسانێکی زۆر، بە تایبەت ئەوانەی بۆ بژێوییان کاری سەخت دەکەن، بوارێکی کەمیان بۆ فێربوون هەیە، یان بە سادەیی کاتیان بۆ ئەو شتە نییە، ناتوانن کات دروست بکەن، ئەی ئیتر چۆن دەتوانن لە هەق ئەو بیرە سەختانە بێن کە کلیفۆرد بە سەرەتاییەکی پێویستی دەزانێت بۆ بڕوا هێنان. کلیفۆرد ئاگای لەم رەخنانە هەیەو رەتیشی دەکاتەوە: (گریمان، کەسێک بڵێت: "من کەسێکم کارم زۆرەو بەردەوام سەرقاڵم؛ بۆیە بۆ ئەوەی شایستەی داوەریکردن بم دەربارەی برێک لە مەسەلەکان، یان تەنانەت بتوانم لە ناواخنی سەلماندنانە پەیوەستدارەکان تێبگەم، دەبێت بۆ ئەم کارە ماوەیەکی دوورودرێژم هەبێ و سەرقاڵی خوێندنەوەو پشکنین بم"، بەم شێوەیە ئەم کەسە کاتی ئەوەی نییە بیر لە ئیمانداری بکاتەوە).(١٣)

ناوەڕۆکی بڕوای شاراوەی کلیفۆرد لەمەڕ ئەم مەسەلەیە بریتییە لەوەی هیچ سیستەمێک لە باوا ئاینییەکان ناتوانن ئەم پێوانە سەختانەی سەلماندن (ئەو پێوانەی کە دەبێ دەسەڵاتمان بەسەر هەموو بڕواکانماندا هەبێت) بەجێبهێنن، بۆیە لەسەر ئەمەش کەسی زرنگ و هۆشمەند (پابەند بە ڕەوشت) نابێت خاوەنی بڕوای ئاینی بێت. بەڵام بە هیچ شێوەیەک راست نییە کە هەموو ئەوانەی بڕوایان بە عەقڵانی بەهێزە دوژمن و بەرهەڵستکاری ئاینن.

جان لاک John Locke 1632-1704 کەسێکی مەسیحی بوو پێوانەکانی دەربارەی (بڕوای جێباوەڕ) هەر هەمان ئەو پێوانانە بوون کە پاشان لەلایەن کلیفۆردەوە راگەیەنرا. بەڵام بڕوای وابوو مەسیحیبوون دەتوانێ ئەو پێوانانە بەجێ بهێنێت، بەو مەرجەی بە چاکی جێگای تێگەیشتن و بەرگریکردن بێت(١٤) (لاپەڕە ٧٤)

لە چەند روویەکەوە دیدگاکانی تۆماس ئاکویناس Thomas Aquinas لە سنووری نێوان ١٢٢٤-١٢٧٤ جیاوازیی هەبوو لەگەڵ دیدگاکانی لاک و کلیفۆرد، بەڵام راکانی تۆماس لەگەڵ رای لاکان یەکیان دەگرتەوە دەربارەی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ "بە لێکۆڵینەوەیەکی عەقڵانیی ورد دەتوانرێ راستیی مەسیحی بوون بە شێوەیەکی رازیکەر بسەلمێنرێت" (١٥).

ریتچارد سویین Richard Swinburne یەکێکە لە فەیلەسوفە ئاینییە هاوچەرخەکان، بابەتەکانی زۆر نزیکن لە بابەتەکانی عەقڵانی بەهێز.



جان لوک

(هەروەک لێرەدا پێناسەمان کرد)(١٦).
کەسانێک کە دامێنگیری پرسەکانی بڕوا و عەقڵن، ئەم دیدگایە لای ئەوان ئەوەندە سەرنجڕاکێشە کە ئینکار ناکرێت. کێ لە ئێمە هەستی بە ناخۆشی نەکردووە یان تەنانەت تورەش نەبووە کاتێک دەبینێ خەڵکێکی زۆر (رەنگە بەتایبەتیش مرۆڤە مەزهەبییەکان) لافی ئەوە لێدەدەن کە شتێک "دەزانن"، بەڵام ناتوانن بەڵگەیەکی گونجاو بۆ وتنەکانیان بهێننەوە؟ لەبەر رووناکیی ئەو دیدگایەی کە دەبێتە ناخۆشی و تووڕەبوون، ئارەزووی سەلماندنی بڕواکانمان بە شێوەیەکی راستی جێگای تێگەیشتنە.

کەسێک کە بڕوای بە عەقڵانی بەهێز هەیە، لە رووی هەستەوە پەنا ناباتە بەر (بڕوا)، بەڵکو راستیی بۆچوونەکانی خۆی دەسەلمێنێت. گەر ئێوەش دژ بە راکانی ئەون رێبازی دژایەتیکردن ئەوەیە کە هەمان ئەو کارە ئەنجام بدەن، بەڵام بەپێی دیدگای خۆت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەپێی هەندێ بەڵگە دەتوانرێ لەسەر راستگۆیی عەقڵانی بەهێز دوودڵییەک بەرپا بکرێ. یەکەم دەتوانین بپرسین ئایا ئەم جۆرە پەیمان و پابەندبوونە عەقڵانییەی کە لایەنگرانی عەقڵانی بەهێز جەختی لەسەر دەکەن، لە کەشوهەوای ئاینیدا پێویستە یان پێویست نییە؟. زۆربەی بڕواخوازان پێیان وایە کەسی خاوەن بڕوا، هەنگاو هەڵهێنانەکانی هەنگاوی پاش عەقڵ و سەلماندنن؛ ئەم (هەنگاو هەڵهێنان stepping uit)ەش شانبەشانی ترس و دوودڵی دەڕۆن، لە بواری بڕواشدا بە رەگەزێکی گرنگ و بنەڕەتی دەژمێردرێن. (لە دووەم برگەی ئەم بەشەدا دەبینین کە کیرکیگارد kierkegaard ئەم بابەتە بە شێوەیەکی کاریگەرانە دەردەبڕێت) ئەم دیدگایە گەر راستیش نەبێت (دواجار بڕواش هەڵگری ترس و دوودڵییە)، ئەوە لای بڕواخوازان ئەوەندە رەواجی هەیە کە دەبێ بە هەند وەربگیرێ. بەڵام ئەگەر ئەم دیدگایەش راست بێت، ئەو کاتە ناتوانرێ عەقڵانی بەهێز وەک رێگایەکی گونجاو بەکاربهێنرێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی بڕوا.

ئەو پرسیارەی تر کە دەربارەی عەقڵانی بەهێز دەکرێ ئەمەیە: ئایا دەتوانرێ کار بەم دیدگایە بکرێت؟ یان بە شێوەیەکی تر، لە رووی کردارییەوە دەکرێ ئەو داوایانە پیادە بکرێن کە بڕواهێنەرانی عەقڵانی بەهێز داوای دەکەن، یان راستی بڕوایەکی ئاینی تایبەت بەشێوەیەک پشتڕاست بکرێتەوە، کە لە ئەنجامدا ببێتە هۆی رازیکردنی گشت خاوەن عەقڵەکان؟ کەسێک کە بڕوای بە عەقڵانی بەهێزە (ئەگەر دیندار بێت) پێی وایە ئەم کارە کردەنییە (ئەکرێ بکرێت) و ئامادەشە پێمان پێشان بدات ئەم کارە چۆن دەکرێ ئەنجام بدرێت. لەبەرامبەر ئەمەش، راستییەک هەیە ناکرێ ئینکار بکرێت. سەرەڕای ئەوەی چەندین سەدەیە عەقڵانییە بەهێزەکان پێکەوە باس و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم پرسە دەکەن، بەڵام هێشتا هیچ سیستەمێکی بڕوا ئاینییەکان بەوجۆرە ئەوەی ئیسپات نەبووە کە (هەموو عەقڵدارەکان پێی رازی بن). کەواتە گرفتەکە چییە؟

بێگومان ئەو سەلماندنەی کە بەتەواوی نەبووەتە هۆی رازیکردنی هەموو ئەو کەسانەی بڕوایان بە عەقڵانی بەهێزە، ئەوەیە کە راستەوخۆ نەبووەتە هۆی نەفیکردنی دیدگاکانی ئەوان. ئەوان دەتوانن بڵێن سەلماندنەکانمان شایستەیەو دەبێ هەموان

کەسێک کە بڕوای بە عەقڵانی بەهێز هەیە، لە رووی هەستەوە پەنا ناباتە بەر (بڕوا)، بەڵکو راستیی بۆچوونەکانی خۆی دەسەلمێنێت. گەر ئێوەش دژ بە راکانی ئەون رێبازی دژایەتیکردن ئەوەیە کە هەمان ئەو کارە ئەنجام بدەن، بەڵام بەپێی دیدگای خۆت...

**جارجار کەسانێک دڵێن ئەگەر تاک بیەوێ دیندار بێت، هەردەبێت پشت بە (بڕوای ڕەها) ببەستێ، ئەگەر هاتوو جیهانبینییەکەی لەسەر زانست بونیاد نرابێت، دەتوانێ بۆ پشتگیرکردنی جیهانبینییەکانی خۆی سەلماندنێکی پتەو پێشکەش بکات. بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵەیەکی ترسناکە...**

بڕوایان پێی هەبێت. ئەگەر هاتوو کەسانێکیش بڕوایان پێی نەبوو، ئەوە گرفتێک لە کارەکەدا هەبووە. یان ڕەنگە ئەو کەسانە زۆر بە وردی سەلماندنەکەمانیان لێک نەدابێتەوە، یان بە ڕاست و دروستی لێی نەگەیشتوون. هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو کەسانە ئەوەندە ڕاهێنانی ئەوتۆیان نەدیووە تا بڕوا بە سەلماندنێک بهێنن کە ئەوپەڕی وردەکاریی تێدایە، یان ڕەنگە توانای فیکرییان ئەوەندە نەبێت تا بتوانن لەو سەلماندنانە بگەن (بۆ نموونە، لە بارەی هەندێ لە سەلماندنە ئاڵۆزوەکانی ماتماتیک، ئەم بۆچوونە بۆ زۆربەی زۆرمان ڕاستە). دواجار ڕەنگە حوکمی لەپێشینەی ئەو کەسانە، چاوی عەقڵیانی کوێرکردبێت، بۆیە ئەگەر ئەو کەسانە تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەشیاندا کەسانێکی خاوەن عەقڵ بن، ئەوە حوکمی لەپێشینەیەو بواریان پێ نادات بڕوا بە حەقیقەتی ئاینی بێنن. سەرەڕای ئەوەش ئەو وتووێژانەی وەک دەرئەنجامێک لە بارەی سەلماندنە ئاینییەکانەوە هاتوونەتەدی ئەوەندە پەلوپۆیان لێ بووەتەوە هاندەر نیین بۆ ئەوانەی بڕوایان بە عەقڵانی بەهێزە. ئەگەر بۆچوونی ئەوانەی بڕوایان بە عەقڵانی بەهێزە ڕاست بێت، ئەوا تاک چاوەڕوانی ئەوە دەکات خراپ ت×گەیشتن و بەرگرییەکان وردەوردە لەناوبچن کە بە لایەنی کەمەوە لە هەندێ لە سەلماندنە ئاینییەکاندا دەبینرێن، تا بەپێی کات هزرڤانان بە شێوەیەکی زیاتر باوەڕ بەم سەلماندنانە بێنن و هەروەها لە ڕووی عەقڵیشەوە شتێکی ماقووڵ دەربچێت. بەڵام وا پێدەچێت لە واقیعدا ئەوەی ڕوو دەدات بە پێچەوانەوە بێت: تەنانەت ئەو فەیلەسوفانەشی کە بڕێک سەلماندنی تایبەتیان بە ڕاست دەزانی، بە لێکۆڵینەوەی زیاتر بۆیان دەرکەوت قەڵبەیەک لەو شێوە سەلماندنانە هەیە، بەم ئەنجامە گەیشتن کە کەسی عاقڵ دەتوانێ ئەم سەلماندنانە ڕەتکاتەوەو لە هەمان کاتدا بێ هیچ دوودڵییەک تووشی کاری بێ عەقڵانەش نەبێت. وا پێدەچێت ڕەوەندی کارەکە بەرەو شێوەیەک لە کۆی گشتی و یەکبوونی ڕاوبۆچوون ناڕوات، بگرە ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێت کە هیچ یەک لەم سەلماندنانە بۆ هەموو هزرڤانان وەک یەک جێگای باوەڕ نییە.

ڕاستە ناکرێت سەلماندنێک پێشکەش بکرێت کە هەمووان ڕازی بکات، هەروەها ئەم بۆچوونە تەنیا سیستەمی بڕواکان ناگرێتەوە، بگرە هەموو ئەو سەلماندناش دەگرێتەوە کە لایەنگیری (جیهانبینینەکانن) (واتە ڕاڤەیەکی گشتگیرو بەربڵاو دەربارەی چییەتی واقیع)یش دەگرێتەوە؛ ئاگاداربوونی ئەم خاڵە زۆر گرنگە. جارجار کەسانێک دەڵێن ئەگەر تاک بیەوێ دیندار بێت، هەردەبێت پشت بە (بڕوای ڕەها) ببەستێ، ئەگەر هاتوو جیهانبینییەکەی لەسەر زانست بونیاد نرابێت، دەتوانێ بۆ پشتگیرکردنی جیهانبینییەکانی خۆی سەلماندنێکی پتەو پێشکەش بکات. بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵەیەکی ترسناکە. ئەڵبەتە زۆر لەو ئەنجامانەی لە بەشە جۆراوجۆرەکانی زانستەوە بەدەست هاتوون، جۆرێک لە پتەوییان تێدایە کە هیچ کەسێکی خاوەن عەقڵ حەز ناکات ڕووبەڕووی بێتەوەو هەوڵی بەرگریکردنی بدات (لەگەڵ ئەوەشدا، کەسێک کە پێی وایە زەوی تەختە، دیارترین پشتگیری بۆ ئەم بۆچوونەی ئەو کەسانەن سەرەڕای هەموو بەڵگەیەک، هێشتا پێ لەسەر

جارجار کەسانێک دڵێن ئەگەر تاک بیەوێ دیندار بێت، هەردەبێت پشت بە (بڕوای ڕەها) ببەستێ، ئەگەر هاتوو جیهانبینییەکەی لەسەر زانست بونیاد نرابێت، دەتوانێ بۆ پشتگیرکردنی جیهانبینییەکانی خۆی سەلماندنێکی پتەو پێشکەش بکات. بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵەیەکی ترسناکە...

بڕواکانی خۆیان دادەگرن). بەڵام (زانست وەک جیهانبینییەکی گشتگیر) بە هیچ جۆرێک بەهرەمەند نییە لەم جۆرە پشتگیریکردنە زانستییە (واتە ئەو ئایدیایەی کە پێی وایە هەرچییەکمان لەبارەی واقیعەوە بوێ بیزانین زانست پێمان دەڵێت). ئەم جیهانبینییە (کە زۆرجار بە ناتیورالیزیمی زانستی ناودەبرێت) لە نێوان هەموو تیۆرەکان تر تەنیا تیۆرێکە و هیچی تر، بە هیچ شێوەیەکیش لە سیستەمی بڕوا ئاینییەکان زیاتر توانای نییە. ئەو بۆچوونی کە بۆ نموونە بەتەواوی هەڵەیە گەر هەڵەیەکی ئەنقەستیش نەبێت کە خشتەی نۆبەکاری رەگەزەکان وەک جیهانبینێک دەڕوانێتە بەهەموو هێزییەوە پشتگیری ناتیورالیستی زانستی دەکات. عەقڵانی بەهێز رووبەڕووی ئاستەنگێکی تریش دەبێتەوە: عەقڵانی بەهێز بە شێوەیەک دەڕوانێتە (عەقڵ)ی مرۆڤ وەک هێزێک دەبینێ کە لایەنگری هیچ شتێک نییە کاتێک رووبەڕووی جیهانبینییە ناکۆکەکان دەبێتەوە، بۆیە دەتوانرێ بە یارمەتیی ئەو عەقڵە و بە بێ داوەری لە پێشینە و دوور لە جیهانبینی داواکراوی تاکەکان بۆ تاکەکان هەر شتێک کە بمانەوێ بیسەلمێنن. بەڵام ئایا عەقڵ بەڕاستی بێ رەگەزو لایەنە؟ ئێمە لە ژیانی رۆژانەماندا بە ئاشکرا دەبینین مرۆڤ بەدەستی ئەنقەست لە ژێر کاریگەریی سیستەمی بڕواکان، کۆمەڵێک سەلماندن دەبینێت کە رازیکەرو باوەڕدروستکەرن. ئەو فەیلەسوفانەی کە ئاگایان لەم حەقیقەتەیە، بە ڕژدی تێدەکۆشن بە مەبەستی دامەزراندنی ڕوانگەیەکی (پەتی) لەمەڕ فەلسەفە و (presuppositionless) ڕوانگەیەک کە هەڵگری فەرزی لە پێشینە نەبێت.

هەوڵی دیکارت Descartes 1596-1650 بۆ ئەوە بوو تا فەلسەفەکەی لە هەڵوێستی (گومانی گشتی)یەوە دەست پێ بکات، بەمەبەستی نیشاندانی ئەم نموونە ناسراوە بوو(١٧). گەر نەڵێین هەمووان بەلایەنی کەمەوە زۆربەی فەیلەسوفە هاوچەرخەکان بە رووکەشی وەک مەحاڵێک دەیانڕوانییە ئەم دیاردەیە، ئەوان بەو ئەنجامە گەیشتن کە هیچ بابەتێک نییە رەهاو خاڵی بێت لە پێش فەرزە تا بتوانێ ببێتە بنیادی مەعریفیمان، بەوجۆرەی مەعریفەتمان بە سەربەخۆیی بهێڵێتەوە (لەو پرنسیپەی کە دەستمان پێی کردووە)(١٨). بەڵام ئەگەر ئەم رایە راست بێت، واتە ئەگەر نەتوانین سیستەمی بڕواکان بە تەواوی لە بڕوا لەپێشینەکان دابڕین، ئەوا مامەڵەکردن بۆ تێگەیشتن لە عەقڵانیەتی بەهێز شتێکی پەککەوتە دەردەچێت.

**فیدەزم*** (**بڕواخوازی**)

بە شێوەیەکی گشتی (فیدەیزم fideism بڕواخوازی) دووەمین دیدگایە کە دەبێت تاقی بکەینەوە(١٩). نووسەرە هەمەچەشنەکان بە شێوازی جۆراوجۆر پێناسەی فیدەزمیان کردووە، بەڵام ئێمە بەپێی بابەتەکەمان بەم شێوەیە پێناسەی ئەم زاراوەیە دەکەین: فیدەیزم دیدگایەکە پێی وا نییە سیستەمی بڕوا ئاینییەکان بابەتێک بن بۆ هەڵسەنگاندن و بەراوردکاریی عەقڵانی. بۆ نموونە، گەر هاتوو گوتمان ئێمە بڕوامان بە بوونی خواو خۆشەویستیی ئەوە بۆ مرۆڤ، لە راستیدا ئێمە لەدەرەوەی هەر جۆرە سەلماندن و بەڵگەیەک ئەوەمان قبووڵە کە خوا بوونی هەیە و مرۆڤ ئەوی خۆش دەوێ، بۆیە هەر کۆششێکیش کە ئەنجام

**ئیماندار ئەوەمان وەبیردێنێتەوە کە سەلماندن (هەر سەلماندنێک بێت) وەک پێویست لەسەر برێک پێشەکی یان مەفروزاتی تایبەت بونیاد نراوە...**

دەدرێت رەت دەکرێتەوە بۆ پشتڕاستکردنەوە یان رەتکردنەوە ئەم خۆشەویستییە.

ئایا کەسی ئیماندار کوێرانە و لە چاوقایمییەوە عەقڵ رەت دەکاتەوە؟ مەرج نییە وا بێت. ئیماندار ئەوەمان وەبیردێنێتەوە کە سەلماندن (هەر سەلماندنێک بێت) وەک پێویست لەسەر برێک پێشەکی یان مەفروزاتی تایبەت بونیادنراوە. ئەگەر کەسێک لە سەرەتادا هیچ فەرزێکی پێ قبوڵ نەبێت، بۆیە ململانێ و ناڕەزایی دەربڕین لەگەڵ ئەوجۆرە کەسانە مەحاڵە، (لە راستیدا ئەمەش هەمان ئەو کارەیە کە فەیلەسوفە گوماندارەکان ئەنجامی دەدەن، ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەری ئەو کەسانە شێوەیەکە لە بێهودەیی!) پێشەکی مەفروزی سەلماندنێک دەکرێ لە سەلماندنێکی ترەوە ئەنجام بگرێت، بەمجۆرەش دەتوانین ئەو مەفروزە بسەلمێنین، بەڵام ئەم رەوەندە ناتوانێت تا کۆتایی بەردەوام بێت؛ دەبێ ئێمە لە شوێنێکی ئەم رەوەندەوە بگەینە مەفروزاتە بنەڕەتییەکان undamental assumptions، واتە ئەو شتانەی بەبێ تاقیکردنەوە قبوڵمان کردووە، تەنیا لەبەرئەوەی ئەوەندە بنەاەتییە کە هیچ شتێک لەو بنەڕەتی تر نییە تا بتوانێت تاقیی بکاتەوە. بەم پێیە بە پێی بۆچوونی ئیمانخوازان، خاڵی گرنگ ئەمەیە: (بە بڕوای کەسی بڕواهێنەری پەتی، بناغەترین مەفروزاتەکان، دەکرێ لە نێو سیستەمی بڕوا ئاینییەکانەوە بدۆزرێنەوە. بڕوای ئاینی، خۆی بناغەی ژیانی تاکەکەسە لە دەربایینی پاوڵ تیلیچ Paul Tillich 1886 - 1965بڕوانی ئاینی هەمان دوایین پەروا دوودڵی ultimate concernتاکەکەسە. بەم شێوەیە ئەو کاتە بیری تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی بڕوا لە رێگای پێوانە عەقڵانی و دەرەکییەکانەوە دەبێتە هەڵەیەکی دڵتەزێن، ئەو هەڵەیە ئەگەرێکی زۆر هەیە ئاماژە بێت بۆ لەدەستدانی بڕوای راستەقینە. لەبەر هەمان بەڵگە هەندێ جار دەگوترێت، ئەگەر هاتوو من وتەی خوام بەراوردکرد لەگەڵ لۆجیک و زانست، ئەوا لە راستیدا من زانست و لۆجیکم پەرستووە، نەک خوا!. رەنگە بۆ کەسانێک ئەو بۆچوونە ببێتە هۆی دڵتەنگی و نیگەرانی، کە دەڵێت دەبێ بڕوای ئاینی بێ هیچ بەڵگە و سەلماندنێک قبووڵ بکرێت. بەڵام بەپێی بۆچوونی کەسی ئیمانداری راستگۆ، نەبوونی ئیسپات هیچ گرفتێک نابێت بگرە مایەی خۆشحاڵیشە. سورن کیرکیگار Sören Kierkegaard (1813-1855)، هزرڤانی دانیمارکی، بە تووندی گاڵتە بەو کەسانە دەکات کە حەقیقەتی ئاین بە شێوازێکی مەوزوعی و بێلایەنانە detachedو لە رێگای بەڵگەو سەلماندنەکانەوە لێکدەدەنەوە. ئەوان ئەوەیان لەبیردەچێت کە لەم حاڵەدا بوونیان وەکو بوونەوەرێکی مرۆیی دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەوە. (ئەمەش بە تەواوی وەکو ئەوە وایە کەسێک لە نێو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن لەسەر ئەو بناغەیە هاوسەرەکەی هەڵبژێرێت، کە ئەو هاوسەرە لە پێشبڕکێی شای ئەنداماندا یەکەمی بەدەست هێناوە!). سەرەڕای ئەوەش تێدەگات کە لێکدانەوەی عەقڵی و ئاینی و پرۆسەیەکی نزیککەرەوەیە approximation process و تاک لە نێو ئەو پرۆسەیەدا وردەوردە لە وەڵامی کۆتایی نزیک دەبێتەوە، بەڵام هەرگیز وەڵامی تەواوی دەستناکەوێ؛ هەمیشە بەڵگەی تر دێتە پێشێ ئەو، کەسە دەبێت تێبینیی بکات و کتێب و وتاری تر هەن



دیکارت

ئێمه گەر توانیمان بوونی خواو خۆشەویستیی ئەو بۆ ئێمەی مرۆڤ بسەلمێنین، ئەوکاتە بڕوابوون بەخودا کارێکەو دەبێ بکرێت. تەنانەت ئەگەر لێکدانەوەکانمان سەرکەوتوو ببوایە ئەوکاتە ئەو داوایە (واتە بەدەستهێنانی زانین لەبارەی خواوە) بەدی نەدەهات، بەڵکو وندەبوون!

که دەبێ بیخوێنێتەوە و هەڵیسەنگێنێت. ئەڵبەتە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاک، بڕیاردانەکەی دەربارەی ڕەتکردنەوەو قبووڵکردنی خوا تا ئەبەد دوادەخات. بەڵام کەسێک بە ڕاستی نیگەرانی ڕۆحی خۆیەتی، دەزانێ کە (هەر چرکەیەک بێ بوونی خوا تێپەڕێت، مانای ونبوونە)(٢٠). لە ڕاستیدا ئێمه گەر توانیمان بوونی خواو خۆشەویستیی ئەو بۆ ئێمەی مرۆڤ بسەلمێنین، ئەوکاتە بڕوابوون بەخودا کارێکەو دەبێ بکرێت. تەنانەت ئەگەر لێکدانەوەکانمان سەرکەوتوو ببوایە ئەوکاتە ئەو داوایە (واتە بەدەستهێنانی زانین لەبارەی خواوە) بەدی نەدەهات، بەڵکو وندەبوون! یان بە پێی ڕاگەیاندنی کیرگیگارد: بێ ترس، ئیمان بوونی نییە. ئیمان تەواو ناکۆکییەکە لە نێوان هەڵچوونی بێ سنووری ڕۆح و گومانە مەوزوعییەکان. گەر من توانای ئەوەم هەبێت بە شێوەیەکی مەوزوعی خوا بناسم، ئەوا بێ ئیمانم. بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە مەوزوعییە نەتوانم ئەو کارە بکەم کەواتە دەبێ ئیمان بێنم. گەر بمەوێ خۆم لە شیوی ئیمانا بپارێزم، ئەبێ بەردەوام خۆم هەڵواسم بەو یەقین نەبوونە مەوزەعییەوە تا لە قوڵایی ئاو، لە قوڵاییەکی هەفتاد هەزار فاتۆمیش** ئیمانم پارێزراو بێت(٢١).

باشە ئەگەر هاتوو ئەو بەڵگەو سەلماندنانەی کە پاڵپشتی بڕوابوون بە خوا دەکەن، هیچیان کەڵکیان نەبوو، ئەبێت ئەو کاتە تاک چۆن ببێتە کەسێکی ئیماندار؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسانە: ئێوە دەبێ لەگەڵ خۆتاندا پەیمان ببەستن و بەرەو ناخی ئیمان هەنگاو بنێن، واتە ئیمان بێنن بێ ئەوەی هیچ جۆرە بەڵگەو سەلماندنێکتان لەبەردەستا بێت کە باس لە ڕاستی و دروستیی بڕواکانتان بکات (بێ ئەوەی داواکاریی ئەم جۆرە بەڵگە و سەلماندنانەش بیت). دەتوانین بەم چیرۆکەی خوارەوە چەمکی بازدانی ئیمان leap of faith ڕوونکەینەوە: تۆو بەشێک لە هاوەڵەکانت بەشداریی میوانداریيەک دەکەن لە دەرەوەیماڵەوە سازکراوە. پاش ماوەیەک گەرموگوڕیی میواندارییەکە ڕوو لە کزبوون دەکات. یەکێک لە هاوەڵەکان تەنیا بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکە گەرموگوڕ بکات، پێشنیاری ئەنجامدانی گرەوێکت لەگەڵدا دەکات: گرەو لەسەر چل دۆلار ئەکات، ئەو گرەوەش ئەوەیە کە تۆ لەو تاریکییەی کە چاو چاو نابینێ بڕۆیت نەکەویتە نێو حەوزی مەلەوانیی میوانخانەکەوە. (مەلەوانخانەکە لە پاینی بەرزیەکەو بە تەواویش دوورە لە جێگا ڕووناکەکە، کە میواندارییەکەی تێدا سازکراوە). ئێوە ئەزموونێکی باشتان لە مەلەوانیدا هەیە، بۆیە ڕازی دەبیت بە گرەوەکە. خۆت ڕووت دەکەیتەوەو بەرەو کەناری مەلەوانخانەکە دەڕۆیت. بێگومان میوانەکان هەر هەموویان ڕەدووی تۆ دەکەون؛ لەبەر تاریکایی کەس بەرپێی خۆی نابینێ، ئەم کارەش تا بڵێی پێکەناوی ترە لەهەموو کارەکانی تر. دواجار دەگەیتە لای پلیکانی سەکۆی مەلەوانخانەکە و سەردەکەوێت. لە دەوروبەر هەراو هوریا بەرز دەبێتەوە: (بە بۆچوونی ئێوە بەڕاستی باز دەدات؟)، (پەلە مەکە، تەماشا کە، بابە دەترسێ!) هەر دەگەیتە سەرووی پلیکانەکە، بۆ یەکەمین جار ترس داتدەگرێ و بیردەکەیتەوە: ئێستا سەرەتای بەهارەو دواین جار کە حەوزەکەت بە ڕووناکی دیتبوو، لەبەر زستان خالیان کردبۆوە تا پاکی بکەنەوە، ئەوەندە تاریکە ناتوانی ببینی

ئایا حەوزەکە ئاوی تێدایە یان نەخێر. سەرباری ئەوەش، خانەخوێکەت کابرایەکە بە گاڵتەجاڕی و سوعبەتچی ناسراوە؛ بەزۆریش ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو ویستبێتی تۆ خۆت بۆ نێو حەوزێکی بەتاڵ هەڵدەیتە خوارەوە. گەر ئێوە بۆ دڵنیابوون لەم کارە بە پلیکانەکان بچیتە نێو حەوزەکە، ئەوا هەمووان دەڵێن نەتتوانی خۆت هەڵدەی و گرەوەکە دەدۆڕێنی. بەڵام ئێوە توانای دۆڕاندنی چل دۆلارتان نییە، بۆیە خۆت هەڵدەدەیت.....

## سەرچاوەو پەراوێز:

1. U. S. News and World Report, March ١٦ , ١٩٨٧ , pp. ١٠-١١.

پاشان ئەم حوکمە لە لایەن دادگای تەمیزەوە وەلاوە نرا.

٢. ئەبێ ئەوەش بووترێت زۆر لەو باوکانەشی منداڵەکانیان ئەخەنە بەر خوێندن لە قوتابخانە ئاینیەکان، ئەوان ئەم کارە بەو بەڵگە نەفی و پاڵپێوبەنەرانە ناکەن کە لێرەدا باسکراون.

٣. تێرمی ئیمان (بەو شێوەی کە لە کۆنتێکستە ئاینییەکان بەکارئەهێنرێت) مانایەکی ئاڵۆزتری هەیە. زۆرجار ئەم تێرمە رووی مەعریفیشی هەیە، پێویستی ئیمان بریتییە لە بڕوابوون بە راستییە سەرەتاییەکانی بڕوایی ئەو ئاینەو لە هەمان کاتیشدا بڕوایان وایە کە ئیمان ئەبێت رووی ئیرادیی هەبێت یان لەگەڵیا بێت، ئەو رووەی کە لە قاڵبی پەیمان لە بارەی بابەتەکانی ئیمان و گوێڕایەڵی کە لە فرمانەکاندا دەرئەکەوێت؛ لە هەمان کاتدا ئیمان رەنگە رووی سۆزداریشی هەبێت کە لە رەگەزی پشتبەستن یان عیشقە. ئێمە لەم بەشەدا زیاتر مەبەستمان لە رووی (بڕوایی) ئیمانە، بەڵام بە هیچ جۆرێک نامانەوێ لە لایەنەکانی دیکە کەم بکەینەوە.

٤. بڕوانە:

Blais Pascvaal, Pensées, trans. W. F. Trotter, and The Provincial letters, trans. Thomas M'Crie ٥ New York: Random House , ١٩٤١), p. ٨٣.

٥. بڕوانە:

Paul W. Gooch, Partical Knowledge: Philosophical Studies in Paul (Notre Dame, IN: University of Notre Dame Press , ١٩٨٧), p. ٤٢.

٦. بۆ نموونە بڕوانە: نامەی پۆلیسی پەیامبەر بۆ کۆرنتیان، بەشی پانزەهەم

٧. ئاگاداری جیاوازی نێوان لا

٨. ئەو سێ دیدگا سەرەکییەی کە لەم بەشەدا خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە دەرئەنجامی شیکردنەوەی ئەمڕۆن، دەربارەی ئەم بابەتانە، بە درێژایی مێژوو فەیلەسوفەکان بۆ شەرحکردنی باسەکانیان ئەم جۆرە وەسفانەیان بەکارنەهێناوە. لە راستیدا سەختە بە ئاسانی هەندێ لە هزرڤانان لەم پۆلینکردنەدا دایانێیت. بۆ نموونە زۆر لە دەستەواژەکانی باسکاڵ دەنگی ئیمانداریان هەیە، بەڵام ئەگەر لە کۆدا بڕوانینە حاڵەتی دەستەواژەکانی زیاتر بە شێوەی (عەقڵانی رەخنەیی) ئەنوێنێ. ویلیەم ئابراهام و ئیستیڤان ئیڤانس لەم دوو کتێبەی خوارەوە شیکردنەوەیەکی تا رادەیەک لەیەکچوویان هەیە دەربارەی هەموو ئەو جۆرە تیۆرە ئەڵتەرناتیڤانەی کە دەربارەی عەقڵ و ئیمان خراونەتە روو:

William J. Abraham, An Introduction to the Philosophy of Religion (Englewood Cliffs, NJ: Prectice-Hall, ١٩٨٥, Chaps. ٧, ٨, ٩, ١٠).

Stephen Evans, Philosophy of Religion: Thinking About Faith (Downers Grove, IL: Inter Varsity Press, ١٩٨٥, Chap. ١).

٩. لێرە عەقڵانی لە بەرامبەر ناعەقڵانی ئیمانخوازی بەکارئەهێنرێت. بە شێوەیەکی گشتی بە پێی ئەم مانایە پێویستی عەقڵانی ئەوەیە کە پشت بە عەقڵ یان مێشک

ببەستین لە داوەریکردنمان لەبارەی کردارو بڕواکانمان. لە ئەپستیمۆلۆژیدا عەقڵانی بەکارئەهێنن لەبەرامبەر ئەزموونگەرای. بەم مانایە عەقڵانی واتە بڕوابوون بەوەی کە زۆربەی راستییە گرنگەکان بە یارمەتیی (عەقڵی پەتی) و بە بێ پشتبەستن بە ئیدراکە هەستییەکان زانراون. لەم بەشەدا، زاراوەی عەقڵانی وەک دوایین مانا بەکارنەهاتووە.

١٠. بە پێی ئەو بۆچوونە تایبەتیەی دەربارەی (پڕۆڤە) پێشکەشمان کرد، پێویست نییە بە یەقینی بنبڕ راستی بڕوایەک ئاشکرا بێت. بەڵام بە لایەنی کەمەوە ئەبێ ئەوە ئاشکرا بێت لەسەر بونیادی ئەو جۆرە قەرائینانەی لەبەردەستتان، راستگۆیی ئەو لە درۆی زیاترە (واتە ئەگەری راستی ئەو قەرینەیە ئەبێ لە نیوە زیاتر بێت).

١١. William K Clifford, «The Ethics of Belief, » in George I. Mavordes, ed., The Rationality of Belief in God (, Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall ١٩٧٠ ), pp. ١٥٩-٦٠.

١٢. Clifford, pp. ١٥٢-٥٣.

١٣. Clifford, pp. ١٦٠.

١٤. بۆ ئاشنابوون، لەو وتووێژە مەزنە دەربارەی رایەکانی لاکان بڕوانە:

Nicholas Wolterstroff, « The Migration of the Theistic Arguments: From Natural Theology to Evidentialist Apologetics, » in Robert Audi and William J. Wainwright eds., Rationality, Religious Belief, and Moral Commitment ( Ithaca, NY: Cornell University Press ، ١٩٨٦), pp. ٣٨-٨١.

١٥. جیاوازییەکی گرنگ ئەوەیە کە تۆماس، بە پێچەوانەی کلیفۆرد و لاک، پێی وا نییە کە بەرپرسیاری درککردن بە ئاراستەی عەقڵی بڕواکان لەسەر شانی یەک بە یەک لە تاکەکانی کۆمەڵ (تەنانەت تاک تاکە پێگەیشتووەکانیش) نییە. بۆ ئاشنابوون لە راکانی تۆماس بڕواننە وتارەکەی ولتەر ستۆرف (لە ئاداشتی ژمارە ١٤ هاووە) و ئەم وتارەی ژێرەوە:

Ralph McInerny, « Analogy and Foundationalism in Thomas Aquinas, » in Audi and Wainweight, pp. ٢٧١-٨٨.

١٦. بڕوانە

Richard Swinburne, The Existence of God (Oxford: Oxford University Press, ١٩٧٩) and Faith and Reason (xford: Oxford University Press, ١٩٨١)>\.

١٧. ئەو فەیلەسوفە نوێیانەی دیکەش کە بەدووی ئەم ئامانجەدا رۆیشتوون، ئەتوانین لەوانە ئاماژە بکەین بە ئادمۆند هوسرل (١٨٥٩-١٩٣٨) و برتراند راسل (١٨٧٢-١٩٧٠).

١٨. لە نێوان ئەو فەیلەسوفانەی کە دژ بە ئامانجی (عەقڵی رەهاو بێبەری لە پێش فەرز) ئێستدلالیان کردووە ئەتوانین ئاماژە بە لودڤیگ ڤیتگنشتاین (١٨٨٩-١٩٥١) و هانس جۆرج گادامەر (-١٩٠٠) بکەین.

١٩. Faith-ism وەرگیراوە، بریتییە faith بە مانای (ئیمان) ( fides ئەم وشەیە لە وشەی لاتینی FEE-day-ism

٢٠. Sören A. Kierkegaard, Concluding Unscientific Postscript, trans. David F. Swenson and Walter Lowrie (Princeton, NJ: Princeton University Press, ١٩٤١), pp. ١٧٨-٧٩

٢١. Kierkegaard, p. ١٨٢.

***Fideism فیدیزم واتە ئیمانخوازی، زانستی بڕوابوون بە خوا یان ئاینێک. وەرگێڕ.**

****فاتۆم یەکەیەکی پێوانەیە بۆ ناو بەرامبەر بە یەک لەسەر هەشتی مەترێ یان ٦ پێ.**



## کەریم دەشتی:

# لەبنەڕەتدا شیعر ژانێکی بێ ئەرکە

### سازدانی: گەلاوێژی نوێ

کەریم دەشتی، یەکێکە لەو شاعیرە جدییانەی کە تا ئەندازەیەکی زۆر توانیویەتی خاوەنی دەنگو ڕەنگێکی جیاواز بێت، لەنێو ئەو شەپۆلە زۆرەی شاعیراندا لە رابردوو و ئێستاشدا، ئەو بە بوونی تایبەتمەندی لە فۆڕمی نووسیندا دەناسرێتەوە، بە دڵنیاییەوە هەموو شاعیرێک ناتوانێت خاوەنی ئەم شوناسە بێت، ئەوەی دەشتی-ی لەوانی تر جودا کردووەتەوە، بوونی ئاگاییو تێگەیشتنی قوڵی ئەوە لە چەمکو ڕەهەندە فکریو ئەدەبییەکان. بە کورتی کەریم دەشتی خاوەنی زیاد لە چاوێکە بۆ بینینو زیاد لە مەودایەک شک دەبات بۆ دەستبازی لەتەک زمانو بەخەیاڵێکی قوڵەوە لە جیهانو مرۆڤو سرووشتو شیعر دەڕوانێت.

ئەم دیدارە هەوڵێکە بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەر بە دونیا فراوانو پڕ لە فەنتازیاو ئیستاتیکییەکەی ئەو شاعیرە. لێرەدا دەبێ ددان بەوەدا دنێین ئەو گفتوگۆ ئەدەبیانەی لەڕێگەی ئامێرێکی ساردو سڕی ئەلیکترۆنییەوە ئەنجام دەدرێن، کەمتر وزە و گەرماییان تێدایە، بەڵام بەهۆی تێگەیشتنو ئەو پاشخانە رۆشنبیریو ئەدەبییەی کەریم دەشتی لەسەر پرسەکان هەیەتی، زیندوویێتییەکی باشی داوە بە وتووێژەکە...

***حەز دەکەین سەرەتا باسی ئەو چرکەساتەمان بۆ بکەی کە تێیدا هەستت کرد شاعیریت، ئەوە چۆن بوو؟**

-یەکێک لەو پرسیارانەی کە هەمیشە وەڵامی نوێ بەرهەمدەهێنێ و هەرچەند جارێ دووبارە ببێتەوە، هێزی ئەوەی هەیە چەندین شتی تازەی بۆ دابهێنیتەوەو بێ ئەوەی لە بەهای پرسیارەکەش کەم بێتەوە، ئەویش هەمان ئەو پرسیارەی بەرێزتانە. سەرەتا بۆ شاعیر لە هەموو تەڵەسمەکانی دیکەی پرۆسەی شیعری ئاڵۆزترە، چونکە هیچ یادەوەرییەک نییە هەڵگری ئەو قودرەتە دووربینە بێت، بتوانێ دەستنیشانی ئەو نهێنییە بکات، کە لە سەرەتادا مرۆڤ وا لێدەکات بنووسێ، یا بە شێوەیەکی دیکە بڵێم مرۆڤ ناچار بکات بچێتە ناو ئەو ڕاڕەوە مەعنەوی تژی نادیارییەوە، کە تا چاو هەتەر دەکا دونیای بەردەمی تەمتومان و شووشەی شکاوی یادو عەتری ڕژاوی ئومێدە. لە ڕاستیدا من دوای ئەوەی کە هەموو شتەکانی دەوروبەری خۆم پشکنی و بۆ ماوەیەکی زۆر باش لە ناو کتێبەکاندا ژیام، لە هەمان کاتدا شارەزای ئەو نێوەندانە بووم کە باس و خواسی ئەدەب و شیعری تیا دەکرا، لەگەڵ ئەو کەسانەدا بە ئیشقێکی زۆرەوە تەعاروفم کرد، کە ناوداربوون و شیعریان دەنووسی، هەروەها خانەوادەکەشم بە حوکمی ئەوەی باوکم زانایێکی ئایینی و شاعیر بوو، کتێب و کتێبخانەی هەبووە، هەموو ئەوانە هۆیەکی گرینگ بوون بۆ من وەک سەرەتای دەستپێکردن، هەر لەژێر ئەو کاریگەرێتییەشدا بوو، کە هەوەس و پێداویستی زەینی فیکری بەرەو دونیای شیعری بردم، کە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدابێت، هەمان بای هەزار نەزمی ئەو شیعرەیە ڕۆحی سەرگەردان کردووم و هەر ڕۆژەی بەرەو لایەکم دەبات، هەمان ئەو ساتەی یەکەم شیعرم تیا نووسی، تووشی ئەو هەموو خۆشییە نادیارانە بووم کە هەمان ئەو بایە بە هەموو خوێنمیدا دەسووڕاندەوەو نەیدەهێشت وچان بدەم، بێوچانی و نەسرەوتنم لە هیچ شوێنێکدا، یەکەمین سیمای شیعری سەرەتام بوو، ئەوساتە لەو تەزووە شیرینانە دەچوو، کە تەنها لە یادەوەرییەکانی منداڵیدا دەست دەکەوێ، ئەو یادەوەرییانەی کە بۆ ئەبەد جارێکی دیکە، بۆ خودی شاعیر دروست نابنەوە. کەواتە من ئەو گەوهەرانەم دۆزییەوە کە دەکرێ بڵێم گەوهەری ساتەوەختی نووسینن.

> سەرەتا بۆ شاعیر لە هەموو تەڵەسمەکانی دیکەی پرۆسەی شیعری ئاڵۆزترە، چونکە هیچ یادەوەرییەک نییە هەڵگری ئەو قودرەتە دووربینە بێت، بتوانێ دەستنیشانی ئەو نهێنییە بکات، کە لە سەرەتادا مرۆڤ وا لێدەکات بنووسێ...

***ئەو کتێبو نووسەرانە کامانە بوون کە پێش دەستبردنت بۆ نووسین، کاریگەرییان لەسەرت هەبوو.. یان چ کتێبێک و نووسەرێک دەرگای مەعریفەو ڕۆشنبیریی بە ڕووتا کردەوە؟**

-یەکێک لەو شیعرانەی کە بەڕاستی بەر لەوەی شیعر بنووسم، هێندە کاریگەر بوو بەسەرمەوە، هێندەی لەگەڵدا ژیام و هێندەم دووبارە کردەوە و خۆم دەخستە جێگەی کاراکتەرەکەیەوە، تووشی هەمان ئیشقی ئەو دەبووم لە کاتی خوێندنەوەیدا، شیعری (وڕێنەی دەمتای عاشقێک)ی شاعیر سەعدوڵڵا پەرۆش بوو. ئەم شیعرە لە خەیاڵی سەردەمی زوومدا، وەها دەهاتە بەرچاوم، کە ئەوە ئیدی عاشقەکەیەو هێندە لە تاو هیجرانی خۆشەویستەکەیدا سووتاوە، تووشی تایەکی گەرم گەرم بووەو لە ناو جێگەدا کەوتووەو وڕێنە دەکات، ئیدی ئەوە بۆ من مایەی ئازارو گریان بوو، مایەی تێگەیشتن بوو لە ئیشق.

یەکێک لەو کتێبانەی کە تاوەکو ئێستاشی

## زەمەنی ئەوە بەسەرچوو لەناو ئایدیای شیعردا یاری بە قژو چاو بکەیت، بەڵکو زەمەنی ئەوە هاتووە تۆ قژێکی جوانتر دروست بکەیت...

لەگەڵدابێ هەر بە ئیشقی ناوەرۆکی ئەو کتێبەوەیە قسە لە ئەوین دەکەم و باسی ئەشق دەکەم، هەرگیز لە خەیاڵی ئەوان سەردەمانی ئەو کتێبەوە رزگارم نەبووە، کتێبی (شمشاڵی شوان)ە، کە هی نووسەری مامۆستا محەمەد ساڵح سەعید-ە. بەڵام ئەوانەی کە دەرگای رۆشنبیری و مەعریفەییان لە مندا کردەوە زۆرن، هەر لە کتێبی فڕی فڕی قەل فڕی، تا دەگاتە کتێبەکانی کامۆ، دانتی، کازانتزاکی، کۆلن ولْسن، مارکس، لەنین، بەرنادشۆ، نالی، مەحوی و کلاسیکیاتی کوردی و شیرکۆ بێکەس، پەشێو، پیربال مەحمود، شاعیرانی مەهجەری عەرەبی، محەمەد ماغوت، نەزار، هتد....

***مرۆڤەکان بۆچی دەنووسن.. ئایا ئەو قسەیە راستە کە نووسین بۆ خۆرزگارکردنە لە واقیع، یاخود ئەوەیە کە (رەزا بەراهانی) دەڵێت: نووسین گەڕانێکی قارەمانانەیە بۆ دۆزینەوەی رۆحی مرۆڤ لە رێگەی گێڕانەوە؟**

-نووسەرێکی ئەفغانی هەیە دەڵێت (دونیا لەسەر دەستی قارەمانەکان خرابووە)، لە راستیدا نووسین لەگەڵ ریزم بۆ بەراهانی کە نووسەرێکی گەورەو زەبر بەدەستی فارسە، گەڕانێکی قارەمانانە نییە بۆ من، بەڵکو گەڕانێکی نائومێدانەی گەورەیە لەدوای کەوتنی مرۆڤ و ئازارارەکانی ئەودا، گەڕانێتی بەدوای ئەو سێبەرە ونانەی کە نووسەر تا دوا ساتەکانی ژیانی بە ناپاری بەدوایدا دەگەڕێ تا بیدۆزێتەوەو تۆزێ بحەسێتەوە. گەڕانێکە بۆ ئەوەی شوێنێ بدۆزێتەوە بتوانێ تیایا دوور لە چاوی نەهامەتییەکانی ژیان و دوور لەو رەشابایانەی کە خەریکە لەم سەردەمەدا چاوی ئینسان هەڵدەکۆلن و بواری نادەن بحەسێتەوە، لە ناو ئەدەب و دەقدا کاری قارەمانانە کارەکتەرەکان ئەنجامی دەدەن نەک خاوەنی دەقەکان، دەخوازم بڵێم ئەدەب و رۆشنبیری و دەق، بوارێکە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لەگەڵ بادا رابکەن، بۆ ئەوەی رزگریان بێت وەک سارتەر دەڵێت لە —ئەوانی دیکە— نەک روبەڕووبوونەوەیان، ئەنگیزەی نووسین ئەنگیزەیەکی نادیارو ئاڵۆزە، من پێم وایە نووسین تاکە سەلوایەکە نووسەر خۆی پێ خەریک دەکات، هۆیەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ بەرگەی ئەم ژیانە بگرێت و رزگار بێت لە ناجەدواکانی ،

***بەڕای زۆرێک لە خوێنەرانی شیعرەکانی تۆ (کتێبی پیرۆزی ئاشقان) یەکێکە لە دیوانە دەگمەنو ناوازەکانی تۆ، ئەوەی بووەتە هۆکارێکی ئاشکرای قوڵیو جوانی شیعرەکانی ناو ئەم کتێبە، خۆدزینەوەیە لە درێژکردنەوەو کۆتایی هێنانی هەناسە شیعرییەکانتە بە کەمترین وشەو دێڕ. ئەمەوێ بپرسم سیحری ئەو جوانییەت لەکوێدا کەشفکرد؟**

-لە شیعردا کورتی و درێژی سۆنگەیەکی گرینگ نییە، ئەوەی لە شیعردا گرینگە کاریگەرییەکانیەتی، چۆن دەتوانێ خۆی بگەیەنێتە ناو خانەکانی زەینی مرۆڤ و ئاسەوارەکانی خۆی جێ بهێڵێ.

پێم باشە بڵێم شیعر لە ئەمڕۆکەدا زیاتر بۆ چوونە ناو مانا گرینگەکانە، ئەو مانایانەی کە خۆیان لە شوێنە قایمەکان حەشارداوە، ئەو مانایانەی هەموو کەسێ پەییان پێ نابات، واتە شیعر دەبێ شۆڕبێتەوە ناو ئەو کەلێنو شەقارانەی کە کۆدی مانا بەرزەکانی تێدا ون بووە. ئەمڕۆکە شیعر ئەگەر وێڵی واتا نهێنییەکانو واتا دامەزرێنەرەکان نەبێت، ناتوانێت لەناو دونیای پڕ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیدا



لە شیعردا کورتی و درێژی سۆنگەیەکی گرینگ نییە، ئەوەی لە شیعردا گرینگە کاریگەرییەکانیەتی، چۆن دەتوانێ خۆی بگەیەنێتە ناو خانەکانی زەینی مرۆڤ و ئاسەوارەکانی خۆی جێ بهێڵێ.

هاوشان لەگەڵ داهێنانەکانیدا بژیت، بۆیە شیعر لە ڕۆژی ئەمڕۆکە جیاوازە لەگەڵ شیعری ڕابردوو، کە دەکرێ باسی درێژی و کورتیی تێدا بکرێت. شاعیرانی ئەمڕۆکە ڕێگە بە خۆیان نادەن هەموو شتێک کە هاتە بەرقەڵەمیان بینووسنەوە، بەڵکو ئەو شتانە دەنووسنەوە کە هەندێ جار قەڵەم دەشکێنێ، زەمەنی ئەوە بەسەرچوو لەناو ئایدیای شیعردا یاری بە قژو چاو بکەیت، بەڵکو زەمەنی ئەوە هاتووە تۆ قژێکی جوانتر دروست بکەیت، پەیکەرێ دابتاشیو ڕۆحی وەبەربێنی، ئەمڕۆکە شیعر دەچێتە ناو هاوکێشە فەلسەفییەکان، بەڵام فەلسەفە نانووسێتەوە، ڕەنگە فەیلەسوفەکان بۆ نووسینی فەلسەفەی خۆیان سوود لەو جۆرە شیعرانە وەرگرن، کە من گوزارشتیان لێ دەکەمو لە بارەیانەوە دەدوێم، بەڵام شیعر ناتوانێ فەلەسەفە بکات بەسەرچاوە بۆ خۆی، چونکە شیعر لە دەرەوەی دیوارەکانی فەلسەفەو حەقیقەتە فەرزکراوەکانیاندا دەوەستێو مانایەک بۆ ژیانو بوون دروست دەکا. هەموو ژانرەکانی فەلسەفە لە پێناوی ئیقناعکردنی بەرامبەر کار دەکەن، بەڵام شیعر لە پێناوی دروستکردنی واهیمییەک کار دەکات کە مانایەک بدا بە ژیانو مرۆڤ لە هەڵدێرەکانی پرسیاری ترسناک ڕزگاری بکات، شیعری ئەمڕۆکە هۆیێکی گرینگە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ڕارەوەکانی بێهوودەیی‌و نائومێدی لەم سەرزەمینە نەجات بداو بتوانێ بە سواری پشتی گەلایێ گەورەترین حووتی وەڕسیو بێزاری ڕاو بکات. ئەگەر ڕابردووی شیعری کوردیو هەتا ئێستاش لەبەر پەنجەرەوە سەیری مانگی دەکردو ڕایدەکێشایە سەر زەوی، ئێستا شیعر لەسەر زەوییەوە ڕەگوریشەی مانگێکی جوان دروست دەکات، مانگێ لە هەزاران پارچەی ماناو واتا خۆی شووشتبێ. بە کورتی شیعر دەبێ پارسەنگی مانەوە بێو جەدوایێک بۆ ڕۆژانەمان دروست بکاتو نەهێڵێت بخنکێین. هەر ئەمەشە سیحری شیعرو سیحری جوانی.

رەنگە فەیلەسوفەکان بۆ نووسینی فەلسەفەی خۆیان سوود لەو جۆرە شیعرانە وەرگرن، کە من گوزارشتیان لێ دەکەمو لە بارەیانەوە دەدوێم، بەڵام شیعر ناتوانێ فەلەسەفە بکات بەسەرچاوە بۆ خۆی، چونکە شیعر لە دەرەوەی دیوارەکانی فەلسەفەو حەقیقەتە فەرزکراوەکانیاندا دەوەستێو مانایەک بۆ ژیانو بوون دروست دەکا.

***میوەو ئاو و موزیک، سێ موفرەدەن بەزۆری لەناو تێکستەکانی تۆدا بوونیان هەیەو هەر جارەو بە مەدلولێکی جیاوازەوە بەرهەم دێنەوە. ئایا ئەم شتانە تەنها لە ڕەهەندە ئیستاتیکیو چێژبەخشەکەوە سەیر دەکەیت، یاخود لە زەینی خۆتدا ماناو دەلالەتی دیکەی شاراوەیان هەیە.**

-موفرەداتەکان هەمووی موڵکی شیعرو شاعیرن، ئەمە دیاردەی هەموو چاخەکانە کە خوێندنەوە لە برگەیێک لە برگەکانی مێژوو کز دەبێ، ناتوانێ ماناو دەلالەتە شاراوەکانی شیعر ئاشکرا بکات، مێژوو هەمیشە هەڵگری خاڵە پۆزیتیفەکان نییە، چونکە تژیی هۆکاری جیاجیایە، خوێندنەوە کارێکی ئەستەمو دژوارە بۆ ئەوانەی دەزانن بخوێننەوە، خوێنەر دەبێ خوێندنەوەیێکی قووڵو برشتئامێزی هەبێو دیقەتدار بێ بۆ سەرجەم بابەتەکانی داهێنانو کەرەستەکانی گواستنەوەی چەمکەکان بۆ ناو هزرو زەینو تێڕامان. خوێندنەوە پرۆسێسێکی مەعریفیی گەورەیە، دەستووری دژواری خۆی هەیە، من لە شوێنی تر باسم کردووە، خوێندنەوە وەک ئەوەی من باسی دەکەم بریتی نییە لە کردنەوەی کتێبو بەس، بەڵکو بریتییە لە وەرگرتنو گەمەی واتاکان، پەیبردن بە هەزمکردنی چەمکەکان، ئاشکراکردن، بێ ئەو هاوکێشەیە خوێندنەوە دەبێتە ڕەوتی ناو پۆلەکان، لەو ڕووەوە سەیری خوێندنەوەکانی ئەدۆنیس بکە بۆ کولتووری ئەدەبیو

**شاعیر لە پشتی نووسینی شیعرەکانی خۆیەوە، هیچ هیواییێکی دیکەی نییە جگە لەوەی کە ببێتە سەلوا بۆ ڕۆحی خۆی، ببێتە وەڵام بۆ ئەوپرسیارانەی کە لە ڕۆحیا سەرهەڵدەدەن...**

شیعری عەرەب لە (الثابت والمتحول)دا، هەورەها خوێندنەوە ئیدوارد سەعید بۆ کاری ڕۆژهەڵاتناسیو خوێندنەوەی (صادق جلال العظم) بۆ کولتووری ئایینیو خوێندنەوەی (ت. س. ئەلیوت) بۆ رەخنەی میتافیزیکی. کە دەڵێم شیعر پارسەنگی ژیانە، من بۆ ئەوانە قسەدەکەم کە لەو نێوەندەدا ژیان دەبەنەسەر، شاعیر لە پشتی نووسینی شیعرەکانی خۆیەوە، هیچ هیواییێکی دیکەی نییە جگە لەوەی کە ببێتە سەلوا بۆ ڕۆحی خۆی، ببێتە وەڵام بۆ ئەوپرسیارانەی کە لە ڕۆحیا سەرهەڵدەدەن. شاعیر هەمیشە لە گێژاوێ دەژی کە خودی کتێب و قەڵەم و نووسین بۆی دروست کردووە، خۆ ئەگەر شاعیر خۆی نەچووبایە نێو ئەم جۆرە ژیانەوە، ئەویش وەکو ئەوانی دیکە دەژیا، خولیاییێکی نەدەبوو بۆ پرسیارکردن، هەمیشە قەڵەم و کتێب مرۆڤ دەخەنە داوی گیرۆدەیی بیرکردنەوە، وا لە مرۆڤی شاعیر دەکات هەمیشە بەدوای ئەلتەرناتیڤێکی باشتری ژیانی فیکری بگەڕێ، وای لێدەکات شۆڕببێتەوە ناو قوڵاییەکانی بیرکردنەوە، بەکورتی کتێب لە ئەنجامیشدا وا لە شاعیر دەکات کە مرۆڤێکی دیکە بێ، گیانێکی جیاواز بێ، بەدیدێکی دیکە جیا لە دەوروبەر سەیری دیاردەکانی ژیانی ڕۆحی بکات. بەمجۆرە شیعر بۆ شاعیر پارسەنگێکی بەهێزی ژیانە.. ئەگەر بەوردی سەیری ئەو شاعیرە گەورانەی بواری سۆفیگەرێتی بکەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شیعر چۆن پارسەنگی ژیانی ئەوان بووە.. هەندێ جار بویەری شیعری ئەوانی ڕاپێچ داوە کە خاک و نیشتمانی خۆیان.. زێدی خۆیان جێ بهێڵن و لەناو دەقی شیعرەکانیاندا خاک و زێدو نیشتمانی خۆیان دروست بکەن، یا هەندێ جار شیعر وای لێکردوون خاک و نیشتمان و زێدی خۆیان لەنێو شەهادەتدا لەپێناوی دەقێکی شیعری جاویدانی دروست بکەن، ئالێرەوەیە من دەڵێم شیعری ڕاستەقینە، شیعرێ کە بە هەڵکفانی خوێن دەنووسرێ، چارەنووسی شاعیر دەگۆڕێ لە تەواوی مرۆڤەکانی سەرزەمینی جیا دەکاتەوەو ڕووەو پاکییێکی جاویدانی و عەشقێکی ئەبەدیی دەبات تا وای لێدەکات لە ترۆپکی سۆزو وژدێکا بوونی جەستەیی نامێنێ و دەکەوێتە ناو حاڵەتێکی هولامی و بەرجەستە نابێ. لەکاتی خوێندنەوەکانی خۆمدا جیاوازی ناکەم لە بەرهەمەکان، هەموو ئەو بەرهەمانەی کە لە یەکەم دێرەوە ڕامدەکێشن تا دوا بڕشتی خۆم لەگەڵیان دەبم.. هەندێ بەرهەم بەڕادەیەک سەرسامم دەکەن، حەیفە دیقەتی خۆمانی بۆ تەرخان بکەین.



له هەرشوێنێک بم بیر لە نووسین دەکەمەوە، چونکە دەزانم بێ نووسین رۆدەچم و دەتوێمەوە، بێ نووسین هەست بە هیچ ئاسەوارێکی خۆم ناکەم، تەنانەت ئەو کاتانەی کە نانووسم هەست بە بوونی تەواوی خۆم ناکەم..

***ئەدۆنیس پێی وایە هەموو شاعیرێکی مەزن، رۆشنبیرێکی مەزنیشە، ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆرێک بەناوی رەخنەوە دەڵێن گوایە شیعرنووسین پرۆسەیەکی ئاسانەو پێویستی بە باکگراوندی رۆشنبیریو ئاستی مەعریفی نییە.. تۆ رات چییە لەم بارەوە؟**

–لە ڕاستیدا هەتا لەو سەردەمانەش کە ژێردەستییو کۆیلایەتی هەبوو، شیعر بەرگریی لەوە کردووە کە نابێ مرۆڤ ژێردەستەو کۆیلەو بێ ڕوشنبیری بێت، بەڵام ئەگەر بە وردی بچینە بنجو بنەوانی ئەو شیعرانەی کە بۆ ئەم مەبەستە نووسراون، سەیر دەکەی لە جیهانو تەڕێتیی شیعردا چوونەتە دەرەوەو بوونەتە نەزمێکو رۆحی شیعریان لەناودا کاڵبووتەوە، دەخوازم بڵێم شیعر زیاتر گەمەیەکی ئیستاتیکییەو شاعیر لەناو دەقدا یاری بە زمانو

ماناو رستە دەکات بۆ ئەوەی دەقێکی سیحراوی پێشکەش بکات، تا ئەوەی بەرامبەر بە خودی خۆی سەرسام بکات، ناکرێ بڵێین ئەرکی شیعر رزگارکردنی کۆمەڵگەیە، چونکە لە بنەڕەتدا شیعر ژانرێکی بێ ئەرکە، رەهایە، دژی فەزای سنووردارە، مومارەسەی جۆرێک لە پەرستنە لە ویژدانو رۆحو نابینراودا دیقەت دروست دەکات، بۆیە کە بوو بە مەیدانی سیاسەت، هاوکێشەکە تێکدەچێ... شیعر میحرابی پاکییەو سروتی ئاشکراکردنی نهێنییەکانی زەینی شاعیرەو ناکرێ کۆتو پێوەندی بۆ ساز بکەین. گەورەترینو پرسەداترینو پڕ ئاوازترینو کاریگەرترین چەمکی شیعر سەدای گریانی رۆحە، ئەو رۆحەی تا ئێستا مرۆڤ نازانێ لەپای چییەو لە سۆنگەی چییە هەمیشە لەگریاندایە، ئایا گریان راستەقینەی رۆحی مرۆڤە؟! ئایا لە ئەزەلەوە کە مرۆڤ بەزریکەوە لەدایک دەبێ، ئەو زریکەیە بووەتە سروشتی رۆحی مرۆڤ کە هەمیشە لە پەنا ئەو پەسوە خەمگینەدا سەدایەک بەرز دەبێتەوە بانگمان دەکات، بەڵام هەرگیز نە بەشوێنی ئەو سەدایە دەزانین، نە پەی بە وشەو پیتی ئەو سەدایە دەبەین، بۆیە شاعیران ناچار پەنا بۆ ئەو شیعرە دەبەن کە تەنها ئەو دەزانێ، هەمان ئەو گریانە لە کوێوە دێت، نهێنیی ئەم گریانە چییە؟ دەق هەمان پرسیاری گۆرانی گەورە دەکات (چییە ئەی رۆحی بێ لێوارو بێ پەی لە تۆ ناشارەزایی من هەتاکەی؟) بەڵێ شیعر پرسیاری خولقاوی ئەم سەدایەیە، گریانی رۆحی هەڵکروزاوی مرۆڤ، شیعر دەنگدانەوەی ئەم گریانەیەکە سەلوایەکمان پێ دەبەخشێ.

***ئەزموونی نووسین یەکێکە لە ژانرە گرینگەکانی شیعر، لەم رووەوە دەکرێ شتێک لە ئەزموونی شیعری خۆت باس بکەیت؟**

-نووسین بۆ من رەزمی مانەوەیە، رەزمی ناوەوەی ژیانە، بۆیەش هەمیشە لە هەرشوێنێک بم بیر لە نووسین دەکەمەوە، چونکە دەزانم بێ نووسین رۆدەچم و دەتوێمەوە، بێ نووسین هەست بە هیچ ئاسەوارێکی خۆم ناکەم، تەنانەت ئەو کاتانەی کە نانووسم هەست بە بوونی تەواوی خۆم ناکەم. رەنگە هەبن ئەوە بە حەقیقەتێک نەزانن، بەڵام ئەوان خۆیان وان و هێشتاکە شارەزای ئەم لۆگۆسە نەبووینە. کاری نووسین پەڕینەوەیە بۆ جیهانێک جگە لە خودی نووسەری راستەقینە کەسی دیکەی تێدانییە، جیهانێک زێتر لە شەوق وسیحر دەچێ، لە فەریکی ئەو گوڵگەنمە دەچێ کە شیری ژیانی تێدا دەجمێ و دەکەوێتە سەماوە، بۆیە نووسین لە دیدو بۆچوونی من ئەنجامدانی فەرزەکانی ئایینێکە لە هی ئایینێکی دیکە ناچێ، کە ئەمە درامای نووسین بێ، دەبێت نووسەر بە چ درودێکەوە بچێتە نێو ئەو پەرستگا پیرۆزەوە؟ چۆن لەبەردەم ئاگری نێویەوە بنوشتێتەوە؟ ئەمەیان نهێنییەکە تەنیا ئەوکەسانە پەی پێ دەبەن کە لە ناوەوەی پەرستگەکانی خۆیان سرووتی داهێنان بەرێوەدەبەن. کاتێک قەڵەم دەگرمە دەست و دەچمە ئاوایی شیعر، تەکانێکی بەهێز دەدەمە بەر خۆم و خوێنێکی هێجگار زۆری جەستەم دەخەمە خرۆش، بۆ ئەوەی بتوانم بەرگەی ئەو هەموو پۆلیە ئاگرانە بگرم کە لە نادیارەوە دەبارێنە سەر رۆحم. زۆرجار لەخۆم دەپرسم و بەنێو کتێبەکانەوە دەگەڕێم، دەچمە قوڵایی هەموو کێشەکان، هەر بۆ ئەوەی بزانم ئاخۆ ئەم هەموو ئاگرە لە کوێوە دێ و هێندە بە

> -نووسین بۆ من رەزمی مانەوەیە، رەزمی ناوەوەی ژیانە، بۆیەش هەمیشە لە هەرشوێنێک بم بیر لە نووسین دەکەمەوە، چونکە دەزانم بێ نووسین رۆدەچم و دەتوێمەوە، بێ نووسین هەست بە هیچ ئاسەوارێکی خۆم ناکەم، تەنانەت ئەو کاتانەی کە نانووسم هەست بە بوونی تەواوی خۆم ناکەم...

# شیعر دەبێ شۆڕبێتەوە ناو ئەو کەلێن و شەقارانەی کە کۆدی مانا بەرزەکانی تێدا ون بووە...

لەززەت هەڵدەپڕژێتە سەر ئەتڵەسی نووسەرەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێهودەن، مەحاڵە دەرک بەو سەرچاوانە بکەین کە ئاگری نووسین بەرپا دەکەن، چونکە دڵنیام بە دۆزینەوەی ئەم سەرچاوانە هەرچی بەهاو ئیستەتیکای نووسین هەن وردو خاش دەبن و هیچ بەهایێک بۆ نووسین نامێنێتەوە. ئالێرەوەیە پرۆسێسی نووسین بۆ من چۆنیەتیی پێشوازی کردن لەم ئاگرانە، یاخود پرۆسێسی دووبارە خەڵقکردنەوەی پرۆمیتۆس و کاری ئاگردزینە لە خوداوەندەکان، کە ئەمەشیان قوربانیدان و چوونە ژێر باری قەدەرە. ئەوکاتەی قەڵەمم گرتە دەست و خۆم ئامادەکرد، ئەوە هێشتا نەچوومەتە نێو ئەو میحرابە موقەددەسەی کە نووسەر تیایا هەموو جوانییەکانی رۆحی خۆی بۆ دەقێکی جاویدانی لەدەست دەدا، لە پێناوی ئەم جوانییانەی کە لەنێو دەرگاو پەنجەرەو کەوانەی ئەم میحرابەدا خۆیان حەشار داوەو هاواری قەڵەمی نووسەر دەکەن رزگاریان کات لەو نادیاری و نهێنییانەوە، هەر بۆیەش لەگەڵ یەکەم ساتی تێکەڵبوونم بەو زەمەنە نادیارو ئەو جوانییە نادیارانەو ئەو فەزایە بخورییە، هەموو وجودی خۆم ون دەکەم و بەناچاری دەبێ خۆم لە نووسینی شیعر خەڵق بکەمەوە، کەواتە نووسین هەمدیس بۆ من ئەنجامدانی سرووتەکانی قەقنەسە لە سووتان و دووبارە زیندووبوونەوەی لە خۆڵەمێشەکەی خۆیدا، کتومت نووسینی شیعر سرووتێکی ئەفسانەیی سیحرئامێزە، ئالێرەوەیە کێشە سەختەکەی شیعر دێتە ئاراوە، ئیدی ئەو لافاوە دەست پێدەکاو هەڵدەچێ کە ئامان و بوار بە هەموو نووسەرێ نادات. نووسەر دەکەوێتە ژێر سرووتی شمشێرەکەی دیمۆکلیس هاکا بە جوانییەکان کۆتایی پێدێت. ئالێرەوەو لەهەمان ئەو فەزایە تراژیدی و لەززەتبارەوە من قەڵەم بە کاغەزدا دەهێنم و بێ باکانە، یەکەیەکەی دەمارەکان و تەڵە تەڵە ئیحساساتەکانی خۆم پێشکەش بە جەللادەکانی جوانی دەکەم، ئەو جەللادە شەرمنانەی کە بە ئاستەم دیارن و دیارنین، بەمجۆرە شیعرنووسین لەلای من لەدەستدانی بە ئەنقەستی هەموو رۆح و بۆن و بەرامەی خودە، ئەو خودەی کە بەم کارەوە خاڵی دەبێت لە هەموو ئەو شتانەی کە بەر لە هاتنە نێو ئەو مەعبەدە پڕی بوو لە جووڵەو خرۆش، پڕی بوو لەو هۆکارانەی ژیانیان بەهیواوە لە ئامێز گرتبوو، ئەو مەعبەدەی لە دوورەوە فیردەوسێکی هێجگار غەریبو جێ مەبەست بوو، یاخود یۆتۆپیایەک بوو بۆ (من)ی شیعر، بەڵام کە دەچێتە ناویەوە بەڕاستی گۆڕستانێکی گەورەی جەستەی (من)ی شاعیرە، بەمجۆرە بەدرێژایی ساڵانی نووسینی شیعر هەمیشە چوونم بۆ نووسین، چوون بووە بۆ نێو ئەو یۆتۆپیایەو هاتنەوەشم هەمیشە گەڕانەوە بووە لەو گۆڕستانە، لەمیانی یۆتۆپیاو گۆڕاستاندا من ئەزموونی نووسینی شیعری خۆم پەرەپێداوەو هەمیشە سیزیف لە ناخمدا دەستی بە رەگی بەردەوامیم گرتووە. مەعبەدی شیعرنووسینی من، لە هی هیچ کەسێ ناچێ، تەنانەت دەتوانم ئەوە بڵێم و دەشتوانن لە شیعرەکانمدا ئەوە بدۆزنەوە کە من شاعیرێکم خودانی مەعبەدێکی وام نموونەی قبووڵ نییە، نە لە دەرو دیوارەکانی دەرەوەی، نە لە شێوەو سیمای کۆشک و تەلاری، نە لە تاق و پەنجەرەکانییەوە، مەعبەدی شیعرنووسینی من نە کەس دیویەتی و نە کەسیش دەیبینێ، پێتان سەیر



مەعبەدی شیعرنووسینی من، لە هی هیچ کەسێ ناچێ، تەنانەت دەتوانم ئەوە بڵێم و دەشتوانن لە شیعرەکانمدا ئەوە بدۆزنەوە کە من شاعیرێکم خودانی مەعبەدێکی وام نموونەی قبووڵ نییە، نە لە دەرو دیوارەکانی دەرەوەی، نە لە شێوەو سیمای کۆشک و تەلاری، نە لە تاق و پەنجەرەکانییەوە...

ژیانی نووسین بریتییە لە گەڕان بەدوای ئەو پارچە شکاوانەی لە جەستەی نووسەردا دەبێتەوە لەو کاتانەی لەژێر ستوونو پەنجەرەکانیدا سەیری ئاوابوونی خۆرو هەڵوەرینی گەڵاو دروستکردنی هێلانە دەکات

نەبێ کە من بۆ خۆم مەعبەدی وام هەڵبژاردووە، لە شووشەی شکاوی مرۆڤایەتی دروستم کردووەو بە کریستاڵی داڕژاوی فرمێسکی مرۆڤایەتی ئاوم داوەو بە پارچە پارچە بوونی جەستەی خۆم ئاڵ و واڵام کردووە، بۆیە ئەوەی قبوڵیەتی خودی خۆی یا خودی شاعیر خۆی بکاتە قوربانی، دەتوانێ مەعبەدێک ئاوەها بۆ خۆی بونیاد بنێ و لە نووسینی شیعردا تێیدا فەنابێت و حەللاج ئاسا لەکاتێ رشتنی خوێنیدا بۆ ئەوەی خەڵک پێی نەڵێن ترساوەو رەنگی زەردبووە، بە دەستەکانی خۆی خوێنی جەستەی خۆی لە روخساری هەڵسویوە.. ئاوەها دەبێ بە خوێنی خۆی روخساری خۆی سوور بکات. ئەمە مەعبەدی نووسینی منە..

کاتێک لە پرۆسەی نووسینی شیعردا لەژێر ستوونەکانی ئەو مەعبدە دەوەستم خۆم تاقە کەسێکم سەلیبی خۆم لە دەستەو بیر لە پاڵەوانەکانی مێژوو دەکەمەوە، (نیتشە) کە بە کوشتنی خواکان کۆتایی مێژووی راگەیاند، مەسیح کە بە چوونە ژێرباری سەلیبەوە ترۆپکی هەموو قوربانییەکانی داڕشت، کەواتە داهێنانیش بوارێکی دیکەیە بۆ دروستبوونی پاڵەوان، ئەوەی شیعریش دەنووسێ دەبێ سڵ لە چارەنووسێکی ئاوا نەکاتەوە، هەربۆیەش جاروبار سەر بەرز دەکەمەوەو لە بەرزیی ئەو ستوونانە دەگەڕێم کە نایابینم... رەنگە سەریان لە حەوت تەبەقەی ئاسماندا بێ، رەنگیشە سەریان هەر لەلای خوادا بێ، کەواتە من لەژێر سێبەرێکدا مەعبەدم تەی کردووە، کە لە هێزو قودرەتی مرۆڤ نەبێ بەباڵایدا هەڵگەڕێ، بەڵام دەبێ پێیدا هەڵگەڕێ جا یا سەردەکەوێ یاخود دەبێ بکەوێتە بنەوە، من لەژێر ئەو ستوونانەوە بەدوای رۆحی بەردەوامبوونی شیعرێک دەگەڕێم جاویدان بێت. کاتێکیش دەچمە بەر ئەو پەنجەرانەی کە لەنێو ئەو مەعبەدەدایە، هەموو رووداوەکان دەبینم، تراژیدیاکانی ئەم سەرزەمینە، ئاگری سووتانی رۆماو پرووشکی فرننەکانی هیتلەرو کارەساتەکانی تزارو تەقینەوەی بۆمبی ئەتۆمی.. گەلێ گەلێ لەو تراژیدیایانە دەبینم کە هەرگیز کۆتاییان نایەت، بۆیە هەندێ جار لە بەرامبەر ئەوانەوە هەر لەبەر ئەم پەنجەرانەوە، قەڵەمم وشک دەکاتو ناتوانێ بگاتە ئاستێک لە داهێنان، باسکردن تێیدا گەورەتربێ لە حەقیقەتی ئەو رووداوانە.. هەندێ جاریش هەر لەبەر ئەو پەنجەرانەوە فریشتەکانی جوانیو ئۆپێراو سەماکان و فڕینی مەلە جوانەکانو مەلەی کچانی بەهەشت، دیالۆژی عاشقەکان دەبینمو ئیدی قەڵەم دەبێتە ئەو ئاسمانەی کە لە باران ناکەوێ، لەبەر ئەو پەنجەرانەوە هەندێ جار شیعرەکانم ئاوی جاویدانی مەلحەمییەت دەخۆنەوەو هەندێ جاریش زەربەی تۆماری خێرا لێدەدەن، ژیانی نووسین لە بەرابەر ئەو پەنجەرانەوە بە راستیو سەختو نهێنی ئامێزە بۆ شاعیر، لەنێو ئەو مەعبەدە پیرۆزەی مندا ژیانی نووسین بریتییە لە هەڵگرتنەوەی ئەو رۆحەی کە بەدوای وەدەسهێنانی جوانیدا وەک گەوهەری عومر هەڵدەڕژێ. ژیانی نووسین بریتییە لە گەڕان بەدوای ئەو پارچە شکاوانەی لە جەستەی نووسەردا دەبێتەوە لەو کاتانەی لەژێر ستوونو پەنجەرەکانیدا سەیری ئاوابوونی خۆرو هەڵوەرینی گەڵاو دروستکردنی هێلانە دەکات، بەمجۆرە هەموو شتێ لەو مەعبەدەدا قوربانی دەوێ، هەموو جوانییەک بەشێک لە داڕمانی جەستەی دەوێو هەموو داهێنانێک هۆیەکە بۆ خاڵی بوون لەو ئەزموونانەی

## هەموو جوانییەک بەشێک لە دارمانی جەستەی دەوێو هەموو داهێنانێک هۆیەکە بۆ خاڵی بوون لەو ئەزموونانەی کە بۆ ساتێکی نووسین کۆیان دەکەیتەوە...

کە بۆ ساتێکی نووسین کۆیان دەکەیتەوە، ئەم مەعبەدەی من ڕێگە بە هەموو کەسێکی داهێنەر دەدات، بەڵام هەرگیز زامنی داهێنانیان بۆ ناکات. من هەر لە هەوەڵەوە تەک تەک خشتم لە مەزارە دوورەکانی رۆحەوە بۆ ئەو مەعبەدە هێناوە، ئاوی جاویدانیم بۆ لە جۆگەلە نادیارەکانی بەهەشتەوە ڕاکێشاوەو قورەشمی جوانیشم لە سەرچاوەکانی ئاگری دۆزەخەوە بۆ هێناوە، تەنانەت بەنووسینی چەندین و چەندین شیعر نەمتوانی سیمای دەرگایەکی بچووک بۆ ئەو مەعبەدە لەبەر چاوم بەرجەستە بکەم، بەڵکو عومرێکی درێژم بردەسەر تا لەچەند قەسیدەیەکا تروسکەی ئەو مەعبەدەم وەک نوورێکی خودایی بۆ بەدیارکەوت، شەوانە لەبەر رۆناهیی ئەو ترووسکانەوە دەچوومەوە ئاگردانەکەی زەردەشت، وردە وردە ئەو مەعبەدەم بۆ مشتوماڵ دەبوو...

گەلێ سات و وەختان مەستانە دەچوومە بەر ئەو قاپیەی لەژێر ترووسکایی ئەو مەعبەدەدا بەدیاردەکەوت، سەیری ناوەوەی ئەو دنیایەم دەکرد، هەر هەمووی سیحرو خورافات بوو، ئەفسانە بوو، گێرمەو کێشەی خواکان بوو، ونبوونی ئۆلیس و گومانی هاملێت بوو، دنیایەک بوو تا ئەو ساتەشی لەگەڵدابێ، من لە سیحری ئەو مەعبەدە نەگەیشتووم، هەر رۆژەو نهێنییەکم بۆ ئاشکرا دەبێ و هەرساتە لە بەرابەر چڵە نەرگزێکی شیعرەکانم ئاوی ژیان دەخۆنەوە.

رۆژە باراناوییەکانی نێو مەعبەد ئەو ساتانەن لە نووسینی شیعردا لەژێر کڵاوڕۆژنەی گومەزی ئەو مەعبەدە سەیری دەرەوەی ئەو مەعبەدە دەکەم، چونکە مەعبەدەکەی من کاستالیای هێرمان هیسەو ژوورە گۆشە گیراوەکەی پرۆستە، تەنانەت هەندێ جار گوێم لە قوتابییەکانی مەعبەد دەبێ کە چۆن چۆنی دوعا بۆ ئەو سەفەرەم دەکەن، سەفەرێک کە لە میعراجی دانتی دەچێ، دەرەوەی ئەو مەعبەدە بۆ من جەنجاڵێکە لە شیعر، هەن دەنگیان زۆر بەرزەو بە قایم قسە دەکەن، بەڵام هەرگیز لێیان حاڵی نابن، لێرە بۆنی ئەو شیعرانەی دەرەوە لە ویزەی کۆمەڵە هەنگێک دەچێ بەناو یەکا دەسوورێنەوە، هەندێکی دیکە دەبیستم کە نایانەوێ بچنە نێو ئەو گەڕەلاوژەیەو نەرم نەرم کەوتوونەتە سەر جەستەی شیعرەکانی خۆیان و بە هێمنی گەوهەرەکانی شیعر بەسەریەکەوە دادەڕێژن، ئەوانە بانگ دەکەمە مەعبەدەکەی خۆم و زۆران جار بەیەکەوە لە نووسینی شیعرو وەدەستهێنانی داهێنان سەفەر دەکەین. (نالی و مەحوی) فەرجیلی (دانتی)ن بۆ هەمیشەو بێ وچان رابەرایەتیم دەکەن لەو میعراجە سەختەی نێو مەعبەدەکەی خۆم وەک دوو ئیمامی گەورەو نوورانی نهێنییەکانی نێو مەعبەدم بۆ بەرمەلا دەکەن، ئەمە چەند نهێنییەکی زۆر بچووکی چۆنیەتی نووسینی منە لە شیعرو تەنیا چەند ساتێکی ئاشکرای نێو ئەو مەعبەدە پیرۆزەیە.



(نالی و مەحوی) فەرجیلی (دانتی)ن بۆ هەمیشەو بێ وچان رابەرایەتیم دەکەن لەو میعراجە سەختەی نێو مەعبەدەکەی خۆم وەک دوو ئیمامی گەورەو نوورانی نهێنییەکانی نێو مەعبەدم بۆ بەرمەلا دەکەن...



# لەژێر تاریکیی ئایدیۆلۆژیادا

***دەربارەی هەزار خۆری درەوشاوەی خالید حوسەینی***


**ئەسکەندەر حەبەش**

**لە عەرەبییەوە: ئیبراهیم ئەحمەد**


کە بزووتنەوەی تالیبان لە ئەفغانستان دەسەڵاتی گرتە دەست، لەو شتانەی کە قەدەغەی کردن (شتی زۆرن) مۆسیقاو سینەماو کۆلارە بوون.

وەک نەریتێکی بەیانیانی کابول، خەڵک هەندێک رۆژ، دەیەها باڵی کۆلارەی رەنگاورەنگیان هەڵدەگرت، هەرزەکاران دەستیان بە دەزووکانیانەوە دەگرت، بە بەرزاییو گردو تەپۆڵکە لماوییەکاندا دەگەڕانو پێشبرکێیان لەگەڵ هاورێیانی خۆیاندا دەکرد، هەر گروپێک هەوڵی ئەدا کۆلارەی ئەویتر بخات. بەم شێوەیە رۆژیان بەسەر دەبرد، بەڵام لە ئاسمانی وڵاتدا پاش هاتنی تالیبان، ئەم دیمەنانە نەمان.

**چەند نەفرەت دوای ئەم ئەفغانستانە داگیرکراوە کەوتووە، کە تیایدا خۆرە درەوشاوەکانی رابردوو، ئەمڕۆ کەوتوونەتە ناو دەریای ئەو خوێنەی کە ناوەستێت..**

ئا لەم بیرۆکە پڕ لە سۆزە، ڕۆماننووسی ئەفغانی خالید حوسەینی یەکەم ڕۆمانی خۆی (کۆلارە کاغەزینەکانی کابول)ی دارشتووە، کە دەزگای (بلفون لە پاریس) چاپی کردووە. ڕۆمانێک کە ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوبووەوەو زۆر دەنگی دایەوە. بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە، چونکە نووسەری ڕۆمانەکە هەوڵی داوە نەک تەنها سەردەمی تاڵیبان، بەڵکو زەمانی سۆڤێتی داگیرکەریش بەیادا بهێنێتەوە. نووسەر بەهۆی کتێبەکەیەوە دەمانباتەوە بۆ کۆتایی حەفتاکان، ئەمیر کە کوڕی بازرگانێکی دەوڵەمەندی باشتۆنە، لەگەڵ حەسەن دایە، کوڕی خزمەتکارەکەیەتیو لە نەتەوەیەکی ترە (هازار)، لەگەڵ بوونی جیاوازیی چینایەتیی نێوانیان، بەڵام هەردووکیان وەک دوو برای ڕاستەقینە بوون، بێ گوێدان بەم مەرجە کۆمەڵایەتییە، حەزیان لە کۆلارە دەکردو توانییان لە پێشبڕکێیەدا ببیەنەوە، هیچ تیپێکی تر دەرەقەتیان نەهاتن. ئەو ئێوارەیەی لە پێشبڕکێکەدا بردیانەوە، سەرۆکی کۆمەڵەکەی تر، کە دەستدرێژیی سێکسیی کردە سەر حەسەن، هەرزەکارێکی تر خۆشیی بە کەسێتیی هیتلەردا دەهات، بە بەردەوامی بە گوتار باسی زلیی ڕەگەزی پشتۆنو سەرکەوتنیانی بەسەر هازاردا دەکردو بە نیوە بەشەری دادەنان. ئەمیر ئەم دەستدرێژییە سێکسییەی بە چاوی خۆی بینی، بەڵام نەیتوانی هیچ بڵێت، چونکە ترس لە جووڵەی خستبوو و خستییە عەزابی ویژدانەوەو تا گەورەیش بوو نەیتوانی لێی دەرباز ببێت.

ئەم گرێ دەروونییە دوای کەوتو لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لێی نەبووەوە. پاش گەیشتنی سوپای سۆڤێت بۆ ئەفغانستان، خێزانەکەی ئەمیر چوون بۆ ئەمریکا. لە کالیفۆرنیا ئەمیر بوو بە نووسەرێکی گەورە. لەگەڵ ئەو پەشیمانییەی کە بەهۆی دوورکەوتنییەوە لە ئەمریکا ناخی دەتەنی، بەهۆی بیرو سۆزییەوە بۆ جێگای یەکەم، توانیی چۆن بچێتە ناو دڵی کۆمەڵگەی تازەوەو ببێت بە یەکێک لێیان. بەڕادەیەک ببێت بەو کۆچبەرەی کە لە شوێنی نوێدا دەگونجێت. بەڵام ڕۆژێک بە تەلەفۆن لە کابولەوە قسەی لەگەڵدا دەکرێتو ئەو شەرم و شورەییەی دەخاتەڕوو کە بەدرێژایی ساڵ هەڵی گرتبوو و وایدەزانی لەبیری کردووە. قسەکە بە تەلەفۆن پێی گوت "وەرە ڕێگایەک هەیە بۆ کڕینەوەی". کڕینەکەیش سەندنەوەی کوڕەکەی حەسەن بوو، کە کەوتبووە چنگی بزووتنەوەی تاڵیبانەوە. پاش ئەوەی رووخساری خۆی دەگۆڕێتو دەگەڕێتەوە کەشوهەواو دۆخی بزووتنەوە پیرۆزو شکۆمەندەکەی لەگەڵ دەدۆزینەوە:

ترسو تۆقان لە هەموو شوێنێک بڵاوبووەتەوە، پیاو و ژن تا رادەی مردن ڕەجم دەکرێن، تەعەداکردن لە منداڵ لە پشووی گێمی یاریکردنو هەتیوخانەدا.. واتە وێنەیەک کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەو هەواڵو باسەی خواپەرستیدا ناگونجێت، کە پێمان دەگەن. بەم مانایە، خالید حوسەینی  کە لە فەرەنسا دەژیاو توانیی پێش ئەوەی خێزانەکەیان مافی پەنابەری لە وڵاتە یەکگرتووەکان وەدەست بهێنێ، ئەو بەربەرییەتە نوێیە کە بەسەر وڵاتی پێشوویدا دەهات، لە ڕۆمانێکی دڵگیردا بخاتە ڕوو، هەرچەندە چەند کەموکوڕییەکیش لە نووسیندا هەبوون.

لێرەوە دەرئەکەوێ سام مندس کە دەرهێنەری فیلمەکەیە، توانیبێتی لە چاڵوچوێڵی نووسین ڕزگار ببێت تا فیلمێکی نوێمان پێشکەش بکاتو



ڕەنگە پڕۆژەی خالید حوسەینی، پاش سێسەد ساڵ ئەوە بێت، ئەو سەردەمەمان بخاتەوە یاد، یاخود ئەو منداڵییەی خۆی بلاوێنێتەوە کە تا رادەی نەمان، پلیشایەوە...

کۆلارەمان بۆ بخاتە سەر شاشە، وەک ئەوەی سەرکەوتنی دووەم بەسەر بزووتنەوەی تاڵیباندا تۆمار بکات.
خالید حوسەینی بە سەرکەوتنی دووەمییەوە نەوەستا، ئەمەی لە رۆمانێکی تردا دووبارەکردەوە، (٢٠٠٧) کرا بە فەرەنسیو دەزگای (بلفون) چاپی کرد. رۆمانەکە بەناونیشانی (هەزار خۆری درەوشاوە) بوو. بەڵام بە پێچەوانەی ناونیشانەکەوە، دەگەڕێینەوەو دەبینین ئەم نووسەرەی کە ساڵی (١٩٦٥ لەدایکبووە) جارێکی تر لە دەریای تاریکیدا مەلە دەکات. دەریاگەلێک رایدەکێشن تا ئەو وڵاتەمان بۆ باسبکات کە لەژێر کۆدی یاسای کۆمەڵایەتیی خۆیدا پانوپلیش بووەتەوەو باوکسالاریو رقوکینە دژی ژن دەگەنە ناشیرینترین جۆری چەوساندنەوەو نادادپەروەری. تەنانەت عەقرەبەی هەموو قیبلەنمایەک ئاراستەی باکوور کراوە، هەر دەبێت پیاوێک ببینیتو بەدوای تاوانبارێکدا دەگەڕێت، مەبەستی لە ئافرەتە.
لەو کتێبەدا کە نووسەرەکەی دەیەوێت رووداوی پێنج دەیەمان بۆ بگێڕێتەوە، لەنێوان شەستەکانو کوشتنی مەسعودو گەیشتنی تاڵیبان بە حوکم.
لەو هەموو ساڵە زۆرەدا، رۆمانەکە لە رۆژهەڵاتی ئەفغانستانەوە دەسپێدەکات، لە شاری هەرات کە پێی دەگوترا شاری شاعیران. لە ساڵی ١٩٧٤دا حوکمی زاهیر شاە دەگاتە کۆتایی. مریەمی پازدە ساڵان لە کوخێکی ترسناکی دەرەوەی شاردا دەژیا. دایکی خزمەتکار بوو، سکی لە جەلیل پڕبوو، کە وەبەرهێنەرێکی دەوڵەمەند بوو و چەندەها سینەمای بەڕێوە برد. بۆ شاردنەوەی فەزیحەکە، منداڵەکەو دایکەکەیان بۆ دەرەوەی شار دورخستەوە، هەرچەندە جەلیل بە رێگا یاساییەکە خۆی بە خاوەنی منداڵەکە نەدەکرد، بەڵام هەموو پێنجشەممانێک دەهات بۆ سەردانی کچەکە، کە خۆشیدەویست. بەڵام هەموو جارێک بۆ دایکەکەی دووبارە دەکردەوە کە هیچ رۆژێک ددان بە باوکایەتییدا نانێتو هەمیشە منداڵێکی زۆڵ دەبێت. پێشبینییەکانی دایکەیش راست دەرچوون.
مریەم بە زۆر درا بە پینەچییەکی کابول، سی ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو، ناوی رەشید بوو، ریشێکی دانابوو بۆ ئەوەی وا بزانرێت ئەهلی تەقواو خواپەرستییە.
بەڵام دڵرەقانە لێی ئەدا، چونکە نەزۆرک بوو و درندەیی دەگەیشتە ئەوەی ئەگەر برنجەکە بە باشی نەکوڵایە ناچاری ئەکرد بەرد بخوات، ژیان نەبوو، ناچاری کردبوو لە بەندیخانەیەکی بێدەنگدا لە پشت پەچەکەیەوە بژی.
هەرچەندە بە بەردەوامی هاتوچۆی مزگەوتی دەکرد، بەڵام لە ژوورەکەیدا زنجیرەیەک گۆڤاری سێکسیی دەشاردەوە. تەنها بوارو دەرفەتێک کە بۆ مریەم مابووەوە تا هەست بە ئینسانییەتی لێزەوتکراوی خۆی لەژێر دەسەڵاتی بەناو شەریعەتدا بکات و خەمی دڵی خۆی بۆ هەڵرێژێت، لەیلا بوو، ئەو کچە ئەفغانییەی کە لە بۆمباران رزگاری بووبوو و کەوتبووە ژێر چنگی رەشیدەوە.
مریەمو لەیلا، دوو کەسێتیی رۆمانەکە، لە مەنارەیەک دەچن، نووسەر بۆ وردەکارییەکان دەبەن. لە رێگایەوە قسە دەکەن، وەک ئەوەی لە کۆتاییدا ئەو دەمە بن کە قووڵایی دەنگی ناوەوەیان هەڵدەگرێت.. وێنەی ئەو مۆتەکە ئەفغانییە دەکێشن کە چەند دەیەیەکە بەسەر هەموو شتێکدا

**مانەوەو خۆدانەبەر هەموو شتێک، کە روو دەدەن، کۆچ، یاخود خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو هێزەی دەسەڵاتی بە دەستە. هەڵبژاردنێک کە رەنگە بە راستی ئەفغانییەکان قایل نەکەن، بەڵام تاکە رێگایەکە بەهۆیەوە واز لە ژیان نەهێنن...**

دەفڕێ. ئەو مۆتەکەیەی ئەو نەوانەی تێکشکاند کە لەناو چەند هەڵبژاردنێکدا ماونەتەوەو تیایاندا سەرکەوتوو نابن:

مانەوەو خۆدانەبەر هەموو شتێک، کە روو دەدەن، کۆچ، یاخود خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو هێزەی دەسەڵاتی بە دەستە. هەڵبژاردنێک کە رەنگە بە راستی ئەفغانییەکان قایل نەکەن، بەڵام تاکە رێگایەکە بەهۆیەوە واز لە ژیان نەهێنن.


لەوانەی کە لایەنی ژیانیان گرتووە، ئەو دوو ئافرەتەن، ئەو دوو ژنانە سەرگەردانەی نێو شەڕوشۆڕن، کە بەهۆی جوگرافیای وڵاتەکانی ترەوە بۆمان دەگێڕدرێنەوە دەچینە ناو ژووری ماڵانەوە، دەچینە چێشتخانەو خەونەکانەوە. رەنگە ئەو خەونبینینە بێت بەم خۆرە درەوشاوانەوە کە شاعیرانی ئەو وڵاتانە لە سەدەی حەڤدەدا شیعریان پیا هەڵدەدان. بە مانایەکی تر، رەنگە پرۆژەی خالید حوسەینی، پاش سێسەد ساڵ ئەوە بێت، ئەو سەردەمەمان بخاتەوە یاد، یاخود ئەو منداڵییەی خۆی بلاوێنێتەوە کە تا رادەی نەمان، پلیشایەوە.

لێرەوە، رەنگە هەموو هونەرو سەرکەوتنی نووسەر لە توانایی دروستکردنی پارسەنگی نێوان (تایبەتیو گشتی)دا دەرکەوێت. لەنێوان چیرۆکی گەرمو قووڵو چیرۆکی گشتیدا، چونکە ئەزانێت چۆن چۆنی ئەم دوو دیمەنە تێکڵاو دەکات، بێ ئەوەی خوێنەر بێزار بکات، هەرچەندە کە ناوی سەرۆکی گشت شەڕەکان وەک ئەو پەیمانە سیاسیو هەموو ئەو شەڕانەی کە ئەفغانستانیان کرد بەوێرانە، دەبات.

لەم تابلۆ و دیمەنەوە کە وێنەی ئەو کۆمەڵگەیەی تیا دەکێشێت کە کەوتووەتە نەزانییەوە، تابلۆیەکی ترمان بۆ دەکێشێت: وێنەی میللەتێک سیاسەتو ئایین تیایدا دوو شتی هاوبەشن، لەگەڵ ئەم دەرچوونە شێتانەی باندەکە، هەروەک خۆکوژیی هێواشی گەلێکی لێدێت.

چەند نەفرەت دوای ئەم ئەفغانستانە داگیرکراوە کەوتووە. کە تیایدا خۆرە درەوشاوەکانی رابردوو، ئەمڕۆ کەوتوونەتە ناو دەریای ئەو خوێنەی کە ناوەستێت.

رەنگە هەموو هونەرو سەرکەوتنی نووسەر لە توانایی دروستکردنی پارسەنگی نێوان (تایبەتیو گشتی) دا دەرکەوێت. لەنێوان چیرۆکی گەرمو قووڵو چیرۆکی گشتیدا، چونکە ئەزانێت چۆن چۆنی ئەم دوو دیمەنە تێکڵاو دەکات، بێ ئەوەی خوێنەر بێزار بکات، هەرچەندە کە ناوی سەرۆکی گشت شەڕەکان وەک ئەو پەیمانە سیاسیو هەموو ئەو شەڕانەی کە ئەفغانستانیان کرد بەوێرانە، دەبات.





# پێم باشترە گفتوگۆی رامیاری لە رێگەی رۆمانەکانمەوە بکەم

## دیدار لەگەڵ خالید حوسەینی

**سازدانی: جێمس مۆستش**

**لە عەرەبییەوە: محێدین مەحمود**

خالید حوسەینی ساڵی ١٩٦٥ لە شاری (کابول)ی پایتەختی ئەفغانستان لەدایکبووە. پاش ئەوەی باوکی لە پلەیەکی دیبلۆماتی وەزارەتی دەرەوەی ئەفغانستان دامەزرا، خالید لە پانزە ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەیدا بۆ (پاریس) رۆیشت، پاش چوار ساڵ، بەهۆی هێرشو داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن یەکێتیی سۆڤێتی جارانەوە چارەنووسی بەوە شکایەوە کە خێزانەکەی دەست لە دوایین هیوای گەڕانەوەیان بۆ نیشتمان هەڵگرن، چونکە باوکی داوای پەناهەندەیی رامیاریی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کردبوو، بە گەیشتنی لەگەڵ خێزانەکەیدا بۆ شاری (سان خۆسێ- کالیفۆرنیا) جارێکی دی رەوتی ژیانی گۆڕا، لە زانکۆی (سانتا کلارا) وەرگیراو بڕوانامەی لە زیندەوەرزانیدا وەرگرت. بۆ خوێندنی پزیشکی لە زانکۆی کالیفۆرنیا گەیشتە (سان دییاگۆ). بەر لە بڵاوکردنەوەی یەکەم رۆمانی کە (کۆلارەباز)ە، چوار ساڵ سەرقاڵی پیشەی پزیشکی بوو.

## (شاهنامە) گەوهەرێکە تاجی ئەدەبی فارسیی رازاندووەتەوە...

## داپیرەم تا ئاستێکی زۆر یەکەم سەرچاوەی سرووشبەخشینم بوو...

یەکەم رۆمانی لە بەشی سەرەوەی لیستی پرفرۆشترین کتێبی ساڵی ٢٠٠٣دا بوو، ساڵی ٢٠٠٧ کرا بە فیلمێکی سینەمایی، لەوە دەچێ ئەو ساڵە ساڵی بەختیاریی خالید حوسەینی بووبێت، چونکە هەر لەو ساڵەدا دووەم رۆمانی، کە (هەزار خۆی درەوشاوە)یە پێشکەش کردین. لە دیدارێکی تایبەتدا ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵیدا کرد:

***با کەمێک باسی چۆنێتیی وەرگرتنی ئەم هەستە ئەدەبییەتمان بۆ بکەیت؟ لە چاوپێکەوتنێکی تردا ئەمەت بۆ هێزی کەلەپوری گێڕانەوەی زارەکیی ئەفغانی گێڕایەوە، کە پێی گۆش کراوی، تا چ ئاستێک ئەم کەلەپوورە لە پێکهێنانی هەستی ئەدەبێت رۆڵ دەبینێ؟**

-رۆڵێکی گەورەی بینیوە، بەبڕوای من هۆکارێکی سەرەکی بووە لە چوونم بۆ ناو جیهانی ئەدەب، چونکە پاشخانی رۆشنبیریم بە تەواوەتی زانستییانە بوو، لە دەوری هەموو شتێک دەگەڕا، کە پەیوەندیی بە لێکۆڵینەوەی زیندەوەرزانیدا بوو، پاش ئەوە لە کۆلێژی پزیشکی وەرگیرام، رۆژێ لە رۆژان هەوڵی نووسینم نەدابوو. هەموو ئەوەی لەبارەی نووسینم دەزانی ئەوەبوو کە نووسین لە ڕەمەکەوەو لە کەلەپوری گێڕانەوەی ئەفغانییەوە هەڵدەقوڵێ، کە پێی گوشکراومو بەهۆیەوە ئەم بەهرەیەم پێکهاتووە، بێگومان لە سەردەمی منداڵیمەوە لە ئەفغانستان هەستێکی بەرزم بە کەلەپووری گێڕانەوەی زارەکیدا هەبوو، ئەمڕۆش درک بەوە دەکەم کە ئەوانەی لە نێوانیاندا پەروەردەکراوم بە راستی لە چیرۆکبێژیدا کارامەبوون، تەنانەت لە ناهەموارترین بارودۆخە لەناکاوەکانا گوێگریان نەیدەتوانی لە بایەخدان بە چیرۆکەکانیان ساردبێتەوە. داپیرەم تا ئاستێکی زۆر یەکەم سەرچاوەی سرووشبەخشینم بوو، لە یادمە کە لەگەڵ براکەمدا لەبەر دەستیدا پێکەوە دادەنیشتین، گوێمان لە چیرۆکەکانی منداڵیی ئەو دەگرت، وەک چیرۆکی گەشتەکەی بۆ حەج، کە کچۆلەیەکی منداڵ بووەو لەگەڵ دایکیو هەزار کەسی تردا بەرەو مەککە رۆیشتوون، لە گێڕانەوەی چیرۆکدا کارامە بوو، بەرنامەیەکی رادیۆی (کابول) یشم لە یادە، کە ناوەکەی (چیرۆک) بوو، ژمارەیەک چیرۆکی جوانو کەمەندکێشی پێشکەش دەکرد، دەبوو بۆ زانینی کۆتایی چیرۆکەکە تا هەفتەی داهاتوو چاوەڕێ بین، هەفتانە لە دەوری رادیۆکە دادەنیشتین، چاوەڕێی چیرۆکی زیاترمان دەکرد، لەگەڵ گێڕانەوەدا گەورە بووم، کاتێ دەنووسمو بۆ چیرۆکێکی باش دەگەڕێم تا بتوانم بیخەمە سەر کاغەز، لەو کەشەدا دەژیم، ئەمە تاقە شێوازێکە کە لە رێگەیەوە دەتوانم بنووسم.

***لە خێزانێکدا پەروەردە بوویت، رێز لە ئەدەب دەگرێو بایەخێکی زۆر بە ئەدەبی کلاسیکی فارسی دەدا. ئایا زۆرترین بایەخیان بەشیعر دەدا؟**

-بەڵێ، یەکێ لەو شتانەی کاریان تێکردبووم داستانە مەزنەکەی ئەدەبی فارسە کە (شاهنامە) بوو، گەوهەرێکە تاجی ئەدەبی فارسیی رازاندووەتەوە، لە بەرەبەیانی مێژووەوە دەست پێدەکات بە فەتحی عەرەب، کە وڵاتی فارسیان داگیر کرد کۆتایی دێت. لە کتێبی (شاهان)ی (فیردەوسی)یەوە وەرگیراوەو لە سەدەی یانزەهەمدا نووسراوە. لە راستیدا ئەفسانەییە، چیرۆکی پاشاو جەنگاوەرە دێرینەکانی وڵاتی فارسە، کە هەموو توخمەکانی ئەدەبو ژیان _ناپاکیو هەست بە تاوانکردنو



چەند ساڵێکە وەهام لێهاتووە دایکو باوکم بەشێوەیەکی جیاواز دەبینم، لەچاو ئەو کاتەی لە (ئەفغانستان) یان وردتر لە (کابول) دەمبینین!..

چاوچنۆکیو مەردیو خۆشەویستی_ی لەخۆی گرتووە. لە یادمە ئەم چیرۆکانە کارێکی زۆریان تێکردبووم، بەتایبەتی چیرۆکی (رۆستەمو زۆراب) کە چیرۆکی باوکو کوڕەکەی ناو رۆمانی (کۆلارەبازێ)ەکەیە، هەقایەتەکانی (شاهنامە) بە راستی وروژێنن. لە رووی دراماوە زۆر چڕن. لەو باوەڕەدام کە پەروەردەکردنم لەم جۆرە ژینگە ئەدەبییە کاری تێکردووم. بەڵام پاشان لە کتێبخانەیەکی خۆماڵی لە (کابول) کە کتێبی دەستی دوو یان خوێنراوی دەفرۆشت، بۆ خۆم بە تەنیا جیهانی رۆمانم دۆزییەوە. لەوێ رۆمانێکی زۆرم بینی، لەوانە: (۲۰۰۰ فەرسەخ لەژێر دەریادا، پیرەمێردو دەریاو ئەلیس لە وڵاتی سەیرسەمەرەکاندا) کتێبی وەرگێڕدراو بوون، رەنگە لەم رۆژگارەماندا دەستمان نەکەون، بەشێوەیەکی گشتی لە منداڵییەوە کەمەندکێشراوی چیرۆک بووم.

لەو باوەڕەدام کە پەروەردەکردنم لەم جۆرە ژینگە ئەدەبییە کاری تێکردووم. بەڵام پاشان لە کتێبخانەیەکی خۆماڵی لە (کابول) کە کتێبی دەستی دوو یان خوێنراوی دەفرۆشت، بۆ خۆم بە تەنیا جیهانی رۆمانم دۆزییەوە

***ئەم رۆمانانە بۆ فارسی وەرگێڕدرابوون؟**

-بەڵێ، لە ئێران وەرگێڕدرابوونو پاش ئەوە بۆ ئەفغانستان هێنرابوون، کۆمەڵە چاپکراوی تایبەتبوون، کە بەناوی (کتێبە زێڕینەکان)ەوە بوون.

***کاتێ لە (کابول) منداڵ بووی، گەلێ فیلمت دیبوو، دەتوانی باسی کاریگەریی ئەو فیلمانە بکەیت؟ ئایا کاریگەرییان بۆ توانای چیرۆکنووسینت لە مانەوەی زارەکیی ئەدەبی کلاسیکی فارسی گەورەتربوو؟**

-بێگومان پێشتر ئەمەم پێ وتراوە، لەو بڕوایەدام کە لە رێگەی هەستم بە وێنەو شوێنو دیمەنەکانەوە، توانای گەیشتن بە لایەنە سینەماییەکانی نووسینەکانم چنگ کەوتووە، رەنگە هەندێ کەس بڵێ من هەر بەو چەشنەی هۆلیوود کە کۆتایی بە فیلمەکانی دەهێنێ، کۆتایی بە رۆمانەکانم دەهێنم. بەڵام سەبارەت بە ئەزموونی منداڵیم لەگەڵ سینەمادا دەتوانم بڵێم زۆر هەڵبژاردانە بوو، چونکە ئەفغانستان لە دووڕیانێکدا بوو لەژێر پەستانی چەندین کاریگەریی جیاوازو زۆر بوو، بۆ نمونە فیلمە رووسییەکان کە لە رووسیاوە دەهێنران، لە راستیدا لەلام ترسناکو بێزارکەر بوون. سینەمای فارسی زۆر کاری تێکردبووم، چونکە زۆرینەی کارەکانیان دراماییو خێزانییانە بوون، هەروەها کارەکانی بۆلیوود بەو زێدەڕۆییانەیان لە رەنگو مۆسیقادا، جۆرێک لە هەست چڵێسی بوون، بەهەمان شێوە زۆر لە فیلمەکانی رۆژئاواو بەتایبەتی ئەوانەی فەرەنساو وڵاتە یەکگرتووەکان. پێم وایە لەو کاتەدا هۆکارێکی تایبەت بۆ هەڵبژاردنی ئەو فیلمانەی لە ئەفغانستاندا نمایش دەکران نەبوو، دەکرا فیلمی ترسو تۆقین ببینی، کە لە پەنجاکاندا باوبوون، (کریستۆفەر) لە رۆڵی (دراکۆلا)و (جۆنی ویست مۆلەر) لە فیلمەکانی (تەرەزان) داو فیلمە کلاسیکییەکانی رۆژئاوای ئەمەریکا.. من لە منداڵییەوە زۆر حەزم لە سینەمایە. دەزانم هەندێ لە رۆماننووسەکان بێبڕواییەکی جێگریان بە راگەیاندنیان هەیە کە وەک شێوازێک لە شێوازەکانی هونەر دابنرێ. لەگەڵ ئەمەدا ئێستاش هەر حەزم لە سینەمایەو لەو بڕوایەدام گومان لەوەدا نییە کە خۆشەویستیم بۆ سینەما کاریگەریی لەسەر نووسینەکانم هەیە.

*** کەی فێری ئینگلیزی بووی؟**

-لە وڵاتە یەکگرتووەکان فێری بووم، کاتێ لە ساڵی ۱۹۸۰دا لەوێ گیرساینەوە، کۆتایی مانگی ئەیلوول بوو، واتە دوو مانگ بەر لە سەرەتای

## چەند ساڵێکە وەهام لێهاتووە دایکو باوکم بەشێوەیەکی جیاواز دەبینم، لەچاو ئەو کاتەی لە (ئەفغانستان) یان وردتر لە (کابول) دەمبینین..!

سالّی خوێندن بوو، دەبوو دەست بە خوێندنی ناوەندی بکەمو ئەوسا تەنیا چەند وشەیەکی کەمی ئینگلیزیم دەزانی، لە پۆلەکانی خوێندنی زمانی ئینگلیزی دانرام. ئەوەی بەلامەوە زۆر گرانو مایەی نیگەرانی بوو ئەوە نەبوو کە زمانەکە نازانم، بەڵکو ئەوەبوو کە توانای پەیوەندیم نەبوو، ئەمە وای لە قوتابخانە ناوەندییەکە کرد بۆ من ئەزموونێکی ورووژێن بێ، باشە.. لێمانگەڕێ تەنیا ئەوە بڵێین کە ئەو ئەزموون نەبوو بە شانازییەوە باسی بکەم، پاش ئەوە کە بوو بە ئەیلوولی ساڵی ١٩٨١ وەهام لێهات بە ئینگلیزییەکی بێ گرێو گۆڵ قسە بکەم.

***بە وردی کەی هەستت بەو چیرۆکنووسەی ناو ناخت کرد؟ روو لە رووگە فارسییەکەی بۆ رووگە ئینگلیزییەکە وەردەگێڕێ، یان کەی لەگەڵ تۆدا بە ئینگلیزی کەوتە قسە؟**

-دەتوانی بڵێیت جۆرێک لە روو وەرگێران لە فارسییەوە بۆ فەرەنسایی بوو، چونکە بەر لەوەی بگەمە وڵاتە یەکگرتووەکان چەند ساڵێک لە فەرەنسادا ژیابوومو کاتێ گەیشتمە وڵاتە یەکگرتووەکان، فێربوونی زمانی ئینگلیزی ماوەیەکی پێچوو. زۆرم نەنووسی-هیچ نەبێ بە ئینگلیزی- هێشتا هەر بە فەرەنسایی دەمنووسیو هەندێکیش بە فارسی، لەو ساڵە بەراییە کەمەدا تەنیا بۆ خۆمم دەنووسی، لە قۆناغی پێش تەواوکردنی ناوەندی دەستم کرد بە نووسین بە زمانی ئینگلیزی، لەگەڵ باشترین خوێندکاردا (جۆن شتاین بەکو ئێرنێست هەمنگوایو ئیبتون سنکلیر)م دەخوێندەوە، کۆمەڵە کارێکی ئەدەبی کە بە جوانی هەڵبژێردرابوون. رۆژ بە رۆژ هەستم دەکرد لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا هەڵدەکەمو کەوتمە سەرەتای دۆزینەوەی ئەو هەستەی ناخم، بە ئینگلیزی قسەم لەگەڵ دەکاتو ئێستا لە نووسیندا بەکاری دەهێنم.

لە هاوینی ساڵێک لەو ساڵانەدا وەک پاسەوانی ئاسایش ئیشم کرد، رۆژێکی دوورودرێژم بەدەستەوە بوو، لە پشتی مێزێکی نووسینگەدا دانیشم. رۆمانێکم لە جانتاکەمدا حەشار دەداو هەر کاتێک دەرفەتێکم دەبوو دەمخوێندەوە. ئەندێشەو مەتەڵو رۆمانی ترسم زۆر خوێندەوەو لە هەمان کاتدا دەستم بە نووسینی چیرۆک بە زمانی ئینگلیزی کرد.


***ئەو کتێبانە کامانەن کە کارێکی زۆریان لە تۆ کردبوو؟**

- (هێشتووەکانی تورەبوون) یان the grapes) of wearth)یەکەم کتێب بوو کە بە ئینگلیزی خوێندبوومەوە، بەهۆی ئەو کتێبە هەندێ زانیاریم دەربارەی مێژووی ئەدەبی ئەمەریکا دەستکەوت، شانازیم بە خوێندنەوەی ئەو کتێبەوە دەکرد، بێگومان کاریگەریی لە هەندێ لایەنی دیکەدا هەبوو، هەندێکیان دەربارەی ئەوەی کە لە (ئەفغانستان)دا روو دەدات، لەو کاتەدا جەنگی سۆڤێت لە چوارەمین ساڵیدا بوو، بارودۆخی ئاوارە ئەفغانییەکان هۆکاری قەیرانێکی گەورە بوو، ملیۆنان مرۆڤ ماڵەکانیان بەجێ دەهێشتو لە ئاکامدا دەربەدەر، بێبەش، بێزار دەبوونو لەو شوێنانەی هەوڵیان دا سەرلەنوێ دەست بە ژیانیان بکەنەوە روویان پێ نەئەدرا.

***بەبڕوای من یەکێک لەو هۆکارانەی کتێبەکانی تۆ لەلای خوێنەران خۆشەویست بین ئەوە بوو لەو کاتەدا دەربارەی ئەو رۆشنبیرییەت دەنووسی کە لەلای غەیرە ئەفغانییەکان نائاشنابوو، لە تواناتدا بوو ئەمە بە روونیو رەوانی بۆ ئەوی دی بگەیەنێت، ئەگەر دەربرینەکە درووست بێت.**



لە کتێبی کۆلارەبازدا بەشێوەیەکی تایبەتی چیرۆکێک دەربارەی منداڵیو ئەو نائومێدییە روو لە هەڵکشانەم دەبینی، کە رۆژ بە رۆژ لە گەشتەکەماندا بەرەو پێگەیشتن بەدەستی دەهێنین...



**خالید حوسەینی**

-لە کۆمەڵگەدا ریزێکی زۆری لێ دەگیرا، بە بڕوای من بەشێوەیەک لە شێوەکان بەر کاریگەریی ئەو بارودۆخانە کەوتبوو کە لەو ساتەی پێمان نایە وڵاتە یەکگرتووەکان تیایاندا ژیابووین، لە تەمەنی ٤١ ساڵیدا خاوەنی دوو کوڕو ژنێک بوو، کە دەبوو بەرەو ژیانێکی تازەیان بەرێ. هەر جارەو خۆی لە ئیشێکدا دەبینیەوە، سکاڵای لە حاڵی خۆی نەئەکرد، مەودای ئەو سەختییەم دەهێنمە بەرچاوی خۆم کە لە هەوڵی ئاشتکردنەوەو گونجاندنی نێوان هەموو ئەوەی بووبوو لەگەڵ هەموو ئەوەی ئێستا خۆی تیایدا دەبینێتەوەو رووبەڕووی بووە، ئەو پەرەگرافانەی لە ناوەڕاستی کتێبی (کۆلارەباز)دا نووسراون، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، نزیکەی سێ هەفتە نووسرابوون، رووداوەکانی ناو بەشەکان تا ئاستێک لە ناخەمەوە هەڵدەقوڵانو تا ئاستێکیش لە ئەزموونی ژیانی خۆم وەک ئەفغانییەک لێرە دەچێ، کاتێ بەرەوەندی ئەفغانیی ئێرە گەیشتم بۆم دەرکەوت کە دوو جۆر خەڵک هەیە، یەکەمیان دڵنیان بە گۆڕانکارییەکانیان ناو هەوڵیان دا واقیعی خۆیان بگۆڕنو بڕیاریان داوە بەرەو باشتر بڕۆن، نەک لە پێناوی خۆیاندا، بەڵکو لە پێناوی منداڵەکانیاندا، باوکیشم لەم جۆرەیان بوو، دووەمیان جۆرە کەسانێکن کە لەلایەن بارودۆخە تازەکەیانەوە بەزێنراونو گۆڕانکارییەکان رەتدەکەنەوەو خۆیان بە هەموو ئەوەی تیایدا بوون وابەستە کردووەو خۆیان بەو ئومێدە پەیوەست کردووە کە لە ئەفغانستاندا، لەناو جەرگەی تاریکیدا دەردەکەوێو جارێکی دی جیهان بەشێوەیەکی ئەفسانەیی وەک خۆی لە حەفتاکاندا دەبێتەوەو لە ماوەی یەک رۆژدا کەشتییەکە دەگەڕێتەوەو بەرەو رووگە دوورستەکەی خۆی دەڕوات. کەسایەتیی (جەنەراڵ) بوو، ئەم بیرۆکانەی لەناو کتێبی (کۆلارەباز)دا پێشکەشکردبوو، بەهۆی ئەمەوە ئەم بەشەی کتێبەکە نزیکترین بەشە لە ژیانە تایبەتەکەی خۆم.

***گرنگترینو بەهێزترین بەشە.. تا ماوەیەک بیرکردنەوەمی داگیرکردبوو.**

-سوپاست دەکەم.

***نەهلە ئەلعەرەبی ئەم چاوپێکەوتنەی لە گۆڤاری (ریڤیو)ی ئینگلیزییەوە کردووە بە عەرەبی.**



بەشێک لە ڕۆمانی

# هەزار خۆری درەوشاوە

**خالید حوسەینی**

**لە ئینگلیزییەوە: ئازاد بەرزنجی**

1

مریەم پێنج ساڵان بوو کە بۆ یەکەمجار وشەی (حەرامزادە)ی بەرگوێ کەوت.

ئەمە لە ڕۆژی پێنجشەممەدا ڕوویدا، دەبێ هەر ئەو ڕۆژە بووبێت، چونکە دێتەوە یادی کە ئەو ڕۆژە گەلێ نائارام و ئۆقرەلێبڕاو بوو و هەر بە تەنها ڕۆژانی پێنجشەممەش دووچاری ئەو حاڵەتە دەبوو. پێنجشەممان ئەو ڕۆژەبوو کە جەلیل دەهات بۆ کولبە تا ببینێت. مریەم دەچووە سەر کورسییەک و خۆی بە داگرتنی قۆری و فنجانە چینییەکانی دایکییەوە خەریک دەکرد، بۆ ئەوەی کاتەکە تێپەڕێت تا ئەو ساتەی ئەو لەناو ئەو گژوگیایانەدا پەیدا دەبوو کە تا ئەژنۆی هاتبوون و بەدەم دەستڕاوەشاندنەوە بەرەو ڕووی ئەم دەهات. فنجانە چینییەکان تاقە یادگاریی دایکی مریەم بوون کە بۆی جێهێشتبوون. دایکی مریەم، واتە نانا دوو ساڵان بوو کە دایکی کۆچی دوایی کردبوو. هەر پارچەیەکی ئەو چینییە سپی و شینانەی چەمانەوەی جوانی لوولە قۆرییەکە، وێنەی باڵندە بچکۆلەکان و گوڵەداودییەکان کە بەدەست کرابوون، ئەژدیهای سەر شەکردانەکە، ئەمانە هەموو بەلای (نانا)وە ئازیز بوون.

دواپارچە بوو کە لەناو پەنجەکانی مریەمەوە خزاو کەوتە سەر ئەرزی دارینی کولبەکەو وردوخاش بوو.

کاتێک نانا شەکردانەکەی بینی، دەموچاوی سوور هەڵگەڕاو لێوی سەرەوەی کەوتە لەرزین، چاوەکانی، هەم چاوە کزەکەی و هەم ساغەکەشی، بێ تروکاندن چوونە سەر مریەم.

نانا بە ڕادەیەک توورە دەهاتە بەرچاو کە مریەم ترسا نەبادا هەمدیسان جنۆکەکان چووبنە لەشی دایکییەوە، بەڵام جنۆکەکان دیار نەبوون، ئەمجارە نەهاتن. لەبری ئەوە نانا تووند مەچەکی مریەمی گرت و لە کاتێکدا بەرەو لای خۆی ڕایدەکێشا، بەدەم دانجیڕکردنەوەوە وتی: تۆ حەرامزادەیەکی گێژووێژیت. ئەمە پاداشتی هەموو ئەو کلۆڵییانەیە کە بەرگەم گرتن. حەرامزادەیەکی بچکۆلەی گێژووێژ کە میراتییە بەنرخەکانی ماڵەکەمان دەشکێنێت.

مریەم ئەو کاتە لەوە تێنەدەگەیشت. نەیدەزانی مانای وشەی حەرامزادە چییەو هێشتا ئەمەندەش گەورە نەبووبوو لەو ناهەقییە تێبگات، لەوەی کە ئەوانەی بوونەتە مایەی دروستبوونی حەرامزادە تاوانبارن، نەک ئەم، کە تاقە گوناهی ئەوەیە هاتۆتە ئەم دونیایەوە، بەڵام مریەم بەشێوەی قسەکردنەکەی نانادا بۆ ئەوە چوو کە حەرامزادەبوون شتێکی دزێو و قێزەونە، وەک مێروویەک، وەک ئەو سیسرکە تیژڕەوانەی کە نانا هەمیشە نەفرەتی لێ دەکردن و بە گسکەکەی فڕێی دەدانە دەرەوەی کولبەکە.

دواتر، وەختێ مریەم گەورەتر بوو، لە مانای ئەو وشەیە گەیشت. ئەوەی زیاتریش کسپەی دەخستە دڵی مریەمەوە، شێوەی وتنی وشەکە بوو، نەک وتنەکە خۆی کە وەکو تفێک بە ڕوویدا دەکرا. مریەم ئینجا تێگەیشت کە مەبەستی نانا لە حەرامزادە شتێکی نەخوازراوەو ئەوەش کە مریەم کەسێکە بەشێوەیەکی ناشەرعی هاتۆتە ئەم دونیایەو هەرگیزیش ناتوانێت بەشێوەیەکی یاسایی لافی ئەو شتانە لێبدات کە کەسانی دی هەیانە، شتی وەکو خۆشەویستی، خێزان، ماڵ و پەسەندبوون لەلایەن کۆمەڵگاوە.

جەلیل هەرگیز بەو ناوەوە مریەمی بانگ نەدەکرد. ئەو دەیوت کە مریەم گوڵە بچکۆلانەکەی ئەوە. ئەو حەزی دەکرد مریەم لەسەر ئەژنۆی خۆی دابنیشێنێت و حیکایەتی بۆ بگێڕێتەوە. وەکو ئەو جارەی کە باسی (هەرات)ی بۆ کرد، ئەو شارەی کە لە ساڵی (1959)دا مریەمی تێدا لەدایک بوو. لانکی کولتووری فارسی و ماڵی نووسەران و نیگارکێشان و سۆفییان بووە.

بەدەم پێکەنینەوە وتی: (ناوێریت قاچت درێژ بکەیت، بەر قنگی شاعیرێک دەکەوێت).

جەلیل حیکایەتی شاژن گەوهەر شادی بۆ کرد، کە وەکو نیشانەیەکی خۆشەویستیی خۆی بۆ هەرات، لە سەدەی پانزدەهەمدا کۆمەڵێک منارەی بەناوبانگی لەو شارەدا بینا کرد. باسی کێڵگە سەوزەکانی گەنمی هەرات و بێستانەکان و ڕەزی پڕ لە هێشووەترێی گەورەو بازاڕە چوخمدارە (سەرگیراوە) قەرەباڵغەکانی ناوشاری بۆ کرد. ڕۆژێکیان جەلیل وتی: (مریەم گیان، دارێکی پستە هەیە کە ئارامگای شاعیری گەورە (جامی)ی لەژێردایە) ئینجا جەلیل نوشتایەوەو چرپاندی (جامی پێنجسەد ساڵ زیاتر لەمەوبەر ژیاوە. جارێکیان بردمیت بۆ لای ئەو درەختە. زۆر مناڵ بوویت بیرت نایەت؟) ڕاستی دەکرد. مریەم بیری نەدەکەوتەوە. گەرچی دەبوایە پانزدە ساڵی سەرەتای تەمەنی لە نزیک هەراتەوە بەسەر بەرێت، بەڵام هەرگیز ئەم دارە ئەفسانەییەی نەبینی، هەرچۆن منارە بەناوبانگەکانیشی لە نزیکەوە نەبینی و میوەی لە بێستانەکانی هەرات نەکردەوەو بە ناو کێڵگەکانی گەنمدا نەگەڕا، بەڵام هەرکاتێک جەلیل باسی ئەم شتانەی بۆ دەکرد، ئەو شەیدایانە گوێی بۆ ڕادەدێرا. ئەو بەو زانیارییە

زۆرانەی باوکی و بەو دنیادیدەییەی زۆر سەرسام بوو. شانازیی دەکرد کە باوکێکی هەیە ئەو هەموو شتە دەزانێت.

دوای ئەوەی جەلیل ڕۆیشت، نانا وتی: (سەیری ئەو درۆ زلانە! پیاوی زل درۆی زل دەکات. ئەو هەرگیز تۆی بۆ بینینی هیچ دارێک نەبردووەو وریابە پێی هەڵنەخەڵەتێیت. ئەو خیانەتی لە ئێمە کرد، ئەم باوکەی کە تۆ ئەوەندە خۆشت دەوێ. ئەو ئێمەی فڕێدایە دەرەوە. ئەو ئێمەی لە کۆشکە خەیاڵاوییەکەی خۆی فڕێدایە دەرەوە، وەک ئەوەی ئێمە هیچی ئەو نەبین. بەم کارەشی زۆر دڵخۆش بوو). مریەم وەکو ئەرکێکی سەرشانی گوێی لەم قسانە دەگرت. هەرگیز نەیدەوێرا بە نانا بڵێت کاتێک بەم شێوەیە باسی جەلیل دەکات، ئەم چەند ڕقی لێ دەبێتەوە. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە مریەم کاتێک لە پەنا جەلیلدا دەبوو؛ بە هیچ جۆرێک هەستی بە حەرامزادەییبوونی خۆی نەدەکرد. هەموو پێنجشەممەیەک کاتێک جەلیل دەهات بۆ لای؛ بۆ ماوەی سەعاتێک یان دوو سەعات؛ بە زەردەخەنەو دیارییەکانی و میهرەبانیی، وای لە مریەم دەکرد هەست بکات شایستەی ئەو جوانی و بەخششەیە کە ژیان پێی بەخشیوە، هەر لەبەرئەمەش جەلیلی خۆشدەویست. تەنانەت گەر بە تەنها بۆ ئەمیش نەبێت. جەلیل سێ ژن و نۆ منداڵی هەبوو. نۆ منداڵی شەرعی کە هەموویان بۆ مریەم بێگانە بوون. ئەو یەکێک بوو لە پیاوە هەرەدەوڵەمەندەکانی هەرات. خاوەنی سینەمایەک بوو کە مریەم هەرگیز نەیبینیبوو، بەڵام لەبەر پێداگرتنی ئەو، جەلیل باسی سینەماکەی بۆ کردبوو، بۆیە دەیزانی کە ڕووەکەی بە کاشیی شین و قاوەیی کراوەو باڵکۆنی تایبەتی هەیە کە چەند کورسییەکی تیایە و بنمیچەکەی بە داروتەختە کراوە. دەرگا دوولاکانی بە ڕووی هۆڵێکی چاوەڕوانیدا دەکرێتەوە کە دیوارەکانی کاشین و پۆستەری فیلمی هیندییان پێدا هەڵواسراوە کە خراونەتە چوارچێوەی شووشەوە. ڕۆژێکیان جەلیل وتی: (ڕۆژانی سێشەممە لەوێ بەخۆڕایی ئایسکرێم بە منداڵان دەدەن). کاتێک جەلیل ئەم قسەیەی کرد؛ نانا زەردەخەنەیەکی سەنگینی هاتێ و چاوەڕێی کرد تا ئەو ڕۆیشت و ئینجا بە مریەمی وت: (ئایسکرێم دەدەن بە منداڵی بێگانە، ئەی تۆ چیت دەدەنێ مریەم؟ حیکایەتی ئایسکرێم!).

جگە لەو سینەمایە، جەلیل لە کاروخ و فەرەح موڵکی هەبوو، هەروەها سێ دوکانی فەرشفرۆشتن و کۆگایەکی جلوبەرگ و ئۆتومبیلێکی بیوکی ڕەشی ڕۆدماستەری مۆدێل 1956ی هەبوو. یەکێک بوو لە پیاوە دەسەڵاتدارەکانی هەرات و هاوڕێی سەرۆکی شارەوانی و پارێزگار بوو. چێشتلێنەرێک و شۆفێرێک و سێ کارگوزاریشی ڕاگرتبوو. ناناش بەرلەوەی سکی بەرز بێتەوە؛ یەکێک بوو لە کارگوزارەکانی.

نانا وتی کاتێک ئەمە ڕوویدا؛ واتەواتی بنەماڵەکەی جەلیل گەیشتە دەرەوەی هەرات. خزمانی ژنەکانی سوێندیان خوارد، خوێنی یەکێک دەڕێژن. ژنەکانی بە جەلیلیان وت، دەبێ لەو ماڵە دەری بکات. باوکی نانا کە لە دێی گوڵدامانی نزیک هەرات بەردتاشێکی ڕەمەکی بوو؛ حاشای لە کچەکەی خۆی کرد. وەک کەسێکی ئابرووچوو باروبنەی خۆی پێچایەوەو بە سواری پاسێک بەرەو ئێران ڕۆیشت و ئیدی ببڕای ببڕ؛ نە کەس چاوی پێکەوتەوەو نە هەواڵێکیش بیسترا.



بەیانییەکیان، لەبەردەمی کولبەکەدا، وەختێ نانا دانی بۆ مریشکەکان دەڕشت؛ وتی: (هەندێ جار خۆزگە دەخوازم باوکم ئەو غیرەت و دڵەی هەبووایە، یەکێک لە چەقۆکانی خۆی تیژ بکردایەتەوەو ئابڕووی خۆی بکڕیایەتەوە. لەوانەبوو ئەوە بۆ من باشتر بووایە) مستێک دانی تری فڕێدایە کولانەکەوەو سەیرێکی مریەمی کرد. (لەوانەبوو بۆ تۆش باشتر بووایە، هیچ نەبێت ئیتر خەفەتی ئەوەت نەدەخوارد تۆ کێیت و لەکوێوە هاتوویت، بەڵام باوکم بێغیرەت بوو، دڵی ئەو کارەی نەبوو).

نانا وتی: (جەلیلیش ئەو غیرەت و دڵەی نەبوو تا کارێکی ئابڕوومەندانە بکات و ڕووبەڕووی بنەماڵەکەی و ژنەکانی و خزمەکانی بوەستێتەوەو بەرپرسیارێتیی ئەو کارەی بگرێتە ئەستۆ. لەبری ئەوە، لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە: مامەڵەیەکی خێرای بۆ پاراستنی ئابڕووی ئەنجام دا. بۆ ڕۆژی دوایی... جەلیل بە نانای وت تا کەلوپەلەکانی خۆی لە ژووری خزمەتگوزارەکان بپێچێتەوەو لەوێ نەمێنێت. دەزانێت بۆ بەرگریکردن لە خۆی چیی بە ژنەکانی گوتبوو؟ گوتبووی گوایە من خۆم بەزۆر داوە بەسەر ئەودا و خەتای من بوو. تێگەیشتیت؟ ئەمە مانای ژنبوونە لەم دونیایەدا).

نانا کاسەی دانی مریشکەکانی لەسەر زەوییەکە دانا و بە پەنجەیەکی چەناگەی مریەمی بەرز کردەوەو وتی: (مریەم، سەیرم بکە).

مریەم زۆری لەخۆی کردو سەیری کرد.

نانا وتی: (کچم، لە ئێستە بەدواوە، ئەمە بزانەو باشیش بیخەرە مێشکتەوە: وەکو دەرزیی قیبلەنوما؛ کە هەمیشە ڕوو لە باکوورە، پەنجەی تاوانبارکردنی پیاویش هەمیشە ڕووی لە ژنێکە، هەمیشە. مریەم، ئەمەت لەبیر نەچێت).

## 2

(بەڵای جەلیل و ژنەکانییەوە من وەک هەرێز وابووم، گیاکەڵە بووم. تەنانەت تۆش، کە هێشتا لەدایک نەبووبوویت).

مریەم پرسیی: (گیاکەڵە چییە؟)

نانا وتی: (گیایەکی زیانبەخشە، شتێکە لە بندا هەڵیدەکێشیت و فڕێی دەدەیت).

مریەم ئەم قسەیەی بەدڵ نەبوو. جەلیل وەکو گیایەکی زیانبەخش ڕەفتاری لەگەڵ ئەمدا نەدەکرد. هەرگیز، بەڵام مریەم وای بەچاکتر زانی، وەڵامی نەداتەوەو نارەزایی پیشان نەدات.

(بەڵام بە پێچەوانەی گیای زیانبەخشەوە، دەبووایە منی لە شوێنێکی تر بروانایەتەوە. تێدەگەیت؟ ئاو و خۆراکی بدایە پێم. لەبەر تۆ. ئەو بەمجۆرە لەگەڵ بنەماڵەکەیدا ڕێک کەوت).

نانا وتی کە ئەم خۆی قایل نەبووبوو لە هەراتدا بمێنێتەوە. (بۆچی؟ بۆ ئەوەی دابنیشم و هەموو ڕۆژێک ببینم چۆن ژنە بێحەیا و وا وا لێکراوەکانی سواری ئوتومبێل دەکات و بە شاردا دەیانسووڕێنێتەوە؟) ئەو وتی ئامادە نەبوو لە خانووە چۆڵەکەی باوکیشیدا بژی لە گوڵدامان، ئەو خانووەی کە دەکەوێتە سەر گردێکی لێژ و دوو کیلۆمەتر لە باکووری هەراتەوە دوورە. ئەو وتی کە خۆی ویستوویەتی لە شوێنێکی چەپەک و دووردەستدا بژی. شوێنێک تیایدا دراوسێکان چاونەبڕنە سکی و پلاری تێبگرن، یان بەتەوسەوە قسەی پێ بڵێن و یاخود لەوەش خراپتر؛ بە میهرەبانییەکی درۆزنانەوە ئازاری بدەن.

نانا وتی: (بڕوام پێ بکە، باوکیشت بەوە ئارامی دەگرت کە دوور بم لە چاوان. ئەویش ئەمەی پێ خۆش بوو). موحسین، کوڕە گەورەکەی جەلیل لە ژنی یەکەمی؛ کە ناوی خەدیجە بوو؛ ئەم شوێنەی ئێستای پێشنیار کرد کە هەر دەکەوێتە دەوروبەری گوڵدامانەوە. ڕێگایەکی گڵیش بۆی دەچێت بەسەر هەورازێکدا کە لە ڕێگا سەرەکییەکەی نێوان هەرات و گوڵدامانەوە دەشکێتەوە سەری. ڕێگاکە لە هەردوولاوە گژوگیایەک دەوری دابوو کە تا ئەژنۆ دەهات و پڕبوو لە گوڵی سپی و زەردی درەوشاوە. ڕێگا پێچاوپێچەکە بە دەوری گردەکەدا بەرەو سەرەوە دەچوو تا دەگەیشتە دەشتێکی تەختی پڕ لە چنارو ئەفرا کە بە ئاسماندا چووبوون، لە خواریشەوە دەستە دەستە دەوەنی چڕت دەبینی. لەو بەرزاییەوە دەتتوانی پەروانە ژەنگاوییەکانی ئاشە هەواییەکەی گوڵدامان ببینیت. لای چەپ و ڕاستیشەوە شاری هەرات لەبەردەمتا بوو. ئەم ڕێگا ستوونییە بە ڕووبارێکی گەورەی پڕ لە سوورەماسی تەواو دەبوو، ئەو ڕووبارەی کە لە (سفیدکوە)وە سەرچاوەی دەگرت، واتە ئەو زنجیرە چیایەی کە دەوری گوڵدامانی دابوو. دووسەد مەترێک لەسەروو ڕووبارەکەوە بە بناری چیاکانەوە دارستانێکی چڕی پڕ لە شۆڕەبی بوو کە شێوەیەکی بازنەیی هەبوو و دەشتە تەختەکەش کەوتبووە ژێر سێبەری ئەو دارستانەوە. نانا وتی: (جەلیل چوو سەرێکی لەو شوێنە داو وەختێ گەڕایەوە؛ بەجۆرێک باسی ئەوێی دەکرد دەتوت وەردیانێکەو وەسفی پاکوتەمیزیی دیوارو ئەرزی بە باق و بریقی زیندانەکەی دەکات).

(ئیدی بەمجۆرە باوکت ئەم کونە مشکەی بۆ دروست کردین).



* * *

نانا کە تەمەنی پانزدە ساڵ بوو؛ ئەوەندەی نەمابوو شوو بکات. خوازبێنیکەرەکەی کوڕێکی لاوی تووتیفرۆشی خەڵکی شینداند بوو. مریەم ئەمەی لە زمانی نانا خۆیەوە بیستبوو و بە بریسکەی پڕ ئارەزووی چاوەکانیدا دەیزانی کە نانا ئەوەی پێ خۆش بووەو لەوانەشە لە هەموو ژیانیدا ئەمە یەکەمجار بووبێت، کە لە ڕۆژانی چاوەڕوانیی هاوسەرگیرییدا هەستی بەو خۆشییە کردووە.

ئەو لە ناخی دڵەوە بەوە خۆشحاڵ بووە، هەرچەندە ئێستا نکووڵی لەوە دەکات.

نانا کە ئەم بەسەرهاتەی بۆ دەگێڕایەوە؛ مریەم لەسەر ئەژنۆکانی دایکی دادەنیشت و بە خەیاڵی؛ نانای بە جلی بووکێنییەوە دەهێنایە بەرچاوی خۆی، بەسەر پشتی ئەسپێکەوە؛ بە عەبایەکی سەوزی لەودیو تاراکەیەوە بە شەرمێکەوە پێدەکەنی. ناو لەپی هەردوو دەستی خەنەی سووری لێدراوەو پرچەکانی لەملاولای سەریەوە هۆنیوەتەوەو بە شیلەی درەخت بە یەکەوە لکاندوویانن و تۆزی زیوینیشیان کردووە بەسەر خەتەکەی ناوەڕاستی سەریدا. مۆسیقاژەنەکانی هاتە بەرچاو کە لە کاتێکدا ئەوان سەرگەرمی ژەنینی شاهنەی و کوتانی دەهۆڵن؛ مناڵانی دەوروبەری سەر جادەکە بە هەلهەلەکێشانەوە دوایان کەوتوون. بەڵام هەفتەیەک بەر لە ڕۆژی زەماوەندەکە؛ جنۆکەکان چوونە ناو لەشی ناناوە. بەلای مریەمەوە ئەمە پێویستی بە ڕوونکردنەوە نەبوو. چەندین جار بە چاوی خۆی ئەو دیمەنەی بینیبوو: لەپڕێکدا نانا دەکەوێتە سەر زەوی، لەشی گرژو ڕەق دەبێت، چاوەکانی بۆ دواوە دەچن و بەجۆرێک دەست و پێی دەلەرزێت کە هەر

دەڵێیت شتێک لە ناوەوە دەیتاسێنێت و کەفێک لە گۆشەی ئەملاولای لێوەکانییەوە دێتە دەرێ؛ کە هەندێ جار سپییە و هەندێ جاری تر پەمەییەو خوێنی لەگەڵدایە. پاشان خەواڵوویی و گێژبوونێکی ترسناک و بڵمەبڵمێکی ناڕوون.

وەختێ ئەم هەواڵە گەیشتە شینداند؛ خێزانی کوڕەی تووتیفرۆش وازیان لەو هاوسەرگیرییە هێنا.

نانا دەیوت: (جنۆکە دەستی لێ وەشاندن).

جلی بووکێنییەکە شاردرایەوەو چیتر خوازبێنیکەری دی پەیدا نەبوو.

***

لەو تەختاییەدا، جەلیل و دوو کوڕی؛ واتە فەرهاد و موحسین کولبەیەکی بچکۆلەیان دروست کرد کە مریەم پانزدە ساڵی سەرەتای تەمەنی تێدا بەسەر برد. کولبەکەیان لە خشتی قوڕ دروست کردو بە تێکەڵەیەکی قوڕوکا سواغیان دا. دوو تەختی خەوی بچووک و مێزێکی دارو دوو کورسیی پشتڕێکیان تیا دانا. کولبەکە پەنجەرەیەکی هەبوو، هەروەها چەند ڕەفەیەک کە بە دیوارەکەدا داکوتابوون و نانا دەستەی قۆری و پیاڵە چینییە نازدارەکەی و قابلەمەیەکی چینکۆی خستبوونە سەر.

جەلیل زۆپایەکی ئاسنی بۆ سەرمای زستانیان داناو بڕێک داری بڕاوی لە پشتی کولبەکەوە بۆ کەڵەکە کردن. هەروەها تەنوورێکی نانکردن و کولانەیەکی مریشکی بۆ دروست کردن، کە پەرژینێکی بە دەوردا بوو. چەند مەڕێکیشی بۆ هێنان و ئاخوڕێکی بۆ چێ کردن. بە فەرهاد و موحسینی وت، سەد مەترێک لەولای کولبەکەوەو لە دەرەوەی بازنەی شۆڕەبییەکان؛ چاڵێکی قووڵ بۆ ئاودەستخانە هەڵبکەنن.

نانا وتی: (جەلیل دەیتوانی بۆ دروستکردنی کولبەکە کرێکار بگرێت، بەڵام نەیکرد، چونکە بە خەیاڵی خۆی ئەوە کەفارەتێک بوو بۆ گوناهەکەی).

***

وەکو نانا خۆی دەیگێڕێتەوە؛ ئەو ڕۆژەی مریەمی بووە،کەسێک نەبووە یارمەتی بدات. ئەوە ڕۆژێک بوو لە ڕۆژە هەوراویی و شێدارەکانی بەهاری ساڵی (1959)، کە ڕێکەوتی بیست و شەشەمین ساڵی فەرمانڕەوایی زاهیر شا بوو، ئەو فەرمانڕەواییەی چل ساڵی خایاند، ساڵانێکی یەکڕەوت و خاڵی لە ڕووداو. نانا وتی جەلیل تەنانەت ئەرکی ئەوەی نەکێشا کە دکتۆرێک یان مامانێکیشم بۆ بانگ بکات. گەرچی دەیزانی لەوانەیە جنۆکە بچێتە ناو لەشییەوەو لە کاتی منداڵبووندا فێ بیگرێت، بۆیە تەنیا خۆی لە کولبەکەدا ڕاکشابوو و چەقۆیەکیشی لای خۆیەوە دانابوو. سەرتاپای بەدەنیشی شەڵاڵی ئارەقە بوو. (کە ژانەکەم زیادی کرد، گازم لە سەرینەکە دەگرت و دەمقیژاند، تا دەنگم نووسا. کەسێک نەبوو ئارەقەی نێوچەوانم بسڕێت، یان چۆڕێک ئاوم بداتێ. تۆش، مریەم گیان، تۆش هیچ پەلەت نەبوو. ناچارت کردم نزیکەی دوو ڕۆژ لەسەر ئەو ئەرزە ساردو ڕەقە بمێنمەوە. ئەو دوو ڕۆژە نە نانم خوارد و نە خەو چووە چاوم. تەنها کاری من ئەوەبوو زۆرم لە خۆم دەکردو دووعام دەکرد دەقەیەک زووتر بێیتە دەرەوە!)

(داوای لێبوردن دەکەم، نانا).

(من خۆم ناوکتم بڕی، هەربۆیە ئەو چەقۆیەشم لای خۆمەوە دانابوو).

نانا هەموو جارێک کە دەگەیشتە ئەم قسانە؛ زەردەخەنەیەکی تاڵ و تاوانبارکەرانە دەچووە سەر

لێوی و بە ساردی و دوودڵییەوە ئەوی دەبەخشی. مریەم هەرگیز ئەوەی بە بیردا نەدەهات کە داوای لێبوردن بۆ ئەوەی کە بەو شێوەیە لەدایک بووە، شتێکی ڕەوا نییە. بەڵام کاتێک لە تەمەنی دە ساڵیدا ئەوەی بە بیردا هات، چیدی بڕوای بەو چیرۆکەی نانا نەما، بەڵکو بڕوای بە چیرۆکەکەی جەلیل دەکرد، کە هەرچەندە خۆی لەو کاتەدا لە سەفەر بووە؛ بەڵام لەسەر ڕاسپاردەی ئەو، نانایان بردۆتە نەخۆشخانەیەکی هەرات و لەژێر چاودێریی دکتۆرێکدا بووەو لە ژوورێکی ڕووناک و پاکە تەمیزدا خستوویانە. کاتێکیش مریەم چیرۆکی چەقۆکەی بۆ دەگێڕایەوە؛ جەلیل بە پەژارەیەکەوە سەری بادەدا.

مریەم تەنانەت گومانی لەوەش پەیداکردبوو کە دایکی دوو ڕۆژ ژانی پێوە گرتووە.

جەلیل وتی: (پێیان وتم کە بە هەمووی سەعاتێکی نەخایاندووە. تۆ کچێکی چاک بوویت؛ مریەم، تەنانەت لە کاتی لەدایکبوونیشدا هەر چاک بوویت).

نانا تفێکی کرد: (ئەو کاتە هەر لەوێش نەبوو، لەگەڵ هاوڕێ ئازیزەکانیدا بۆ ئەسپسواری چووبوو بۆ (تەختی سەفەر).

دڕێژەی دایێ وتی: (کاتێکیش پێیان وت کچت بووە، جەلیل شانێکی بەرزکردۆتەوەو دەستی بەسەر باڵی ئەسپەکەیدا هێناوەو بۆ ماوەی دوو هەفتەی دواتریش هەر لە (تەختی سەفەر) ماوەتەوە.

(ڕاستییەکەی ئەوەیە تا بوویت بە یەک مانگیش نەیکردیتە باوەشی. ئەو جارەش هەر بۆ ئەوە لە باوەشی کردیت تا سەیرێکت بکات و ئینجا گاڵتە بە دەموچاوت بکات و بڵێ دەموچاوت درێژەو دوای ئەوە دایتیەوە بە من). مریەم بڕوای بەم بەشەی چیرۆکەکەش نەدەکرد. بەڵێ، جەلیل وتی ڕاستە کە لە تەختی سەفەر خەریکی ئەسپسواری بووە، بەڵام وەختێ هەواڵی لەدایکبوونی ئەویان داوەتێ؛ شانی بەرز نەکردووەتەوە، بەڵکو خۆی فڕێداوەتە سەر زینی ئەسپەکەی و بەرەو هەرات چووە. ئەوی گرتۆتە باوەش و پەنجە گەورەی مریەمی هێناوە بە برۆ پڕەکانیداو لایلایەی بۆ کردووە. مریەم گەرچی دەموچاوبشی درێژ بوو؛ کەچی هەرچەندی دەکرد بڕوای نەدەکرد جەلیل گاڵتەی پێ کردبێت.

نانا وتی کە خۆی ناوی ناوە مریەم، لەبەرئەوەی ناوی دایکی بووە. جەلیلیش وتبووی کە ئەو ئەو ناوەی بۆ هەڵبژاردووە، لەبەرئەوەی گوڵەمریەم گوڵێکی جوانە.

مریەم لێی پرسی: (ئەو گوڵەیە کە تۆ حەزت لێیە؟)

جەلیل بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: (بەڵێ، یەکێکە لەو گوڵانەی حەزم لێیانە).



***خالید حوسەینی یەکێکە لە ڕۆماننووسە داهێنەرەکانی ئەفغانستان.. تا ئێستا دوو ڕۆمانی کراون بە زمانی عەرەبی و فارسی. (هەزار خۆری درەوشاوە) یەکێکە لە ڕۆمانە گرنگەکانی، کە برای وەرگێڕ (ئازاد بەرزنجی) لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی. ئەم چەند لاپەڕەیەی کە دەیخوێنننەوە بەشێکە لەو ڕۆمانە نایابە. هیواداریین لە ئایندەدا بتوانین تیشکی زیاتر بخەینە سەر داهێنانی خالید حوسەینی..**

**گەلاوێژی نوێ**



# گەڕان بەدوای دیمەنە ونبووەکاندا

**ڕەووف بێگەرد**

بەیانی کە لە خەو هەستا، لەو وێڵگەردانەی دەکرد تۆزی چ سەرزەمینێک بە لەشیانەوە نانووسێت و گیرفانی خاڵییان پڕە لە ناسنامەی دنیا، باڵندەیەکی بێ هێلانە و ماسییەک کونی چ تۆڕێک لەمپەری جووڵە و بازرەقەکانی نابەزێنێت. بەدەم ورینگە ورینگی ئەو گۆرانیانەوە کە سانسۆری چ ئاواز و میلۆدییەکیان بەسەرەوە نییە و ئەویش نە سەرەتا و نە کۆتاییان دەزانێت، هەنگاوی بەرەو شەقام و کۆڵانەکانی شار هەڵگرت. ئەو لەو ساتەدا پەیوەندیی بە هیچ کات و جێگایەکەوە نەمابوو! نە سەربازێک بوو ئاگای لە فەرمان و چەکەکەی بێت، نە خۆنیشاندەرێک بە دەنگهەڵبڕین و ڕێپێوانەوە، نە سیاسەتبازێکیش کە شەوانە درۆی ڕەنگا و ڕەنگ ڕێک بخات بۆ ئەوەی بەیانی دڵی هاووڵاتییانی پێ خۆش بکات. ئەو لەوکاتەدا چێژی لە بێ دەربەستی دەچەشت و خۆی دابوە دەم شەماڵی بێئاگاییەکی سەیر (ئەمجۆرە حاڵەتە لای هەموو کەسێک بەدی ناکرێت و تەنانەت هەرگیز نابێتە میوانی ڕۆژێکی هەندێکی تر)

که هەر بە ڕێکەوت و بێ بڕیارێکی پێشینە گەیشتە نزیکی تێرمینالێک، بێ سێ و دووکردن چووە ناو ئاپوورەی ماشین و خەڵکەکەوە و کەوتە تەماشاکردن، هەڵی ڕوانی و لەخۆوە هەواڵی ماشینێکی پرسی کە بۆ شارۆچکەیەکی سەر سنوور بچێت و هیچ دوودڵ نەبوو لە چوونەکەی. کە ئاماژەی یەکێک لە ماشینەکانیان بۆ کرد، زۆر لەسەرخۆ و بە تەنیا لە پێشەوە دانیشت. نە کتێبێکی پێ بوو بە دەستییەوە بگرێت، نە بەستۆکێک بیخاتە بەر پێی و نە قسەیەک بۆ ئەوانی تری بکات.
تا ماوەیەکی ڕۆیشتنیش هەر ئەو مرۆڤە وێڵ و نامۆیە بوو نە کەسی دەناسی و نە هەرگیز ئەو ڕێگا و بانەی دیبوو، چاویشی لەو باڵندانە دەچوو هەموو درەخت و لووتکە و ڕەوەزێک دەبینێت، بێ ئەوەی بۆ گەڕانەوە هەوڵی ناسینەوەیان بدات -لە ڕاستییا ئەو لە ڕابووردوویەکی دووردا دەیان جار بەو ڕێگایەدا تێپەڕیوە، خاک و خەڵکەکەی ناسیوە، تاقە جارێکیش، لە شکستێکی هەرە گەورەدا بە درێژایی ئەو ڕێگایە بیری لێ کردۆتەوە و تەنانەت گریاوە- وا ئێستا کۆچەرێکی بێ هەوار، تووڕەیەکی بێدەنگ و گریاوێکی بێ فرمێسکە.
لە پڕێکدا، لە نێو شەپۆلی هاتوچۆی زۆری ماشین و دڕدۆنگی بازگە و هاواری پۆلیس و ڕێگای بە چاڵ و چۆڵی پڕ لەتاسەدا، وردە وردە هەستە بێباکەکانی کەوتنەوە سەرکاری ئاسایی خۆیان، ئەو هەر دەیویست خۆی لە دیمەنەکان بدزێتەوەو چێژ لەو دۆخە بچێژێت، کە ئاسایی بۆی دروستبووە، بەڵام دیارە سیحری شوێن و تاسەی ڕۆژانێکی بەسەرچوو کە لەوانەیە کەس نەبێت خۆزگە بە هەندێک لە دەگمەنییەکانی نەبات، هێنایانەوە ناو خەڵک و سەر ڕێگاکە. کەوتە هەڵدانەوەی لاپەڕە هەرە جوان و شلوێکانیش: گوندی سەرەڕێ، دوو دارتووی سەر گردێک کە چل ساڵ لەمەوبەر چۆن بوون ئێستایش هەر بەرانبەر بە یەکن و چیرۆکی ڕۆژانی تەنیایی و وێرانکردنی وڵات بۆ یەکدی دەگێڕنەوە، ئەم چەند جارێک و لە ڕۆژانی سەخت و دژواردا لە ترسی نەیار و بە قاچاخە ڕێ بەلای ئەو دارتووانەدا تێپەڕیوە، لە ژێریاندا حەساوەتەوەو شەویش هەر لەوێدا نووستووە، بۆیە ئێستا لەبەر چاویدا سەوز و گەشاوەترن. پەڵەی ناو بە ناوی مەزرا و گوڵاڵەی لاڕێ و تاک و تەرای چایخانە چۆڵەکان نەیان دەهێشت لەوە زیاتر مەودای ڕوانینی بەرەو ئەو وێڵگانە بڕوات کە لەسەرەتادا چێژی لێ ئەبینین. لەو شارۆچکەیەوە دەستی پێ کرد کە بارانی بە لێزمەی شەوی یەکەمی (ڕەو) ەکە وشکایی بە بەریانەوە نەهێشت، ئەوانەی بە گەشتێکی کاتییان دەزانی و ئەوانەیش کە پلەی تۆ قینیان لە سەرووی ڕیکۆردی سەربازە ئەمریکییەکانی جەنگی ڤیتنامەوە بوو.
گەیشتنە ئەو شارۆچکەیەی کە پردە ئاسنینەکەی ئێستای ناو شاری لە چل ساڵ لەمەوبەری ژەنگاوی و نارێکترە. ئەوسای تاکە تاکەی ماشین و هاتوچۆی بێ سڵەمینەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ، ئێستای ئاپورە و جەنجاڵ بە ماشینی تازەو تەکنە لۆژیای گەلێک لە سەرووی هزر و ئاوەزی خاوەنەکانیەوە. ئەوسای پێ لە قوڕچەقین و ماتیی ژنە گوندی ماست فرۆش و هەندێک جار بە برسیەتی چاوچوونەخەو، بەڵام خەوێکی ئاسوودە. ئێستای دەوڵەمەندبوو بە پێویستییە ڕۆژانەییەکانی ژیان، کەچی هەژار بە مانا ئاسانگیرییەکانی، نوقمی وێڵگە بێ ئاکامەکانی



لێکدانەوەی زۆر و کەوتنە ناو کۆڵانە بنبەستەکانەوە. ئەوسای ئاسمانێکی بێگەرد و ژینگەی پاک و خەڵکانێکی تەژی بەوەفا و لەخۆبووردەیی و گیانی ئازادی ویستی، ئێستای پڕ لە خۆپەرستی و بەرژەوەندیی تایبەتی و شاردنەوەی ڕاستییەکان. لەو کاتەدا هەستی ئەم لە ڕەوە ماسییەکی بچووکی دەکرد کە بەدەوری پارچەیەک نانی ناو ئاوێکەوە لە هەڵبەز و دابەز و کێبرکێی پچران و لێکردنەوەیدابن. سەرنج و تاسەکانی، لەگەڵ خێرایی ماشینەکەدا، لە خەونی ئەو زیندانیانە دەچوو کە تراویلکەی ئازادبوون چاوی ئومێدیان پێ دەکاتەوەو پاشان خێرا هەوڵی خەونێکی تر دەدەنەوە.

ئێستا، دوای شەش حەوت کیلۆمەترێک لە شارۆچکەکەوە گەیشتنە گوندەکە، ئەو گوندەی چل ساڵ لەمەوبەر، ئامێزی ڕۆژانی گەرم و شەوانی پڕ لە مێشولەی خۆی بۆ کردەوە، هاوینی بێ ئاوی و زستانی کەم باران، بەڵام دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی دانیشتووان، ئەوێ بۆ ئەم مەکۆی شەوانی تەنیایی پڕ لە ختوورەی ترپەی پێ و سەگوڕەی ناو کۆڵان و حەوشەو حەسارەکان بوو، لەو گوندەدا بۆ یەکەمجار، هەراو زەنای مێگەل بەڕێکردنی بەیانیانی بۆ بووە ئاهەنگی بەژاوەژاوی خەوزڕاندن و بۆنی تەپوتۆز هەڵمژین. لەوێ لە تاقە ژوورێکی قوڕیندا، شەو نەبوو چێژی بەلەزیی هۆرەو گۆرانیی دەوروبەر، خوێندنەوەی کتێبی تازەو هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕشگێڕەکان ڕووناکیی بە دڵ و مێشکی نەدەن. ئەوسا هەموو بەیانییەک لە قوتابخانەدا، ئەو سروودانەی دەوڵەت قەدەغەی کردبوون، بەدەنگی قوتابیان، ئاسمانی دڵ و ڕۆحی ئەو ناوەی پڕدەکرد لە ڕووناکی و ئومێدی نوێ. هەندێک لە ڕێبوار و دانیشتووان چون سەربازی فەرمان پێ دراو، لەو کاتەدا، لەسەر شەقامە سەرەکییەکە، یان لەبەردەم ماڵەکانیاندا کە نزیک بوو لە قوتابخانەکەوە ڕادەوەستان. لە پێشا دەترسان، یان سەیریان پێ دەهات، بەڵام وەک ئەنجام، وردە وردە، جارێکی تر، سروودەکان پەیمانی مانەوەو بەرگریی پێ تازە کردنەوە. جۆشی سروود خوێندنەوەی بەیانیان، تێکەڵ بە خوڕەی چەمی (چەقان) دەبوو، ئەو دەیزانی تەمەنی چەمەکە کورتە و زوو ئاوەکەی وشک دەکات. بۆیە هەموو ڕۆژێک، بەپەلە پەیامی سروودەکانی دەدایە دەست تەتەری شەپۆلی چەقان تا بەرەو جێگایەکی تریان بەرێت، ئەو شوێنانەی وەک ئێرە هەواداری ئازادین و سەودا و عەشقی شۆڕش ڕێگای سەخت و دژواری چیای بۆ کردوونەتە پێدەشت، بۆ ئەوێندەر، بۆ ناو دارستانی زەبەندی ئەفەریقای ڕەشی بەڕاز و ئەفسون و ئەمریکای لاتینی پڕ لە ئەفسانەی تازە و ئاوس بە دیکتاتۆر.

ئەو لەو گوندە کەم دەرامەت و هەتیوی شارستانییەتەدا، عەشقی سادەی لاوانێکی هەست پێ کرد، کە خۆڵ و خوێیان لە زامی کۆن و چەوساندنەوە و نەخوێندەواری و دابونەریتی باو و غەدری زەمانەی خۆیان دەکرد، تازە خەریکبوو پشکۆی تووڕەبوونیان دەگەشایەوەو لەبەر خۆری تازەهەڵاتووی شۆڕشدا هیوای ئاسوودەبوونیان تێ دەگەڕا، هیوای سەلماندنی تاکایەتی و ویستی لاوانەی خۆیان کە پێشتر لێی بێبەشبوون. خەسڵەتی پاراستنی تاکایەتییان لەو ئامێرەدا هەست پێ دەکرد کە بێ دوودڵی لە شانیان دەکرد و ساڵانە ساڵانە بە بەردەم کوێخا و ئاغا





و نۆێنەرانی دەسەڵاتدا تێدەپەڕین. بۆ یەکەمجار کوڕە مسکێنێک چاوی لە کچە شێخێک دادەگرت و شوانێک باکی بە فرمانی ئاغا نەبوو، بەدەم سترانی ئەوین و ئازادییەوە بەو ڕێگا کوڕ و چیا سەختانەدا هەڵدەزنان، کە جاران کۆڵی سوخرە و بێگاریی شێخ و ئاغایان پیا سەردەخست. ئەوان بووبوونە ئەو هەڵۆیانەی هەموو شەوێک گوێمان لە دەنگی باڵ و هاژەی فڕین و زریکەی سەرکەوتنیان دەگرت، ماڵ و ژووری تەنیاییمان وەک هەڵهاتنی مانگ لە شەوی ئەنگوستەچاودا لە پێشوازیی سەردان و ژەمێک خۆراکی ئاسایی ئەواندابوو، مامۆستایەکی ڕەبەنی خەڵکی شار بێجگە لەو کارەو ناردنی نامەیەک و چەند کتێب و ڕاسپاردە و هەواڵێکی دڵخۆشکەر، چی تری لەدەست دێت؟.

دوای ئەوەی بە درێژایی ڕێگاکە هیچی نە وتبوو، کاتێک گەیشتنە گوندی (شانەدەری)* لە شوێنی کۆنە قوتابخانەکەدا و لەبەردەم چایخانەیەکی بچووکدا بە شوفێرەکەی وت: سەرم گێژدەخوا و ئەگەر کەمێک پشوو نەدەم و چایەک نەخۆمەوە، لەوانەیە خراپتربم. شوفێرەکە زوو ماشینەکەی ڕاگرت و ئەوانی تریش دابەزین. ئەو وەک بە دوای شتێکدا وێڵ بێت و لەوە بێگومان بێت کە ڕێکەوت کاری گەورە دەکات، خۆی بەناو چایخانەکەدا کرد و چاوی گێڕا، دوان یاریی دۆمینەیان دەکرد، ئەو سڵاوی لێ کردن و لێی ڕوانین، ئەوەیان کە بەتەمەن تر و بەرانبەر بە دەرگاکە دانیشتبوو، بەدەم وەڵامدانەوەی سڵاوەکەوە سەری هەڵبڕی، کە ویستی بۆ یارییەکە سەری دابنەوێنێتەوە، چون سڵەمینەوەی کوڕێک، دوای دەیان ساڵ و بۆ یەکەمینجار ئەو کچە ببینێتەوە کە کاتی خۆی دڵخوازی یەک بوون و دواجار پێکنەبڕان. لە پڕا هەستایە سەرپێ و بە دەنگی بەرز وتی: (خوایە وەتەن ئاواکەی، چەند دڵگیر و شیرینە) ئەم ناسییەوەو بە جووتە ئامێزیان بۆ یەکدی کردەوە، وەک بەیەک گەیشتنی دوو برادەری دوای جەنگ کە چەند ساڵێک بێت لە یەکدی بێئاگابن و ئێستا لە ناکاوێکدا یەکتریان دۆزیبێتەوە، لە خۆشیاندا هەردووکیان گریان. گریان بۆ یادگارییەکی زیندوو یان گۆرانییەکی لە یادکراو، گریانێک نە زمانی چینایەتی پەی بە لەپڕاپسکان و جوانیەکەی دەبات نە زمانی مامۆستا و قوتابیەتی ڕووت، ئەم بەپەلە لە هەواڵ و ژیانی ئەوی پرسی، ئەوییش- وەک لەوکاتەدا تەمەنی چل ساڵ لەوەو بەری پێچابێتەوەو لە خاڵێکدا وەستابێت، کە زەمان نەیتوانیبێت گەرد بخاتە سەری یان کاڵی بکاتەوە- وتی: من ئێستایش هەر ئەو هەڵۆ سوورەم کە لە پۆلدا لە خەیاڵدانی منداڵیماندا دروستت کردبوو. سێ جار لە مەرگ گەڕانەوەو سیانزە ساڵ پێشمەرگایەتی، ئێستا خاوەنی ئەم چایخانە قوڕینەم کە ڕۆژی وا هەیە دە پانزە چایەکی تیا دەفرۆشم، زۆر ڕۆژی دی لە ئێوارەدا بێجگە لە یاریی دۆمینە و مەسرەفی غاز و چای کولاو و بە فیڕۆدان هیچی ترم بۆ نامێنێتەوە. ئەی مامۆستا گیان تۆ ئێستا چی دەکەیت؟

-کارەکەی منیش لەمەی تۆ نزیکە، بە درێژایی ڕۆژ پەڕەی سپی ڕەش دەکەمەوە و قەڵەم دوای قەڵەم دەگۆڕم. زۆرجار نائومێدییش دامدەگرێت. کە سەری ماندووی شەوانیشم دەنێمە سەر سەرین، پێش ئەوەی وەنەوزێک بدەم، پەڕەکان وەک هیچم تیایاندا نەنووسیبێت، هەر بە سپیەتی دێنەوە و لەسەرو چاوم دەئاڵێن، جارێکی تر هاواری







لەسەر نووسینیانم لێ دەکەن و سەرم بە ژاوەژاو دێنن، هەندێک لە کەسانی ناو چیرۆکەکانم ڕووم لێ گرش دەکەن و توڕەن، هەیشیانە پێدەکەنن. ئیتر منیش وەک تۆ جارێک دەرگای دوکانەکەم بە توندی دادەخەم و لە پڕێکیشدا زۆر بە خۆشییەوە دەیکەمەوە.

-باشە مامۆستا گیان ئەم هەموو زەحمەتە بۆ؟

-بۆ ئەوەی نەمرم. تێدەگەیت؟ ڕەنگە تۆیش هەروا بیت!

چاویان لە چاوی یەکدی بڕی و کەمێک ڕامان، پاشان هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین، ئەوانەی بە دیاریانەوە وەستابوون و چاوەڕێ بوون نەیانزانی بە چی پێدەکەنن. لە ڕاستییا خۆشیان هەر نەیاندەزانی، بە ئێستای خۆیان؟ بەو کارەی هەڵیانبژارد و ئەمە سەرەنجامەکەیەتی؟ یان بەو ڕابووردووەی کە ئەگەر ئێستایش وەک ئەوسای لێ بێتەوە، ئەمان هەر ئەو دوانە دەبن کە ئەوسا بوون.

نەورۆزی ٢٠١٠

***شانەدەری گوندێکە لە ناوچەی شارەزوور و لە باکووری شارۆچکەی (سەید سادق). نووسەر لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابووردوودا، چەند ساڵێک لەو قوتابخانەیە مامۆستای سەرەتایی بووە.**




# مردنێکی تر

**خۆرخێ لویس بۆرخیس**

**له فارسییه‌وه: یاسین عومه‌ر**

نامه‌که‌م ون کردووه، به‌ڵام دوو ساڵ پێش ئێستا یان پێشتر، گانون له کێڵگه‌که‌یه‌وه له گواله گوایچۆ بۆی نووسیم تا هه‌واڵم بداتێ که وه‌رگێڕانێکم له شیعری (ڕابردوو)ی به‌رهه‌می ڕاڵف واڵدۆ ئیمه‌رسۆن بۆ ده‌نێرێت، که ڕه‌نگه یه‌که‌مین وه‌رگێڕانی ئه‌م شیعره بێت بۆ زمانی ئیسپانی، پاشان ئه‌وه‌شی زیادکردبوو که دۆن پیدرۆ دامیان، که ڕه‌نگه بیرم بکه‌وێته‌وه، چه‌ند شه‌و پێشتر به نه‌خۆشییه‌کی سی مردووه. ئه‌م پیاوه (گانون درێژه‌ی پێدا بوو) کاتێک له نێو گڕی تاکه‌یدا ده‌سووتا، له وڕێنه‌کانیدا به دوورودرێژی ڕووداوی جه‌نگی ماسۆله‌ری گێڕابووه‌وه. هیچ شتێکی نائاسایی یان نالۆژیکیم له‌م هه‌واڵه‌دا به‌رچاو نه‌که‌وت، چونکه دۆن پیدرۆ له نۆزده یان بیست ساڵیدا سه‌ر به لایه‌نگرانی ئاپاراسیۆ ساراویا بوو و له ژێر ئاڵای ئه‌ودا جه‌نگابوو.

کاتێ شۆڕشی ١٩٠٤ دەستی پێکرد، پیدرۆ دامیان وەک کرێکارێک لە کێڵگەیەک لە ڕیۆ نگرۆ یان لە پای زاندۆ کاری دەکرد. ئەگەرچی ئەو خەڵکی گواله گوایچۆی هەرێمی ئینترە ریۆس بوو، کەچی لەگەڵ هاوڕێکانیدا کە هەموویان بێشەرمو گەمژە بوون، بە کۆمەڵ چووبوونە ڕیزی سوپای شۆڕشگێڕییەوە. لە یەک دوو تێهەڵچوونی بچوکی جەنگەکانی کۆتاییدا جەنگا. ساڵی ١٩٠٥ گەڕایەوە و بە جۆرە سەرسەختییەکی ڕاستەقینەوە، چووەوە سەر کارەکەی پێشووی، کە گاوانی بوو. ئەوەندەی من بزانم ئیدی هەرگیز نیشتمانەکەی جێنەهێشت. سی ساڵی دواییی تەمەنی لە کۆڵیتێکی دارینی تاککەوتوو و بچوک لە هەشت یاخود دە میلی نانکادا گوزەراند. لەم شوێنە دوورەدەستەدا بوو کە شەوێک لە ساڵی ١٩٤٢دا لەگەڵ ئەودا قسەم کرد (واتە هەوڵم دا لەگەڵ ئەودا قسە بکەم)، ئەو پیاوێکی کەمدوو بوو و ئەوەندە زرنگو بیرتیژ نەبوو. دەرکەوت کە ماسولەر تەواوی مێژووی شەخسیی ئەوی پێک دەهێنێت. کاتێک زانیم کە لە سەروەختی مردندا دووبارە لە ڕقو تورەیی هەراوهۆریای ئەم جەنگەدا ژیاوە سەرسام نەبووم. بە دڵنیابوون لەوەی کە ئیدی هیچ کاتێک دامیان نابینمەوە، دەمویست ڕووخساری بە بیر خۆم بهێنمەوە، بەڵام یادەوەری من بەتایبەتی بۆ هێنانەوە بیری دەموچاوی کەسەکان هێندە لاوازە، کە تەواوی ئەو شتەی بیرم کەوتەوە هەر ئەو وێنەیە بوو کە گانون لێی گرت بوو. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە من یەکجار ئەوم لە ساڵی ١٩٤٢دا بینیوە، ئەمە نائاسایی نییە، بەڵام چەندین جار تەماشای وێنەکەیم کردووە. وێنەکە گانون بۆی ناردم و ئەویش ونبووە. ئێستا پێم وایە کە ئەگەر ڕۆژێک بیدۆزمەوە دەترسێم.



ڕووداوی دووەم، چەند مانگێک دواتر، لە (مۆنتە ڤیدۆ) ڕوویدا. وروژانو وڕێنەکەی دۆن پیدرۆ خستمیە سەر کەڵکەڵەی نووسینی چیرۆکێکی خەیاڵی سەبارەت بە تێکشکانەکەی ماسۆلەر، ئەمیر ڕۆدیرگیۆس مۆنەگاڵ کە چیرۆکەکەی لە منەوە بیستبوو، نامەیەکی بۆ سەرهەنگ دیۆنیسۆ تابارس کە لەو گۆڕەپانەدا جەنگابوو نووسیو منی پێ ناساند. سەرهەنگ شەوێک دوای خواردنی نانی شێو، پێشوازیی کردم، لە حەوشەی لاتەنیشتەوە لەسەر کورسییەکی بزۆز دانیشتبوو، بە جۆشو خرۆشێکی زۆرەوە، بەڵام بەبێ بایەخدان بە تەرتیبی مێژوویی ڕووداوەکان، ڕۆژانی ڕابردووی بەبیر دەهێنایەوە. باسی ئەو کەرەسەو ئامێرە جەنگییانەی کرد کە هەرگیز نەگەیشتنە دەستی، هەروەها ئەو ئەسپە یەدەگانەی کە ماندوو و شەکەتو گەیشتن، پیاوانێکی خۆڵاوی کە ڕیزەکانیان بە کڵافە دەزوویەکی ئاڵۆزکاو دەچوو. ساراویا کە ڕەنگبوو بگاتە مۆنتە ڤیدۆ، بەڵام بەلایدا تێپەڕی، "لەبەرئەوەی گاوانەکان ترسیان لە شارەکان هەیە." باسی ئەو سەرانەی کرد کە لە جەنگی ناوخۆییدا گۆشاو گۆش بڕدران، باسی جەنگی ناوخۆیی کرد، کە بە ڕای من زۆرتر خەونی یاخییەک یان گەلە چەتەیەک بوو، تا زنجیرە کردەوەیەکی سەربازی. یەک لە دوای یەک ناوی گۆڕەپانە جەنگییەکان دەهاتن: ئیلیس کاس، تۆپامبائە، ماسۆلەر. لە قسە وەستانەکانی سەرهەنگ ئەوەندە کاربگەر و ڕەفتارەکانی وەها ڕەوانبێژانە بوون، کە سەرنجم دا ئەم شتانەی چەندین جار وتەوەو گێڕاوەتەوە،

## پیاوێ کە دەترسێ و خۆی لەو ترسە دەدزێتەوە زۆر ڕەمزاویترو سەرنج ڕاکێشترە لە کەسێک کە تەنها ئازایەتیی هەیە...

ترسام کە لە پشت قسەکانییەوە هیچ بیرەوەرییەکی ڕاستەقینە نەمابێتەوە. کاتێک بۆ هەناسە تازەکردنەوە وەستا، توانیم ناوی دامیان بێنمە ناو قسەوە.


سەرهەنگ وتی: "دامیان؟ پیدرۆ دامیان؟" لەگەڵ من خزمەتی دەکرد. دوو ڕەگەیەکی وردیلانە بوو. بیرمە کوڕەکان ناویان نابوو (دەی مان) لەسەر ناوی ڕووبارەکە. سەرهەنگ قاقایەکی بەرزی بۆ کرد، پاشان لەپڕ بێدەنگ بوو. نەمتوانی تێبگەم کە ئایا کاریگەربوونەکەی ڕاستینەیە یان دەستکرد. بە ئاوازێکی تر ئەوەی وت کە جەنگ وەکو ژن تاقیکردنەوەیەکی باشە بۆ پیاوانو کەس نازانێت بەڕاستی چ کەسێکە تا ئەو ڕۆژەی دەکەوێتە بەر دەستڕێژی گوللەوە. دەشێت پیاوێک خۆی بە ترسنۆک بزانێتو بە کردەوەش ئازا بێت، پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە، هەمان شێوە کە لە دامیانی قوڕبەسەر ڕویدا، ئەو بە لافو گەزافەوە شریتە سپییەکەی لەخۆی دەبەست، ئەو شریتە سپییەی کە نیشانەی ئەوە بوو یەکێکە لە سپیپێستەکان، پێیەوە هاتوچۆی مەیخانەکانی دەکرد، پاشان لە ماسۆلەر خۆی دۆڕاند. لە شەڕەتەقەیەکدا لەگەڵ سەربازەکاندا، پیاوانە ڕەفتاری کرد. کە دوو سوپاکە بەرامبەری یەک وەستانو تۆپخانە دەستی کرد بە تۆپباران کردنو هەر پیاوێک هەستی دەکرد کە پێنج هەزار پیاو کۆبوونەتەوە تا ئەو بکوژن، ڕووداوەکە جۆرێکی تری لێهات. ئەو منداڵە بێچارەیە کە بەدرێژایی هەموو ژیانی لە کێڵگەیەکدا مەڕی دۆشیبوو، لەپڕ خۆی دەخاتە پێشەوەو تێکەڵ بە واقیعیەتی خەمناکی جەنگ دەبێت...

لەبەر چەند هۆیەکی گاڵتەجاڕانە، گێڕانەوەکەی تابارس بۆ چیرۆکەکە منی نارەحەت کرد. وام حەز دەکرد کە هەموو شتەکان بە جۆرێکی دیکە ڕویاندابایە. بێ ئەوەی بەخۆم بزانم لە دامیانی پیر بتێکم دروست کردبوو -پیاوێک کە چەند ساڵێک پێشتر شەوێک بینیبووم. چیرۆکەکەی تابارس هەموو شتێکی خراپ دەکرد. لەپڕ هۆکاری تاکڕەوی و کەللەڕەقیو خۆ لە خەڵک بەدوور گرتنەکەی دامیانم بۆ ئاشکرا بوو. ئەم شتانە لە خاکەڕاییی ئەوەوە نەبوون، بەڵکو لە شەرما بوون. بێ هۆ و لە خۆوە قەناعەتم بە خۆم کرد: پیاوێ کە دەترسێ و خۆی لەو ترسە دەدزێتەوە زۆر ڕەمزاویترو سەرنج ڕاکێشترە لە کەسێک کە تەنها ئازایەتیی هەیە. بیرم کردەوە خەڵک زیاتر یادی لۆرد جیم و ڕازۆمۆڤ دەکەنەوە تا مارتین فیررۆی گاوان. ئەمە ڕاستە، بەڵام دامیان وەک گاوانێک دەبێت مارتین فیررۆ بووبێت- بەتایبەتی لای گاوانە ئۆرۆگواییەکان. لەوەی کە تابارس نەیوتو بە نەوتراوی هێشتییەوە، گریمانەکەی ئەوم هەست پێکرد (ڕەنگە گریمانەکەی نکوڵی هەڵنەگرێت) کە ئۆرۆگواییەکان لەبەرئەوەی لە ئەرژەنتینییەکان دواکەوتووترن، لە ڕووی جەستەییەوە بەهێزترن. بیرمە ئەو شەوە بە گەرمییەوە خواحافیزیمان لە یەکتر کرد، گەرمییەک کە تۆزێک تەمسیلیانە بوو.
لە ماوەی زستاندا، بۆ چیرۆکەکەم (کە تا ئەندازەیەک بە خاوی شێوەی دەگرت) پێویستیم بە یەک دوو خاڵ هەبوو، بۆیە دووبارە چوومەوە بۆ لای تابارس. ئەو لەگەڵ پیاوێکی هاوتەمەنی خۆی بوو، کەسێک کە ناوی دکتۆر خوان فرانسیسکۆ ئامارۆ و خەڵکی پی زاندۆ بوو، کە ئەویش لە



خۆرخێ لویس بۆرخیس ساڵی ١٨٩٩ لە بۆنیس ئایرس لە ئەرجەنتین لەدایک بووە. سەرەتا بە نووسینی شیعر هاتووەتە ناو دونیای ئەدەبەوەو دواتر زۆربەی تەمەنی ئەدەبیی بۆ نووسینی کورتە چیرۆک تەرخان کردووەو لەو بوارەدا داهێنانی مەزنی کردووە. بۆرخیس خاوەنی شێوازو تایبەتمەندیی خۆیەتی لە نووسینی کورتە چیرۆکداو بەر لە ئەو بەو شێوازە چیرۆکی کورت نەنووسرابوو...

شۆڕشی سەوارپادا جەنگا بوو، هەڵبەتە ئەوان دەربارەی ماسۆلەر قسەیان دەکرد.
ئامارۆ چەند نوکتەیەکی کرد، ئەوجا بە دەنگێکی لەسەرخۆ، وەک کەسێک کە بەدەنگی بەرز بیر بکاتەوە درێژەی پێدا:
(بیرمە شەو لە سانتا ئێرینە ئۆردومان خستو ژمارەیەک لە پیاوانی ئەو دەوروبەرە هاتنە ڕێزی ئێمەوەو پێمانەوە پەیوەست بوون، لەناویاندا پزیشکێکی ڤێرتینەری فەرەنسایی بوو، کە شەوی بەر لە جەنگەکە مرد، کوڕە لاوێکی بزنەوانی خەڵکی ئینترە ریۆسیش بوو، ناوی پیدرۆ دامیان بوو).
خێرا قسەکەیم بڕیو وتم: بەڵێ، دەزانم، ئەو ئەرژەنتینییەی کە غیرەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گوللەی نەبوو؟.
من بێدەنگ بوومو ئەوانیش هەردووکیان حەپەساو و واقوڕماو تەماشای منیان دەکرد.
پاش ساتێک ئامارۆ وتی: بەڕێز ئێوە هەڵەن، پیدرۆ دامیان بەو شێوەیە مرد کە هەر پیاوێک ئارەزوو دەکات بمرێت. دەوروبەری کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ بوو، سەربازەکانی دەوڵەت لەسەر گردێک سەنگەریان لێ دابوو و پیاوانی ئێمەش بە نێزەوە هێرشیان کردە سەریان. دامیان بە هاتوهاوار و نەعرەتەوە لەپێشەوە غاری ئەداو شاڵاوی دەبردە سەریان، کە گوللەیەک سنگی یەکالا کردەوە. لەسەر ئاوزنگی زینەکە وەستا، پاشان بەربووەوە سەر زەویو کەوتە ژێر سمی ئەسپەکان. مردبوو، دوایین هێرشی ماسۆلەر لە سەر لاشەکەی ئەو ئەنجام درا. هێشتا نەبووبووە بیست ساڵانو ئەوەندە بێباک بوو.
بێگومان ئەو باسی دامیانێکی دیکەی دەکرد، بەڵام نازانم چ شتێک بووە هۆی ئەوەی بپرسم کە دوایین هاواری لاوەکە چی بوو. سەرهەنگ وتی: جوێنی ناشرین. پیاوان لە شەڕدا جگە لەم جۆرە شتانە هیچ هاوارێکی دیکە ناکەن.
ئامارۆ وتی: ڕەنگە، بەڵام دامیان هاواریشی کرد، بژی ئارکویزا
ئێمە بێدەنگ بووین. سەرئەنجام، سەرهەنگ لەبەر خۆیەوە وتی: دەڵێی هەر ئێمەش نەبووین لە ماسۆلەر شەڕمان کردووە، دەڵێی سەد ساڵ پێش ئێستا لە کاگانچا یان لە ئیندیا مورئریتا بووە جەنگاوین"، پاشان بە سەرسامییەکی ڕاستینەوە درێژەی پێدا و وتی: "من فەرماندەی ئەو پیاوانە بوومو دەتوانم سوێند بخۆم کە ئەمە یەکەمین جارە شتێک سەبارەت بە دامیان دەبیستم.
بەخت یارمان نەبوو کە سەرهەنگ هان بدەین دامیانی بیر بکەوێتەوە.
کاتێک گەڕامەوە بۆ بۆینس ئایرس، سەرسامییەک کە ئەم لەبیرچوونەوەیە لە مندا دروستی کردبوو، دیسان دووبارە بووەوە. ڕۆژێک پاش نیوەڕۆ کە لە کتێبفرۆشی ئینگلیزیی میچڵز لە نێو یازدە بەرگی بەرهەمەکانی ئیمرسۆندا لاپەڕەم هەڵدەدایەوە پاتریسۆ گانونم بینی. سەبارەت بە وەرگێڕانەکەی ئەو بۆ (ڕابردوو) پرسیارم لێ کرد. پێی وتم کە هیچ وەرگێڕانێکی ئەو کتێبەی نایەتە یاد، هەروەها وتی کە ئەدەبیاتی ئیسپانی ئەوەندە لێکدەچن کە ئیمرسۆن وەک کەسێکی ڕواڵەتی دەبیندرێت، بیرم خستەوە کە ئەو بەڵێنی ناردنی وەرگێڕانەکەی لە هەمان نامەدا دابوو کە هەواڵی مردنی دامیانی تیا نوسی بوو. پرسیی دامیان کێیە، بێهودە بۆم ڕوونکردەوە. بە ترسو تۆقینێکی زیاترەوە



سەرنجم دا کە ئەو زۆر سەیر گوێ بۆ قسەکانم دەگرێت، پەڕیمە سەر بابەتی ئەدەبیی تایبەت بە پوچەڵکەرانی ئیمرسۆن، شاعیرێک کە زۆر لە پۆی کلۆڵ ئالۆزترو لێهاتووترو لە ڕاستیدا بلیمەتتر بوو. دەبێت کۆمەڵە خاڵێکی تریش باس بکەم. لە نیساندا، نامەیەکم لە سەرهەنگ دیۆنیزیۆ تابارسەوە پێ گەیشت، بیرئالۆزیو مێشکپەرشو بڵاوییەکەی نەمابوو، ئێستا دەیتوانی بە باشی کوڕە ئینترە ریۆسییەکەی بیر بکەوێتەوە، کە لە هێڵی پێشەوەی بەرەی ماسۆلەردا جەنگابوو و پیاوەکانیشی هەمان شەو لە دامێنی گردێکدا بەخاکیان سپاردبوو. لە حوزەیراندا بە گوالە گوایچۆدا تێدەپەڕیم، نەمتوانی کۆڵیتە دارینەکەی دامیان بدۆزمەوە، پێم وا نەبوو ئیتر کەس ئەوی بیر مابێت. دەمویست چەند پرسیارێک لە دیاگۆ ئاباروای سەرکار بکەم، کە مردنی دامیانی بەچاوی خۆی بینی بوو، بەڵام ئاباروایش لە سەرەتای زستاندا مردبوو.

کۆشام وردەکاریی دەموچاوی دامیان بهێنمەوە پێش چاوی خۆم، چەند مانگێک دواتر کاتێک تەماشای ئەلبومێکی کۆنم دەکرد تێگەیشتم کە ئەو ڕوخسارە تاریکەی کە دەکۆشام لە زەینی خۆمدا بەرجەستەی بکەم لە ڕاستیدا ڕوخساری گۆرانیبێژی (تەنور*)ی ناسراو (تامبەرلیک) بووە لە ڕۆڵی ئۆتۆلیلۆدا.

ئێستا دەست دەکەم بە بۆچوونو مەزەنەکانی ئەقڵی خۆم. ئاسانترین بۆچوون، کە لە هەمان کاتدا کەمتر لە هەموو بۆچوونەکانی دیکە قەناعەتکەرە گریمانەی ئەوە دەکات کە دوو دامیان هەبێت: دامیانێکی ترسنۆک کە لە دەوروبەری ١٩٤٢دا لە ئینترە ریۆس مرد، پیاوێکی ئازاش کە ساڵی ١٩٠٤ لە ماسۆلەر کوژرا. بەڵام ئەم بۆچوونە لەبەرئەوەی ڕازو نهێنییە بنەڕەتییەکان ڕوون ناکاتەوە، بێ نرخ دەردەکەوێت: یەکێکیان کەموکوڕییە سەیرەکانی یادگەی سەرهەنگ تابارسە، ئەوی تریشیان ئەو فەرامۆشکارییە گشتییە بوو کە لە ماوەیەکی وەها کورتدا توانیی بیرەوەریو تەنانەت ناوی پیاوێک کە گەڕابووەوە مەحف بکاتەوە. (من ناتوانم و نامەوێت شیمانە ئاسانترەکەیان قبوڵ بکەم_ کە کابرای یەکەمیان زادەی خەیاڵی من بووە.)

دیسان بۆچوونێکی سەیرە کە بە مێشکی ئۆلریخ فۆن کۆهڵمەندا هات. ئۆلریخ لەو باوەڕەدایە کە: پیدرۆ دامیان لە جەنگدا کوژراوەو لە سەروەختی مردنەکەیدا داوای لە خوا کردووە بیبات بۆ ئینترە ریۆس. خوا بەر لەوەی داواکارییەکەی ئەو وەڵام بداتەوە کەمەکێک دوودڵ بووە، بەڵام ئا لەو ماوەیەدا دامیان مردبوو و ئەوانی دیکەیش کەوتنەخوارەوەکەی ئەویان بینی بوو.

خواوەند، کە توانای گۆڕینی ڕابردووی نییە، بەڵام دەتوانێت کاریگەری دابنێت لەسەر ئەو وێنایانەی کە بۆ ڕابردوو هەن، وێنای مردنی بێبەزەییانەی دامیانی گۆڕی بۆ وێنای لەهۆشچوونێکی سادە. بەپێی ئەمە ئەوە ڕۆحی گەنجە کەم تەمەنەکە بوو کە گەڕابۆوە بۆ زێدی خۆی. بەڵام نابێت بیرمان بچێت وەک ڕۆحێک گەڕایەوە. لە گۆشەگیریدا، بێ ژنو هاوڕێ ژیا، هەموو شتێکی لە دوورەوە خۆشویستو بووە خاوەنی، وەک بڵێی لەودیوی ئاوێنەوە، سەرئەنجام (مرد) و وێنە بێڕەنگەکەی ئەو، وەک ئاوی ناو ئاو، بووە شتێکی ئەستەم.

ئەم مەزەنەیە ناڕاستە، بەڵام ڕەنگە هۆکاری نیشاندانی بۆچوونێکی ڕاستەقینە بێت بە من



(ئەو بۆچوونەی کە من ئێستا باوەڕم پێیەتی) و لە هەمان کاتدا سادەتر و کەم پێشینەترە. بە ڕێگایەکی تەمومژاوی و ناڕۆشن لە (سیپارەی خوای بەتوانای باڵادەست)ی بەرهەمی (پیر دامیانی) ئەوەم دەستکەوت، لە دوو دێڕی پارچەی XXiی (بەهەشت)دا ئاماژەی پێدراوە و مەسەلەی شوناسی دامیان هێنراوەتە پێشەوە. لە بەشی پێنجەمی نامەکەدا، پیر دامیانی —بەپێچەوانەی ئەرەستۆ و فرێدگاریۆس دی تۆرسەوە ڕایدەگەیەنێت کە لە توانای خوادایە لە شتێک کە سەردەمێک هەبووە شتێک دروست بکات، کە هەرگیز نەبووە. بە خوێندنەوەی ئەو باسو بابەتە ئایینییە کۆنانە بەرە بەرە بەسەرهاتی خەمناکی پیدرۆ دامیانم بۆ ئاشکرا بوو.

ئەمە ڕێگاچارەی منە: دامیان لە گۆرەپانی جەنگی ماسۆلەردا ترسا و باقی تەمەنی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم لاوازییە شەرمهێنە تەرخان کرد. گەڕایەوە بۆ ئینترە ریۆس، هەرگیز دەستی لە ڕووی هیچ پیاوێکی تردا بەرزنەکردەوە، هیچ کاتێک نەبووە مایەی ڕەنجو ئازاری کەس، قەت خۆی ئازا نیشان نەدا و بەدووی ناودا نەگەڕا. بەرامبەر ئەو لاوازییە شەرمهێنەی بە ژیانکردن لە ناوچەی پڕ لە هەورازو نشێوی (نانکا) و ململانێ لەگەڵ خاکی سەختو ئاژەڵانی کێوی خۆی ڕەقو بەهێز کرد. ڕەنگە بێ ئەوەی خۆی بزانێت ڕێگەی بۆ موعجیزەیەک هەموار دەکرد. لە قوڵایی ناخییەوە بیری دەکردەوە، کە ئەگەر چارەنووس جەنگێکی دیکەی بۆ پێشهێنا، ئامادە دەبێت بۆی. چل ساڵی تەواو چاوەڕوان بوو، چاوەڕوان بوو، بە هیوایەکی لە وتن نەهاتوو، ئەوکاتیش لە کۆتایی کاردا، لە ساتەوەختی مردنیدا، چارەنووس جەنگەکەی بۆ ئەو گەڕاندەوە. ئەم جەنگە بە شێوەی خەونێکی تادار بەسەر ئەودا تێپەڕی، لەبەرئەوەی هەر وەک یۆنانییەکان دەیزانن ئێمە هەموو سێبەری خەونێکین. لە کێشمەکێشی کۆتاییشیدا دووبارە لە جەنگی خۆیدا ژیا، پیاوانە ڕەفتاری کرد، کاتێکیش کە ڕابەریی پەلاماری کۆتایی دەکرد، گوللەیەک بەر سنگی کەوت. بەم شێوەیە لە ١٩٤٦دا لە داگیرسانەوە ئاگری ئاواتو حەزێکی دوورودرێژ، کە لەسەرخۆ دەیسوتاند، پیدرۆ دامیان لە شکانەکەی ماسۆلەردا مرد، کە لە مابەینی زستانو بەهاری ساڵی ١٩٠٤دا ڕوویدا.

لە (دەروازەی خواناسی)دا نکوڵی لەو باوەڕە کراوە کە گوایە خوا ناتوانێت ڕابردوو بگۆڕێت، بەڵام لە زنجیرەی ئاڵۆزیی عیللەتو مەعلولەکان شتێک نەوتراوە، ئەو عیللەتو مەعلولانەی کە ئەوەندە زۆرنو لە مەسەلەکەوە نزیکن، کە ڕەنگە وەلانانی یەکێکیان، هەرچەند دوور لە هزرو بێ بایەخ بێت بە قیمەتی بێنرخکردنی کاتی ئێستا تەواو ببێت. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەمە پێویستی بە دوو مێژووی جیهانییە. با بڵێین لە یەکەمدا پیدرۆ دامیان ساڵی ١٩٤٦ لە ئینترە ریۆس مرد، دووەمیان ساڵی ١٩٠٤ لە ماسۆلەر کوژرا. ئەمە مێژووی دووەمە کە ئێستا ئێمە تیایدا دەژین، بەڵام ڕەتکردنەوەی یەکەمیان تەواو یەکلایی نەبۆتەوەو ئاکامەکەی ئەو ناکۆکییە کۆنانەیە کە ڕونم کردەوە. ئەمە لە سەرهەنگ دیونیزیۆ باتارسەوە بوو کاتێک قوناغە جۆراوجۆرەکان ئەنجام دران. سەرەتا بیری کەوتەوە کە پیدرۆ وەک ترسنۆکێک ڕەفتاری کردووە، پاشان ئەمەی بە تەواوی بیرچووەوە، ئینجا مردنی بێباکانەی ئەوی بیرکەوتەوە.

**لە ئێستادا، تەواو دڵنیا نیم کە لە گشت حاڵەتەکاندا ڕاستیم نووسی بێت. بە گومانی من لە چیرۆکەکەدا ژمارەیەک یادەوەریی هەڵە هەن...**

سەبارەت بە حاڵەتەکەی سەرکار ئاپارۆ هێندە ڕوون نییە، من ئاوا تێدەگەم کە ئەو ناچار بووە بمرێت، لەبەرئەوەی بیرەوەرییەکی زۆری سەبارەت بە دۆن پیدرۆ دامیان هەبوو.

سەبارەت بە خۆم، پێم وانییە ڕووبەڕووی مەترسییەکی ئا لەم چەشنە بم. من مەزەنەی ڕووداوێکم کردووەو دامرشتۆتەوە کە لە تێگەیشتنی مرۆڤ بانترە، پەردەم لە سەر ئەقڵو لۆژیک هەڵماڵیوە، بەڵام هەلومەرجگەلێکی تایبەتی هەن کە لە مەترسییەکانی ئەم ئیمتیازە کەم دەکەنەوە.

لە ئێستادا، تەواو دڵنیا نیم کە لە گشت حاڵەتەکاندا ڕاستیم نووسی بێت. بە گومانی من لە چیرۆکەکەدا ژمارەیەک یادەوەریی هەڵە هەن. گومانی من لەوەیە کە پیدرۆ دامیان (ئەگەر بوونی دەرەکی هەبوو بێت) ناوی پیدرۆ دامیان نەبووە و من ئەو بەم ناوە بەیاد دێنم تا ڕۆژێک قەناعەت بە خۆم بکەم کە نووسینەکەی پیر دامیانی ئیلهام بووە بۆ نووسینی ئەم چیرۆکە. ئەو شیعرەی کە لە پەرەگرافی یەکەمدا باسم کرد و باسی لە گۆڕاننەهاتووی ڕابردوو دەکات چارەنووسێکی لەم چەشنەی هەیە.

لە چەند ساڵی داهاتوودا، من باوەڕم وا دەبێت کە چیرۆکێکی خەیاڵیم سەر یەک ناوە، لە حاڵێکدا لە ڕاستیدا ڕووداوێکم تۆمارکردووە، کە ڕاستینە بووە، بە هەمان شێوە کە نزیکەی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا ڤێرژیل، بەوپەڕی پاکیو بێگەردییەوە باوەڕی وا بوو کە لەدایکبوونی پیاوێک تۆمار دەکاتو پێشبینیی لەدایکبوونی مەسیحی کرد.

دامیانی بێچارە! لە شەڕێکی ناوخۆیی جەنگێکی خەمناکو گومناو و لە تەمەنی بیست ساڵیدا مردن هاتە سۆراغی، بەڵام سەرئەنجام ئەوەی کە لە دڵی خۆیدا ئارەزووی دەکرد بەدەستی هێنا، ئەوەیشی لە زەمەنێکی دووردرێژدا بەدەستی هێنا، ڕەنگە خۆشییەک نەبێت لەمە بانتر بێت.

*جۆرە موزیکێکە.

**سەرچاوە:**

خورخه لويس بورخس، هزار توهای بورخس، ترجمه: احمد مير علائی، نشر کتاب زمان، نوبت چاپ: دوم، ۱۳۸۰ هجری شمسی.







# پیاوێکی جوانخاس
# لە گەشتێکی دووردرێژدا

**مریەم ئەلساعدی**

**لە عەرەبییەوە: بەمۆ غەریب**

بەخاو و خلیچکییەکەوە باوێشکی دا، هەردوو قۆڵی بە هەموو لایەکدا درێژ دەکرد، کوپە چایەکەم بۆ لایەک دوورخستەوە..

-وریابە! دەیرێژی، قۆڵەکانت ئاوا درێژ مەکەرەوە.

بە تەمبەڵییەوە وتی: بە گوڵە ئەستێرەم دەزانی؟

بە دەنگی بەرز پێکەنیم.

-دەنگی پێکەنینەکەت نزم بکەرەوە.

-بۆ؟

-با بەدگومانی لە دەورماندا نەورووژێنی. شتی بەد بەخەیاڵیاندا دێ.

-کەس هیچی بە خەیاڵدا نایەت

-جا ئەم بڕوایەت لە کوێ بوو؟

بە بێباکییەوە دەیپرسیو بە هەردوو ئانیشکی خۆی بەسەر مێزی چاخواردنەکەدا دابوو.

-چونکە تۆ پیریتو هەرگیز جوان نیت

بە هێمنییەوە وتی:

-یان چونکە ڕەشم؟

-تۆ ڕەش نیت. ڕەشی لە ئەفەریقیاییدا پێناسەیە، ڕێساکەیە نەک لە ڕێسا بەدەر بوونە.

-جوانە، ئەگەر هەمووان وەک تۆ بیربکەنەوە.

-دەتوانین-ئەگەر بەشێوەیەکی تاکانەش بێ- ئیش بۆ گۆڕینی بیرۆکەکان بکەین. ئەوەی دمێنێتەوە کات لە ئەستۆی دەگرێ.

-کاتی هیچ شتێکم نییە، چ جا بۆ پرۆژە مرۆڤایەتییە مەزنەکان وەک ئەوانەی هەموو جارێک تۆ بیریان لێ دەکەیتەوە.

پاش ئەوەی لە بەرامبەر مێزی نانخواردنەکە بەبێ ئەوەی بەرچاییەکەی هەڵبژێرێت هەر بەپێوە بوو، لێم پرسی:

-ناخۆیت؟

بە خەیاڵ ڕۆیشتنێکەوە وەڵامی دایەوە:

-نازانم

-برسیت نییە؟ وا من خەریکە لە برساندا دەمرم، دەڵێی لەوەتی لەدایکبووم هیچم نەخواردووە، ئەم کۆبوونەوانە وەهام لێدەکەن هەست بە برسێتی بکەم.

لە ئوتێلێکدا بووین بۆ کۆبوونەوەیەکی ئیشوکار، کاتی حەوانەوەی چاخواردنەوە بوو.

بە هەمان ماتییەوە وتی:

-وام لێهاتووە نازانم برسیمە یان نا.

بەدەم خواردنی چوارەمین پارچە ساندویچەوە لێم پرسی:

-چیتە؟ سەرقاڵ دیاری؟

وەڵامی دایەوەو لە هەمان کاتدا هەوڵی دۆزینەوەی دەربڕینێکی گونجاوی دەدا:

-پیاو زۆر شتی لە خەیاڵە.

خۆم ئاسایی بۆ دەمارگرتنی. تا لەو میزاجە ڕەشبینەی خۆی بێتە دەرەوە

-ڕەنگە هەر بە تەمەن بوون بێت.

-بەڵێ، بەڕاستی بە تەمەن بوونە.

وەڵامی دایەوەو وا دیاربوو دەمارگرتنەکەم وەک کاریگەرییەکی پێچەوانەی کردبوو، چونکە سەری وەک گۆزەیەکی ئاو کە بە ناواخنییەوە قورس بێت، کەمێک بۆ خوارەوە دانەواند.

بۆ هاندانی بۆ قسەکردن-چونکە قسە وا لە مرۆڤ دەکات باری سووک بێو ئەمە چارەسەرێکە تاقی کراوەتەوە- لێم پرسی:

-بە تەواوەتی هەست بەچی دەکەیت؟

بەبیرکردنەوەوە وەڵامی دایەوە:

-بیر لەوە دەکەمەوە کە دەمەوێ زۆر شت بکەم. بەڵام کاتی هیچ شتێک نەماوە.

لێوەکانی توند بە یەکەوە نابوو، وەک منداڵێک جارێکی دی باوکی لەبەر دەرگەی قوتابخانە تازەکەیدا دایناوەو بەجێیهێشتووە.

-شتی وەک چی؟

-شت گەلێک، وەک ئەوەی دەمەوێ دوکتۆرا بەدەست بهێنم، بەڵام کاتی ئەوەم نەماوە، دەمەوێ درەختێکی زۆر لە دەوری ماڵەکەدا بچێنم، بەڵام تا




مریەم ئەلساعدی، ٤ی نۆڤەمبەری ١٩٧٤ لە شاری (ئەلعەین)ی ئیمارات لەدایک بووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە (ئەدەبی ئینگلیزی)دا هەیە لە زانکۆی ئیمارات و لە زانکۆی (ئەمریکی) لە شاریقەو زانکۆی (ئابردین) لە سکۆتلەندا بڕوانامەی خوێندنی باڵای بەدەست هێناوە. تا ئێستا دوو کۆمەڵە چیرۆکی بەچاپ گەیاندووەو هەندێ لە چیرۆکەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر چەند زمانێکی جیهانی.



ئەوان گەورە دەبن من لە ژیاندا نامێنم‌و ئەگەر وا بێت تا ئەو کاتە بژیم، ئەوسا لە بارێکی تەندروستی وەهادا نابم بوارم بدات چێژ لەو درەختە گەورانە ببینم کە لە دەوری شوراکەن‌و بەم شێوەیە ئەمە مانای... بە هێواشی خواردنەکەم دەجوی‌و خۆشاوەکەم دەخواردەوەو زیاتر هەستم بە تینوێتی دەکرد، بەهێواشییەکی زیاتر خواردنەکەم دەجوی‌و وازم لە خۆشاو خواردنەوە هێنا.

بە وردی سەرنجم دا، دوور دیاربوو، بۆنی گەردو تۆزێکم کردو هەستم بە وشکبوونی ناو دەمم کرد، وەک ئەوە بوو کە چەندین رۆژە بەبێ ئاو بە بیابانێکدا دەڕۆم.



بەهۆی شتێکەوە هەستم بە شەپۆلێک پرسیارکرد کە لە ناخمەوە هەڵدەقوڵێ‌و خۆمم بینی لەوانە دەڕوانم کە لە دەورمدا بوون (من لێرە چی دەکەم) و ... دەپرسم (ئایا بەڕاستی من لێرەم).

ویستم شتێک بڵێم، بەڵام بێدەنگیم پێ پاراوتر بوو، ئەو بۆ خۆی چی لە دڵدایە دەیدرکێنێ.

-دەزانی.. من بۆ کرینی سێ شت لە وڵاتەکەم گەشتم کردبوو: چەرخێکی جگەرەی (رۆنسۆن).. چاویلکەیەکی (بیرسۆڵ).. پانکەیەکی کارەبایی. ئەوەتانێ ئێستا سی‌وسێ ساڵ تێپەڕیوەو هێشتا ئەوانەم نەکڕیوە، کە لە پێناویاندا گەشتەکەم کردبوو.

پاش ئەم ددانپیانانە بەشکۆوە ساتێکی بێدەنگی درێژ باڵی کێشا. هەستم کرد دەمەوێ بگریم. پاش ئەوە خۆمم لە پرمەی پێکەنیندا بینییەوە، رەنگە بەهۆی ئەوە دەبێ کە دەمزانی لە پاشاندا ئەویش لەگەڵمدا پێدەکەنێ، رەنگە بەهۆی ئەوەوەش بێ کە دەمزانی ئەو پێویستی بە پێکەنینەو هەروا رەنگە تۆ کە دەزانی زۆر دەمێکە لە ئۆقیانووسە پان و بەرینەکەیت‌و هێشتا لە ئاسۆدا دووگەیەک لە پێشتەوە دیار نییە، هەموو ئەوەی لە دەستت دێ بۆ بەرگەگرتنی بوونت ئەوەیە کە وا لە کەسێکی دی بکەیت پێبکەنێت.

کاتی حەوانەوەی چا خواردنەوە کۆتایی هات‌و دەبێ بۆ ناو هۆڵەکە بگەڕێینەوە، وەک منداڵە گوێڕایەڵە چاکەکان دانیشتین، گوێ لە درێژەی باسی لێکۆڵەرەوەکە بگرین.

تێبینم کرد سەری لە ریزەکەی پێشەوە توند بۆ خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە، وام دەزانی بیر دەکاتەوە، بەو شێوەیە زۆر مایەوە، نامەیەکم بۆ مۆبایلەکەی رەوانە کرد، موبایلەکەیم بینی لەسەر رانی بوو، تیشکی نامەگەیشتنی نیشان دەدا. بەڵام ئەو بۆ کردنەوەی نابزوێ، دۆخەکە نیگەرانی کردم.

هەستام‌و لێی چوومە پێشەوە، وتاربێژ باسی شێوازەکانی پێشخستنی شارەکان‌و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان‌و دروستکردنی شارگەلێکی گەشەکردووی دەکرد کە پێداویستییەکانی خەڵکی تیایاندا رەچاو بکرێ‌و گوزەرانێک لە ئاستێکی شایستەدا دابین بکرێ کە شکۆمەندیی مرۆڤانەیان بپارێزێ، بەڵام برادەرەکەم بەشێوەیەکی نەگۆڕ سەری شۆڕکردبووەوە، لەوە نەدەچوو ئاگای لە پێشخستنی شاران‌و دروستکردنی شارستانییە گەشەکردووەکان بێ.

لە کورسییەکەی نزیک بوومەوە، بە چرپە ناویم برد، وەڵامی نەدایەوە، شانیم بزواند، کەوتە سەر زەوی.

لە ژووری چاودێرییە چڕەکەدا مبلی دەزگاکانی چاودێریی دڵ ئاماژەیان بۆ ئارامبوونەوەی دۆخەکەی دەکرد..

پزیشکەکە وتی: (خوێنمەینێکی مێشکە)و لێی پرسیم:

-کەسوکاری لە کوێن؟

هەستم بە تینوێتی دەکردو بۆنی گڵ لوتمی پڕ کردبوو

-نازانم.. مەبەستم، لێرەدا نین.


درێژەم بە قسەکە دا: ئێمە هاوکارین.

کاتێ ئەو خەریکبوو دەربارەی پێناسەکەم بپرسێ ئەمە وەڵامەکەم بوو، دوو هەفتە مایەوە، خەریک بوو چاک ببێتەوە، قسەمان زۆر نەکرد، تەنیا باسی تامی نالۆجیکانەی هێلکە، ئاسمان کە لە ئێوارەدا لەچاو رۆژ رۆشنتر دیارە، مانگ کە وا دیارە بڕیاری داوە ببێتە خۆر، مارمێلکە کە بەپێی ژینگەی دەوروبەری خۆی دەگۆڕێو کاتێ پێکەوە فیلمێکی بەڵگەنامەییمان دەبینی، خوازیاربووین ببینە مارمێلکە.

پاش هەفتەیەک بۆ سەر ئیش گەڕایەوە، لەسەر مێزی نووسینگەکەی سندوقێکی بەرگتێگیراوی بینی، سندووقەکەی کردەوە، چەرخێکی جگەرەی (رۆنسون)و چاویلکەیەکی (بیرسۆل)و ئاگادارییەک، بە گەیشتنی پانکەیەکی کارەبایی بۆ ماڵەکەیو نامیلکەیەکی بینی کە زانیاریی دەربارەی ئەو درەختە گەورانەی تێدایە کە دەکرێ راستەوخۆ لە ماڵاندا بچێنرێن، هەروەها ناونیشانی ئەو شوێنانەی لە هەموو جیهاندا دابینیان دەکەن.

لە ژووری نووسینگەکەم سەردانی کردم، بۆ دیارییەکان سوپاسی کردم، داوەتی فنجانێکی قاوەم کرد، وتی بە پەلەیە.

پاش دوو هەفتە نامەیەکم پێ گەیشت، وێنەیەکی خۆی تیادا بوو، کە لە بەردەمی درەختێکی زۆرو گەورە کە لە دەوری شورای ماڵێکنو ئەو لەسەر جۆلانەیەک پاڵکەوتووە، خانمێکو چەند کوڕو کچێکی گەنجو منداڵی بچووک لە دەوری دانیشتبوون، لەژێر وێنەکە ئەم لێدوانەی نووسیبوو: دوکتۆراکە مایەوە، بەڵام ئێستا کێ پێویستی بە بڕوانامەیە؟ لەگەڵ نیگاری دەموچاوێک بە زەردەخەنەیەکەوە.





# خودا بە ئاگایەو پشوو درێژ

**لیۆن تۆلستۆی**

**لە فارسییەوە: هیوا خەیات**

لە شاری (ڤیلادیمیر) بازرگانێکی لاو بە ناوی (دیمتریچ ئەکسینۆڤیچ) ژیانی دەگوزەراند، خاوەنی ماڵێک و دوو دوکان بوو. (ئەکسینۆڤ) قژێکی لوولی هەبوو، ڕووی خۆش و قسەی لەبەردڵان بوو، پێش ئەوەی ژن بهێنێ، مەی خۆرەوە بوو، ئەگەر زۆری بخواردایەتەوە یانەکەی بەسەریەکدا دەدا، بەڵام دوای ئەوەی ژنی هێنا، خواردنەوەی بەلاوە نا، هەندێک جار نەبێت دەمێکی پێ تەڕدەکرد.

هاوینێک بەمەبەستی بازرگانیکردن بەرەو بازاری (نیژەنی) کەوتەڕێی، کاتێک خوداحافیزیی لە خانەوادەکەی کرد، هاوسەرەکەی گوتی ئیڤان دیمتریچ ئەمڕۆ سەفەر مەکە، دوێنێ شەو خەوم بینیوە بۆت نایەت.

ئەکسینۆف پێکەنیو گوتی: گومان دەکەیت لە مەی خواردنەوەدا زیادەڕەوی بکەم؟.

هاوسەرەکەی وەڵامی دایەوە: نازانم گومان لە چی دەکەم، ئەوەندە دەزانم خەوێکی ناخۆشم بینیوە، لە خەوما لەسەفەر گەڕابوویتەوەو کاتێک کڵاوەکەت لابرد، سەرت هەمووی سپی بووبوو، ئەکسینۆف دیسان پێکەنیو گوتی ئەوە نیشانەی خۆشبەختیی منە، دەیبینی تەواوی کاڵاکانم لە بازاڕدا دەفرۆشمو دیارییەکیش بۆ تۆ دەهێنم.

خوداحافیزیی کردو سواری گالیسەکە بوو، ڕۆیشت.

لە نیوەی ڕێگادا بازرگانێکی ئاشنای بینی، شەویان لە میوانخانەیەکدا پێکەوە بەسەر برد، دوای نانو چایی خواردن، چون بۆ ئەو ژوورانەی میوانخانەکە کە ڕێگایان بەسەر یەکەوەبوو تاوەکو بخەون.

ئەکسینۆف بەیانی زوو هەستا، ئەیویست پێش ئەوەی گەرمابکات بەڕێبکەون. بەقەتارچییەکەی گوت گالیسکەکەی بۆ ئامادەبکات. پاشان چوو بۆ لای خاوەن میوانخانەکە، کە لە کوخێکی پشتەوەبوو. کرێکەی دایەو دیسان ڕێگای گرتەبەر.

پاش بڕینی بیستو پێنج میل وەستا، تاوەکو ئالیک بە ئەسپەکانی بدات، لە هۆڵی میوانخانەیەک پشوویەکی داو داوای کرد سەماوەری بۆ دەم بکەن، گیتارەکەی هێنا بیژەنێ، لەناکاو گالیسکەیەک کە سێ ئەسپی گولینکە لەمل ڕایاندەکێشا پەیدا بوو، ئەفسەرێکو دوو سەرباز لێی دابەزین، هاتن بەرەو لای ئەکسینۆف، پرسیاریان لێکرد کێیتو لەکوێوە هاتوویت؟

ئەکسینۆف پاش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی دانەوەو گوتی چایی دەخۆنەوە بۆتان تێبکەم؟ بەڵام ئەفسەرەکە دەستی کردەوە بە پرسیارکردنو پرسیی: دوێنێ شەو لە کوێ بوویت؟ بە تەنیا بوویت یان لەگەڵ بازرگانێک؟ ئەم بەیانییە ئەو بازرگانەت بینیوەتەوە؟ بۆچی ئەم بەیانییە وا زوو لە میوانخانەکە دەرچوویت؟ ئەکسینۆف هۆکاری پرسیارەکانی نەدەزانی، بەڵام ئەوەی کە ڕوویدا بوو وەکو خۆی گێڕایەوە، پرسیی لەبەرچی ئەم پرسیارانەم لێ دەکەن؟ وا دەزانن من دزو ڕێگرم؟ من سەرگەرمی کاری خۆمم، پێویست بەو لێپێچینەوانە ناکات.

ئەفسەر دەستی بە قسەکردن کردو گوتی: من بەرپرسی زێرەڤانیی ئەم ناوچەیەم. ئەم لێپێچینەوانەم لەبەر ئەوەیە دوێنێ شەو بازرگانەکەی هاوڕێتیان کوشتووەو سەریان بڕیوە، دەبێت کەلوپەلەکانت بپشکنین. چوونە ناو میوانخانەکەوە، سەربازەکان دەستیان کرد بە پشکنینی کەلوپەلەکانی ئەکسینۆف. لەناکاو ئەفسەرەکە چەقۆیەکی لە کیسەکەیدا دەرهێنا، هاواری کرد: (ئەم چەقۆیە هی کێیە؟). ئەکسینۆف کاتێک بینیی لە کیسەیەکی ئەودا چەقۆیەکی خوێناوییان دەرهێنا، ترسا (ئەم چەقۆیە بۆچی خوێناوی بووە؟)

ئەکسینۆف دەیویست وەڵام بداتەوە، بەڵام دەمی تەتەڵەی دەکرد، بە لاڵییەکەوە گوتی: نازانم هی من نییە.

ئەفسەر گوتی: ئەم بەیانییە لاشەی سەربڕاوی



تۆڵستۆی یەکێکە لە گەورەترین نووسەرەکانی جیهان و ساڵی ١٨٢٨ لە خێزانێکی دەوڵەمەندی روسیا شاری (یاسنایا بۆلیان) لەدایک بووە. خاوەنی گەلێک بەرهەمی مەزنە، کە تا ئێستاش قسەی جدییان لەبارەوە دەکرێ و بەردەوام لێکۆڵینەوەی نوێیان لەسەر دەنووسرێ، لەوانە: رۆمانی شەڕو ئاشتی، ئانا کارنینا، و زۆری تر...



بازرگانیان لە ژوورەکەیدا هێنایە دەرەوە، تۆ تەنها کەسێکیت ئەم کارەت کردووە، دەرگای ژوورەکە لە ناوەوە قفڵ بووەو کەسیش لەوێ نەبووە، ئەم چەقۆ خوێناوییەش لە ناو کەلوپەلەکانی تۆدا بووە، بە قیافەو ڕەفتاریشتا دیارە کە تاوانبار تۆیت. بڵێ بۆچی کوشتت؟ ئەو پارەیەی دزیوتە چەندە؟ ئەکسینۆڤ سوێندی خوارد ئەو کاری وای نەکردووە، پاش خواردنەوەی چایی بەیانی ئیتر بازرگانەکەی نەبینیوە، جگە لە هەشت هەزار ڕۆبڵی خۆی پارەی تری پێ نییە، چەقۆکەیش هی ئەو نییە، بەڵام ئەمانەی بە دەنگێکی ناجۆر گوت، ڕەنگی پەڕیبوو، لە ترسانا دەلەرزی، تاوانبار دەینواند، ئەفسەری زێرەڤانی فەرمانی بە سەربازەکان دا قۆڵی ئەکسینۆڤ ببەستنو سواری گالیسکەکەی بکەن، ئەوانیش دەستو قاچیان بەستو خستیانە دوای عەرەبانەکەوە. ئەکسینۆڤ دەستی بە گریەو زاری کرد، پارەو کەلوپەلەکانیان لێ سەندو ناردیان بۆ نزیکترین زیندانی شار. لە ڤلادمیر باس باسی خوڕەوشتی ئەو بوو، بازرگانانو باقی دانیشتوانی شار دەیانگوت: (لە گەنجیدا مەی خۆرەوەو سەرەڕۆ بوو، بەڵام بەم دواییانە بنیادەمێکی باش بوو). کاتێک دادگایی کرا، تاوانبار بوو بە کوشتنی بازرگانەکەو دزینی بیست هەزار ڕۆبڵەکەی.

ژنەکەی تووشی ڕۆژگارێکی ڕەش بوو، نەیدەزانی دەبێت چ بکات، منداڵەکانی هێشتا وردبوون، تەنانەت یەکێکیان شیرەخۆرە بوو. مۆڵەتی بینینیان نەئەدا، بەڵام پاش پاڕانەوەو لالانەوە لە زۆرێک لە بەرپرسان، ژنەیان برد بۆ لای مێردەکەی. دوای بینینی مێردەکەی بە جلوبەرگی زیندانو زنجیری پێی، نەخوازەڵا لەناو ئەو هەموو تاوانبارو دزە، بورایەوەو ماوەیەک بێهۆش بوو.

کاتێک هۆشی هاتەوە، منداڵەکانی لە باوەش گرتو لەلای مێردەکەی دانیشت، لەوەی کە ڕووی دا بوو پرسیاری کرد، ئەکسینۆڤیش هەمووی بۆ گێڕایەوە. ژنە پرسیی: ئێستا دەبێت چی بکات؟

-دەبێت سکالانامەیەک بە تەزار بدات تا لە نابووت بوونی بنیادەمێکی بێ گوناە داکۆکی بکات. ژنەکەی گوتی سکالانامەی بۆ تەزار ناردووە، بەڵام قبوڵی نەبووە.

ئەکسینۆڤ وەڵامی نەبوو، سەری داخست.

لەو کاتەدا ژنەکەی گوتی: (بێ هۆ نەبوو کە خەوم بینی سەرت سپی بووبوو، لە بیرتە ئەو ڕۆژە چیم پێ گوتیت؟ نەدەبوو سەفەرت بکردبایە). پەنجەکانی بەناو قژیا گێڕاو گوتی: وانییە ئازیزەکەم ڕاستی بە هاوسەرەکەت بڵێ تۆ ئەوت کوشت؟

ئەکسینۆڤ گوتی: (باشە تۆش لە من بە گومانی؟) ڕووخساری بە دەستەکانی داپۆشیو دەستی کرد بە گریان، پاشان سەربازێک هاتو گوتی کاتی یەکتربینین کۆتایی هات. ئەکسینۆڤ بۆ دواهەمین جار خوداحافیزیی لە خانەوادەکەی کرد. ئەو کاتەی ڕۆیشتن، ئەکسینۆڤ قسەکانی لەبیرکرد، تێگەیشت تەنانەت ژنەکەیشی لە ئەو بەدگومانە، بەخۆی گوت: (تەنها خودا ئاگای لە هەموو شتێکەو دەبێت پەنا بۆ ئەو ببرێت، تا ئاگادارم بێت)، ئیتر سکالای بۆ کەس نەبرد، داوای لێخۆشبوونی نەکرد، لە هەموو شتێک بێ ئومێد بوو، تەنها پەنای بۆ دەرگای خودا برد...

ئەکسینۆڤ مەحکوم بە قامچی لێدانو کاری بە زۆرکرا لە کانی خەڵوز، هەر کە جێگای قامچییەکانی سارێژبوو، لەگەڵ کۆمەڵێک سزادراوی





تردا نێردرا بۆ سیبریا، بیستو شەش ساڵ وەک سزادراوێک لەوێ بەندکرا، قژی وەکو بەفر سپی بوو، ریشی درێژو تەنک رەنگی خۆڵەمێشی، خەندە لەسەر لێوەکانی نەما، چەمابووەوەو بە زەحمەت ئەیتوانی رێبکات، کەم قسەی دەکرد، هیچ وەخت پێنەدەکەنی، هەمیشە دەپاڕایەوە، ئەکسینۆڤ لە زینداندا فێری کەوشدوورین بوو، دەرامەتێکی پەیدا کرد، کتێبی (ژیاننامەی قەدیسەکان)ی کڕی، تا ئەو کاتەی ڕۆژ بوایەو زیندان ڕۆیشتبووایە ئەو کتێبەی دەخوێندەوە. ڕۆژانی یەکشەممە لە کلیسای زینداندا نامەی حەوارییەکانی دەخوێندەوە، چونکە هێشتا دەنگی باش بوو، سروتیشی دەخوێند. بەرپرسانی زیندان بە خاتری ئەوەی کەسێکی بێ ئازار بوو، ئەکسینۆڤیان خۆشدەویست، زیندانییەکانی تریش ڕێزێکی زۆریان لێ دەگرت، هەر کاتێک داواکارییەکیان لە بەرپرسانی زیندان بکردایە، ئەکسینۆڤ قسەکەریان بوو، ئەگەر لە نێوان زیندانییەکانیش ناکۆکییەک پەیدا ببوایە، بۆ چارەسەرکردنی پەنایان بۆ ئەکسینۆڤ دەبرد. هیچ هەواڵێکی لە ماڵو خانەوادەکەی نەبوو، تەنانەت نەیدەزانی ئایا هاوسەرو منداڵەکانی ماون یاخود نا.

ڕۆژێک کۆمەڵێک سزادراویان هێنا بۆ زیندانەکەیان، ئێوارە تەواوی زیندانییەکان دەورەیان لێدانو پرسیاریان دەکرد خەڵکی چ شارو دێیەکنو بە چ تۆمەتێک سزادراون؟ ئەکسینۆڤیش لە لای تازە هاتووەکان دانیشتبوو، چوارشانەیەکی باڵابەرز تەمەنی شەست ساڵ دەبوو، تەنکە ڕیشێکی هەبوو، بۆ ئەوانی تری باس دەکرد تۆمەتەکەی چییە؟

)دۆستان! ئەسپێکیان بە سورتمەیەکەوە بەستبووەوە، من کردمەوەو بردم، کاتێک دەستگیرکرام بە تاوانی دزی تۆمەتبار کرام، هەرچی گوتم سواری ئەو ئەسپە بووم تا زووتر بگەمەوە ماڵەوە، پاشان ئەسپەکە بگێڕمەوە بۆ خاوەنی، کەس باوەڕی پێ نەکردم. لەوانە بگەڕێن تەنانەت خاوەن ئەسپەکە یەکێک بوو لە دۆستەکانم، لەوە زیاتر خەتایەکم نییە، بەڵام گوتیان (نەخێر ئەسپەکەت دزیوە)، کەسێک نەبوو بڵێت چۆنو لە کوێ دزیومە. هەڵبەتە جارێک تاوانێکی گەورەم ئەنجام دا، هەقبوو ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش بیان هێنامایە بۆ ئێرە، بەڵام ئەو کاتە کەس تێنەگەیشت، ئێستا بێ بەڵگەو بێ گوناە هێناومیان بۆ ئێرە، دەبوایە پێشتر بیان هێنامایە بۆ سیبریا، بەڵام بەردەست نەکەوتم.

کەسێک پرسیی: خەڵکی کوێیت؟

-خەڵکی ڤلادمیرم، خانەوادەکەم لەو شارەن، ناوم (مکار)ە، بەڵام بە سمنیخ بانگم دەکەن.

ئەکسینۆڤ سەری بەرزکردەوەو گوتی: (سمنیخ بڵێ بزانم هەواڵێکت لە خانەوادەی ئەکسینۆڤ بازرگانی خەڵکی ڤلادمیر هەیە؟ ئایا هێشتا زیندوون؟

-هەڵبەتە ئەوان دەناسم، خانەوادەی ئەکسینۆڤ ژیانێکی باشیان هەیە، بەڵام باوکیان وەکو من تاوانی ئەنجامداوەو لە سبیریایە، بەڵام باوە گەورە: تۆیان بۆچی هێناوە بۆ ئێرە؟ ئەکسینۆڤ نەیدەویست داستانی ڕۆژگاری ڕەشی دووبارە بگێڕێتەوە، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی: لەسەر تاوانەکانم بیستو شەش ساڵە لێرەم.

-مکار سمنیخ پرسیی: تاوانی چی؟

ئەکسینۆڤ وەڵامی دایەوە (چاک.. شایستەی لەوەیش زیاترم) لەوە زیاتری نەگوت، بەڵام



هاوڕێکانی وردەکاریی حاڵی ئەکسینۆڤیان بۆ زیندانییە تازە هاتووەکە گێڕایەوە، کە چۆن کەسێک بازرگانێکی کوشتووەو چەقۆ خوێناوییەکەی لەناو کەلوپەلەکانی ئەودا شاردووەتەوەو ئەویان بێگوناه سزاداوە. مکار سمینخ کاتێک لە تەواوی ڕووداوەکە تێگەیشت، سەیرێکی ئەکسینۆڤ کردو دای بە ڕانی خۆیداو گوتی: سەیرو سەمەرە.. بە ڕاستی سەیرە، بەڵام باوە گەورە بۆچی ئەوەندە تێکشکاویت؟..

پرسیاریان کرد بۆچی سەیرە؟ لەوەو پێش ئەکسینۆڤت لە کوێ بینیوە؟ بەڵام مکار وەڵامی نەدایەوەو گوتی (بەڕێزان بە ڕاستی سەیرو سەمەرەیە، کە من لێرە لەگەڵ ئەکسینۆڤ ڕووبەڕوو دەبمەوە).

ئەو قسەیە بووە هۆی ئەوەی ئەکسینۆڤ بیربکاتەوە، ناشێت ئەم پیاوە بزانێت کێ بازرگانەکەی کوشتووە، پاشان گوتی: (سمنیخ لەوە دەچێت زانیارییەکت لەو ڕووداوە هەبێت؟ لەوە دەچێت پێشتر منت لە شوێنێکدا بینیبێت؟

-مەگەر دەبێت بێ خەبەربم؟ دنیا پڕە لە دەنگۆ و واتەوات، ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوە، ئەگەر شتێکیشم بیستبێت فەرامۆشم کردووە.


ئەکسینۆڤ پرسیی: لەوە دەچێت بیستبێتت کێ ئەو بازرگانەی کوشتووە..

مکار پێکەنیو گوتی: (بکوژ ئەو کەسەیە کە چەقۆ خوێناوییەکەیان لە کەلوپەلەکانیا دۆزیوەتەوە) ئەگەر کەسێکی تریش بکوژەکە بێت، مەگەر ئەو پەندەت نەبیستووە (دز ئەو کەسەیە کە دەگیرێت) چۆن دەتوانرێت چەقۆیەک بخەنە کیسەیەکەوە، کە لە ژێر سەری تۆدا بووە؟ بێگومان لە خەو ڕادەبووی.

دوای بیستنی ئەو قسانە، ئەکسینۆڤ بێگومان بوو لەوەی بکوژی بازرگانەکە ئەم کەسەیە. هەستاو ڕۆیشت، تا بەیانی خەوی لێ نەکەوت، حاڵێکی زۆر ناهەمواری هەبوو، تابلۆی جۆراوجۆری هێنایەوە بەرچاو، ئەو کاتەی خوداحافیزیی لە هاوسەرەکەی کرد، ئەو ڕۆژەی ئەیویست بڕوات بۆ بازرگانی کردن، ئەتگوت ئەوساتەیە، ڕوخسارو چاوەکانی قسەکردنەکەی ژنەکەی هێنایەوە بەرچاو، منداڵە بچووکەکانی دەبینی، یەکێکیان جلوبەرگێکی فراوانی لەبەردابوو، یەکێکی تریان بە باوەشی دایکییەوە بوو، ئەو کاتانەی خۆی بیرکەوتەوە گەنج، ڕووخۆش، دەم بە پێکەنین، بیری کەوتەوە چۆن لە هەیوانی میوانخانەکەدا دەستگیریان کرد، دانیشتبوو گیتاری دەژەنی، چەندە شادو بێخەم بوو. لە زهیندا ئەو شوێنەی بەرجەستەکرد کە قامچییەکانیان لێدابوو، ئەو خەڵکەی تەماشایان دەکرد زنجیری پێی، قیتاری سزادراوەکان، بیستو شەش ساڵی تەواو بەندو پیریی لەناکاو، تەواوی ئەو ئەندێشانە وایان لێ کردبوو دەیویست خۆی بکوژێت.

ئەکسینۆڤ بەخۆی گوت هەموو ئەو شتانەی ڕوویان دا خەتای ئەم پیاوە خوێڕیو بەدفەساڵە بوو، ئەوەندە لێی پەست بوو تەنانەت ئەگەر خراپیش بەسەریا بشکێتەوە دەیویست تۆڵەی ئەو کارەی لێ بکاتەوە. بە درێژایی شەو دوعای دەخوێند، بەڵام ئارام نەدەبووەوە، بۆ بەیانی بە هیچ جۆرێک لە مکار سمنیخ نزیک نەدەبووەوە، تەنانەت سەیریشی نەدەکرد. دوو هەفتە بەم شێوەیە تێپەڕی، شەوان خەو نەدەچووە چاوی، ئەوەندە هەستی بە دڵ

مردوویی دەکرد، کە نەیدەزانی چی بکات.
شەوێک لەناو زیندانەکەدا دەڕۆیشت، لە ژێر یەکێک لەو سەکۆیانەی کە زیندانییەکان لێی دەخەوتن، بینیی خۆڵ دێتە دەرەوە، درەنگی کردبوو تا بزانێت خۆڵەکە لە کوێوە دێت، لەناکاو مکار سمینخ لە ژێر سەکۆکەوە هاتە دەرەوە، لە بینینی ئەکسینۆف سەڵەمییەوە، ئەکسینۆف دەیویست بەبێ ئەوەی تەماشای بکات لە تەنیشتییەوە تێپەڕێت، بەڵام مکار دەستی گرتو گوتی لە ژێر دیوارەکەوە ڕێڕەوێکی هەڵکەندووەو خۆڵەکەی دەکاتە پۆتینەکانی ئەو کاتەی دەیانبەن بۆ کاری زۆرەملێ، خۆڵەکە دەڕێژێت. گوتی: (پیرەمێرد ئەگەر دەمت دابخەیت لەگەڵ خۆمدا ڕزگارت دەکەم، ئەگەر خەبەریشم لێ بدەیت لە ژێر قامچیدا دەمکوژن، بەڵام لەوەیش دڵنیابە لە پێشدا تۆ نابووت دەکەن.
ئەکسینۆف لە خەفەتا هەڵدەلەرزی، تەماشای دوژمنەکەی کرد، دەستی بەرداو گوتی: (من نامەوێ هەڵبێم، پێویستیش ناکات بمکوژن، ساڵەها لەمەوپێش منت کوشت، بەڵام لەوە دەچێت خەبەرت لێبدەم لەوەش ناچێت، هەمووی بەستراوە بە ویستی خوداوە).
ڕۆژی دواتر زیندانییەکانیان دەبردە سەر کار، پاسەوانێک بینیی لە پۆتینی یەکێک لە زیندانییەکان خۆڵ ڕژاوە، زیندانییەکانیان پشکنی، ڕێڕەوەکەیان دۆزییەوە، لێپرسراوی زیندانەکە هات، لە یەک بە یەکی زیندانییەکانی پێچایەوە، تاوەکو بزانێت هەڵکەندنی ڕێڕەوەکە کاری کێ بووە، هەموویان حاشایان لێ کرد، مکار سمنیخ ورتەی لێوە نەدەهات، دەیزانی ئەوەندەی قامچی لێ دەدەن تا دەمرێت، سەرەنجام لێپرسراوی زیندان ڕووی کردە ئەکسینۆڤو دەیزانی پیاوێکی ڕاستگۆیە گوتی: پیرەمێرد تۆ بنیادەمێکی ڕاستو دروستی، بە خودا سوێندت دەدەم بڵێ کێ ئەو ڕێڕەوەی هەڵکەندووە؟
مکار سیمنخ ئارامو بێ دڵەڕاوکێ ڕاوەستابوو تەماشای دەکرد، تەنانەت نەیدەتوانی سەیری ئەکسینۆف بکات، ئەکسینۆف دەستو لێوەکانی دەلەرزین، تا ماوەیەک نەیتوانی دەم بجوڵێنێ.
بیری کردەوە، بۆچی دەبێت ڕازی کەسێک بشارێتەوە کە نابووتی کردووە؟ واز بێنە تا سزای ئەو بەڵایەی کە بەسەری هێناویت وەربگرێت، بەڵام ئەگەر باسی بکەم، ڕەنگە لەژێر قامچیدا بیکوژن، لەوەش دەچێ لێکدانەوەکانم لەسەر ئەو هەڵە بن، لەوەش وازبێنە خەبەردان چ سودێکی هەیە.
لێپرسراوی زیندان پرسیارەکەی دووبارەکردەوە: پیرەمێرد ڕاست برۆ، کێ ژێر دیوارەکەی هەڵکەندووە؟.
ئەکسینۆف سەیرێکی مکار سمنیخی کردو گوتی: قوربان ناتوانم، ویستی خودا وەهایە هیچ نەڵێم، هەرچییەک دەتەوێت بەرامبەرم بیکە، خاوەنی ئیختیاریت.
هەرچەندە لێپرسراوی زیندان پێداگریی کرد سوودی نەبوو، باسەکە وەکو خۆی مایەوە. شەو ئەکسینۆف لەسەر جێگاکەی ڕاکشابوو، دەیویست بخەوێت، کەسێک بە ئەسپایی لەسەر تەختە خەوەکەی دانیشت، ئەکسینۆف لەناو تاریکییەکەدا تەماشای کرد، مکاری ناسیەوەو گوتی: چیت لە من دەوێت؟ بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە؟
مکار سیمنخ بێدەنگەی لێکردبوو. ئەکسینۆف لە جێگەکەی هەستاو گوتی: چیت لە گیانی من دەوێت؟ هەستەو برۆ، ئەگەر نەڕۆیت بانگی





تۆلستۆی یەکێکە لە گەورەترین نووسەرەکانی جیهان و ساڵی ١٨٢٨ لە خێزانێکی دەوڵەمەندی ڕوسیا شاری (یاسنایا بۆلیان) لەدایک بووە. خاوەنی گەلێک بەرهەمی مەزنە، کە تا ئێستاش قسەی جدییان لەبارەوە دەکرێ و بەردەوام لێکۆڵینەوەی نوێیان لەسەر دەنووسرێ، لەوانە: ڕۆمانی شەڕو ئاشتی، ئانا کارنینا و زۆری تر...

پاسەوانەکان دەکەم.

مکار سیمنخ دەمی برد بۆ لای گوێی ئەکسینۆڤو گوتی: ئیڤان دیمتریچ لێم خۆش ببە.

ئەکسینۆڤ گوتی: بۆچی؟ بۆچی بتبەخشم؟.

-من هەمان ئەو کەسەم بازرگانەکەم کوشتو چەقۆکەم لەناو کەلوپەلەکانی تۆدا شاردەوە، ئەو شەوە دەمویست تۆیش بکوژم، بەڵام دەنگێک لە دەرەوە هاتو بە پەلە چەقۆکەم خستە کیسەکەتو بۆی دەرچووم.

-ئەکسینۆڤ بێدەنگ بوو، نەیدەزانی چی بڵێت، مکار سیمنخ لەسەر تەختە خەوەکە دابەزیو ئەژنۆی خستە سەر زەوییەکەو گوتی: ئیوان دیمتریچ بمبەخشە، بیکە بە خاتر خودا بمبەخشە، من ددانی پیا دەنێم بکوژی بازرگانەکە منم، تا تۆ ئازاد بکەن‌و بڕۆیتەوە ناو ماڵو منداڵت.

ئەکسینۆڤ گوتی: ئەم قسانە بۆ تۆ ئاسانە، تۆ بوویتە هۆی ئەوەی بیستو شەش ساڵ زەجر بکێشم، تازە بۆ کوێ بڕۆم؟ هاوسەرکەم مردووە، منداڵەکانم ئێستا فەرامۆشیان کردووم، شوێنێکم نییە بۆی بڕۆم.

مکار سمنیخ سەری دا بە زەوییەکەداو پاڕایەوە: ئیوان‌و دیمریچ بمبەخشە، ئەو کاتەی قامچییان لێدەدام بە قەدەر ئێستا ئازارم نەبوو، تۆ بەزەییت بە مندا هاتەوەو خەبەرت لێنەدام، بیکە بە خاتری خودا، منی بەدبەختو بەدکار ببەخشە.

دایە پرمەی گریان، ئەکسینۆڤیش دەستی کرد بە گریان، گوتی: خودا بتبەخشێت، لەوە دەچێت من سەد ئەوەندەی تۆ گوناهبارێم.

دوای گوتنی ئەم قسانە، ئارامی بۆ دڵی گەڕایەوە، ڕۆیشتنەوەی بۆ ناو ماڵو منداڵەکانی لەسەری خۆی دەرکرد. تازە ئیتر نەیدەویست ئازادی بکەن، تەنها تەمەنای ئەوەبوو چرکەساتێ کۆتایی ژیانی تێپەڕێت.

بەبێ ویستی ئەکسینۆڤ، مکار سیمنخ دانی بەوەدا نا کە کردبووی، کاتێک فەرمانی ئازادکردنی ئەکسینۆڤ هات، ماوەیەکی زۆربوو باڵندەی گیانی لە قەفەسی سینەیەوە ئازاد بووبوو.

*سورتمە: گوێزەرەوەیەکە بۆ ناو بەفر بەکاردێت، ئەسپ یا سەگ ڕای دەکێشێت.

**سەرچاوە:**

بیست و سه قصه. لیون تولستوی، همایون صنعتی زاده، چاپ پنجم.





**ئیتالۆ کالڤینۆ**

**لە فارسییەوە: نارین محەمەدی**

شارێک هەبوو کە هەموو خەڵکەکەی دز بوون شەوان پاش نانخواردن، هەرکەسەو دەستە کلیل و فانۆسەکەی هەڵدەگرت و بۆ بڕینی ماڵی دراوسێیەک لە ماڵ بەدەر دەکەوت و دەمەو بەیان بە دەستی پڕ دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە؛ بۆ ماڵەکەی خۆی کە ئەویش تاڵانکرابوو.

بەمجۆرە هەمووان لەگەڵ یەکتردا بە خێرو خۆشی ژیانیان دەبردە سەر؛ چونکە هەرکەسەو ماڵی ئەویتری دەبڕی و ئەویش بە هەمان شێوە. مامەڵەی بازرگانی و کڕین و فرۆشتنەکانیش هەر بەمجۆرە بوو؛ هەم لە



لایەن کڕیارەکانەوە، هەم لە لایەن فرۆشیارەکانەوە. دەوڵەتیش کە هەموو هەوڵی خۆی دەدا باجێکی زۆرتر لە خەڵک وەربگرێت و قۆڵبڕێکی باش بوو. خەڵکیش هەموو هەوڵی خۆیان دەخستە گەڕ بۆ ئەوەی فێڵ لە دەوڵەت بکەن و بە بای خەیاڵیشیاندا نەیەت و شتێکیشی لێ بقرتێنن؛ هەر بەم شێوازە ژیانێکی خۆش لەم شارەدا بەڕێوەدەچوو. نە کەس زۆر دەوڵەمەند بوو نە زۆر هەژار.

نازانین چۆن بوو کە ڕۆژێکیان، کتوپڕ پیاوێکی دەستپاک ڕێی کەوتە ئەم شارە و ئەوێی بۆ مانەوە هەڵبژارد، ئینجا لە باتی ئەوەی شەوان بە دەستە کلیل و فانۆسەوە بە ناو کۆڵاناندا بەڕێ کەوێت بۆ ماڵبڕین، پاش نانخواردن، جگەرەیەکی دادەگرساند و دەستی دەکرد بە ڕۆمان خوێندنەوە.

دزەکان دەهاتن؛ کە دەیانبینی ناو ماڵەکە ڕووناکە، ڕێگای خۆیان لار دەکردەوە و دەگەڕانەوە. بارودۆخەکە بەمجۆرە بوو هەتا ئەوەی کە خەڵک هەستیان بە بەرپرسایەتی کرد. ئەویش ئەوەی کە ئەم میوانە نوێیە تێبگەیەنن ئەگەر خۆی ئەهلی ئەمجۆرە کارانە نییە، بەڵام نابێت ئاستەنگ لە بەردەم کاری خەڵکی تردا دروست بکات. ئەمە مانای ئەوەی هەر شەوێک کە لە ماڵ بمابایەتەوە ئەوا بنەماڵەیەک بە سکی برسییەوە سەریان دەنایەوە. ئەم پیاوە بێ فرتوفێڵ و ساکارە لە بەرانبەر داواکارییەکی ئاوەهادا دەیتوانی چ بڵێت؟ هەر بۆیە پاش زەردەپەڕ ماڵەکەی بەجێ دەهێشت و بە پێی داوای خەڵکەکە بەرەبەیانان دەگەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، بەڵام ئەو فەقیرە خۆ دزیی نەدەکرد، چەنکە ئەو پیاوێکی دەستپاک بوو؛ ئەهلی ئەو جۆرە کارانەش نەبوو. شەوان بەرەو پردی شار دەڕۆیشت، لەسەری رادەوەستا و ماویەکی زۆر چاوی دەبڕییە ناو ئاوەکە و پاشان دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە؛ کەچی دەیبینی ماڵەکەی تاڵان کراوە.

لە ماوەیەکی کەمتر لە یەک حەفتەدا، ئەم پیاوە دەستپاکە هەموو دارونەداری لە دەست دا؛ هیچی بۆ خواردن نەمابووەوە، ماڵەکەشیان رووتاندبووەوە، بەڵام کێشەکە خۆ لەمەدا نەبوو، چونکە خەتاباری ئەم دۆخە خۆی بوو. نە! کێشەکە شتێکی تر بوو. لە راستیدا ئەم پیاوە بەم رەفتارانەی، هەمووی بێزار کردبوو! ئەو ماڵەکەی خۆی بەجێ هێشتبوو کە بیبڕن، کەچی خۆی ماڵی کەسی نەدەبڕی. بەمجۆرە بوو کە هەر شەوێک کەسێک هەبوو پاش دزیی شەوانە، کە دەمەو بەیان دەگەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی دەیبینی کە هیچ لە ماڵەکەی نەدزراوە؛ ئەو ماڵەی کە دەبوایە پیاوە دەستپاکەکە دزیی لێ بکردایەت.

پاش ماوەیەک وردە وردە، ئەوانەی کە ماڵەکەیان کەمتر دزیێ لێدەکرا، باری ئابوورییان لەوانیتر باشتر دەبوو و بە پێچەوانەوە، کەسانێکیش کە زۆرتر لە ماڵی پیاوە دەستپاکەکە دزییان کردبوو (کە ئەڵبەت ئیتر هیچی بۆ برین نەمابوو)، بە دەستی بەتاڵ دەگەڕانەوە و ڕۆژبەڕۆژ باریان بەرەو خراپی دەڕۆشت و هەژاری نزیک دەبوونەوە.

بەمجۆرە ئەو کەسانەی کە باری ئابوورییان باشتر ببوو و وەکوو پیاوە بێ فرتوفێڵەکە دەڕۆشتن بۆ پیاسە و سەری پردو سەیرکردن و گوێگرتن بۆ خوڕەی ئاو، بەڵام تێگەیشتن کە ئەگەر بەمجۆرە درێژە بە ژیان بدەن، بە زوویی داراییەکەیان تەواو دەبێت. بۆیە بیریان لەوە کردەوە کە: چۆنە پارە بدەین بە کۆمەڵی لەم هەژارانە کە لە باتی

ئێمەش بڕۆن بۆ دزی. گرێبەستەکان نووسران، مافی کرێکاران دیاری کران: ئەڵبەت ئەوانە هەر دز بوون و لەم گرێبەستانەش هەوڵیا دەدا فرتوفێڵ لە یەکتر بکەن. بەڵام بە پێی ئادابی ئەمجۆرە گرێبەستانە، ئەوانەی کە دەوڵەمەند بوون، دەوڵەمەندتر و هەژارەکانیش هەژارتر دەبوون. هەندێکیشیان ئەوەندە دەوڵەمەند بووبوون، کە ئیتر نە پێویستیان بەماڵبڕین بوو نە بەوەی کە کەسێکی تر دزییان بۆ بکات، بەڵام کێشەکە لێرەدا بوو کە ئەگەر وازیان لە دزیکردنیش بهێنایە، هەژار دەکەوتن؛ چونکە هەژارەکان هەر دزیی خۆیانیان لێیان دەکرد. پاشان بیرۆکەیەک بە مێشکیاندا هات: دەستیان کرد بە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە بە تەواوی هەژار کەوتبوون و ئەوانەیان وەک پاسەوان بۆ ئەوەی سەروەت و سامانەکەیان لە دەست هەژارەکانی تر بپارێزن، دامەزراند. بەمجۆرە بوو کە بنکەی پۆلیسان ساز کرد و زیندانەکانیش دروستکران. هێشتا چەند ساڵێک لە هاتنی پیاوە دەستپاکەکە بۆ ئەو شارە تێنەپەڕیبوو، کە ئیتر خەڵک نە باسی ماڵبڕینیان دەکرد، نە هیچی تری لەوجۆرە. باس باسی دارو نەدار بوو؛ بەڵام لە راستیدا هێشتا هەموویان هەر دز بوون.

تەنها کەسێک کە بە دەستپاکی مایەوە، هەر ئەو پیاوە بوو کە ئێمە نەمانزانی و نەمانزانی بۆچی خۆی کرد بەو شاردا و پاش ماوەیەکی کەمیش لە برسا مرد.


**سەرچاوە:**

اكهى سرويس عمومى.



ئیتالۆ کالڤینۆ ساڵی ١٩٢٣ لە خێزانێکی ئیتاڵی لە کوبا لەدایک بووە. ساڵی ١٩٢٥ گەڕاونەتەوە بۆ ئیتاڵیا. کالڤینۆ ساڵی ١٩٤٥ یەکەمین ڕۆمانی نووسیوەو ساڵی ١٩٤٩ کۆمەڵە چیرۆکی (دواجار قەلەڕەشەکە دێت)ی چاپ کردووە. ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ ژن و کچەکەیدا چوون بۆ پاریس و دوای ٧ ساڵ گەڕانەوە بۆ ڕۆما. کالڤینۆ یەکێکە لە داهێنەرە گرنگەکانی بواری چیرۆک و ڕۆمان و کاریگەریی دیاری هەیە لەو بوارەدا.. ساڵی ١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووەو لە ئیتالیا نێژراوە..





# شەبەنگی شینی ژمارەکان

**هاشم سەراج**

180
ئەوەی لە باوەشت بگرێ
و
ڕەحیقی پرچت هەڵمژێ
عەتری سووری
هەموو
ئارایشگە

و
گوڵشەنە شینەکانی جیهان
هەڵدەمژێ
و
لەشی شێداری
سرووشتیش
لە باوەشدەگرێ!

181
بە شەقامە سپییەکەدا
هاتم
و
گەیشتمە بەردەرگەی
ماڵە سەوزەکەتان
تۆ
لە گەرەکە پەمەییەکە
پیاڵە پیاڵە
زەنگیانەی زەردت
بە قژتا پەرش دەکرد
و
پێدەکەنیت
من
چاوم بڕیبووە
ئەو کڵافە دەزووە زیوییەی
بە پەنجە شووشەکانتا
ئاڵابوو!

182
لە نێو ئەو ئاپۆرە
پەرشوبڵاوە



تابلۆی ڕووخسارێکی شینم
لێ دیارە
هێمن و سەلار
خەریکە
بە ژاوەژاوی جوانی
هێزی دڵنیاییم
بەرەو
دوودڵی
دەبات!

183
ئێواران
گەنجی ڕووخسارت
لە ئاگری شینی جوانیدا
دەسووتێ
سپێدان
بە زوقمی دڵەوە دێم
و
بەرامبەر
کڵافەی دووکەڵی کەسکی
کراسە
وەنەوشەییەکەت
دەوەستم
و
سواڵی یەک پشکۆی
نارنجیت لێ دەکەم!

184
ڕۆژانە
لە باخچە زەردەکەی



ماڵی زەمەن
چێشت لێدەنێین
لە موبەقە کەسکەکە
ئێرۆتیک دەکەین
لە باڵکۆن
هیلا هۆپ
و
مەی نۆشین
لە حەمامە مۆرەکە
کتێب دەخوێنینەوە
و
گۆرانی دەچڕین
ساتێکی شین بەڕێوەیە
سپیتر لە بەفری ڕەش
تیایدا بە بێدەنگی
لە دوودەرییە زەردەکەوە
بەڕێدەکەوین!

185
پرشنگی پرچی لازووردیت
عەتری ئێرەم دەپرژێنێ
خشڵی پەرشوبڵاوی
نێو سینەت
تامی بەهێیەکی
شین!

186
لەم فەزای شینی عیشقەدا
گازێ لە باسکە سپییەکەت
بگرم
بەلەکت
سوورهەڵدەگەڕێ
ماچێ لە گۆنانت بکەم
گۆپکە توورتەکانت!

187
چەند بەغەمگینی لەسەر
قەنەفە شینەکە ڕاکشاوی
و
تاڵ تاڵ
پرچی ڕەشت ڕژاوەتە
سەر زەوییە سپییەکە
فنجان و فەخفووی
و
پیاڵە ڕەنگاوڕەنگەکانیش
بە شادییەوە
پرشنگبارانت دەکەن!

188
خەفەت مەخۆ
ڕەنگە
بە بێدەنگییەکی شین
ئەو خەڵقندانە
بەرەو ژاوەژاوێکی سپی
بەرین
کە
چاویان بە
مەرجانە نارنجییەکانی
تێکستی
عیشق و جوانی
هەڵنایێ!



189
تازە چیم پێدەکرێ
ڕۆحت ئەژدەرێکی زەردە
و
لە جەستەی شینی شیعر
ئاڵاوە!

190
ئەی جوانی
ئەودەمەی
بە تیشکە شینەکانت
شەپۆڵدەدەی
شیعر
بەغەمگینی
بوونی خۆی
لەدەستدەدات!

191
تۆ بەو ڕووخسارە
لازووردییەت
چەند
پێچەوانەی
پێوەندییە ئاڵۆزاوەکانی
تاقە وشەی
کاتێ
لە باغی تەنیاییدا
خەیاڵ
دەتباتەوە
ڕست ڕست
دەلالەتی شین وسادە
دەدڕەوشێنی!

192
لەش
بخرۆشێ
بەشێک
لە
جەستەی شین و شاراوەی
دەدرەوشێنێ
چاو
تۆسقاڵێک
لە
کریستاڵی
زەردی!

193
شیعر هێزێکی شینی مەستە
لە
نێوان
دەسکەوتی چێژ
و
تێچووی جوانیی
لە نێودەچێ!

194
گوتم کاستڵ
با ئەم کاسەیەش هەڵدەین
گەردوون بوونەوەرێکی ڕاڕایە
وەک چۆن
لە سەتڵێک
بۆیەی شبندا
لەدایکبوو
لە هەمان

سەتڵ و بۆیەشدا
لەنێو دەچێ!

195
تۆ
نەبای
نە
هەویری شینی هزر
درووست دەبوو
نە
نانی زەردی وشە!

196
سەیری
هەم درەخت دەچێنێ
مرۆڤ
هەم ئێسقانی شین!

197
تەماشا
چەنێ
بەتام و جوانە
جەستە
دوای
گەمەشینەکانیش
دزێو و قێزەون!

198
قۆپچە سپییەکانی
کراسی ڕەشت
زنجیرەیەک ئاماژەی زەر..

دەدرەوشێنن
دایکەنە
با بەم
سۆفتە شینە
لەسەرووی
فنجانی ناوکت
بنووسم
چێژی شیعر
لە کرۆژتنی
لەتە مزرەکانی لەشت دەکا!

199
حەشیشی شینی عیشقت
نەبوایە
دەمێک بوو
سوپاسالاری لۆژیک
تاوەرەکانی دڵ
و
قەڵای شیعری
داگیرکردبوو!

200
نەهاتی
لەو کەڵکەڵە و دڵەڕاوکێ سپییەم
ڕزگاربکەی
تۆزێ
پەنجەکانم بخەمە
نێو
عەتری ڕەشی قژی پڕت
و
تەزوویەکی شین و بەتاڵ



دەروونم دابگرێت!

201
شەو
بەعەتری سووری ئەناناس
وروژاین
پەرداخێک
زەیتی هزر و هەستم
بە ئاوێنەی جەستەی داکرد
سپێدە
بەپارێزەوە
بوتڵێک
پەیڤی شینمان
هەڵپچڕی!

202
سێگۆشە بەتاڵەکانی
شێوەت
ئاسوودەم
دەکەن
بازنەپڕەکانی

سینەت
ڕۆحم
هەڵدەتەکێنن!

203
هەمیشە
لە میتافۆرە شینەکاندا
وێناتدەکەم
بەبێموبالاتیش
مۆرفیمی
لەنجە نارنجییەکانت
لێکدەدەمەوە!

204
دواجار
نیگاری شینی ڕووخسارت
چەشنی
نەخشی سەردراو
دەسوێ
و
لەنێو دەچێ!






# سوێندی باران

عیرفان ئەحمەد

دەست ئەدەم بە پەڕەی گوڵدا
سوێند ئەخۆم
نە لەگەڵ باخچەدا نووستووم
نە لە تەک هەورا تێکەڵ بووم!..
سوێند دەخۆم بە دارهەنار
شتێک نییە ترشتر بێت لە فیراقت



نییە وەک من
هەڵوەرینی لە پایزان خەستوخۆڵتر
لە چڵە ڕێواسی لای بەهاران تەنیاتر
لە چیاکان سەرسەختی فێربووم
لە سمۆرەشەوە هەڵزنان
سوێند دەخۆم تۆ
درێژترین چیرۆکی ئەم دونیایەی
پەڕەکانت هێندەی
تەمەنی بەسەرچووم دەبن
لە بناری دڵمدا
تۆ گوندێکی بێتریفەو مانگەشەوی
سپێدان بە دەنگی کەڵەباب
بەئاگا دێی!..
ئێواران لەسەر سینەم تێر دەخەوی
دەست ئەدەم بە قەتارو خاوکەرا
تۆ ئەو گۆرانییە جوانەی
پیت بە پیت ڕواندمی‌و
ڕەگ بە ڕەگ شەتڵم کردی
بەڵام نەت وتەو
نەم وتی!..
ئەی گۆرانییە خەمبارەکەم!..
وا خەریکە تاڤگەی پیری
سپی سپی بەسەر تەمەنما هاژەی دێ
وا پێدەچێ
سەرم پێکێ شەراب بێ‌و
دووریت قوم قوم بیخواتەوە
کێ مەست دەبێ لەو عەشقەدا..؟
کە تۆ دەڕۆی
ڕێگاکانت لەناوما پێچ ئەکاتەوە!..






دەست ئەدەم بە فڕینی مەلەکانا
سوێند دەخۆم.
گەر فڕینم نەپڕژایەو
ئەگەر نەغمەم نەسووتایە
ئەگەر هەزاران هەزار مقەست لە باڵەکانما نەڕوایە
ئەستێرەکانم بە دەنووک
کون کون ئەکرد
تێر تێر لە گۆمی مانگەشەوم ئەخواردەوە
من فێر بووم بە سەوڵە شکاوەکانمەوە
دەریاکان پڕ شەپۆلی تووڕە بکەم
پێڵاوەکانم داکەنم
کراسەکەم لەتو پەت کەم بۆت بگەڕێم
دەست ئەدەم بە پێکێ مەیدا
سوێند ئەخۆم! ئێوارانێ کە مەست ئەبم
وەکو تەشی لەسەر ڕانی بێدارییا
خول ئەخۆمو بیرەوەریی تۆ ئەچنم
بیرەوەریی ئەو ڕۆژانەی هەور بووینو باران بووینو
باخچەی سەوزو چەمی پڕ ئاو
ئەو ڕۆژانەی
هەتاوی گیان لە پاڵ سێبەردا دەڕواو
بەسەر گەڵای ڕێحانەوە
ئەبووینە دوو دڵۆپ خوناو
یادەوەریی ئەو ڕۆژانەی
من قەڵەمەکەم ئەدا بە تۆو
تۆش پەڕەسپییەکانی دڵ
تۆ مشتێ ئاو
منیش ماسیی قەسیدەیەک
تۆ تاڵی لە پرچەکانت
منیش وەرینی عەقیدەیەک






تۆ پەنجەیەکو من دەستێ
تۆ تەڵێ شقارتەو
من چرایەک
تۆ بزنە ڕێو
من ڕێگایەک
تۆ دوو دڵۆپ مەرەکەبو
من ڕۆمانێک لە ئەحزانم
سوێند ئەخۆم
بەو جۆگەلەیەی چاوی بە سەوزە گیا ڕشتووە
بەو کۆلارانەی بە منداڵی هەڵماندان و
نەهاتنەوە
بە ماخۆلانی ئەو مزراحانەی
تا ئەکەوتن ئەخولانەوە
بەو شمشاڵەی بەقەد ڕۆحمان
کونی تیا بوو
بە سەمای ئەو مارەی
لە چەمێکا ئەینووسی چوار
بەو چرایەی لیۆیک نەبوو
گڕی سینەی
بەفوویەک خامۆشتر بکات
بە بێدەنگی ماسیی سوێندم
بە قرخەی دەنگی قەلەڕەشەکان
بە خەونی هێمنیی کەناری لەسەر چڵی خەیاڵا
بە باڵای شۆڕەبی
کە تەنها لاقێکی هەیەو سەدان گەڵا
بەتیشکی ئەو مانگەشەوەی
لەسەر شەقامەکان دەخزێ
بەو کەروێشکەی بەسەر خەونی
منداڵەکانا باز ئەدات





کاتێ کە نۆرەی باوێشک دێ!..
سوێند ئەخۆم بەو هەنگەی
بە ماچ تەقەڵ لە برینی باخچە ئەدات
بەو سمۆریەی هەڵماتێن بە گوێزەکان ئەکات
سوێند بە مەتارەیەک ئاو
لە گیانەڵای شەهیدێکا
بە گەڵایەکی پایزی بە لەتێ ماچ
ماڵئاوایی لە چڵ ئەکات
بەو منداڵەی وازی بە سمێڵی باوکیەو
مەمکەکانی دایکی ئەکات
سوێند بە تورەبوونی هەور
بە قریشکەی بروسکەکان
بە خەندەی خونچەو
هەڵتۆقینی قارچکەکان
سوێند دەخۆم
بەدڵی سەرسەختی بەردو
بە دەستی لەرزۆکی لاسکەبۆڵە ماچی مزری بەرسیلە
بەتوێکڵی ڕەقی بەڕوو
بە تەقینی سەری چاو
نەزیفی جۆگەلەی پشکۆ
بە کپیی بەردی ناو گۆم
بە قریشکەی دەنکێ بەرسیلە
لەژێر ددانا
سوێند ئەخۆم
بە چەپۆکانی دەریاو شێت بوونی بەلەم
نە من بەتۆ ئەگەمەو
نە تۆش...



# من لە ناو تەنیایی
# تەنیایی لە ناو من

**داستان بەرزان**

تەنیایی لە دانیشتنە گەورەکاندا
لە تەنیشت خۆیەوە دامدەنێت
لە بارەکاندا ڤۆدگام بۆ تێدەکات و
زەیتوون بە دەمەمەوە دەکات
کام گۆرانییەم حەز لێبێت
بە دەنگێکی نەرم بۆم دەچڕێت
بە کام سەیارە بمەوێت دەمگەێنێتە ژوورەکەم
لە کام سوچی ژیاندا عاشقبم
ئەویش سوور هەڵدەگەڕێت و
تای عەشق دەیگرێت
****



لەگەڵ تەنیایی دەچینە سینەما و
کافتریاکان
گەر بۆمان بڕەخسێت هەر بۆ گاڵتە
دەیکەینە شەڕە جنێو
یان بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی ڕابکێشین
سەر دەخەینە سەر شانی یەکتر و تێر دەگرین.
دەچینە پارکەکان و
بۆ ئەوەی لەمە زیاتر لە دونیا بێزار نەبین
خۆمان دەدەینە پاڵ سێبەری گۆرانییەکی (نامجوو*)و
شێتێتیی خۆمان بە گوڵ دەفرۆشین.
دەچینە هاوینەهەوارەکان و
سواری بەلەمێکی تەختە دەبین و
بە دەم گوڵەبەڕۆژە خواردنەوە
لە شینێتی ڕووبار ورد دەبینەوە.
دەچینە چایخانە و قسان دەربارەی شیعر دەکەین
تەماشای بەرنامەی ئاژەڵان دەکەین و
هەر دەمەی خۆمان دەچوێنینە ئاژەڵێک
جارێک ئەو دەبێتە کەنغەر و
من دەبمە کەنغەرێکی تر
جارێک دەبێتە سمۆرە و
من دەبمە سمۆرەیەکی تر
من و تەنیایی
لەسەر یەک سفرە نان دەخۆین
پێکەوە دەچینە ئاودەستخانە
پێکەوە دەستمان دەشۆین
پێکەوە کتێب دەخوێنینەوە
پێکەوە دەنووسین
پێکەوە پاڵدەکەوین
پێکەوە سێکس دەکەین





پێکەوە دەخەوین
پێکەوە خەون دەبینین
لە خەونماندا دوور ڕۆیشتووین
دوور لە خەونماندا خەون دەبینین.
****
لە هەر شوێنێکبم، شوێنێک بۆ تەنیایی چۆڵ دەکەم
لە هەر جێگەیەک بێت تەنیایی
جێگەیەکم بۆ دەگرێت و
هاوارم لێدەکات وەرە برادەر وەرە
گونجاوترین شوێنم دیوەتەوە بۆ شیعر
وەهایە هۆگربوونی من و ئەو
ئەو واتە تەنیایی.
*****
من و تەنیایی
چەندین فۆتۆمان پێکەوە گرتووە
جارێک دەستمان لە ملی یەکترە و
جارێک دەستمان لە کەمەری یەکتر و
جارێک هەردوو لە ناو یەکتر.
****
من لە تەنیایی بێزار نابم
تەنیایی لە من بێزار نابێت
من لەگەڵ تەنیایی
تەنیایی لەگەڵ من
لە ناو یەکتر هەناسە دەدەین
لەگەڵ یەکتر دەمرین
من و تەنیایی



*گۆرانیبێژێکی ئێرانییە.



# فیردەوس

## ئەی مانگۆفرۆشەکە

**محەمەد عەفیفی مەتەر**

**لە عەرەبییەوە: ئاوات حەسەن ئەمین**

ئەی ئەو ساتانەی کە بەسەرمانا تێپەڕی
گەر ئەگەڕێیتەوەو بەفرەکە ئەتوێنیتەوە
چیرۆکی پرچە ڕەشەکانیش ئەگێڕیتەوە
کە ئێمە شەیدای بووین و
ئەفسوونی مرۆڤمان تیا بەدی ئەکرد
خۆشیی عیشقێکی مەست-یش
تەڕو پاراوی گوند-یش.
وەلێ- ئەی ئەو زەمانەی کە تێپەڕیت
وەکو شوشەیەکی شکاو
وەکو بەفرێک، یان ئەو چارۆکانەی
گێژەلۆکەی زەرد کوێری کردن
قەیناکا.. گەر گەشتەکەمان بەسەر شەپۆلەکانەوەبێ
ڕۆشنایی سەر کوڵمەکانیشت دەرکەوێ
منیش ئەو سوراوەم دزی کە لێوەکانتی جوان ئەکرد
قەیناکا.. گەر پرچەکانت بریسکەیان بێ.
ئەی خوشکەکەم..
قەیناکا.. گەر وەکو باڵندەیەکی سەربڕاو بژین

مادام.. لەم گەشتەمانا..
پاکێتیی مرۆڤمان لە دەست نەداوە.
تەڕو پاراوی گوندیش.. ئێستاش لە ناخمانایە.
مادام.. ئەتوانین بژین سەرەڕای
خەمەکان.
مادام سەوزایی دڵمان گوڵەگەنم ئەگرێ.
***
ئەی فیردەوس، سالانێکە
ئێمە لە ونبوونا ئەژین.
وەکو گەڕیدەیەک بووین
کە بە دوای گیانمانا وێڵ بووین
بەدوای جلوبەرگو پاشماوەی سێبەرو
بەرماوەی نانا ئەگەراین
بەدوای خەوێکی ئارام لە ئامێزێکی گەرما
وێڵ بووین.
فیردەوس..
سوێند بە خوا بیری بانگکردنەکانت ئەکەم!
ئای لەو دەنگەت کاتێ ئەگەڕێیتەوە بۆ لای گوێم.
ئیتر ڕۆژانی زەردباوی خۆم لەبیر ئەچێتەوە.
ئیتر لاوێتیم بۆنی مانگۆی لێ دێ
خۆش هاتی (فیردەوس) باست چییە؟
ئەی خوشکەکەم..
هەموو خەمەکان، گەر گوزەران ئەمرن
مادام لە وێڵییا ونین
تا گیانمان بەناویا بگەڕێ
بەدوای جلوبەرگو پاشماوەی سێبەرو
بەرماوەی نانا بگەڕێ
بەدوای خەوێکی ئارام لە ئامێزێکی گەرما، بگەڕێ.



محەمەد عەفیفی مەتەر، سالی ١٩٣٥ لەدایکبووەو سالی ٢٠١٠ کۆچی دوایی کردووە. دەرچووی کۆلێژی ئاداب بەشی فەلسەفە بوو. خاوەنی خەلاتی دەولەتە لە بواری شیعر، سالی ١٩٨٩. سالی ١٩٩٩ خەلاتی سولتان عوەیسی لە بواری ئەدەبدا پێ بەخشراوە. لە سالی ٢٠٠٦دا خەلاتی ڕێزلێنانی وەرگرتووە. سالی ٢٠٠٠ سەرجەم بەرهەمەکانی لە سێ بەرگدا لەلایەن دار الشرق-ەوە چاپ کراوە.

**سەرچاوە:**


محمد عفیفی مطر، الاعمال الشعرية– من جمرة البدايات، دار الشروق– الطبعة الاولى، ١٩٩٨ القاهرة.



# بوکۆفسکی..
# جگە لە نووسین هیچ رزگارت ناکات

**لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی**

چارلز بوکۆفسکی ساڵی (١٩٢٠) لە دایکێکی ئەڵمانیو باوکێکی ئەمریکی- پۆڵەندی، بەناوی ئەسڵی هاینریش کارل بوکۆفسکی لە ئاندرناخ_ی ئەڵمانیا لەدایکبوو. لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم لەگەڵ باوکو دایکیدا کۆچی کرد بۆ ئەمریکا. بوکۆفسکی زۆربەی کات بێکاربوو، بەڵام هەموو رۆژێ بە جانتاکەیەوە ئەچووە دەرەوە بۆ ئەوەی خێزانەکەی نەزانن بێکارن. بوکۆفسکی هەر لە سەرەتای مێردمنداڵییەوە تووشی نەخۆشی بووەو تا کۆتایی ژیانی دەموچاوی ئاوڵەیەکی زۆر لێی ئەدات، کاریگەرییەکانی ئەم نەخۆشییە لەسەر ژیانی بەگشتیو بەتایبەتیش لەناو بەرهەمەکانیدا ئەبیندرێتەوە. پاش تەواوکردنی ئامادەیی ئەنجەلس، ئەچێتە زانکۆو هونەرو رۆژنامەنوسیو یەکەی ئەدەبیات بە سەرکەوتویی ئەخوێنێ. تەمەنی بیست ساڵ ئەبێت کە باوکی نووسینەکانی ئەخوێنێتەوەو پاشان لە ماڵەوە دەری ئەکاتە دەرەوە، ژیانی ئاوارەییو دەروبەدەریو نەهامەتیی بوکۆفسکی لەو ساتەوە بە بەردەوامی دەست پێئەکات.

## دوو ڕێگام هەبوو، لە فەرمانگەی پۆستەو گەیاندن بمێنمەوەو وشێن بم یان بنووسمو برسێتی بکێشم.. بریارم دا برسێتی بکێشم...

کاریگەریی ئەم قۆناغەی ژیانی بە زۆربەی چیرۆکو شیعرەکانییەوە دیارە.

لە تەمەنی (٢٤) ساڵیدا یەکەمین نووسینی لە گۆڤاری چیرۆکدا بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەوەی زۆر ئازاری دەدا ئەوە بوو کە پرۆسەی چاپی بەرهەمەکانی هێندە خراپ بوون، بێتاقەتو بێزاری ئەکردو ئەبووە هۆی ئەوەی چەندین جارو بۆ ماوەی زۆر درێژخایەن بریار بدات نەنووسێتو هیچ بڵاو نەکاتەوە. لە یەکێک لەو جارانەدا ماوەی دە ساڵ هیچی نەنووسی، زۆر تەنیاو گۆشەگیربوو، زۆربەی کات پیشەگەلێکی هەبووە، کە بە هیچ شێوەیەک لە ئاست ئەودا نەبووە.

لە یەکێک لە ڕۆژنامە ژێرزەمینییەکانی لوس ئەنجلوسدا ئەینووسی. ساڵی (١٩٦٩) بەڕێوەبەری چاپو بڵاوکردنەوەی بلکسپرو بەڵێنی دا بە چارلز بوکۆفسکی تا کۆتایی ژیانی مانگانە (١٠٠) دۆلای بداتێ بەو مەرجەی واز لە فەرمانگەی پۆستەو گەیاندن بهێنێتو ببێتە نووسەرێک کە هەموو کاتەکانی بخاتە خزمەت نووسینەوە. بوکۆفسکیش قبوڵی کردو بۆ ڕێزلێنان لەو بریارە تەنانەت پاش بەناوبانگبوونی هەموو کتێبەکانی هەر لەو خانەی چاپو بڵاوکردنەوە بچوکە چاپ ئەکرد. لەبارەی ئەم بریارەیەوە نووسیویێتی: (دوو ڕێگام هەبوو، لە فەرمانگەی پۆستەو گەیاندن بمێنمەوەو وشێن بم یان بنووسمو برسێتی بکێشم.. بریارم دا برسێتی بکێشم). مانگێک پاش دەستلەکارکێشانەوەی، یەکەمین ڕۆمانی بەناونیشانی (فەرمانگەی پۆستە) تەواوکردو پاش ئەم قۆناغە بوو کە بوکۆفسکی ناوبانگی دەرکرد. لە تەمەنی (٥٦) ساڵیدا بۆ یەکەمجار لە ئەمریکا کام کار شایستەی کەسایەتی ئەو نەبوو ئەنجامی ئەدا، لە خراپترین جێگادا ئەنووستو ئەحەوایەوە، گرنگ نەبوو بەلایەوە لە کوێدایەو بۆچی، باشترین کاری لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا کارکردنی بوو لە فەرمانگەی پۆستەو گەیاندن لە ئەمریکا. بەڵام پاش سێ ساڵ وازی لێ هێنا. هەر لەم قۆناغەدا بوو دووبارە دەستی کردەوە بە نووسین، لەگەڵ ئەوەدا نیگاری ئەکێشاو نەخشەسازیی ناو کتێبەکانیشی خۆی ئەنجامی ئەدا. لە شەستەکاندا جارێکی تر ئەگەڕێتەوە بۆ فەرمانگەی پۆستەو گەیاندنی لۆس ئەنجلۆسو بۆ ماوەی زیاتر لە دەساڵ لەوێ وەک نامەبەر کاری کردووە. ساڵی (١٩٦٣) یەکەمین کۆمەڵە شیعری بەناونیشانی (دڵم لە دەستەکانیدا ڕائەگرێت) بە پارەی یەکێک لە هاوڕێکانی چاپکرد.

بوکۆفسکی پاش نووسینی هەزاران (شیعرو سەدان کورتە چیرۆکو شەش ڕۆمان) بەهۆی شێرپەنجەی خوێنەوە لە تەمەنی (٧٣) ساڵیدا لە کالیفۆرنیا ماڵئاوایی لە ژیان کرد. مەراسیمی بەخاکسپاردنی لەلایەن راهیبە بوداییەکانەوە ئەنجام درا. لەسەر گۆڕەکەی بە گەورەیی هەڵکۆڵدراوەو نووسراوە (هەوڵ مەدە).

ئەو ئەمریکایەی کە بوکۆفسکی لە شیعرو چیرۆکەکانیدا وێنای دەکات، زەوی تا ئاسمان جیاوازە لەوەی کە لە زەینی ئێمەدا هەیەو وەک سەرزەمینی ئارەزووەکان وێناکراوە. ئەمریکای بوکۆفسکی پڕە لە دووڕوییو هەژاریو ڕەگەزپەرستیو خۆویستیو فریودان، بوکۆفسکی بەو رادەیەی کە ژیانی خۆشی ئەویست، هەر بەو ئاستەش رقی لەو شتانە ئەبووەوە کە ژیانیان ئەڕازاندەوە.



ئەو ئەمریکایەی کە بوکۆفسکی لە شیعرو چیرۆکەکانیدا وێنای دەکات، زەوی تا ئاسمان جیاوازە لەوەی کە لە زەینی ئێمەدا هەیەو وەک سەرزەمینی ئارەزووەکان وێناکراوە. ئەمریکای بوکۆفسکی پڕە لە دووڕوییو هەژاریو ڕەگەزپەرستیو خۆویستیو فریودان، بوکۆفسکی بەو رادەیەی کە ژیانی خۆشی ئەویست، هەر بەو ئاستەش رقی لەو شتانە ئەبووەوە کە ژیانیان ئەڕازاندەوە.

## ئەنجامگیری


ڤان کوخ گوێی خۆی بڕیو
دای بە سۆزانییەک
ئەویش بە ڕقو نەفرەتەوە فڕێی دا
ڤان.. سۆزانییەکان گوێیان ناوێت، پارەیان ئەوێت
پێم وایە تۆ هەر لەبەر ئەم هۆیە نیگارکێشێکی گەورەبوویت
زۆر سەرت لە شتی تر دەرنەئەچوو.

## لەناچوون

ویلیام سارویان وتی:
من ژیانمم بە دووجار پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ یەک ژندا لەناو برد.
ویلیامی ئازیز،
هەمیشە ڕێگایەک هەیە بۆ لەناوچوونی ژیانمان
پەیوەستە بەوەوەی کە کێ یا چ کەسێ
سەرەتا بماندۆزێتەوە
ئێمە هەمیشە گەییوینو
ئامادەین بۆ چنینی ژیانە لەناوچووەکان
زۆر ئاساین چ بۆ عاشقەکان، بۆ ڕەشۆکی
تەنیا ئەو کاتەی کە ئەزانین
ژیانی ئێمەش بەشێکە لە لەناوچووەکان
تازە تێئەگەین
ئەوانەی کە خۆیان ئەکوژن،
ئەلکهولییەکانو شێتەکانو بەندکراو
ئەوانەی مادە هۆشبەرەکان ئەفرۆشنو
کەسانێکی تریش..
هەر هێندە بەشێکن لە زاتی ژیان
کە گوڵی گەلایلو پەلکەزێڕینەو تۆفانو ڕەفی
بەتاڵی موبەقەیش بەشێکن لە ژیان.

## نووسین

زۆر جار تەنیا نووسین مەودای نێوان
تۆو مەحاڵە
نە مەشروب
نە عشقی ژنان
نە پارە
هاوتای نووسین نین
جگە لە نووسین هیچ ڕزگارت ناکات
دیوارەکان بە پایەداریو خۆڕاگری
لە بەرامبەر هێرشی مەغۆڵەکاندا ڕائەگرێت
تاریکی ئەکات بە نورانی
نووسین دواین پزیشکی دەروونییە
میهرەبانترین خودایە لەنێوان هەموو خوداکاندا
نووسین مەرگ ئەتارێنێ، بەجێت نەهێڵێت
نووسین پێئەکەنێت
بە خۆی
بە ئازار
دواین چاوەڕوانییە
دواین ڕاڤە
نووسین هەموو ئەمانەیە...



# ئەفسانەیەك لە مالیزیاوە

## بەسەرهاتە سەیرو سەمەرەکەی شا سوتۆن

**لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن**

لە سەردەمێکی یەکجار کۆندا، شانشینێکی دەوڵەمەند و ئارام هەبوو، ناوی مامبانگ نێگارا Mambang Negara بوو. پادشاکەیشی شا سوتۆن (Suton)ی ناوبوو، کە فەرمانڕەوایەکی خۆشەویست و دادپەروەر بوو. شاژنیش، پوتری ئیکادۆن (Putri Ikadon)ی ناوبوو، کە تا دڵ ئارەزوو بکات جوان بوو. ڕۆژێک شاژن زۆری حەز لە گۆشت کرد. بۆیە پادشا فرمانی بە تۆک پاوانگ Tok Pawangی نێچیرەوان دا، لە دارستان ئاسکە کێوییەک ڕاوبکات. لەو دەمەدا، کە تۆک پاوانگ لە چڕەدەوەنێکدا، لە کەناری دەریاچەکەی نێو دارستاندا خۆی مات دابوو، چاودێریی دەکرد و چاوەڕوانی پەیدابوونی ئاسکەکێوی بوو. ئا لەو دەمەدا، حەوت دۆتمیری دڵفڕێنی دیت. ئەوان لە شانشینی کایانگان (Kayangan)ی ئاسمانەوە دابوویان لە شەقەی باڵ و بە نیازی مەلەکردن، لە پاڵ دەریاچەکەی دارستاندا نیشتنەوە. هەر حەوتیان باڵەکانیان لە کەناری دەریاچەکەدا جێهێشت.

هەرە منداڵکارەکەیان سێمپاکا بیرۆ، (Cempaka Biro) ئەمەندە جوان و خۆشپێکەوتوو بوو، تۆک پاوانگ بڕیاری دا بیگرێت و بە دیاری پێشکەش بە پادشای بکات. هێنای باڵەکانی لێ شاردەوە. ئیدی کاتێک خوشکەکانی فرین و گەڕانەوە، سێمپاکا بیرۆ نەیتوانی دوایان بکەوێت. کچە، چەندێک لە تۆک پاوانگ پاڕایەوە باڵەکانی بداتەوە، بێهوودە بوو. ڕاوچی بەقسەی نەکرد. بەڵکو کچەی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوەو پێشکەشی پادشای کرد. ئەویش لە خۆی مارەکرد و کردییە ژنی دووەمی. تۆک پاوانگ باڵەکانیشی دا بە پادشا. ئەویش لە سەندوقێکدا هەڵیگرتن و دەرگەی لەسەر داخستن. دوای تێپەڕینی سەروەختێک، هەرچی شاژن بوو، ئێرەیی بە سێمپاکا بیرۆ دەبرد، چونکە پادشا گرینگیی زیاتری بەو دەدا. شاژن گلەوگازندەی خۆی گەیاندە لای باوک و دایکی. باوکیشی، لەسەر ئەوەی پادشا کچەکەی پشتگوێ خستووە، پەست بوو. بەهۆی سیحر و جادووەوە کەوتە مشووری ئەوەی وەها لە پادشا بکات زڕەخەونێک ببینێت. ئەم پلانەشی بۆ ئەوەبوو، کارێکی وا بکات پادشا قەدەرئەبیامێک لە کۆشک دووربکەوێتەوە، سا بەڵکو لەو دەرفەتەدا خۆی و کچەکەی بتوانن بە هەر شێوەیەک بێت سێمپاکا بیرۆ لە بەینبەرن.

ئیدی ئەوەبوو شەوێکیان پادشا خەونی دیت. لە خەونەکەدا دەبوایە بەدوای فیلێکی سپیدا بگەڕێت، شفرەکەی ڕەش بێت و بە خەڵات پێشکەش بە سێمپاکا بیرۆی بکات.



بۆ سبەی، بەدوای فیلەدا کەوتە ڕێ. هەر لەگەڵ پادشا پشتپێی هەڵکرد، شاژن داوای لە سێمپاکا بیرۆ کرد، دەبێت سەما بکات.

سێمپاکا بیرۆ وتی: ئەگەر باڵەکانم پێبێت، ئەوا دەتوانم باشتر سەمابکەم.

شاژنیش باڵەکانی بۆ لە سەندوقەکە دەرهێنا.

سێمپاکا بیرۆ باڵەکانی لەخۆی بەست. چونکە پێی زانیبوو، کە ژیانی لە مەترسیدایە، لەپڕ لە گەرمەی سەماکردندا فڕی و دووركەوتەوە.. ئەو نەگەڕایەوە ماڵی خۆی، لە کایانگان. بەڵکو یەکەم جار خۆی شاردەوەو چاوەڕوان بوو تا شا سوتۆن دەگەڕێتەوە.

زۆری نەخایاندا پادشا بە سواری ئەسپەوە لە لارێوە پەیدابوو. تەمەس ئەویش زوو بەوەی زانیوە، کە فێڵی لێ کراوە و خەمی لێ نیشتووە، داخۆ لە دوای خۆی چی لە سێمپاکا بیرۆ قەومابێت.

زۆری بەلاوە سەیر بوو، کاتێک سێمپاکا بیرۆ لە پڕێکدا دەرکەوت و ئەو پیلانەی بۆ درکاند، کە لە دژی دارێژرابوو، وتی: زات ناکەم بگەڕێمەوە بۆ کۆشک. ئەگەر پێت خۆشە بۆ کایانگان شوێنم بکەویت، ئەوا توانا ئەفسانەییەکەت بخەرە کار. تۆ دەبێت بە ناچاری بەنێو دوو تاشەبەرددا ڕێبکەیت و لە باڵندەی گارودا Garudaی ترسناکیش ڕەتببیت. تۆ ئەنگوستیلەکەتیان پیشان بدە، ئەوانیش ژیانت دەپارێزن. سێمپاکا بیرۆ بەدەم گریانەوە خواحافیزیی لە پادشا کرد. پادشایش بە خەمباری گەڕایەوە بۆ کۆشک. لەوێ ترسی لێ نیشت، کاتێک دیتی شاژن بەڕاستی پیلانی کوشتنی سێمپاکا بیرۆی داڕشتووە. پادشا بۆ تاوێکیش نەوەستا. بەڵکو یەکسەر ئەوێی جێهێشت و بەرەو کایانگان دوای دۆتمیر کەوت.

پاش ماوەیەک، کە هێشتا چەندین میلی مابوو بگاتە شوێنە دیاریکراوەکە، لە پڕێکدا گوێی لە گرمە و

شریخەی جووتە تاشەبەردەکە بوو. دیمەنێکی ترسناک بوو. کاتێک نزیکتر بووەوە، دیتی لە هەموو چاوترووکاندنێکدا جووتە تاشە بەردەکە دەکرانەوە و بەیەکیاندا دەدایەوە. لەم بەیەکدادانەدا، ژاوەژاو و دەنگ و هەرایەکی ترسناکیان لێ بڵنددەبوو. بوار نەبوو مێشێکیش بەنێوان ئەو دوو تاشەبەردەدا ڕەتببێت.

پادشا ئەنگوستیلەکەی سێمپاکا بیرۆی دەرهێنا و ناوی دۆتمیریشی هێنا. ئیدی خێرا تاشەبەردەکان وەستان. لەو دەمەدا، کە ئەوان وەستان و بێدەنگ بوون، پادشایش بە سواری، بە نێوانیاندا ڕەت بوو. پادشا بەبێ زیان پەڕییەوە دیوی ئەدیو. ئەمجا شا سوتۆن گەیشتە گارودا. ئەو باڵندە زەبەلاحەی، کە دەنووکێکی قولاپیی تیژ و جووتێک چاوی درەوشاوەی پێوەبوو.. گارودا قیڕاندی:

(چلۆن وێراوتە و زاتت کردووە بگەیتە ئێرە، ئەی مرۆڤی بێ چارە! بۆ ژەمی فراوین هەر بەقووتدان قووتت دەدەم!) بەڵام شا سوتۆن ئەنگوستیلە سیحراوییەکەی نیشانی گارودا دا و ناوی دۆتمیری هێنا. ئیدی ئەویش ژیانی پاراست و پادشایش لەوێوە بەرەو کایانگان فڕی.

لە کایانگان، شا سوتۆن بەرگی پیرەمێردێکی پۆشی و خۆی ناونا ئاوانگ هیتام (Awang Hitam). ئەم حەزی نەدەکرد پادشای کاوانگان پێ بزانێت، کە هاتووەتە ئەو وڵاتە، تاکو سێمپاکا بیرۆی دۆتمیر بدۆزێتەوە. ڕۆژێکیان شا سوتۆن نزیک بە دەروازەی کۆشک پیاسەی دەکرد. ئەو بە ئاواتی خواست ئەگەر بۆ چرکەساتێکیش بێت چاوی بە خێزانەکەی بکەوێت. لەو دەوروپشتەدا، چاوی بە کۆمەڵێک ژن کەوت، گۆزە ئاویان لەبان سەر بوو. ئەوان ڕووەو کۆشک بەڕێوەبوون. ئاویان بۆ سێمپاکا بیرۆ دەبرد تاکو خۆی بشوات. ئەمیش بە پەلە بە درەختێکدا هەڵگەڕا، کە لە نزیک دەروازەی کۆشک بوو. کاتێک ژنەکان هاتنە دەرەوە، ئەمیش دانەوییەوە. بێدەنگ ئەنگوستیلە ئەفسانەییەکەی خستە نێو گۆزەیەکیانەوە.

سێمپاکا بیرۆ یەکسەر پێی زانی. بە خۆشحاڵییەوە بیری کردەوە: (دەبێت شا سوتۆنی مێردم گەیشتبێتە کایانگان!)

ئەگەرچی بە هەموو لایەکدا کەوتە سۆراخی. بەڵام نەیبیستەوە کەسێک لە شا سوتۆن بچێت گەیشتبێتە شانشین. بۆیە لە داخاندا نەخۆش کەوت.. باوکی، واتە پادشا، هەموو حەکیمەکانی کایانگانی بانگکردە سەر. بەڵام ئەوان چەندیان کردو کۆشا، ئەو هەر وەک خۆی بوو. ئیفاقەی بۆ نەهات و کەس نەیتوانی چاکی بکاتەوە.

لە کۆتاییدا، پادشا هەواڵی زانی، کە لە شانشینەکەیدا پیرەمێردێکی جادوباز هەیە، (ئاوانگ هیتام)ی ناوەو توانایەکی سەیری هەیە. پیرەمێردەیان بانگکردە کۆشک و لە ئەنجامدا شا سوتۆن و سێمپاکا بیرۆ بەیەک شادو شوکر بوونەوە. ژنە هەر لەگەڵ مێردەکەی خۆی بینی، هەڵسایەوەو ئیفاقەی بۆ هات. شا سوتۆن داوای لە باوکی سێمپاکا بیرۆ کرد ماوەی بدات شازادەخانی خێزانی لەگەڵ خۆیدا بباتەوە بۆ سەر زەوی. بەڵام باوکی سێمپاکا بیرۆ داوای لە شا سوتۆن کرد، کە ئەو دەبێت لە پێشدا بیسەلمێنێت، شایانی ئەوەیە زەماوەند لەگەڵ کچە شازادەی کایانگاندا بکات، بۆیە وتی: دەبێت لە پێشدا ئا ئەو دارستانە چڕە ببڕیتەوە، ئەمجا من بڕوات پێ دەکەم، کە تۆ ئەفسوونبازێکی گەورەیت!.



شا سوتۆن دانیشت و بەقووڵی کەوتە بیرو خەیاڵی هێزە ترسناک و بەتواناکانەوە. هەروەها بیری لە هێزی سیحر کردەوە. خوداوەندی ئیندرا (Indra) کە لەسەرو حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە بوو، هەستی بە بیرو خەیاڵاتی پادشا کرد و کۆمەکی بۆ نارد.
بە جارێک هەزاران فیل هاتن و درەختەکانیان لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنا. تا وای لێهات تاکە درەختێک چییە لەو دارستانە چڕەدا بەپێوە نەما.
شا سوتۆن وتی: خاوەن شکۆ، ئەوەی داوات لێ کردبووم جێبەجێم کرد.
پادشای گایانگانیش وتی: دە ئەمجا دەبێت هەموو دارەکان بسووتێنیت، بێ ئەوەی ئاگر بەکار بهێنیت!.
شا سوتۆن ئەمجارەش دانیشت و بە قووڵی بیری لە هێزە گەورە ترسناکەکەی و لە هێزی سیحر کردەوە. خوداوەندیش لە سەرو حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە، هەزار باڵندەی ئەفسانەیی دەنووک داخ و سوورەوەبوویناردە کۆمەکی و هەموو دارەکانیان ئاگرتێبەردا.
شا سوتۆن وتی: خاوەن شکۆ، ئەوەی داوات لێ کردبووم جێبەجێم کرد!.
پادشای کاینگان وتی: بۆ دواجار تاقیت دەکەمەوە!. حەوت دوکانی بچووکی پیشانی شا سوتۆن دا. هەموویان لەیەک دەچوون. ئەمجا وتی: لە هەر یەکێک لەم دوکانانەدا کچێکم خۆی حەشارداوە. هەر یەکەو پەنجەی شایەتومانی لە کونێکی بچووکی دەرگاکەوە دێنێتە دەرێ. تۆ دەبێت پێم بڵێیت، کام پەنجەیەیان هی سێمپاکا بیرۆیە. ئەگەر دۆزیتەوە، ئەوا بۆت هەیە لەگەڵ خۆت بیبەیت. خۆ ئەگەر بەهەڵەدا چوویت و بۆت نەدۆزرایەوە، ئەوا تۆ دەبێت بمریت!.
ئەمجارەیش شا سوتۆن دانیشت و بە قووڵی بیری لە هێزە ترسناکەکەی و هێزی ئەفسانەیی کردەوە. خوداوەندی ئاسمانی حەوتەم مێشێکی سەوزی بۆ نارد. مێشەکە بەدەوری سەریدا کەوتە گیزوهووڕ. شا سوتۆن هەستی پێکرد.. مێشەکەیش ڕێک بەرەو دوکانە چکۆلەکان فڕی و لەسەر پەنجەی شایەتومانی شازادەخانی لەمەڕ خۆمان نیشتەوە، کە لە دوکانی ناوەڕاستیاندا بوو. شا سوتۆن قیڕاندی: ئا ئەمەیان پەنجەی سێمپاکا بیرۆیە!.
لە کۆتاییدا پادشای کایانگان بە خۆشحاڵییەوە وتی: بەڵێ، ئێستا تەواو لەوە دڵنیام، کە کچەکەی منت قابیلە.. تۆ بەڕاستی سیحرزانێکی مەزنیت.. توانای ئەوەت هەیە، گەلێک کاری کەسنەکردە ئەنجام بدەیت!.
ئیدی فرمانی دا ئاهەنگێکی گەورە ساز بکرێت.. ئەوەبوو، بە ئاهەنگێکی ڕاستەقینەی کایانگانی ڕێوڕەسمی بە شکۆی زەماوەندی شا سوتۆن و سێمپاکا بیرۆ لەبەر چاوی هەموو ئەو خەڵکەدا، بەپێی داوونەریتی ئەو وڵاتە بەڕێوەچوو.
شا سوتۆن جلوبەرگی پیرەمێردانەی فڕێ دا و پێکەوە لەگەڵ سێمپاکا بیرۆدا گەڕانەوە شانشینی خۆیان لە سەرزەوی. لەوێ بەخۆشی و بەختیاری تا کۆتایی تەمەنیان پێکەوە ژیان.

**سەرچاوە:**

Folkeeventyr Fra Asien. Bog 1.
De fire skaldede mænd og
Syv andre eventyr



# کۆسپەکانی سەر ڕێی هونەر

## خوێندنەوەیەک بۆ فیلمی ئامادێووس، لە دەرهێنانی میلۆش فۆرمەن

**کاوە کیانی**

ئامادێوس فیلمێکە لەسەر ژیانی مۆتزارت، بەڵام لە زمانی سالیاریەوە کە ڕەقیبی بووە دەگێڕدرێتەوە، واتا سالیاری هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە گۆشەنیگای خۆیەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، ئانتاگۆنیستی چیرۆکەکەیش بە ژمار دێت. ئەمەیش خۆی لە خۆیا شێوازێکی تازەیە بۆ گێڕانەوەی چیرۆک لە سینەمادا. فیلمەکە لە ئاخرین ساتەکانی ژیانی سالیاری دەست پێ دەکات، کاتێک ئەو نزیکی مەرگەو ددان بە هەڵەکانیا دەنێت و ئەم ددانپیانانە دەبێتە دەسپێکێک بۆ فیلمەکە. لەم فیلمەدا بۆ ئێمە دەردەکەوێت کە زۆربەی ئەو کۆسپانەی لەسەر ڕێی مۆتزارت و ژیانی هونەرییەکەی دادەنرێت بەهۆی هەستی رقەبەرایەتیی سالیاریەوە بووە، بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە مۆتزارت بەم هەستە ڕقەبەرایەتییەی نەزانیوە



به جۆرێک کە دەتوانین بڵێین تەواوی ژیانی هونەریی مۆتزارت بە نائاگایی بەنسبەت ڕەقیبەکەی بەسەرچووە. ئێستا ئەوەی کە هونەرمەندێک تا چ ڕادەیەک دەبێت سەرقاڵی ئیشی هونەریی خۆی بێت و تا چ ڕادەیەک دەبێت خەریکی ڕقەبەرایەتیکردن لەگەڵ ڕەقیبەکانی بێت بابەتێکی فرەلایەنە، کە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و شێوەی هەڵسوکەوتی هونەرمەندان لەگەڵ ئەو بارودۆخە و تێپەڕبوونی زەمان ڕاستییەکەی دەردەکەوێت.

به گشتی دەتوانین بڵێین کە سالیاری لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە زۆرترین کۆسپ دەخاتە سەر ڕێی مۆتزارت، واتە سالیاری پێی وایە کە تەنیا لە ڕێی عەقڵی نزم و تێنەگەیشتووی دەسەڵاتەوە دەتوانێت ڕێگە بە مۆتزارت بگرێت. هەر لەو ڕێگەیشەوە فشاری ئابووری دەخاتە سەری و بەدناوی دەکات، بە گشتی بارودۆخێکی سەختی بۆ دەرەخسێنێت، بۆ ئەوەی لە بەرچاوی دەسەڵات و خەڵکی بخات، بەڵام سالیاری نازانێت کە ئەوە مێژوو و تێپەڕبوونی زەمانە دەری دەخات چ هونەرێک بایەخی مانەوەی هەیە نەک دەسەڵات، ئەمەیش ڕاستییەکە کە ئەو لە کۆتایی ژیانیدا بۆی دەرکەوتووە، بۆیە تازە ددان بە هەڵەکانیدا دەنێت. جیا لەمانە، خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە سالیاری لەگەڵ ئەوەی ددان بە هەڵەکانیا دەنێت، بەڵام ڕوانگەی خۆی هەر بە حەق دەزانێت. هەر بەوپێیە هونەر لەم فیلمەدا لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە نیشان دراوە، یەکێکی ڕوانگەی مۆتزارتە و یەکێکی تر ڕوانگەی سالیارییە. لە ڕوانگەی سالیارییەوە هونەر خەڵاتێکە لە لایەن خوداوە بە بەشەر دەدرێت، واتە ئەوە خودایە کە بڕیار دەدات چ هونەرمەندێک بلیمەت بێت یا نەبێت. هەر بۆیە سالیاری هەمیشە لە خودای ویستووە ئەو خەڵاتەی پێ بدات و کاتێک ئەو شتەی لە خۆیدا نەدیوە، هۆکارەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ خوداو ئەوی بە تاوانبار زانیوە. هەر بەو پێیە سالیاری کاتێک دەبینێت کارە هونەرییەکانی مۆتزارت جوانتر و بەناوبانگترن لە ئیشەکانی ئەو، ڕووبەڕووی خودا دەوەستێتەوەو پەیکەرەکەی مەسیح دەخاتە ناو ئاگرەوە. لەم ڕوانگەوە سالیاری پێی وایە چارەنووس ناهەقییەکی لە هەقی ئەودا کردووە، بۆیە هەر تۆڵەسەندنەوەیەک بە مافی خۆی دەزانێت. لە دوای ئەم قۆناغە و کاتێک کە سالیاری بۆی دەردەکەوێت خودا نایکات بە هونەرمەندێکی بلیمەت، دەست دەکات بە ڕقەبەرایەتیکردن لەگەڵ مۆتزارت و تێدەکۆشێت بە نهێنی کۆسپ بخاتە بەر پێشکەوتنی ئەو، واتە سالیاری تەواوی هێزی خۆی لەم ڕێگەدا دادەنێت و تێدەکۆشێت بە خەرجکردنی پارە و ناردنی سیخوڕێک بۆ ماڵی مۆتزارت، کارەکانی کۆنترۆڵ بکات و نەهێڵێت سەرکەوێت.

لە بەرامبەر ئەودا مۆتزارت، بە تەواوی هەست و نەستی خۆیەوە لە ناو هونەردا دەژیت. ئەو کەسێکە لە منداڵییەوە دەرفەتی فێربوونی بۆ ڕەخساوە، هەر بۆیە هونەر لە دەروونەوە لەگەڵی ئاوێتەبووە. ئەو بە پێچەوانەی سالیاری لە ڕووداوە دەرەکییەکان (هەرچەند نێگەتیف و نالەبار بن) چێژ وەردەگرێت بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەری، واتە ئەو وەڵامی کارەساتەکان (بۆ نموونە مردنی باوکی) بە بەرهەمی هونەری دەداتەوە. بە کورتی دەتوانین بڵێین کە مۆتزارت بە جێی ئەوەی هۆکارێکی دەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی هونەری بە کاریگەر بزانێت یان

سالیاری لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە زۆرترین کۆسپ دەخاتە سەر ڕێی مۆتزارت، واتە سالیاری پێی وایە کە تەنیا لە ڕێی عەقڵی نزم و تێنەگەیشتووی دەسەڵاتەوە دەتوانێت ڕێگە بە مۆتزارت بگرێت...



باسی لێ بکات، زۆرتر لە قوڵایی دەروونی خۆیەوە بۆ هونەر دەڕوانێت. ئەم بۆچوونە شایەد بەهۆی ئەوەوە بووبێت کە لە منداڵییەوە لە ناو هونەردا ژیاوە. بەهەرحاڵ ئەو بە هەمووی فکر و جەستەو ئیحساسی لە ناو هونەردا دەژیت، بۆیە هەمیشە رۆحێکی بەرهەمهێنەری هەیەو بەردەوام کاری تازەو جیاواز دەخولقێنێت. مۆتزارت لە سەختترین کاتەکانی ژیانیشیدا تەنانەت کاتێک خێزانەکەی لە ژێر فشاری سەختی ئابووریدایە، هەر لە ناو هونەردا دەژیت و هێزی خۆی بۆ بەرهەمهێنان دەخاتە گەر. بە پێچەوانەی ئەوەوە، سالیاری کاتێک دەسەڵات هەموو بارودۆخێکی بۆ رەخساندووە بۆ بەرهەمهێنان زۆرتر چاوی لە مۆتزارت و بەرهەمەکانی ئەو و رقەبەرایەتیکردن لەگەڵ ئەودایە. هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا، ژنەکەی مۆتزارتیش رۆلێکی تایبەتی هەیە لەم فیلمەدا، ئەو کە عاشقی مۆتزارتە، لە لایەکەوە رازی دەبێت کە بۆ پێشکەوتوویی مێردەکەی جەستەیشی بفرۆشێت و خۆی تەسلیمی سالیاری بکات، لە لایەکی تریشەوە بە تێنەگەیشتوویی خۆی مۆتزارت ناچار دەکات ئەو ژنەی کە سیخۆری بۆ سالیاری دەکات، وەک کرێکار لە ماڵەوە وەربگرن، بێ ئەوەی بزانن کێ کرێکەی پێ دەدات. هەروەها ئەو لە کۆتاییدا لەژێر کاریگەریی دایکیدا مێردەکەی بەجێ دەهێڵێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە مۆتزارت دەروونێکی شێواوی هەیە و زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستی بە یارمەتییە. خاڵێکی تر مردنی باوکی مۆتزارتە کە کاریگەرییەکی قورس دادەنێت لەسەر موتزارت، بەڵام مۆتزارت وەڵامی ئەم مەرگە کە خۆی لە خۆیدا رووبەڕووبوونەوەیەکە لەگەڵ چارەنووس بە بەرهەمێکی هونەری دەداتەوە.

ئەمەیش جیاوازیی روانگەی ئەو لە بەرامبەر سالیاریدا جوانتر روون دەکاتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا دەتوانین لە بۆچوونێکی جیاوازی تریشەوە بۆ ئەم فیلمە بڕوانین، بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆکارەکانی سەختیی ژیانی مۆتزارت یان پەراوێزخستنی ئەو لەو کۆمەڵگەدا خۆیەتی، واتە نائاگایی مۆتزارت بە نسبەت رەقیبەکانی، غرور و خۆبەزلزانیی ئەو یان بە مانایەکی تر رووبەڕوونەبوونەوەی راستەقینەو بەویژدانانەی لەگەڵ رەقیبەکانی بوونەتە هۆی دوژمنکاریی ئەوان، ئەم دوژمنکارییانەش دەبنە هۆی ئەوەی کە خۆی و خێزانەکەی بکەونە بارودۆخێکی سەخت و نالەبارەوە. بەهەرحاڵ شایەد بتوانین ئەمە بە خاڵی لاواز یان لایەنی نێگەتیڤی کەسایەتیی مۆتزارت ناو ببەین، چونکە ئەو تا رادەیەک لە واقیعی کۆمەڵگەکەی و ئەو کەسایەتییانەی دەورووبەری بەئاگا نییە و جیا لەمانەش لە زۆربەی کاتەکاندا بە راشکاوی دەڵێت، کە من باشترین هونەرمەندی ئەو وڵاتەم، بێ ئەوەی ئەو راستییە لەبەرچاو بگرێت کە ئەو لێهاتووییەی ئەو بەرهەمی وانەکانی سەردەمی منداڵی و ئەو بارودۆخە بووە، کە باوکی بۆی رەخساندبوو بۆ فێربوون.

بە پێی ئەم روانگەیە دەتوانین بڵێین سالیاری کە بە پێچەوانەی مۆتزارتەوە لە خێزانێکی سونەتی (ترادیسیۆن)دا ژیاوە، هەر لە منداڵییەوە بەهۆی دژایەتیی باوکی نەیتوانیوە بچێتە ناو دنیای هونەرەوە، واتە بارودۆخێکی گونجاوی فێربوونی بۆ نەڕەخساوە، لە دوای ئەو سەردەمەیش لە ژێر کاریگەریی جیهانبینیی باوکی، هێزو خواستی چارەنووس و خودای بۆ پێشکەوتن و بەتایبەت

نائاگایی مۆتزارت بە نسبەت رەقیبەکانی، غرور و خۆبەزلزانیی ئەو یان بە مانایەکی تر رووبەڕوونەبوونەوەی راستەقینەو بەویژدانانەی لەگەڵ رەقیبەکانی بوونەتە هۆی دوژمنکاریی ئەوان، ئەم دوژمنکارییانەش دەبنە هۆی ئەوەی کە خۆی و خێزانەکەی بکەونە بارودۆخێکی سەخت و نالەبارەوە...

بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی شازی هونەریی بەکاریگەر زانیوە. هەر بۆیە هەمیشە چاوەڕوانی هێزێکی دەرەکی و خودایی بووە، هەر بە پێی ئەم جیهانبینییە و لە دوای ئەم قۆناغانە، کاتێک پۆستێکی گرینگی حکومەتیش بەدەست دەهێنێ و لە ژیانی ئاسایی خۆیدا بارودۆخێکی لەباری بەرهەمهێنانی بۆ دەڕەخسێت، وەک ئەوەی قەیرانێکی بەسەردا هاتبێت، لە دەروونییەوە هیچ شتێک هەڵناقوڵێت و ناتوانێت بەرهەمێکی تایبەت دروست بکات. بە بۆچوونی ئەو، هۆکاری ئەم قەیرانە دەگەڕێنێتەوە بۆ هێزێکی دەرەکی، هێزێک کە زۆر ناعادیلانە کەسێکی خۆپەرەستی وەک مۆتزارت دەکات بە هونەرمەند، بۆیە لە دوای ئەم قۆناغە، هەر دوژمنکارییەک بە حەقی خۆی دەزانێت و تێدەکۆشێت کۆسپ بخاتە بەر ڕێی مۆتزارت. بە کورتی دەتوانین بڵێین ئەگەرچی میلۆش فۆرمەن لایەنە خراپەکان و دوژمنکارییەکانی ئەو دەردەخات، بەڵام زۆر بە ئاشکرایی لە بارەی ئەوەوە بڕیار نادات. بە جۆرێک کە هەندێک جاریش بەهۆی سەرنەکەوتنی سالیاری یان بەهۆی شێوازی گێڕانەوەکەی کە پڕە لە ماتەم و سەرلێشێواوی، هاوسۆزیی بینەری بۆ لا رادەکێشێت. پێدەچێت ئێستاش هەندێک هەر لەم روانگەیەوە بۆ هونەر بڕوانن و ئەوە بە راست بزانن، بەڵام فۆرمن لە ڕێگای سالیاریەوە خەسارەکانی ئەم روانگە بۆ ئێمە دەردەخات.

بە گشتی هونەری میلۆش فۆرمەن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رووبەڕووکردنەوەیەی کە لە نێوان ئەو دوو روانگەیەدا واتە روانگەی سالیاری و مۆتزارتدا بەدی هێناوە، واتە فۆرمەن وا دەکات کە بینەر تا رادەیەک لە هەر کام لەم دوو روانگەیە نزیکبێتەوەو بە پێی ئەم نزیکبوونەوەیە ئەم پرسیارانەی خوارەوەی لە لا دروست ببێت.

بە راستی کۆسپەکانی بەر رێی هونەر چین؟ ئایا وەک ئەوەی سالیاری بیردەکاتەوە چارەنووس و خودایەکە کە تەنیا دەرفەت بە هەندێک دەدا ببن بە خولقێنەری هونەری؟ یان بارودۆخێکی نالەبارە کە بەهۆی هێزێکی دەرەکی و کۆمەڵگەیەکی سونەتی دروست دەبێت و ناهێڵێت توانایی دەروونی تاکەکانی دەرکەوێت؟ یان رقەبەرایەتی و دوژمنکاریی نهێنیی هەندێکە کە بەرچاوتەنگن؟ یان تێنەگەیشتوویی و سانسۆری دەسەڵاتە؟ یان کۆمەڵگەیەکە کە ئاستی فیکری و مەعریفیی زۆر نزمە؟ یان......هتد. جیا لەمانە، چەند پرسیاری تریش دێنە ئاراوە، بە جۆرێک کە دەتوانین بپرسین، هۆکاری ئەوەی ژیانی هونەرمەندێک پر دەبێت لە کارەسات چییە؟ ئایا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆپەرستی و خۆبەزلزانیی خودی هونەرمەندەکە؟ یان بەرچاوتەنگیی رەقیبەکانی؟ یان رقئەستووریی دەسەڵات؟ یان هەموو ئەمانە بە یەکەوە؟

ئەگەرچی وەڵامدانەوەی هەندێک لەم پرسیارانە زۆر سەختەو پێویستی بە تێبینییەکی قوڵ هەیە، بەڵام پێدەچێت زیندوومانەوەی هونەری مۆتزارت بتوانێت وەڵامی زۆرێک لەوانە بداتەوە. جیا لەمانە بە گشتی دەتوانین بڵێین ئەم فیلمە لە کۆتاییدا ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات کە هونەری راستەقینە جیا لە هەمووی ئەم دژبەیەکییانە و دوژمنکارییانە تەنیا هونەرێکە کە لە دوای مەرگی هونەرمەندەکەیش هەر دەمێنێتەوە و درێژە بە رێگەکەی دەدات.


هۆکاری ئەوەی ژیانی هونەرمەندێک پر دەبێت لە کارەسات چییە؟ ئایا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆپەرستی و خۆبەزلزانیی خودی هونەرمەندەکە؟ یان بەرچاوتەنگیی رەقیبەکانی؟ یان رقئەستووریی دەسەڵات؟ یان هەموو ئەمانە بە یەکەوە؟



# هونەری نیگارکێشانی ئەشکەوت

ستار قادر

سەرەتای کەشفکردنو ئاشنابوونمان بەم هونەرە، لە رێگەی رێکەوتنێکی کوێرو چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەر لە ئەشکەوتی تامێرا (TAMERA)وە دەست پێدەکات، کە لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەداو لە ناوچەیەک کە دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای فەرەنساو باکووری خۆرهەڵاتی ئیسپانیا، ئەو کاتەی سەگەکانی راوچییەک دوای رێوییەک دەکەونو رێوییەکە خۆی دەکات بە کەلەبەرێکی تەسکداو دیار نامێنێت، راوچییەکەش دوابەدوای ئەو خۆی دەکات بە کەلەبەرەکەداو دەچێتە نێو دونیایەک، کە لێوانلێوە لە نیگاری ئاژەڵی سەرسورهێنەرو هەمەچەشن، کە لەسەر دیواری ئەو شکەوتە نەخشێنراون. گێرانەوەی چیرۆکی ئەم رووداوە دەکەوێتە بەرگوێی یەکێک لە زانا شوێنەوارناسەکانو سەرنجی رادەکێشێتو دەچێتە نێو ئەشکەوتەکەوە. لە رێگەی ئەم کوێرە رێکەوتەوە مرۆڤایەتی ئاشنای دونیایەکی ونبووی دێرینی




خۆی دەبێ. ئەوەی شایەنی وتنە کۆمەڵێکی زۆر لە شوێنەوارناسو زاناکان لە سەرەتادا ئەم وێنانەی ناو ئەشکەوتەکانی هەریەک لە تامێرا (TAMERA) و لاسکۆ (LASSCAUX) بە دەستکردی مرۆڤی کۆنی نازانن‌و نکۆڵی لەوە دەکەن کە مرۆڤی سەرەتایی خاوەنی وەها دەسترەنگینی‌و توانای هونەری بووبن، تا لە ساڵی (١٩٠٢)ی زایینیدا راستی‌و درووستی ئەم دیاردەیەیان بۆ دەردەکەوێت. کاتێ زاناکان کۆنفرانسێکی سەرتاسەرییان لەسەر ئەم دیاردەیە سازداو لەسەر ئەوە رێککەوتن کە مرۆڤی چاخی بەردین ئەم نیگارانەیان نەخشاندووە لەسەر زۆرێک لەو ئەشکەوتانەی ئەم ناوچەیە.

ئەوەی کە ئەم نیگارانەی بەرچاو کەوتبێت تێدەگات کە هەڵگری خەسڵەتێکن، تایبەتن بە کەشێکی شارستانێتیی جوداو بە رێگەگەلێک ئەنجامدراون نزیکن لە یەکتری. زۆربەی زۆری ئەو وێنانە یان بە رەنگ نەخشێنراون یاخود بە هەڵکۆڵین‌و روشاندن لەسەر رووی دیواری بەردینی ئەشکەوتەکان، کە لە هەندێک لەو کارانەدا هەردووک تەکنیک واتە هەڵکۆڵین یان رووشاندن‌و رەنگکردن بەکاربراوە لە تەنها کارێکدا، بەڵام ئەمجۆرە ئیشکردنە لە دوا چاخە بەردینەکاندا بەرهەم هاتوون، دیارە ئەو نیگارانەی کە هەڵکۆڵراون یاخود بەشێوەی رووشاندن فۆرمی دەرەکییان کراوە، ئەوا بەمجۆرە کارانە ئەنجام دراوە، بەڵام ئەوەی کە دەربارەی نیگارە رەنگییەکانە ئەوا بە رەنگگەلێک کە گیراوەیەکە لە رەنگە هەمەچەشنەکانی وەک: زەرد، رەش، سوور، سپی، لاینی تەکنۆلۆژیای، ئەو گیراوەیەش زۆر بەردەستو هەرەمەکییانە بەکاربراون، بە واتایەکی دی لە تێکەڵەیەکی گیراوەی چەوری‌و پاشماوەی خواردنی ئاژەڵەکانی لەگەڵ قورولیتەو وردە خاشاکی رەش‌و زەردو سووری خوێنی ئاژەڵن.

زۆربەی زۆری بابەتی سەرەکیی ئەم نیگارانە سەبارەت بەو ئاژەڵانەیە کە لەو چاخەدا ژیاون و مرۆڤ پشتی پێ بەستوون بۆ مانەوەو درێژەدانی ژیانی خۆی، لە گرنگترینیان ماموس MAMOTHە، کە لە ئێستادا ئەوجۆرە ئاژەڵە لەناوچووەو بنەچەیان فەوتاوە. ئەوەی لە نیگاری ئەم ئاژەڵەدا دەبینێرێت بە وێنەی فیل زەبەلاحە، بەڵام پشتی لە پشی فیل چەماوەترو گوێیەکانی لە گوێی فیل گەورەترن، هەروەها مووی جەستەی زیاترە لە مووی فیل، تاکو بەرگەی ساردیی کەشی ئەو چاخە بگرێت. هەر لەگەڵ ماموسدا نیگاری ئەسپی کێوی‌و مانگاو بیزۆن‌و کەرکەدەن‌و ورچ‌و ئاسکو گورگو بزنی کێوی‌و چەندان ئاژەڵی تر لەسەر رووی دیواری ئەشکەوتەکاندا دەبینرێت.

ئەوەی جێی سەرەنجە ئەوەیە کە سەرجەم ئاژەڵەکانی ئەو کاتە کێوی بوون‌و ماڵی نەکراون، هەروەها بەدەر لە وێنەی ئاژەڵ‌و لە فۆرمی سیمبولیدا، نیگاری ئادەمیزادو ئاباویش نەخشێنراون. ئەوەی کە تایبەتە بە نیگاری ئادەمیزاد لەو نیگارانەدا رەچاوی لایەنی رێژەی نێوان ئاژەڵەکان نەکراوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە هونەرمەندەکە وێنەی ئاژەڵەکەی لەلایەنە سرووشتییەکەی جودا نەکردووەتەوە. ئەوەشی تایبەتە بەو فۆرمە نامەئلوفانەی کە لە سەرەتای نیگارکێشاندا رەچاویان کردووە، وەک لاساییکردنەوەی شوێن پێ‌و دەستی ئاژەڵەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەر ئەوەی ئادەمیزاد لەو چاخانەداو لە هەر شتێک زیاتر عەوداڵی ئاژەڵەکان بووە، هەندێک لەو (هێڵە پەتییانە)ی کە مێژوویان

ئەوەی کە تایبەتە بە نیگاری ئادەمیزاد لەو نیگارانەدا رەچاوی لایەنی رێژەی نێوان ئاژەڵەکان نەکراوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە هونەرمەندەکە وێنەی ئاژەڵەکەی لەلایەنە سرووشتییەکەی جودا نەکردووەتەوە. ئەوەشی تایبەتە بەو فۆرمە نامەئلوفانەی کە لە سەرەتای نیگارکێشاندا رەچاویان کردووە، وەک لاساییکردنەوەی شوێن پێ‌و دەستی ئاژەڵەوە سەرچاوەی گرتووە..



دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سی هەزار ساڵێک بەر لە زایین، ئەو هێڵانەش بە سەرەتاترین دیاردە دادەنرێت لە مێژووی هونەری نیگارکێشان لەسەر رووی ئەم زەمینە.

ئەو یەکەمین هێڵانەش لە شێوەی هێڵی پێچاوپێچو بەیەکداچوودا دەردەکەوێت، ئەویش پێداچوونەوەیە بەسەر لیتاوی رووی دیواری ئەشکەوتێک بەناوی ماکرونی MACARONI کە لە هورنس دی لاپیتایە لە ناوچەی کانتابریا. زاناکان ئەو هێڵانەی ئەم ئەشکەوتە بە یەکەم دیاردەی هونەری ئینسانی کۆنی دادەنێن.

ئەوەی شایەنی باسە وەک زاناکان خستوویانەتە روو، لەسەر مێژوو، قۆناغەکانی ئەم هونەرە (هونەری ئەشکەوت) دابەشیان کردووە بەسەر چەند کەشێکی شارستانێتی، هەر یەکێک لەو کەشە شارستانییەتانە رۆڵی تایبەتیان گێڕاوە لە فۆرمۆڵەبوونی بەرهەمە هونەرییەکانی کە بە هونەری پێش مێژوو یاخود بە هونەری ئەشکەوت ناوزەدکراوە. ئەم کەشانەش بەسەر چوار حوقبە زەمەیندا دابەشکراون، کە هەریەکەیان بە بەراورد لەگەڵ ئەوی تردا جیاوازن. دیارە کردەی ناولێنانیشیان هەڵگری شوێنە جوگرافییەکانن، بەتایبەتی ئەو شوێنە دیارانەی کە زۆرترینیان دەکەونە فەرەنساوە، کۆنترین کەشی لەو کۆمەڵەیەدا (ئورجناسی AURIGNACIAN) یە، دواتر (مەجدالینی MAGDALENIAN) ئینجا (ئەزیللی .AZILIAN) دەتوانرێت هەر یەکێک لەم کەشانەش دابەشبکرێتە سەر رۆژگاری لقە شارستانییەتەکان، ئەمەش بە پشتبەستن بە جیاکاریی نێوان ئەو کەرەستەو ئامرازانەی کە لە هەمان شوێنو کاتە بەدوایەکەکاندا کراون، بۆ نمونە لە بەشی کەشی ئورجناسی بۆ ئورجناسی خوارو ئینجا ئورجناسی باڵا، کە بە بالبریجودی ناسراوە. ئەوەندەی کە لەسەر کەشی مەجدالینی زانراوە، دابەش دەکرێتە سەر شەش ماوەی زەمەنییەوە، کۆنترینیان مەجدالینی یەکەمەو نوێترینیان مەجدالینی شەشەمە. ئەوەی لەم بەرچاوڕونییەدا ماوەتە بیڵێین کە سەرجەم ئەو بەرهەمە هونەرییانەی لە سەرجەم ئەو رۆژگارانەن بەشێوەیەکی گشتی دوو چەشنن و لە پەیکەرو نیگارکێشانن، ئەوەی کە زیاتر جێگەی باسەکەمانە پەیوەستە بە هونەری وێنەکێشان.

## شێوازی هونەری نیگارکێشانی ئەشکەوت:

لەبەر رۆشنایی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی کە بۆ نیگارەکان کراون لەو ناوچە جیاجیایانەدا، ئەو خەسڵەتو شێوازی نیگارکێشانە بەپێی بەدواداچوونی قۆناغەکانی گۆڕانکاری پەرەسەندنیان بەخۆوە بینیوە، یەکێک لەو شێوازانە کە بەڕوونی لە کارەکاندا دەبینرێت، نیگارکێشانە لەسەر نیگارە کۆنەکان، ئیتر بە هێڵو رەنگ بێت یاخود هەڵکۆڵینو رووشاندن.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت نیگاری ئەشکەوت لە رووە زەمەنییەکەیەوە بکرێتە دوو بەشی گەورەو سەرەکی: یەکێکیان لە رووی مێژووییەکەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێش چاخی سولتری یاخود چاخی ئورجناسی، پێشتر ئاماژەمان پێ دا ئەویتریان بۆ دوای چاخی سولتری یان دوای چاخی مەجدالینی. هەریەک لەم دوو چاخە لە رووی تەکنیکیو شێوازی کارکردنەوە، بەشێوەی هەڵکۆڵینو رەنگکردنەوە ئەنجامدراون. جێی سەرنجە سەرجەم

لەبەر رۆشنایی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی کە بۆ نیگارەکان کراون لەو ناوچە جیاجیایانەدا، ئەو خەسڵەتو شێوازی نیگارکێشانە بەپێی بەدواداچوونی قۆناغەکانی گۆڕانکاری پەرەسەندنیان بەخۆوە بینیوە، یەکێک لەو شێوازانە کە بەڕوونی لە کارەکاندا دەبینرێت، نیگارکێشانە لەسەر نیگارە کۆنەکان، ئیتر بە هێڵو رەنگ بێت یاخود هەڵکۆڵینو رووشاندن...



نیگارەکانی نێو هەریەک لەو ئەشکەوتانەی ئەو ناوچەیەدا لێکچوونو نزیکی دەبینرێت لە رووی شێوازی کارکردنەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەریەک لەو هونەرمەندانەی لەو ناوچەیەدا بەم کارانە هەڵساون، پەیوەندییەکی تەواویان لەگەڵ یەکتردا هەبووە، پێدەچێت وەک دەستەیەک کە لایەنی سیحریو بۆ بژێویی ژیانیان، ئەم نیگارانەیان کێشابێت. بە واتایەکی تر پێدەچێت دەستەیەکی یەکگرتوو بووبێتن کە دابونەریتی هونەری خۆیان پاراستبێت، یاخود چەند کەسێک بووبێتن کە هونەری نیگارکێشانییان فێری نەوەی دوای خۆیان کردبێت، چونکە لە هەندێک لەو نیگارانەدا ئاسەواری چاککردنو فێرکردن بە ئاشکرا بەو نیگارانەوە دیارە، کە بە نیگارەکانی پێش خۆیاندا چوونەتەوە. ئەوەی سەرنج دراوە لەسەر خەسڵەتەکانی نیگاری ئەشکەوت لە شێوە هەرە سەرەتاییەکەیدا ئەوەیە، کە تەنها بە وێنەکێشانی هێڵە دەرەکییەکان OUTLINE -کە خاڵین لە وردەکاریو رەنگکردن، هەروەها زۆربەی وێنەی ئاژەڵەکانیان لەسەر لا پرۆفێل ئەنجامداوە، ئەمەش لە نیگارکێشانی شاخو دەستو پێیەکاندا دیارە، نمونەیەکی تری ئەم شێوازە سەرەتاییەی کارکردن کە لە چاخی ئۆرجناسیدا بەرهەم هاتوون بە فۆرمەکانیدا بەهێڵی قوڵو پانو پڕ لە توانا دروستکراون، ئەمەش قوڵیو سێبەر بەرجەستە دەکەن، هەر لەگەڵ بەرەو پێش چوونو تێپەرینی کاتدا، نیگارکێشانیش پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، کە لە چاخی ئۆرجناسیدا یەکێک لەو دیاردانەی ئەم پێشکەوتنەی تێدا رەچاو دەکرێت، نیگاری هەڵکۆڵراوی (بیزونە) لە ئەشکەوتی هورنس دی لابینا بکانتابری لە باکووری ئیسپانیا، کە هێڵەکان بە جوانی هەڵکۆڵراونو بەبێ پچڕان شێوازەکەی کە پێی کێشراوە لە چاو نیگارەکانی تردا جوداو پێشکەوتووترە لە رووە هونەرییەکەوە وێنەکێشانی هەر چوار پەلی ئاژەڵەکانە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوا قۆناغی یەکەم لە چاخی ئۆرجناسی باڵادا. هونەرمەندی ئەم قۆناغە تەنها بەوەندەوە نەوەستاوە کە هێڵی دەرەکیی فۆرمەکانی ئاژەڵ بنەخشێنێتو بەس، بەڵکو هەوڵی داوە هەندێک لە وردەکارییەکانی جەستەی ئاژەڵەکانیش بکێشێت، وەک بەدیارخستنیو بەرجەستەکردنی ئەندامەکانی دەموچاوی.

لە ئەشکەوتێکی تردا کە نیگاری ئەم چاخەی لەخۆگرتووە، ئەشکەوتی لاسکۆی LASCOـە. ئەم ئەشکەوتەش ساڵی ١٩٤٠ دۆزراوەتەوەو ئەو نیگارانەی کە لەم ئەشکەوتەدان هەریەکەیان بە رەنگەکانی (رەشو سوور) نەخشێنراون و ئەو بۆشایەی تێدا دەبینرێت کە لە نێوان هێڵە دەرەکییەکانو هەریەک لە رەنگی سووررو رەش-دایە، کە فۆرمەکەی پێ رەنگکراوە. ئەمە یەکێکە لەو بەڵگانەی کە نیگاری ئەم ئەشکەوتە لە دوا قۆناغی چاخی ئۆرجناسی باڵادا کە بە چاخی پریجوردی ناسراوە دروستکراون، هەروەها بەدەر لەم دیاردەیەش، لە هەندێک لەو نیگارانەدا سەری ئاژەڵەکان بەرەو دواوە ئاوڕ دراوەتەوە، ئەم ڕۆژەی نیگارەکان ئەوە دەسەلمێنێت کە بە تەواوەتی پێشکەوتن بەو نیگارانەوە دیارەو ئەو بەرهەمانە بەرهەمی قۆناغی دواترن.

هەر لەو نیگارانەدا پێشکەوتنێکی تر بەدی دەکرێت لە رووی ئەو هێڵە دەرەکییانەی کە فۆرمی ئاژەڵەکان


هونەرمەندی ئەم قۆناغە تەنها بەوەندەوە نەوەستاوە کە هێڵی دەرەکیی فۆرمەکانی ئاژەڵ بنەخشێنێتو بەس، بەڵکو هەوڵی داوە هەندێک لە وردەکارییەکانی جەستەی ئاژەڵەکانیش بکێشێت، وەک بەدیارخستنیو بەرجەستەکردنی ئەندامەکانی دەموچاوی...

**هونەرمەندی ئەم قۆناغە هەوڵی داوە کە بەرجەستەی ئاژەڵەکان بکات لە دیواری ئەشکەوتەکاندا بەوجۆرە نا کە وەک لە نیگارێکی روو تەختدا، بەڵکو بەشێوەیەکی ریلیفی...**

دیاری دەکات، تەنها لەپێناو دیاریکردنی وێنەکاندا نین، بەڵکو لەگەڵ (بۆشایی (SPACE ی دەوروبەرەکەشیدا هاوئاهەنگیو هارمۆنییەک دەخولقێنن، هەروەها زۆرێک لە وردەکاری دەبینرێت لە سەرجەم فۆرمی گشتیی ئاژەڵەکاندا، وەک وردەکاری لە کەللەی سەرو قاچو حاڵەتی بزاوتندا، جوڵەی جیاوازو پڕ لە ژیان دەبینرێت، هەوەها لە شێوەو پرۆسەی رەنگکردنیشدا توانای سێبەرو رووناکی دەبینرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لە هەندێ نیگارداو لەسەر جەستەی ئاژەڵەکاندا ئاسەواری نیگاری رم دەبینرێت. ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین لەسەر نیگارەکانی ئەشکەوتی لاسکۆ تا رادەیەک نزیکدەبنەوە لەو نیگارانەی کە لە ئەشکەوتەکانی رۆژهەڵاتی ئیسپانیادا دۆزراونەتەوە، ئەو نزیکایەتییەشیان لە هەریەک لە وێنەی ئاژەڵەکانو گێڕانەوەی چیرۆکئامێزی نیگارەکانو لە چەند یەکەیەکی بەدوایەکدا لە وێنەی شیعریدا دروستکراون، بۆ نمونە نیگاری فیگەری پیاوێک لەسەر پشت کەوتووە، لەلای چەپییەوە ئاژەڵی بیزون لە کاتی هەڵمەتو لەبەر دەمیشیدا وێنەی باڵندەیەک دروستکراوە.

ئەمە یەکێکە لەو نیگارانەی کە چیرۆکی رووداوێکی تراژیدیو رووبەڕووبوونەوەی ئادەمیزادو مردن دەگێڕێتەوە. یەکێکی تر لەو قۆناغانەی کە شێوازی کارکردنی تایبەتمەند لەخۆ دەگرێت نیگاری چاخی مەجدالینی-یە، نیگارەکانی سەرەتای ئەم چاخە بە هێڵی دەرەکیو هەڵکۆڵینو رەنگکردنەوە گوزارشتێکی راستگۆیانەو پڕ لە ژیان لەخۆ دەگرێت. دیارە هێڵە بەتواناکان یەکێکە لە سیمای شێوازی جودا، چونکە بە هەمان هێڵە بەتواناکانەوە گشت وردەکاریی جەستەی ئاژەڵەکانیان بەرجەستەکردووە، ئیتر لە رووی بەرجەستەی توکو سێبەرو رووناکی بێت یاخود لە رووی تۆناکی رەنگیو هێڵە پانو باریکەکانەوە ئەم شێوازە دەبینرێت، کە پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. گەر سەرەنج بدەینە یەکێک لە وێنەکان کە سەری ئاسکێکی مێینەیەو بە هەڵکۆڵین ئەنجامدراوە، لە ئەشکەوتی کاستلو لە باکووری ئیسپانیا، ئەوەی کە رەچاو دەکرێت لەم نیگارەدا دەرخستنی بەشە سەرەکییەکانی کەللەی سەرە، وەک لوتو دەمو چاو و گوێ بەوپەڕی لێهاتوویيو وردەکارییەوە، هەروەها یەکێکی تر لەو نیگارانە کە لە ئەشکەوتی کومبارل لە دوردونییە نیگاری پشیلەی کێوی و ورچو ماموس بەهێلی پڕ لە جورئەت کێشراون. هونەرمەندی ئەم قۆناغە هەوڵی داوە کە بەرجەستەی ئاژەڵەکان بکات لە دیواری ئەشکەوتەکاندا بەوجۆرە نا کە وەک لە نیگارێکی روو تەختدا، بەڵکو بەشێوەیەکی ریلیفی. ئەوەی ئاشکرایە نیگاری ئەسپ زیاتر لە نیگاری ئاژەڵی دی دەبینرێت، یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە لە نیگاری ئەم چاخەدا دەبینرێت چاخی مەجدالینی شێوازی نیگارکێشانە بە تەکنیکی ئەستەمپا کە وێنەی بیزونێکە لە ئەشکەوتی تامێرا TAMMERA و کنتابریا، درێژیی ئەم نیگارە نزیکەی مەترێکە، بۆیە بەم قەبارەو ئەم جۆرە تەکنیکەیان رەچاو کردووە تاکو بەهۆی دەوڵەمەندی لە تۆناتی سێبەرو رووناکییەوە بەرجەستەیەکی واقیعییانەی فۆرمەکە بکەن، لە پاڵ ئەم تەکنبکەی ئەم قۆناغە یەکێکی ترى تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغە ئەو جوڵەو بزاوتە پڕ لە ژیانەیە کە بەوپەڕی لێهاتووییەوە ئەنجامدراوە،


لە سەرجەم فۆرمی گشتیی ئاژەڵەکاندا، وەک وردەکاری لە کەللەی سەرو قاچو حاڵەتی بزاوتندا، جوڵەی جیاوازو پڕ لە ژیان دەبینرێت، هەوەها لە شێوەو پرۆسەی رەنگکردنیشدا توانای سێبەرو رووناکی دەبینرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لە هەندێ نیگارداو لەسەر جەستەی ئاژەڵەکاندا ئاسەواری نیگاری رم دەبینرێت..



دیارە ئەمەش لەو سۆنگەیەوەیە کە لە کێشانی هێڵەکانەوە تەواو لێهاتوونو هیچ هەستێکی لاوازی ترس لە کێشانی هێڵەکاندا نابینرێت، هەروەها زۆریو دەوڵەمەندی لە ڕەنگکردنو جیاوازی لە ڕەنگکردنی چاو و سێبەرو ڕووناکی بە یەکێک لە پێشکەوتنو تایبەتمەندیی نیگاری ئەم چاخە دادەنرێت، بۆیە کاتێک قسە دێتە سەر باسی نیگارەکانی ئەشکەوتی تامیرا TAMMERA لە چاخی بەردینی کۆندا، بەراورد دەکرێت بە کەنیسەی کاپلاسیستینا لە سەدەی بوژانەوەدا، ئەویش بەو تواناو لێهاتوویییەی کە لەو نیگارانەدا دەبینرێت لەچاو ئەشکەوتەکانی تری ئەو قۆناغەدا، شایەنی سەرنجە ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە دوورگەی بسکای لە باکوری ئیسپانیا، لە شاخێکدایە بەردەکەی بەردی چیرییە. یەکێک لەو نیگارە بەتوانایانەی کە لەم ئەشکەوتەدایە وێنەی ئاژەڵی بیزۆنە لە کاتی هێرشدا. هونەرمەندەکە بەرجەستەی ئەم ئاژەڵەی کردووە لە چرکەساتی پەلاماردانداﺍ. لەم وێنەیەدا بەرجەستەیەکی چرکەساتییانەی فۆتۆگرافی تۆمارکراوە، ئەمەش گەر بەراورد بکرێت بە هونەرمەندانی ئیمپراسینیزم (الانطباعیە) کە لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەدا هەوڵی لەو جۆرەیان داوە بۆ تۆمارکردنی چرکەساتییانە، لە وێنەکێشاندا ئەوا دەخرێتە ئاستی توانای ئەو هونەرمەندانە.

**سەرچاوە:**

*الفنون فی عصور ما قبل التاریخ، تالیف: دکتور حسن الباشا: استاذ تاریخ الفن- جامعە القاهرە.




# هەست و نەست-ی شێرکۆ بێکەس

(هەست و نەست) نوێترین دیوانی شاعیری ناسراو (شێرکۆ بێکەس)ە، کە لە دووبەش پێکهاتووە، بەشێکی بریتییە لە کۆمەڵە شیعرێکی کورت کە هەریەکەیان سەر بە جیهانو فەزای خۆیانو روانینی شاعیرانەی شاعیرن بۆ رەهەندەکانی جوانی و دروستکردنی ماناو دەلالاتی جیاواز، بەشێکی دیکەشی لە کۆمەڵێک پەخشان پێکهاتووە، کە شاعیر بەهەمان هەناسەو زمان و تەکنیکی نووسینی پەخشانەکانی پێشووی نووسیونی.




بێگومان ئەوە لای هەمووان ئاشکرایە کە ئەزموونی دوورودرێژو دەوڵەمەندی شیعری شێرکۆ بێکەس، لەکایەی ئەدەبی کوردیماندا بووەتە خەزنەیەکی بەفەڕو سامانێکی بەبەهای ڕۆشنبیرو ئەدەبی‌و کولتووری، ئەوەی مایەی تێڕامان‌و هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەوەیە کە ئەم ئەزموونە لەرابردوو و ئێستاشدا روو لەهەڵکشانە، چەشنی ئەو کانییەی کە وشک ناکات‌و بەردەوام بەنەرمی هەڵدەقوڵێت‌و وردە وردە دەڕژێتە ناو فەزای فراوانترو مەودای زیاتر دەدۆزێتەوە بۆ بینین.


بێگومان ئەوە لای هەمووان ئاشکرایە کە ئەزموونی دوورودرێژو دەوڵەمەندی شیعری شێرکۆ بێکەس، لەکایەی ئەدەبی کوردیماندا بووەتە خەزنەیەکی بەفەڕو سامانێکی بەبەهای ڕۆشنبیرو ئەدەبی‌و کولتووری، ئەوەی مایەی تێڕامان‌و هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەوەیە کە ئەم ئەزموونە لەرابردوو و ئێستاشدا روو لەهەڵکشانە، چەشنی ئەو کانییەی کە وشک ناکات‌و بەردەوام بەنەرمی هەڵدەقوڵێت‌و وردە وردە دەڕژێتە ناو فەزای فراوانترو مەودای زیاتر دەدۆزێتەوە بۆ بینین.

کورتە شیعرەکان، زۆربەیان راستەوخۆ گوزارشت لەناخ‌و خەیاڵی زاتی شاعیر دەکەن و جیاواز لە بەرهەمەکانی پێشووتری، کە خەمی کۆیان لەخۆگرتووە، ئەمجارە خەمەکان زیاتر تایبەتین‌و هەڵقولاوی خەیاڵ و خەون و دنیابینی شاعیرانەی شێرکۆن، ئەگەرچی ئەم تەکنیکو فۆڕمی نووسین لەلای ئەم شاعیرەمان تازە نییە و لەچەندین بڕگەی ئەزموونی شیعرنووسینیدا بەریان کەوتووین، بەڵام تا ئاستێکی زۆر توانیویەتی لە رووی موفرەدەی شیعری و کەش و فەزای ناو تێکستەکانییەوە هێڵێکی جیاکەرەوە بکێشێت، کە بەرچاوترینیان بریتییە لە بزربوونی چەمکی شوێن و گرنگیدان بە کات، کە لە هەندێکی شیعری پێشووتریدا ئەم حاڵەتە پێچەوانە بەرچاو دەکەوێت، واتە شوێن دەبێتە پنتێک بۆ باڵادەستیی زمان و وێنەی شیعری، رەنگە ئەم وێنە شیعرییە بەرچاوترین نمونە بێت بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەمان:

شەوێک شیعرێکم بۆ نووسیت
لەناو شیعرا بەفر باری و
من بەسەریا خەوم لێکەوت
بۆ بەیانی
وەختێ کە چاوم کردەوە
بەفرەکە هەمووی توابۆوەو
شیعرەکەشم ئاو بردبووی.!

شێرکۆ بێکەسی شاعیر لە پێشەکییەکی کورتدا کە بۆ (هەست و نەست)ی نووسیوە دەڵێت: بەلای منەوە شیعرو پەخشان ئەگەر جوان بوون رەونەق و بەهایان بەسەر ناچێ، هەڵبەت وەک زۆرجاری تریش وتوومە مانای ئەوە نییە هەرچییەکم نووسیوە هەرهەموویان سەد دەر سەد لەیەک ئاستی هونەریدا بوون و چوونیەک بەدڵم بوون، نا، بەتایبەت وەک ئەزانن جیاوازییەکی زۆر لەنێوان زمانی شیعر و پەخشاندا هەیە، چونکە هەرچی پەخشانە ناو بەناو قسەی ئاساییان تێئەکەوێ، سروشتی بابەتەکانیش خۆیان ئەو جۆرە پەیڤانە ئەخوازن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لە رۆحی درەوشاوەی شیعر دوور ئەکەونەوە.







# حیکایەتەکانی بینین

یەکێک لەو کێشە گەورانەی رووبەڕووی نمایشە هونەرییەکانی وەک شانۆو دراما بووەتەوە، نەبوونی یان کەمیی نووسینە لەسەر بەرهەمە نمایشکراوەکان، ئەگەرچی ناو بەناو لێرەو لەوێ هەوڵی نمایشی شانۆو دراما دەبینین، بەڵام غیابی قسەکردنی جدیو ئەکادیمییانە لەسەر ئەو بەرهەمانە، وا دەکات جۆرە ساردییەک درووست بێتو تێکەڵەییەک رووبدات لەنێوان کارە جدیو ناجدییەکاندا.

خۆشبەختانە لە ڕێگەی کتێبی (حیکایەتەکانی بینین)ەوە، تا ئەندازەیەک ئەو بۆشاییە پڕ بووەتەوەو دڵخۆشین بەوەی ئەم هەوڵە سەرەتایەکی باش بێت بۆ قسەکردنو لێدوانی زیاترو جدیتر لەسەر بەرهەمە هونەرییەکان.

ئەم کتێبە روانینی رەخنەییانەی نووسەرو هونەرمەند (کامەران سوبحان)ە، کە لە ڕێگەی چەند وتارێکی رەخنەییو شیکارییەوە تیشکی خستووەتە سەر هەندێک لەو بەرهەمە هونەرییانەی وەک شانۆو دراما، کە لە ماوەی رابردوودا لە هەرێمی کوردستاندا نمایش کراون. هونەرمەندو نووسەر (رزگار کەریم)یش لە پێشەکییەکی پوختدا لایەنە ئەکادیمییەکانی ئەم کۆمەڵە وتارەی شیکردووەتەوە.



ئەگەرچی زەمەنی نووسینی زۆرێک لەم وتارە رەخنەییو شیکارییانەی کامەران، لە رووی زەمەنی نووسینەوە خاوەنی رابردوویەکن، بەڵام بەهۆی شارەزاییو تێگەیشتنی قوڵو ئەو باگراوندە رۆشنبیرو میتۆدییەی لە بونیادی نووسینەکاندا رەنگیان داوەتەوە، خوێنەر وا هەستدەکات تازەکی نووسراونو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژی داهاتووش بەکەڵک دێنو هاوکات دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی گرنگ لە کولتووری رەخنەی هونەریدا ئەژمار بکرێتو سوود لە زانیارییە زۆرو زەوەندەکانی وەربگیرێت.

رزگار کەریم لە بەشێکی پێشەکییەکەیدا سەبارەت بە گرنگیی ئەم وتارە رەخنەییانە دەڵێت: ترس لە رەخنەگرتن لە شانۆی کوردیدا جێگای نابێتەوە، هونەرمەندی راستەقینە لە رەخنە ناترسێ، تەنها ئەو کەسانە دەترسن کە رۆشنبیریو توانای داهێنانیان چەسپاوەو نییەو بە سودفە لە پەلەپیتکەیان دەرچووەو هاتوونەتە ناو جیهانی هونەرەوە، هیوادارم ئەم کتێبەی کامەران سوبحان، مشتومڕێکی ئەکادیمیانەو هاوڕێیانە درووستبکات لەناو بواری شانۆی کوردیمانداو خوازیاریشم کە شانۆکارانو پسپۆڕانی ئەم بوارە بە تێبینیو نووسینەکانیان پەیتوکەکەی دەوڵەمەند بکەن.

ئەگەرچی زەمەنی نووسینی زۆرێک لەم وتارە رەخنەییو شیکارییانەی کامەران، لە رووی زەمەنی نووسینەوە خاوەنی رابردوویەکن، بەڵام بەهۆی شارەزاییو تێگەیشتنی قوڵو ئەو باگراوندە رۆشنبیرو میتۆدییەی لە بونیادی نووسینەکاندا رەنگیان داوەتەوە، خوێنەر وا هەستدەکات تازەکی نووسراونو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژی داهاتووش بەکەڵک دێنو هاوکات دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی گرنگ لە کولتووری رەخنەی هونەریدا ئەژمار بکرێتو سوود لە زانیارییە زۆرو زەوەندەکانی وەربگیرێت.


کامەران سوبحان خاوەنی کتێبی (حیکایەتەکانی بینین) لە لێدوانێکی کورتیدا بۆ گەلاوێژی نوێ رایگەیاند: لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەم هەبووە لەسەر دیاردە شانۆیی و نمایشە شانۆییەکان، ئەو وتار و لێکۆڵینەوانە هەموویان نا، هەندێکیانم کۆکردنەوەو لەم کتێبەدا بە چاپم گەیاندن.

سەبارەت بەناونیشانی ئەم کتێبەو پەیوەندیی ناونیشانەکە لەگەڵ دونیای نووسنو وتارەکانیدا، کامەران سوبحان وتی: بۆچی حیکایەتەکانی بینین؟ ئەو وتار و لێکۆڵینەوانە هەریەکەیان حیکایەت و بەسەرهات و دیاردەیەکی بینینی منە بۆ رووداو یان نمایش یان حاڵەتێکی شانۆیی، بۆ ئەم حاڵەتەش هەوڵم داوە بەدەر لە نووسینی وتار یان لێکۆڵینەوەیەکی شانۆیی، حیکایەتەکانی بینینی خۆم لە چوارچێوەیەکی تایبەتی شانۆییدا بخەمەڕوو.

کامەران لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا گەلێک وتار و لێکۆڵینەوەی تری نووسیوە، بەڵام هیچیانی نەخستووەتە ناو ئەم کتێبەوە، تەنها ئەوانە نەبێت کە هەست دەکات هێڵێک هەیە دەیانبەستێتەوە بەیەکەوەو لەو بارەیەوە دەڵێت: گەر سەیری ئەم کتێبە بکەیت، هێڵێک هەیە لە نێون وتارەکاندا، بۆیە کە کتێبەکە دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت هەموو وتارەکان هەر یەکەیان بەشێکە لەو حیکایەتانەی بینینی من، وەک رەخنەگرێک بۆ نمایش و حاڵەتە شانۆییەکان.

کامەران سوبحان، ساڵی ١٩٧٧ لەدایکبووەو ساڵی ١٩٩٨ بەشی دەرهێنانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە، لە بواری پراکتیکیشدا وەک دەرهێنەرو ئەکتەر بەشداریی چەند کارێکی شانۆیی کردووە.

**(حیکایەتەکانی بینین) لە زنجیرەی چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانییە.**




# چیرۆكی ناو تاكسییەكان..
# یان واقیعییەتی كۆمەڵگەیەك؟

**ئیدریس عەلی**

(تاكسی) تێكستێكی ئەدەبیی نووسەرو دەرهێنەری میسری (خالید ئەلخەمیسی)یەو لەلایەن (سەباح ئیسماعیل)ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی كوردیو دەزگای ئاراس چاپو بڵاوی كردووەتەوە. ئەگەرچی لەسەر بەرگی كتێبەكە نووسراوە (رۆمان)، بەڵام خودی نووسەر ددان بەوەدا دەنێت كە ئەم دەقە رۆمان نییە، لەڕاستیشدا هەر وایە، ئەگەر خوێنەرێكی بەئاگا ئەم كتێبە بخوێنێتەوە، تێدەگات هیچ خەسڵەتو تایبەتمەندیو رەگەزێكی رۆمانی تێدا نییە، بەڵام نووسەری ئەم كتێبە بۆخۆی ناوێكی شیاوی بۆ دۆزیوەتەوە، كە لەگەڵ رەهەندەكانی ناو تێكستەكەو دنیای چیرۆكەكاندا دەگونجێت. ئەو ناوی ناوە (قسەو باسی رێگە)، چونكە لەڕاستیشدا ئەوەی ئەم كتێبە بۆمان دەگێڕێتەوە، كۆمەڵێك قسەو باسی شۆفێری تەكسییەكانی میسرنو نووسەر لە زمانی ئەوانەوە شتەكان ئاشكرا دەكات.



خالید ئەلخەمیسی کوڕی یەکێکە لە نووسەرو ڕۆژنامەوانە بەناوبانگەکانی عەرەب، ساڵی ١٩٦٢ لە قاهیرە لەدایکبووەو جگە لە نووسین، کار لە بەرهەمهێنانو دەرهێنانی فیلمیشدا دەکات. ساڵی ١٩٨٤ بەکالۆریۆسی لە زانستە سیاسییەکاندا وەرگرتووە، پاشان چووەتە فەرەنساو لە زانکۆی (سۆربۆن) ماستەری لە سیاسەتی دەرەوەدا بەدەست هێناوە. ئەم نووسەرە ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی بنەماڵەکەی نووسەرو داهێنەربوون، بەتایبەت (موفید شوباشی)ی باپیری، کە ڕەخنەگرو ڕۆماننووس بووە.

خالید ئەلخەمیسی لە پێشەکییەکی کورتدا کە بۆ وەرگێڕانە کوردییەکەی نووسیوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە وەختێ دایکی کۆچی دوایی کردووە، ئەم منداڵێکی پێنج ساڵان بووەو خوشکەکەشی تەمەنی پێنج مانگان بووە، ناچار براونەتە لای نەنکیان لەسەری دایکیانەوە، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی بکرێنو بەخێویان بکات. ئەو لە وەسفی نەنکیدا دەڵێت: نەنکم کە پیرەژنێکی شەستو هەشت ساڵە بوو، لەکاتێکدا هێشتا جەرگی بە مردنی کچەکەی واتە دایکم دەسووتا، مەردانە خۆی کرد بە سەرپەرشتیکەری دوو منداڵان، نەنکم شێرانە بەڵام بە دەستێکی نەرمی ئاوریشم ئاساو بە لێشاوێکی گەورەی خۆشەویستیو سۆز منو خوشکەکەمی پێگەیاندو گەورەی کردین، هەتا من چوومە زانکۆ. نووسەر پێی وایە نەنکی مردنێکی خۆش مردووە، چونکە هەردوو کچەزاکەی گەورە کردووەو لە خەم ڕەخسیون. نەنکی ناوی (حبە قراقیش) بووەو بە گوتەی خۆی لە خێزانێکی کورد بووەو لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا خۆی لە مەترسییەکی گەورە قوتارکردووەو خۆی گەیاندووەتە ئەسکەندەرییە.

بێگومان بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە ناکرێت هەوڵی وەرگێڕ (سەباح ئسماعیل) لەبەر چاوان نەگیرێتو بەرز نەنرخێنرێت، کە شارەزایانەو بە وردبینییەکی ئیستاتیکییانەوە کاری وەرگێڕانی تێدا کردووە. ئەو بەجۆرێک فەزاو ڕەهەندو بەسەرهاتەکانی بەکوردی کردووە، کە ئەگەر ناوی چەند شارێکی میسری لێ دەربهێنرێت، خوێنەر وا هەست دەکات بەکوردی نووسراوە.


وەرگێڕی (تاکسی) لە پێشەکییەکی کورتدا کە بۆ پرۆسەی وەرگێڕانی ئەم کتێبە نووسیویەتی دەڵێت: جاری وا هەیە بە ڕێکەوت کتێبێک بەدەستەوە دەگریتو دەیخوێنیتەوە، هێند کاریگەریت بەسەرەوە دەهێڵێتەوە، ئیدی بە تۆپزی خۆیت بەسەردا دەسەپێنێتو خۆیت پێ وەردەگێڕێت، ئەم ڕۆمانەش وای لە بەندە کرد، کاتێ خوێندمەوە سەیرم هاتێ، خۆ ئەمە باس لە خۆمان دەکات. وەرگێڕ درووست ئەم قسەیەی داناوە، بە فیعلی کاریگەریی ئەم تێکستە لەسەر خوێنەری کورد ئەگەر لەلایەکەوە سەنگو بەهای جوانیی تێکستەکەو سیحری زمانو گێڕانەوە بێت، ئەوا لەلایەکی ترەوە بوونی هاوبەشییەکە لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردیو میسریدا، لە سایەی یەک جۆر سیستمی سیاسیو پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، کە بەهۆی شەڕو داگیرکاریو نەبوونی ئارامییەوە، بێکاریو برسێتیو هەژاریو نەبوونی متمانەو هەڵوەشانەوەی پەیوەندیو بەهای کۆمەڵایەتی درووست دەبێت. سیستمێکی حوکمڕانی کە ڕاستەوخۆ جەنگ و نەهامەتی درووستی کردووە، سەری خۆی کردووە بەناو گەندەڵیو مشەخۆریداو بەهۆی بەتاڵانبردنی سەروەتی گشتییەوە، خەریکی خۆدەوڵەمەندکردننو ئاگایان لە کۆمەڵگە نەماوە، ئاگایان لەوە نەماوە چ ئازارو برسێتیو بێکارییەک بەناو دڵی خەڵکدا بڵاوبووەتەوەو هاونیشتمانیانی ئەو وڵاتە لە چ نەهامەتییەکدا دەژین، ئەگەرچی مۆدیلی ئەم سیستمە حوکمڕانیانە زۆر باش ئاگاداری ئەوەن، کە خەڵکی متمانەیەکیان پێیان نەماوەو هەرچی دزیو گەندەڵییەک کە کردوویانە لەلایەن جەماوەرەوە ئاشکرا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێشەرمیی سیاسی سنوورێکی زیاتر دەبەزێنێو ـەگاتە ئەو ئاستەی کە دەیانەوێت بە درووستی

**ساڵانێکی زۆرە مەعمیلی بەردەوامی شۆفێری تاکسیەکانم، لەگەڵیاندا بە شەقامو کۆڵانەکانی قاهیرەدا سوڕاومەتەوە، تا وام لێهات لە گشت شۆفێرەکان باشتر شارەزای گەڕەکو تاسەکانی بووم..**

بریقەداری سیاسی لە شێوەی دیموکراسیو مافی مرۆڤو ئازادی خەڵک چەواشە بکەنو لە چاوەڕوانیی گۆڕاندا رایانگرن، ئەمە لەکاتێکدایە کە خەڵکی ئەو وڵاتە ئەزمونێکی زۆرو تاڵیان لەگەڵ جۆرەها مۆدێلی حوکمڕانیو دەسەڵاتی جۆراوجۆری سیاسیی ئەو وڵاتەدا هەیەو لە ئێستادا تووشی بێهیواییەکی گەورەبوون، کە دەسەڵاتی تازە ژیانیان بگۆڕێت. ئەم راستییانە رێک لە زاری ئەو شۆفێری تاکسییانەوە بەدی دەکرێن کە نووسەری کتێبەکە رۆژانە بەهۆی ئیشو کاریەوە لەناو تاکسییەکاندا بەرگوێیان کەوتووە. ئەوەی نووسەر لەم کتێبەدا نووسیویەتییەوە کەمترین راو بۆچوونی تایبەتی خۆیەتی لەمەڕ هاوکێشەکانو ژیانی هاووڵاتییانی میسری، راستە بە ئاشکرا گوتاری خۆی وەک نووسەرێکو هونەرمەندێک هەست پێدەکرێت، بەڵام زیرەکیو وریایی ئەم لەوەدایە راستەوخۆ بۆ چوونە ناو ژیانی کۆی خەڵکی میسرەوە، چووتە ناو ژیانی شەریحەیەکی پەراوێزخراوی وەک شۆفێری تاکسییەوەو لە زاری ئەوانەوە گوزارشت لە ژیانی هەنوکەی خەڵکی ئەو وڵاتە دەکات، لەڕاستیشدا هەروایە، شۆفێری تاکسی بەحوکمی کارەکەیان گوێبیستی زۆرترین چیرۆکو رووداو دەبن لە ژیانی رۆژانەیاندا، چونکە رۆژانە بەر هەر نەفەرێک بکەون لە دواجاردا وەک ئەوە وایە بەر چیرۆکێکی تراژیدی کەوتبن. هەندێک لەو شۆفێرانە بۆ خۆیان پاڵەوانی بەسەرهاتە ناخۆشەکانن، بەشێکیشیان وەک شاهیدێکو گوێبیستێک شتەکان دەگێڕنەوە.

تێکستەکانی ناو کتێبی (تاکسی) بریتین لە گێڕانەوە یاخود گفتوگۆی نووسەر لەگەڵ شۆفێرە جۆراوجۆرەکاندا، نووسەر خۆی لە دەسپێکی گێڕانەوەکاندا دەڵێت: ساڵانێکی زۆرە مەعمیلی بەردەوامی شۆفێری تاکسیەکانم، لەگەڵیاندا بە شەقامو کۆڵانەکانی قاهیرەدا سوڕاومەتەوە، تا وام لێهات لە گشت شۆفێرەکان باشتر شارەزای گەڕەکو تاسەکانی بووم، منیش لەوجۆرە کەسانەم زۆرم حەز لە قسەکردنە لەگەڵ شۆفێری تاکسیاندا، چونکە بەڕاستی ئەوان تەرمۆمەتری شەقامی میسرین (بەرەڵان) ئەم کتێبە کۆمەڵێک چیرۆکی لەخۆگرتووە لەگەڵیاندا ژیاوم لەگەڵ کۆمەڵێک حیکایەت کە لەگەڵ هەندێک لێخوڕدا لەنێوان ئەپرڵی ٢٠٠٥ تا مارسی ٢٠٠٦ ئەنجامم داون.

خوێنەر هەست بە یەکێتییەکی بابەت دەکات کە لە چیرۆکی هەر شۆفێرێکدا بوونی هەیە، ئەویش بوونی گلەییو ناڕەزایەتی لە سیستمی دەسەڵات، بێهیوابوون لە ژیان، نەبوونی متمانەو نائارامیو زاڵبوونی فەزای ترس بەسەر ژیانی تاکەکاندا، هەژاریو نەخۆشیو نەخوێندەواری و گرانیو کێشەی هاتوچۆ بۆ هەندەران، لەوەش مەترسیدارتر بۆ سەر ژیانو بژێویو ئارامیو پێشکەوتنی ئەو وڵاتە، بوونی دوو هێزی جیاوازی وەک (بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری کیفایەو ئیخوان موسلمین) لە هەندێک برگەشدا باس لە شەڕی کەنداو و نەمانی رژێمی بەعس دەکات، ئەمە لە زاری شۆفێرێکەوەیە کە بەجۆرێک لە جۆرەکان گوزارشتە لە راوبۆچوونی شەقامی عەرەبی لەمەڕ پرسی نەمانی سەدامو حسێنو هاتنی سوپای ئەمریکا بۆ عیراق، بەڵام نووسەر لەم برگەیەدا خۆی تەواو بێلایەن دەگرێتو تەنانەت لەگەڵ کابرای لێخوڕیشدا زۆر لەسەری ناڕوات، وەک یەکێک لە شۆفێرەکان دەگێڕێتەوەو دەیەوێت سۆزی عەرەب بۆ ئەم پرسە رابکێشێت



ئەوەی نووسەر لەم کتێبەدا نووسیویەتییەوە کەمترین راو بۆچوونی تایبەتی خۆیەتی لەمەڕ هاوکێشەکانو ژیانی هاووڵاتییانی میسری، راستە بە ئاشکرا گوتاری خۆی وەک نووسەرێکو هونەرمەندێک هەست پێدەکرێت، بەڵام زیرەکیو وریایی ئەم لەوەدایە راستەوخۆ بۆ چوونە ناو ژیانی کۆی خەڵکی میسرەوە، چووتە ناو ژیانی شەریحەیەکی پەراوێزخراوی وەک شۆفێری تاکسییەوەو لە زاری ئەوانەوە گوزارشت لە ژیانی هەنوکەی خەڵکی ئەو وڵاتە دەکات..



ئەوەیە کە سەدام حکومەتی عیراقی هاوسۆزییان بۆ ئەو کرێکارە میسرییانە هەبووە کە لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا دەهاتنە عیراق بۆ کارکردن، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە رژێمی عیراق لەگەڵ وڵاتی ئێراندا کەوتبووە شەڕێکی وێرانکەرەوە، کە جگە لە زیانی گیانیی گەنجانی ئەم وڵاتە، ئاکامێکی خەتەرناکێشی ئەوە بوو کە هێزی کاری ناوخۆ لە عیراقدا کەمبێتەوە، چونکە زۆبەی گەنجو هێزی بەرهەمهێنەر بەتۆبزی دەکرانە سەربازو لە شەڕدا بەکاریان دەهێنان. ئەوەی لەمەڕ گێڕانەوەکانی ناو ئەم کتێبەوە گرنگ بێت، ئەوەیە کە وڵاتێکی فرە ئایین و پڕ لە کێشەی جۆراوجۆر تێکەوتووەو هیچ دەریچەیەکیش شک نابرێت بۆ رزگاربوون لەدەست نەهامەتییەکان، ئەم حاڵەتەش تەواو کاری لە فیکرو سایکۆلۆجییەتی تاکی میسری کردووەو تووشی بێهیوایی کردوون، ئەم بێهیواییە تەنها لە سنورەکانی حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکاندا نەوەستاوەتەوە، بەڵکو پەڕیوەتەوە بۆ ناو پانتاییو بونیادی سیاسیش، ئەوەتا هەندێک بە رەشبینیانەوە لەدەسەڵاتی ئێستا دەڕوانن و گەشتوونەتە ئەو بڕوایەی هێزێکی توندڕەو و مەترسیداری وەک ئیخوان موسلیمین هەڵبژێرن لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوان بەئاشکرا ددان بەو راستییەدا دەنێن کە چەندین جۆر مۆدیلی دەسەڵاتی سیاسییان تاقیکردووەتەوە و نەهامەتییەکانیان زیاترو زیاتر پەرەی سەندووە، بۆیە گەشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئیخوان موسلمینیش ئەزموون بکەن، بێگومان ئەمە لەکاتێکدایە کە کۆی شەقامی عەرەبی بەگشتیو وڵاتی میسر بەتایبەتی ئەو حەقیقەتە باش دەزانن کە لە سایەی ئەمجۆرە لە حوکمڕانی ئسوڵی ئاینی، ژیان چەند سەدە بەرەو دواوە پاشەکشە دەکات، بەتایبەت کە ئێستا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرەو کرانەوەی زیاتر هەنگاو دەنێت، دەستکەوتەکانی وەک زانستو مەعریفەو خزمەتگوزاریی مۆدێرنو پەیوەندیی ژیانی سەردەمییان بووەتە ئەمری واقیعو چ بەهایەک بۆ ئەو دەسەڵاتانە نەماوەتەوە کە بیانەوێت لە ڕێگەی شۆڕشی خوێناویو کودەتای سەربازییەوە بێنە سەر کورسیی دەسەڵات. بێگومان ئەم نووسینە هەوڵێکی خاکییانەیە بۆ ناساندنی لایەنێک لە لایەنە گرنگەکانی ئەم کتێبەو جۆرە هاندانێکیشە بۆ ئەوەی خوێنەری ئێمە بە یەکێک لە کتێبە گرنگەکان ئاشنا بێت کە تاکو ئێستا نزیکەی حەڤدە جار چاپ کراوەتەوەو بە کوردییەکەوە بۆ پازدە زمانی وەک ئیتاڵیو فەرەنسیو ئینگلیزیو ئیسپانیو کرواتیو چینیو مالیزیو چەند زمانێکی دیکەی جیهانی وەرگێڕدراوە.

بەپێی ئەو زانیارییەش کە وەرگێڕ لەسەر نووسەرەکەی نووسیوە: خالید ئەلخەمیسی کوڕی یەکێکە لە نووسەرو رۆژنامەوانە بەناوبانگەکانی عەرەب، ساڵی ١٩٦٢ لە قاهیرە لەدایکبووەو جگە لە نووسین، کار لە بەرهەمهێنانو دەرهێنانی فیلمیشدا دەکات. ساڵی ١٩٨٤ بەکالۆریۆسی لە زانستە سیاسییەکاندا وەرگرتووە، پاشان چووەتە فەرەنساو لە زانکۆی (سۆربۆن) ماستەری لە سیاسەتی دەرەوەدا بەدەست هێناوە. ئەم نووسەرە ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی بنەماڵەکەی نووسەرو داهێنەربوون، بەتایبەت (موفید شوباشی)ی باپیری، کە رەخنەگرو رۆماننووس بووە.